

# دادگای ویژدان

نوسینی: هێمن تۆفیق عوسمان

٢٠٢١

ناوی کتێب: دادگای ویژدان

نوسەر: هێمن تۆفیق عوسمان

بابەت: سەرگوزشتە/یادەوە ری /مێژوو

پێداچوونەوەی دەق : نەبەز سابوونچی

چاپخانە : تاران

دیزاینی ناوەوە: ئاکام ڕەشید

Akam GROUP
0751 530 4006

دیزاینی بەرگ: ئاکام ڕەشید

نرخ: ٣٥٠٠ دینار

تیراژ : ١٠٠٠

ژمارەی سپاردن: ١٨٣١

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

**سوپاس بۆ بەڕێز کاک(چەتۆ ساڵح سەعید)و**

**کۆمپانیای(NKT) کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ**

# پێشکەشە

***بە ڕۆحی پیرۆزی باوکم**

**کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ شۆڕش تەرخان کرد**

***بە کچە تاقانەکەم**

## سوپاسنامە

سوپاس بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە هاوکارییان کردووم گەر بە وشەیەکیش بێت، بەڵام سوپاس و ستایشی تایبەتم بۆ دایکم (گەوهەر نامیق)هەیە؛ ئەو ژنەی لە رەگی داربەڕوو، لە دارەبەن، لە دار سنەوبەر، لە توخمی ئازار، لە کێوی خۆڕاگریی، ژنێك چەندین جار کارەسات نەوی نەکردو نەینەواند، هەرچی خەم و تەمی رۆژگارو چەرمەسەریی هەیە نەیبەزاند جگە لە کەسوکارەکەی خۆی نەبێت

١- مام شکور سابیر دووشیوانی

٢- راپەر عارف

٣- کاك ئاسۆ سوور

٤- سەمیعە رەحمان

٥- کاك پۆڵا کەریم

٦- کاك یابە کوێخا عارف

٧- هیوا کوێخا ئەحمەد

٨- کاك محمد رێبین

٩- مامۆستا کەمال عوسمان

١٠- کاك مەریوان مەلا نادر

١١- کاك سامی سەعدی

١٢- کاك کەمال حەمید

١٣- کاك سەباح ساڵح سعید

١٤- کاك ئەبوشەهاب حەساری

١٥. رێباز شەهید بەدرخان

١٦. مامۆستا سەباح ئەمین

١٧. مامۆستا حەسۆ نەجم

١٨- هاوڕێ ناسیح

١٩- کاك بێستون قەفاری

٢٠- هاوڕێ پەنا

21- نەجات زامدار

22- شاباز عومەر

23- عومەر سەیدا

24- هیوا فەریق

25- کەیوان عومەر

# پێشەکی

من نازانم تۆی خوێنەر، کە ئێستا ئەم پەڕتوکەت لە بەردەستدایە؛ بە چ شێوەیەك گەیشتوە بە دەستت رەنگە بە دیاری بۆت هاتبێ، ڕەنگە کڕیبێتت، یان بە ڕێکەوت لە سەر مێزێک بەرچاوت کەوتبێت و سەرنجی راکێشابێتی، نازانم بەڵام ئەوە بزانە کە کۆپی رۆحی منەو رژاوەتە سەر ئەم لاپەڕانە.

من هەموو ئەم نوسراوانەم خۆشدەوێن کە بە خوێن نوسراون، نوسین بە خوێنی خۆت، وا لە نوسەر دەکات بەهای تەواوەتی بە دەقەکە بدات و ئەوکاتە ئەزانی کە لەژێر بەر پرسیارەتییەکی مەزندایت.

من لام وایە ئاوێتەبوونی رۆح و دەق تەنیا لە ساتێکدا روو دەدات کە لە راستییدا پێنوس بگرێت و بنوسرێت. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە مێژوو وەک چێرۆک دەلێینەوەو لە سەر کاغەز بە ڕۆمان دەینوسینەوە هیچ کات وەکو بابەتێکی مێژوویی گرنگ باسی ناکەین، ئەمەی بەر دەستی تۆ کۆکراوەی بەشێکە لە مێژووی کورد نەک چیرۆک و ڕۆمانێک بێت لەم کتێبە .

ئەم کتێبە بریتی یە لە گێڕانەوەو نوسینەوەی ئەوەی لە ڕابردوو ڕوویان داوە، باس کردن و شرۆڤەکردن و بەستنەوەی کات سەردەمی بەخۆیەوە، بەراورد بە ئێستاو پێشبینی بۆ داهاتوو.

من بۆچی ئەم پەڕتوکەم نوسیوە ؟

من بۆ دوو مەبەست ئەم پەڕتوکەی بەردەستی تۆم نوسیوە :

١- بۆ خۆڕووتکردنەوەی ناوەوەم، کە زۆرێک پێش خۆناسینیان و دۆزینەوەی شوناسی راستی خۆیان بەو مانایەی کە زۆرێک لە فڕینی ئاسمانن کە دەبوو لە کاتێکدا لە ژێر پێیەکانمان بن.

٢- باوەڕم وایە قوڵایی ناخی مرۆڤ پڕییەتی لە گەوهەری نایاب تا مرۆڤێکی دیکە بتوانێ لەو ڕێگایەوە ژیانی مرۆڤەکانی دیکە بزانێ و ئاشنای بێت، بەندەیش ناخی خۆم بە (گشتی) واڵا دەکەم دەسا با لە ڕێگای ڕۆحی منەوە ڕۆحی مەزنی فڕیوی باوکم لێوڕێژ بێت لە بەختەوەری.

دەخوازم شوێن پێی ڕووناکی خۆم لە تاریکستانی ڕۆژانی ساردی باوکم ڕۆشن بکەمەوە، من لام وایە تاکە ڕێگای دەربازبوونمان بە سەربەرزی لەم ژیانەدا لابردنی ماسکی سپی و جوانی سەر دەموچاوی ڕەش و ناشرینی ئەو کەسانەن کە لە ڕۆژانی ڕەشدا ڕوویان ڕەش کرد.

من پێم وایە کاتێك لە ڕێڕەوی ژیاندا هەوڵدەدەیت زۆرترین حەق کە حەقی حەق-خوراوانە لە ئازار و نەهامەتی ڕزگار بکەیت، لە کۆتایی شەقامەکەدا تێدەگەیت کە چۆن خۆتت ڕزگار کردوە لەگەڵ ئەوانی دیکە.

ئەم پەڕتوکەی بەردەستت، یەکەم ئەزمونی منە و دەزانم کە ڕەنگە هەڵەی زۆری تێدا هەبێت، دەی من نەمویست لە ژووری ترسدا خۆم بەند بکەم، کە پەنجەرەی ژوورەکەم بە (گشت) خۆم فرمێسکباران بکەم.

خۆم لام باشترە نەمامێکی بچکۆلە بهێنم و بەخێوی بکەم نەك لەوەی بە دیار ستایشی درەختێکی مەزنی کەسێکی دیکەوە بوەستم.

ئەم پەرتوکەی کە نوسیومە و لە بەردەستە، پڕن لە ڕاستی و حەق و داستانی مێژوویی، پڕن لەو داستانانەی کە پێشمەرگە خانەنشینەکانی ئێستا تۆماریان کردون و ئێستا ناونراون کوڕانی شاخ و سەردەمی ئەوان بەسەر چووە، کە بە مووچەیەکی کەم لە ماڵەوەن و بێ ئاگا لەوەی ئەم ئازادی نیشتمانە بە خوێن و ماندوو بوونی ئەوان و هاوڕێ شەهیدەکانیان بەدی هاتوە، ناکرێ بە خوێندنەوەی وشە و ڕستەکان وازبێنین کاتێك

باسی جوامێری پیاوان و ژنانی شۆڕشی کوردایەتی دەکەین پێویستە نێوان دێڕەکان و پشتەوەی وشەکانیش بخوێنینەوە و وەك خەتی بزماری و یاساکانی حەموڕابی و نەخشی گۆزە و بەرە لێکدانەوەیان بۆ بکەین، پێویستە بزانین بە چاك ناوهێنانی کەسێکی دیاریکراو، شەهادەیەکی گرێدراوە بە شتێکەوە کە لێمان شاراوەیە و بە وشە باس نەکراوە، سەرکردەکانمان کە بە کەسێ دەڵێن ئازا، مەبەستیان ئازایەتییە یا کەمعەقڵییە؟.

کە بە کەسێ دەڵێن دڵسۆز، مەبەستیان دڵسۆزییە بۆ نەتەوە و نیشتیمان، یان بۆ خۆیان و ئەو ڕێچکەیەی کە بە پێی نەخشەیەك، خۆیان پێیدا دەڕۆن؟!. بەڵام بیرەوەری پێشمەرگەیەکی ساکاری خاکیی وەك باوکم وەکو ئاوی بەیانیان روون و بێگەردە، دەزانین کە دەڵێن کورد واتا ئەوان کە باسی دڵسۆزی دەکەن، مەبەستیان دڵسۆزییە بۆ ئەو خاکەی لە پێناویدا جەنگاون و دەنووسن، یا لە پێناویدا چەکیان هەڵگرتووەو خزمەتیان کردوە، ئاخر جیاوازی لە نێوان ئەوانەی خۆیان بەکوشت دەدەن یان لەگەڵ ئەوانەدا خەڵك بەکوشت دەدەن، کەم نییە، ئەگەر عەقڵمان پێیدا بشکێ، راستە زمانی بیرەوەری کاریگەرییەکی جادوویی لە سەر خوێنەر و گوێگر هەیە، بەڵام لەمسەر تا ئەوسەری مێژووی باوکم شك نابەیت کە گەردی خیانەت یا درۆ بە یەك لاپەڕەی مێژوویەوە هەبێت، یا مەبەستی شاراوەی جێی گومان لە خەباتی هەبێ، مەگەر بە هۆی ئەدەبی کۆمەڵایەتییەوە پەردەپۆش کرابێ. ئەگەر داستان و رەبیەگرتن بە شایەدی مێژوو قەبووڵ بکرێ، من ئەو مێژوویەی زۆرێك لەو پاڵەوانە بە شایەدی راستگۆم قەبوڵە لە هەرچییەکی لە دەوروبەری کەرکوك و سنووری هەولێر و پشدەر و بتوێن لە کاتی ئەنفالدا قەوماوەو قەوماندویانە .

ئەگەرچی لێرە و لەوێ بابەت هەیە باس دەکرێ و بەڵام هەزار قسەی وا بە زاری هەندێك خەڵکی ئەمرۆدا تێدەپەڕن، من چ حیسابێکیان لەسەر هەڵناچنم و کارم

تێناکەن و لای من هەمیشە تاجی ئازای مەردایەتی کوردایەتی لەسەرە، چەندین جار لە ناخەوە گریاوم بە دیار ووشەگەلێکی راست، گریام بۆ ئەو کاتەی کە سەری گەنجی کورد؛ هەر لە هیچ و خۆڕایی بە تاشەبەردی خاڵخاڵان و قەندیل دەدرا، گریام بۆ ئەو رۆژەی لاشەی شەهید هەردی دووشیوان گەڕایەوەو خاڵخاڵان بۆی رەشپۆش بوو، گریام بۆ دڵی دولبەرێکی ئەوینداری بێ چارەنووسی پێشمەرگەیەکی شەهید، گریام بۆ دکتۆر حەمید کاتێك شەهید بوو پەخشانی هاوسەری بەرگەی ئەو کارەساتەی نەگرت و خۆی کوشت.

دوای ئەویش کۆرپەکەیان بە هۆی بێ دایکی و باوکییەوە مرد و لە نێوان گۆڕی هەردووکیاندا نێژرا، هەر کاتێکیش دکتۆر هادی سەرێکی لە مەرزیخە بدایە لە دوورەوە پێشوازیە گەرمەکەیانی دەبینی و دەچووە سەردانیان.

گریاندمی ئەو لاوک و حەیرانانەی مام (عەلی گەدە) ئەیوت هەر هی ئەوە بوو ئەشکی بۆ هەڵوەرێنیت.

ئێمەی نەوەی جێماوی پێش و دوای شۆڕشی کورد و ئەنفال پێویستیمان بە راستگۆبوونە، ئێمەی نەوەی پێشمەرگە رەسەنەکانی کورد پێویستمان بەوە نییە عاشقی سەرکردە و پاڵەوانەکانی خۆی بێ، ئیدی چاومان هەڵەکانیان نەبینێ و بە هەق و ناهەق بەرگرییان لێبکەین. بە هیچ کەسێکی رابردوو پیس  ناڵێم پاکیت تا پیسی بیرەوەرییەکانی خۆی بزانێ، بەڵام ئێوەیش وەرن وەکو من دێ بە دێ و گرد بە گرد و دۆڵ بە دۆڵی ئەو ناوچانە لەگەڵمدا بگەڕێن و بە چاوێکی دیکە تەماشای ئەنفالی شوان و ژیانی پارتیزانی شۆڕشی چەکداری بکەن .

ئەم پەرتوکە؛ رەنگە من هێزی ئەوەم نەبێت کە ئێوە بۆ قوڵایی ناخی خۆم شۆڕ بکەمەوە تا لەوێوە لەو دیمەنە نا ئاساییانە تێڕابمێنین و لە جیهانی من بڕوانن کە لە کوێوە بۆ کوێ تێپەڕیوم، تا بە هزر و ئیحساسی خۆتان لێم بڕوانن، گەر نەشتوانم وێنەی

حەقیقی بخەمە بەر دیدی ئێوە، ئەوە دەتوانم بە باشی و بە ئارامی بەبێ گومان و بە هەموو ئەو فرمێسکانەی کە لە کاتی نوسینەوەی ئەم کتێبە رشتوم رووی زۆرێکتان بۆ دەربکەم و پێناسەی زۆرێك بکەم لەم جیهانە دوورِوییەی ئێستادا و پێیان بڵێم ئەوە تۆ نیت کە هەیت بەڵکو ئەوە ئێمەین کە هەین کە ئێستا نین.

پێشکەشە بە روحی باوکی پێشمەرگە و کۆچکردوم  ئەو باوکەی چرای دەستی جوتیار بوو، لایتی دەستی پێشمەرگە بوو، پێکەنینی لێوی منداڵ و جۆلانەی خەمی نیشتیمان بوو، مرۆڤێك بوو لەرِەنج و خەبات و تێکۆشان.

# له بازیانەوە بۆ دووشیوان

دەگێڕنەوە لە ساڵانی نێوان ( ١٩٤٠ ) بۆ ( ١٩٤٥ ) لە لادێکانی بازیانەوەو لە خێڵی کافرۆشەوە، لە بەر کێشەی کۆمەڵایەتی ئەوسا بارگە دەپێچرێتەوەو بەرەو شێخبزێنی خواروو رێگا دەگرن و لە مەرزیخەی سەروو کۆدەنگ دەبن بۆ مانەوەیان، دوای ماوەیەك و بە درێژایەیی زەمەن، بەهۆی کێشەی دەستدرێژی و زەوتکردنی ماڵی جوتیاران لە لایەن ئاغایانی ناوچەکە، تووشی کێشە دەبن و لەوێش ئاوارەیان دەکەن و بەرەو لادێکانی بناری خاڵخاڵان، لە گوندی (دووشیوان) دەگیرسێنەوە، لای خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەسەن بە رەنجبەر و شوان قبوڵ دەکرێن.

ماڵی (سەعید بازیانی) کە برای (عەزیز بازیانی) باپیری باوکمە، لە مەرزیخە دەمێنێتەوە، تا ئێستایش کوڕەکانی وەکو ( نوری و قادر ) لەوێ ژیان دەگوزەرێنن، بەڵام (عوسمان و بەکر و رەفیق ) کۆچ دەکەن بەرەو بناری خاڵخاڵان و دەبن بە خەڵکی گوندی دووشیوان.

باوکم ئەو پیاوەی کە لە تەمەنی هەرزەکاری باوکی دەمرێ، خاوەنی چوار برای هەتیو بوو، بەناوەکانی (نیزام ،عمر ،محمد ،احمد )و خوشکیان نەبوو، لەگەڵ دایکێکی پیر و ژیر و ئازا لەگەڵ نەمان و وەفاتی باوکی کە باپیرم (عوسمان عزیز بازیانی) دەکات، وەکو لە پێشتر بەسەرهاتی دابڕانیانم باس کرد، لە بازیانەوە بە شۆرەتی بازیانی ناوبانگیان دەرکردبوو، تا ئێستایش لە زۆر شوێن ئەو شۆرەتە هەر ماوە، باوکم ئەرکی باوکایەتی دەگرێتە ئەستۆ خۆی تەرخان دەکات بۆ دروستکردنی باشترین داهاتووی جوان بۆ براکانی، ئەوانەی دەیناسن شاهیدی ئەوەی بۆ دەدەن کە براو باوك بووە بۆ براکانی.



مێژوی وێنەکە ساڵی ١٩٧٨

لای راستەوە: مامۆستا مەجید، مەدحەد سابیر، نەسرەدین محەمەد سابیر، رەمەزان شەریف، رەفعەت سابیر، کوێخا کەریم.

دانیشتووەکان لای راستەوە: حەمەزیاد کوێخا کەریم، مام شوکر سابیر، مامۆستا مەلا مەجید مامڕەشی، تۆفیقەسوور.

منداڵەکەش : فوئاد کوێخا کەریم

# کۆمەڵەی مارکس – لینینی کوردستان

لە ١٩٧٠/٦/١٠ کۆمەڵێ لاوی رۆشنبیری گەلەکەمان کە زۆربەیان شەهید بوون یان بە مردن بەجێیان هێشتوین، رێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی (کۆمەڵەی مارکس - لینینی کوردستان ) سکرتێری یەکەمی ئەم کۆمەڵەیە (خالە شەهاب) بوو.

هەر لە سەرەتای رەوتەکە کەوتنە ژێر کاریگەری (ماوتسی تۆنگ)ەوە، بە بۆنەی کۆمەڵێ چەپی ئێرانییەوە کە خۆیان لە ژێر ئەو کاریگەریەدا بوون، هەروەها لاوازبوونی حیزبی شیوعی کە بلۆکی یەکێتی سۆڤییەت پشتیوانی لێدەکرد و گەنجانی ئەو سەردەمە سەرگەرمی بیرۆکەی شیوعیەت بوون کە لە عێراقیش بەبیر و هزری نەهێشتنی سیستمی دەرەبەگی (عەبدولکەریم قاسم) توانی سەرکەوتوو بێت لە کودەتاکەی بەسەر سیستمی پاشایەتی و دەرەبەگی و سیستمی کۆماریی هێنایە ئاراوە. لە بەرژەوەندی خەڵکی جوتیار و رەنجبەر، ئەوەیش خەونی زۆرینەی بەشمەینەت بوو، دواتریش کە حیزبی بەعسی عێراقی بە سەرۆکایەتی (ئەحمەد حەسەن بەکر) کۆدەتای کرد بە سەر دەسەڵاتی یەکەمین سەرۆك کۆماری عێراقدا پاش نەمانی رژێمی پاشایەتی، بیریان لەوە کردەوە کە ناوی پارتەکەیان چی بێت، (حیزب البعپ العربی الاشتراکی) بە کوردییەکەی(پارتی ژیانەوەی عەرەبی سۆسیالیستی)، وشەی سۆسیالیتی سیحری حیزبەکە بوو بۆ ئەو لاوانە رۆشنبیریان تا ئاستێك بوو دەیانزانی سۆسیالیزم یانی حوکمێکی هاوشێوەی حوکمی وڵاتانی دونیای پێشکەوتووخواز، بەڵام هەرگیز بیریان لای ئەوە نەبوو کە وشەی(العربی) نەتەوەخوازیی دەکات و (الاشتراکی) سۆسیالیستی بۆ خۆڵکردنەوە چاوی گەنجانی ئەو سەردەمە دەکات و توانیان سەرکەوتوو بن، دواتریش ئامانج و ئەنجامەکانمان بینی حیزبی بەعس بوو بەچی درِندەیەکی نەژادپەرست و هیچ مانایەکی بۆ سۆسیالیستی خۆی نەبوو، دوور نیە رابەر و دامەزرێنەری ئەم رێکخراوەیش بە نیەتێکی جوانەوە لە پێویستی خواستی گەنج(کە

هێز و وزەی شۆڕشەکانی دونیا ئەوانن) گەیشتبێت بەو ئاڕاستەیە و بەو ئامانجەی بتوانن سوود لە توانای گەنجان پاش نەمانی سیستمی پاشایەتی عێراق وەربگرن؛ ئەو بیرۆکەیەیان کردبێتە سیستمی ئایدۆلۆژی رێکخراوەکەیان، هەر وەکو رەوانشاد کاك نەوشیروان لە بیرەوەرییەکانیدا باسی لەوە کردوە؛ هەرگیز باوەڕی بە مارکسیزم نەبووەو وەکو ئامرازێك بەکاریان هێناوە تاوەکو ریزەکانی کۆمەڵە فراوانتر بکەن.

ئەم رێکخراوە زیاتر بە نهێنی مانەوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ و ئاشبەتاڵە شومەکە، کاتێك ئەوان گۆڕەپانی کوردستانیان چۆڵکرد و وازیان لە خەبات هێنا، لەو رۆژە سەختانەدا کۆمەڵە و ئەندامانی کەوتنەخۆ.

هەر لە سەرەتادا پێش هەموو شتێك (خاڵە شەهاب) سکرتێری یەکەمی ئەو رێکخراوە لەگەڵ کاك (ئەنوەر) و کاك (جەعفەر) دەستگیرکران و دواتر لە سێدارەدران.

کاك ئارام بووە سکرتێری کۆمەڵەو رووی لە شاخ کرد، ئەویش ساڵی ١٩٨٧ شەهید کرا، دوایی کاك نەوشیروان مستەفا بوو سکرتێری کۆمەڵە.

هەر لەو ماوەیەدا (کۆمەڵەی مارکس - لینینی کوردستان) ناوەکەی گۆڕدرا بە (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان).

دوایش چەکوش و داسەکەیان لێداماڵی با پاساوی ئەوەی لە دیدگای ئەوروپا و ئەمریکا دنیای چەکوش و داس باش نابینرێت، بە بۆنەی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە، وڵاتان و معەسکەرو بلۆکی شیوعییەتیان لا پەسەند نەبوو.

تا ساڵی ١٩٨٩ بە تەواوی لە ناو یەکێتیدا توایەوەو جوانەمەرگیان کرد، لە کاتێکدا پێکهێنەری یەکێتی لەو کاتانەدا زۆربەی کۆمەڵە بوو، کە پێکهاتبوو لە بزوتنەوە / دوایی بوو بە شۆڕشگێڕان / هێڵی گشتی و کۆمەڵە کە بە شێوەیەکی بەرەیی کاریان دەکرد، کۆمەڵە رێکخراوێك بوون زۆر بە گورِ و دڵسۆزانە کاری دەکرد.

کاریگەریی و دڵسۆزی لە ناو شانەکانی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەوە چووە خوارەوە تا دوا ئەندامی هەر لە سەرەتای خەباتیاندا، لە کاك(شەهاب)ەوە، کە دروشمی (کەم ژیان و کەڵ ژیان)ی داهێنا. نمونەی جوامێری و خەبات بوون، بەشێکی زۆر لە سەرکردەکان لە زیندان و لە شاخ بوونە قوربانی، بۆیە ئەو ڕێکخراوە پۆڵایینەی لێدەرچوو، بە ئێستایشەوە ڕێکخراوێکم پێ شك نایات لە کوردستان و ئەو ناوچەیەیش کە هێندە لە سەرکردەکانی خۆیان کردبێتە قوربانی، ناوی زۆریان دەزانم بەڵام ناو ناهێنم زۆرن نامەوێ غەدر لە هەندێکیان بکەم و ناویانم بیر بچێ، دیارە یەکێك لەو شۆڕشگێڕ و ماندوونەناسانەی کۆمەڵە کە هێزێکیان پەروەردە کرد (تۆفیقە سووری دووشیوان) بوو کە لە گەڵ (مەلا عومەری دووشیوان) دووانەیەکی بێوێنە و پاکی ئەو سنوورە بوون، کە جێگای متمانەو باوەڕ و توانای کۆمەڵەو ڕێکخستنی نهێنی شۆڕشی تازە بوون، ئەو هێزەی بە گڕ ئاگر و ئاسندا دەچۆوە، بە دڵێکی خوێنینی ناسک و پڕ لە خۆشەویستیەوە، داستانێکیان بۆ کورد و کوردستان تۆمار دە کرد.

دەستپێکی شۆڕەسوارانی ڕێگەی خەبات و ماندوونەناسانی ئەم ڕێگەیە و هەموو دڵسۆزانی خەباتی مرۆڤایەتی و کوردستان .

لە ساڵی ١٩٨٥ ئەو کات ئێمە سێ براو دوو خوشك بووین ( سورمێ، هێمن، ڕێبین، توانا، هەوار) ماڵمان لە خانویەکی دوو ژووری گەورە ( ٥ بە ٦م ) بوو، بەر هەیوانێکمان هەبوو کە جێگای کۆکەرەوەی زەخیرەو خواردن بوو، حەوشەیەکی گەورەمان هەبوو، تەنوورەکەی دایکم لای راستی ماڵی خوالێخۆش بوو ئەحمەد حەسەن بوو، کە زۆرجار ئامۆژنە (مەعبوب) نانی لێدروست دەکرد، دیوارێکی چەند ریزی کەممان هەبوو لە نێوان ماڵی ئێمە لە گەڵ ماڵی کاك (ئەحمەد حەسەن)، لە ناوەراستی دیواری بەرامبەر تەنوورەکە کونێکی (٣ مەتری) درێژ و ( یەک مەتری ) پان دروست کرابوو بۆ

خۆشاردنەوە لە کاتی هاتنی پیلاتۆز و کۆپتەرەکانی رژێمی بەعس، دەرگای ماڵەکەمان بەرامبەر ماڵی کاك برایمە سوور بوو.

خانوەکەمان دەکەوتە رۆژهەڵاتی گوندەکەوە، لە نێوان ماڵی (مام شەریف) و (باپیرم نامیق) بوو، دەکەوتە رێکی مزگەوتەکەی ناو لادێ.

باوکم پیاوێك بوو ئەوەی بۆ ساتێك بینیبێتی، شاهیدی ئەو راستیەی بۆ دەدەن کە نمونەی جوامێری و باشی و لێبوردەیی و بەخشندەیی بووە، ئەوەندەی من بیرم بێت هیچ کاتێك ماڵمان بێ میوان و پێشمەرگە نەبووە، باوکم یەکێك بووە لەو کەسانەی کە لە ساڵانی ١٩٧٨ەوە پێشمەرگە و خزمەتکاری رێبازی کوردایەتی بوو.

باوکم جگە لەوەی برا گەورەی هەر چوار براکەی بوو، لە کاتێکدا کە ئەحمەد حەسەنی دەمڕاستی گوند و ناوچەکە کە جێی کردوینەتەوەو چاودێری کردوین لە هەمان کاتدا چارەسەری کێشەکانمان بوو.

باوکم کچە مامێکی خۆی دەهێنێ، بەڵام دوای دەرکەوت کە ناتوانن لەگەڵ یەکدی بژین، بە هۆی ئەوەی داوای لێدەکات کە بگەرێتەوە شار و لەوێ بژین، بەڵام باوکم ناڕوات و دەڵێ من دایکم و براکانم جێناهێڵم، دوای چەند کێشەو تۆران و ناخۆشی بە پاڵپشتی و نێوەندگیریی (ئەحمەد حەسەن) جیا دەبنەوە بە شەرعی خوداو پێغەمبەر.

بۆیە ئەحمەد حەسەن دایکمی پێشکەش ئەکات، کە لە کاتێکدا باوکم دڵی لای کچێکی تر بووە، هەروا ئەزانێ و بیر ئەکاتەوە ئەو کچەی پێشکەش ئەکات کە باوکم بیری لێ ئەکاتەوە، بێ ئەوەی کچەی داماو ئاگادار بێت کە بووە بە خەونی باوکم، بەڵام وەکو وتراوە ئاش لە خەیاڵی و ئاشەوان لە خەیاڵێك.



ئەوسا دەستور وابوو کە گەورە ساڵەکان شتێک بڵێن ئەبێت هەر ئەوە بێت، چ جای ئەوەی ئەحمەد حەسەن بڕیار بدات، ئەوە گەڕانەوەی نیە.

باشم بیرە منداڵییم، جگە لەوەی شەڕ و جنێودانم لە گەڵ پێشمەرگەکان زۆر بوو،لەهەمان کاتدا ناتق نەبوم و بەزەحمەت قسەم بۆدەهات کە خۆیان فێری تورەبوونیان دەکردم، ئەوکات لاسارێکی لوت داماڵاوی سورە بووم هەمیشە حەزم بە گوێگرتنی مەسەلەی گەورەکان بوو.

هەمیشە ئەو شەوە هاوینەی کە هەمووان لە سەربانێکی قوڕ و بە دیار ماڵانی ئاوایدا دائەنیشتین تا درەنگانێ و دواجار بەبێ ترس خەوێکی قووڵ وشیرین دەیبردینەوە لە یاد ناچن، ئەو شەوانە، هاوشێوەی شەوانی تر وون ئەبووم لە خەونی ئەو خەیاڵانەی لە من ئەچێت.

جار جارەش بە نیوە خەوەوە هەڵدەستام و پەلاماری دەبە بە پەڕۆ پێچراوەکە و پەرداخە باغەکەم ئەداو قومێک ئاوی سازگارم ئەنۆشی و لە دورەوە چاوم چوە سەر کەسێک کە لای مزگەوتی لادێیە و ئێشکگرە بەڵام کێیە ؟ چۆن لە وێیە؟ نازانم ! تەنها تارمایی کەسێک دیارە، هەستام و چەند جارێک بە دەست و پەنجەم چاوم هەڵگلۆفی و دانیشتم بۆدڵنیابوون تێڕامام ، و تێڕامام ئاخر چۆن ئەکرێ ئەوە کەسێک بێت و لە مزگەوتی گوند مابێتەوەو کەس میوانداری لێ نەکردبێت، لە گوندەکەمان شتی وا ناکرێت، بێ ئەوەی بیناسی لە پێشی خۆت بەرێت دەکرد و لە سەروی ماڵەوە داتئەنا، ئارامم نەما چیبکەم چۆن بەم شەوە باوکم خەبەر بکەمەوەو پێی بڵێم ،هێندی نەبرد جوڵا لە نێو پەتویەکی پڵنگی ڕەنگاوڕەنگ، منیش بە دەنگێکی نزم و لەسەرەخۆ باوە-باوە

ئم کورم ! هەڵسە کەسێک لە بەردەم مزگەوتەکەیە .

سەرێکی بە پەلە بەرز کردەوەو چاوی خستە سەر دەرگاو بینای مزگەوتەکە لە پڕ ڕاپەڕی و ووتی (سوپاس بۆ خوا کە هاتوە بە سەلامەتی) خۆی گۆڕی و ڕۆیشت بەرەو مزگەوت کەمێک گوێم لە غەڵبەغەڵبێک بوو پاش کەمێکیتر ئەوەش نەما کەچی هەر وەستاون و منیش گوێم لە هیچ نابێت، دواجار باوکم گەڕایەوەو ئەو تارماییەکە ڕۆیشت بەرەو ژووری کردەوەو تا بەو شەوە چاوم بڕی کرد سەیرم کرد ، باوکم کە هاتەوە وتی بۆ ناخەویت؟ وتم خەوم نایات

وتم باوکە ئەو کەسە کێ بوو ؟

وتی کەسێک بوو

وتم پێشمەرگە بوو؟

وتی کوڕم بخەوە سبەی مەفرەزەکەی ئاسۆسوور دێت دوای خەوت دێت و ناتوانی گوێت لە چالاکیەکانیان بێت، خەوتم بەڵام قەلەق بووم، لە زانینی ناوی ئەو کەسە، دوای خەیاڵی سەیروسەمەر خەوم کرد، بەیانی بە دەنگ و بۆنی نانی نەنە (عەنیف) خەبەرم بۆوە کە تەنوری نانەکەی لە حەوشەی خۆیان بوو، دەکەوتە پشت ماڵی ئێمە، چومە خوارەوەو هەر داڵغەم لای ئەو تارماییە بوو، باوکم وتی بڕۆ مەلا عومەر بانگ بکە بە پەلە چووم نەک لە بەر ئەوەی کە بەم بەیانییە گورجوگۆڵم و ئیشەکان بە زوویی ڕائەپەڕێنم ، بەڵکو لە بەر ئەوەی کە بزانم ئەو کەسە کێ بوو، چونکە باوکم هیچ کات نهێنی نەبوو لە گەڵ مەلا عومەر و مام شکوور، مەلا عومەر هات بە پێکەنینەوە خۆی کرد بە ژوورا وتی ئەری تۆفیق بەم بەیانییە خێرو شەڕ بەش نەکراوە چی بووە هێمن وا بە نیو زمانەوە ناردوتە بە شوێنما؟ جا من لە تەمەنی مناڵیم سەر زمانم ئەگرت تا وشەیەکم ئەوت کەسی بەرامبەر بێزار ئەبوو یان دەبوو پێ بکێشم بە زەویدا ئینجا قسەکەم دەکرد،

باوکم وتی ؛ سبەی برادەران دێن و پێویستە کۆبونەوەی جەماوەری بکەین

## باوکم و مه لا شاخی

کاک مەلا شاخی وتی؛ لە ساڵی ١٩٨٣ بوو، ئەوسا کادری جەماوەری بووم لەسنووری ٧٢ گوندی شوان و شێخ بزێنی

ئێوارانێک لەگەڵ دوو هاوڕێی پێشمەرگایەتیم کاک خالید عارف (ڕاپەڕ)و کاک نورالدین حاجی سلیم ناسراو بە(ئاشتی) چووینە گوندی (دووشیوان). دیارە پێشتر بە کادرێکی خۆمانا هەواڵی هاتنمان نارد بوو، لەبڵندگۆی مزگەوتەکەوە بانگەوازمان کرد بۆ کۆبوونەوەیەک لەناو مزگەوتی گوندەکە

پاش نیوسەعات هەموو گەنج و پیری ئاوایی کۆبوونەوە

دەربارەی شۆڕشی نوێ ویەکێتی وبەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئامانجەکانمان، قسەم بۆ ئامادەبووان ئەکرد، دوو کێشەی کۆمەڵایەتیم چارەسەرکرد، بەشیعرێک کۆتایم بەکۆبوونەوەکە هێنا

کات ژمێر ١ی دوای نیوەشەو لەماڵی (تۆفیقەسوور) کۆبوونەوی هەڤاڵانی رێکخستنمان دەست پێکرد. سەعات ٢ی شەو هەڤاڵان چوونەوە بۆماڵی خۆیان. تەنیا کاک (مەلاعمر) مایەوە. خوشکە (گەوهەر) خەریکی دروست کردنی خواردنی پارشێو بوو، .هەر بەتاخم وتفەنگەوە پاڵمان دایەوە، سەرخەوێکمان شکاند، مەلای بەیانی بانگی فەرموو گوێم لەهۆڕنی شۆفرلێتەکەی کوێخا حەسەنی گوندەکەبوو، بۆ هەنجیر فرۆشتن وکۆکردنەوەی قاپە ماستی مەڕدارەکان دەچوو بۆ شار جارناجارێک لەشاخەکان دەنگی دەدایەوە  خۆرهەڵات کاک تۆفیقم هەڵساند.

گوتم: هەندێ نان و ماست ئامادەبکە ئێمە لەگوند دەردەچین. ووتی تاکو نانی بەیانی نەخۆن ناڕۆن. بەپەلە نان وکولێرەی گەرمی بەیانیمان بە چاو ماستەوە خوارد لەپڕ

گوێمان لەدەنگی (هەلیکۆپتەر) بوو من و راپەڕ و ئاشتی وکاک تۆفیق مەلا عومەر ،بەپەلە لەماڵ دەرچووین لەپشتی ماڵان خۆمان کردبە قەمیشەڵانێکدا .

ئیتر پێنج کۆپتەرو دوو جەنگی بچووک و سێ بارهەڵگری پڕ لەسەرباز و جاش گەیشتنە سەر ئاوایی زۆر بەنزمی دەخوولانەوە خەڵکی لادێ نەیان دەزانی ئێمە ماوینەتەوە، هیچ شێلوونەبوون من رادیۆم پێبوو بەردەوام گفتووگۆی سایق کۆپتەرەکانم گوێ لێدەبوو

یەکیان گووتی

القریە خالی من المخربین الوچع گبیعی

کاک تۆفیق داسولکەیەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو،

هەر بەدەم رێگاوە گورزەقەمیشی هەڵدەبڕی و دەیدایە دەستمان و تا خۆمانی پێ لەکۆپتەرەکان بشارینەوە لەپڕ یەک لەسایق کۆپتەرەکان گوتی :

لگێت مخربین مختبئین بالوادی) هاوارم لەهاوڕێکانم کرد:وریابن خۆتان حەشاردەن دوورکەونەوە لەیەک وابزانم لەگەڵ ئێمەیەتی خۆمان ئامادەکرد ئەگەر هاتنەسەرمان تەقەیان لێ بکەین پشتم بەهەڤاڵەکانم قایم بوو،

١ . لە گوند دوورکەوتبووینەوە

٢ . شوێنەکەمان چڕ و قایم بوو

٣ .کاک ئاشتی پێشتر لەشەڕی کۆپتەر لەمۆردخوادە بەشداری کردبوو رۆڵی چالاکانەی بینی بوو .

پاش کەمێکیتر خوولانەوەیان بەرەو لای شیوەسوور شۆڕبوونەوە دەستیان بە رەمی کرد و بەرە و شێخبزێنی خوارو رۆیشتن لەئێمە دوورکەوتنەوە کاک تۆفیق زۆر هەوڵی دا نیوەڕۆ میوان بین، ئێمەیش قبووڵمان نەکرد،خواحافیزیمان لێیان کرد .

ئەوان گەڕانەوە بۆماڵ و ئێمەیش بەرەو (تورکمانباخ) کەوتینەڕێ لەنێوان هەردوو گوندەکە لەژێر کەپکەشاخێک جێگامان خۆشکرد و بە قەمیش چەقاندن پێشخۆمان تەیمانکرد، لەهیچ شوێنێکەوە نەدەبینراین، چونکە شەوەکەی تێرخەو نەبووبووین ، بەوریاییەوە لێی خەوتین تا سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ پشوومان دا و بەرێکەوتین بۆ گوندی تورکمانباخ .

کەس نەمانی بینی.لەناو رەزەکەوە خۆمانکرد بەماڵی مام(عبداللە کوێخا رشید)دا زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکردین، مام عبداللە پیاوێکی خانەدان بوو لەکۆشکەکە خواردنی ئامادەکرد، دوای نان و چاخواردنەوە ژنێکی دراوسێیان بانگی کرد ئاگاداربن دیسان وا دەنگی کۆپتەردێ! ئێمەش بەپەلە خۆمان بەست تەماشامانکرد هەر پێنج کۆپتەرەکە لە کەلی(سمایلبەگی)یەوە ڕاست بەرەو گوندی (تورکمانباخ) دەهاتن گەیشتنەسەر ئاوایی کەوتنەخوولانەوە، دیسانەوە گوێم لێ بوو فەرماندەکەیان داوای دابەزین و پشکنینی کرد کۆپتەرێکی بارهەڵگر (٥٠٠)مەتر لەخوار ماڵی مام عبداللە نیشتەوە بڕیاری شەڕی مان ونەمانمان دا کاک (ئاشتی)م ناردە ژێر داڵانەکە، شوێنێکی باش بوو خۆم چوومە میوانخانەکە.

کاک (ڕاپەڕ) یش چووە ژوورێکی تر بەرانبەر یەک بووین بۆ هەواکێش و فێنکی چەند کوونی بچووک بچووک لە ژوورەکان کرابوو، بڕیارماندا هەتا نەیەنە ناوحەوشە تەقەیان لێ نەکەین، دەبێ یەکەم دەست ئێمە بیوەشێنین و ئەمبەر و ئەوبەر تا ئێوارە بەرگری لەیەک بکەین.

ورەمان بەرز بوو، باوڕمان وابوو داستان تۆمار دەکەین و شەویش دەرباز دەبین ژن ومناڵەکان دەستیان بەگریانکرد ترسی ئەوەم هەبوو ئاشکرامان بکەن، چەکم لێیان راکێشاو هەموویانم کردە ژوورەوە.

لەوکاتە ناخۆشەدا ماڵێکی شیوعی خزمی خۆیان دراوسێیان بوو، ماڵی کاک مشیر بوو،زانیبوویان ئێمە لەوێین، زۆر دڵسۆزبوون، ژنێکیان لە کولانەی حەوشەوە بانگی کرد: کاکی پێشمەرگە قوربانتان بم دەست دامەهێنن ئێمەیش چەکمان هەیە لەپشتەوە دڵنیابن ئەو قسانە ورەی ئێمەی بەرزترکردەوە.

مام عبداللە خۆی رانەگرت دەرگای حەوشەی کردەوە و خۆی بەڕەزەکەدا کرد و بۆی دەرچوو، چووە بن دارهەنجیرەکان، فەرماندەکە داوای لەوکۆپتەرەکرد کە هەڵفڕێ، گوتی دڵنیام گوندەکە مخربی تێدانییە گەر هەر هەبوایە تەقەیان دەکرد چاومان لێ بوو ئەویش لەناو تەپ وتۆزەکەوە هەڵسایەوە ئاسمان، هێندە لەمام عبداللە نزیک بوو لە بەرزبوونەوەدا مام عبداللەیان بینی تەقەیان لێکرد ئەویش بەغار رایکردچەمەکە دوو ریز بیکەسی یان پێوەنا چاوم پێوەبوو کە بەربووەوە گوتم هاوڕێیان وریابن ئەرێ وەڵڵا مام عبداللە یان کوشت. منداڵەکان گوێیان لێبوو دەستیان بەهاوار هاوارکرد هەرچۆن بوو بێ دەنگم کردن، دوای ئەوە کۆپتەرەکان بەرزبوونەوەو بەرەو گوندەکانی(ئیلنجاغ) و (کانی ڕەش) دوورکەوتنەوە بەغاردان چوومە سەر مام عبداللە سەیرمکرد قەوزەیەکی زۆر وەک لباد تێی ئاڵاوە .راستمکردەوە، گیانیم پشکنی شکور هیچ برینێکی پێوە نەبوو لۆمەم کرد وتم؛ هەر باش بوو نەکوژرایت.

ئێوارە درەنگانێك سەیارەیەکی رەنگ سپی جوانم بینی لە حەوشەی ماڵی نەنکم خەجیج داپۆشرا بوو، لە تەنیشت دیواری ماڵی (مام جەبار نەجم)، کە چوومە ژوورەوە ماڵ پڕ بوو لە پێشمەرگە ئەوەی بیرم بێت باوکم و (مامم محمد) و (شەهید دکتۆر هادی) و (کاک یابەی کوێخا عارف) لەوێ بوون .

دیار بوو کوڕێکی قۆزی سپی پێستیان بە دیل گرتبوو کە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلە جوانە بوو.

کە من چوومە ژوورەوە ئەو کوڕە مناڵکارە قۆزە خەریکی دەست ماچکردن بوو، دیار بوو سەرەی منی تێپەڕاند بوو، لە ناکاو مامم حمە هاواری لێکرد و ووتی ( بلە ) ئەو مناڵەیش ماچ بکە ، داماوە گەڕایەوەو ماچی کردم و هەنارێکی پێدام، دوای ئەوەی کە ئازاد کرا.

بیستم ئەو داماوە کەوتبوویە بۆسەو کەمینی پێشمەرگەوە. (بلەی عەولا کوندەی چوارقورنە) بوو.

هەمیشەماڵمان پڕ بوون لە پێشمەرگە، بە تایبەت (شەهید دکتۆرهادی)م زۆر باش لە بیرە، چونکە تورەی دەکردم بەوەی (کۆمەڵە)یت؟ یان (شۆڕشگێڕان)یت؟، گەر هەر کامێکیانم بووتبایە شەقەکەم هەر دەخوارد، بۆیە منیش بە دڵی خۆم دانەیەکم دەگووت، ئیتر تورە دەبوم و بە دوور کەوتنەوە بەردم تێدەگرت، ئەویش دەیترساندم بەوەی کە گونم دەبڕێت.

دکتۆر هادی ئەو کەڵە پیاوەی کە لە دایك بوو لە دامێنی چیای خاڵخاڵان، لە خێزانێکی هەژار، مام سالح بە ڕەنجبەری کۆلیژی پزیشکی پێ تەواو کرد، لە ساڵی ١٩٨٢ەوە پەیوەندی بە شۆرشی یەکێتی و کۆمەڵەوە ئەکات و ئەبێت بە ( هەتوانی ) تیپی ٢١ی کەرکوك و تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، گوێبیست بوومە لە زۆرێك لە هەڤاڵە زیندووەکانی دەیانگووت  کە دەچووین بۆ شەڕ بۆ سەر رەبیەیەك یان مۆڵگایەکی بەعس، دکتۆر هادی لە پێشمانەوە بوو بەرەو گولە، زۆرێك لە هەڤاڵانی زیندووی ئێستا نەشیان ئەوێرا سەر هەڵبڕن ، کاتێک هەڤاڵێک زامدار ئەبوو ،درێغی نەئەکرد لە کاری تەندروستی و گرنگیدان بە ئەرکە پیرۆزەکەی تری، شت گەلێك زۆرن لە سەر دکتۆر هادی و هەتوان دووانەیەکی پێکەوە لکاوبوون.

کاك سەباح برای دکتۆر هادی ووتی: لە مۆردخواردە ئەبێت نامەیەکی پێدەگات لە رژێمی بەعسەوە، کە بۆی نوسراوە هەر داوایەکت هەیە داوا بکە تەنها بگەڕێوە

کەرکوك و واز لە موخەڕیین بێنە، دکتۆر ڕاستەوخۆ بەرەو سەرکردایەتی دەجوڵێ لەگەڵ کاك ووشیاری مەلا عەبدولڕەحمان، دواى چەند ڕۆژێك بەڕێز (مام جلال) دەبینێ و بە جیا نامەکە دەخاتە چنگی مام جەلالەوە، کاتێك مام جەلال دەیبینێت شۆك دەبێت، مام جلال بە دکتۆرهادی دەڵێ ئەی بڕیارت بە چییە؟

چونکە ئەوان گرنگ نین کە چی دەڵێن،

بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە تۆ چی دەکەیت؟

دکتۆرهادی بە مام جەلال دەڵێ: خۆم و خانەوادەکەم و خاکم نافرۆشم بۆ هیچ بەرژەوەندییەك، مام جەلال ماچی دەکات و پێی دەڵێ ئەمەم چاوەڕوان دەکرد لە کوڕە لاوێکی خاڵخاڵان کە خاڵخاڵان ئاسا بەرزە.

هەر بۆیە دواى ملکەچ نەبوونی دکتۆر هادی مەزن، کە چۆك بۆ هیچ پلەو پۆستێك و مادەیەك دانادا، ئینجا ڕژێم هەوڵی بەکرێگرتنی چەند خۆفرۆشێك دەدا، تا بیاننێرێت بۆ نەخۆشخانە مەزنەکەی دکتۆر هادی لە (چەم ڕەزا) لە نێوان مۆردخواردە و ئاوبارەی کاك (مەلا عەبدولڕەحمان)، بەڵام خۆشبەختانە لەو پلانە چەپەڵە قوتار بوو.

بۆیە ڕژێمی بەعس پلانی بۆ باوك و شەش براکەی دادەنێت و گولەبارانیان دەکات و تەرمەکانیشیان بێسەرو شوێن دەکات و فەرمانی گرتن بۆ دایکە پێشمەرگە تەتەرە هەواڵبەرە ئازاکەی دەردەکات، کە باشترین و پاکترین تەتەری پێشمەرگە و ڕێکخستنی ناو شار بوو.

لە ساڵی ١٩٨٧ ڕۆژ و مانگم بیر نایات ، بەڵام لادێکەمان سوتاو و خاپور کرا، بە چاوساغی ئەحمەد کوێخا ڕەجەب ئەو سەرۆکجاشەی کە خۆی بە ڕەئیس عەشیرەتمان دەزانی، کە ناوی هاتووەو داواکراوە لە دادگای عێراقی لە سەر لیستی ئەنفالچییەکان، بە زنجیرەی ژمارە (١٤٣) ئاوارە و دەربەدەر بووین لە لادێکەمان؛ درەنگانی شەوێك باوکم

خەبەری کردینەوە کە ماڵ دەگوازینەوە بەڵام کام ماڵ و چ ماڵێك ، جگە لە دوو یان سێ بەتانیە کۆنەی چڵکن و سەبەتەیەکی سووری کون کون ، هیچی دیکەمان نەبوو، هەروەها خاوەنی گوێدرێژێکی سپی بووین کە کەرە سپیەکەی مام عوبێد تەرەقە بوو دیارە ئەویش لە نیشتیمانی خۆی ئاوارە ببوو، هاتبوو بۆ لای ئێمە کە مام عوبێد پێشکەشی باوکمی کردبوو کە کارەکانمانی پێ راپەڕێنین، کە کاری ئاوهێنان و پێداویستیە سەرەتاییەکانمانی بۆ رایی دەکرد ، بەڵام زۆر گوێدرێژێکی باش و بێدەنگ بوو، هەرگیز بیرم نایات سەوتی بەرز کردبێتەوە، بە هەرحاڵ من و رێبین و سورمێی خوشکمیان کردە سەر کەرە سپی، توانایش بە سەر کۆڵی دایکمەوە و هەواریش بە سەر کۆڵی باوکمەوە، یەکە بە یەکە بەڕێکەوتین لە گەڵ باوکم و مامەکانم جگە لە ئامۆژنە تازە بوکەکەم و مامم محمد، بەرەو باخێکیتر، لە گوندەکەمانەوە ١٥ بۆ ٢٠ کیلۆمەترێك دوور ئەبێت، دەکەوێتە رۆژئاوای دووشیوان و خۆرهەڵاتی ئۆمەرمەندان و کە سنورە زەوین، (کانی-ڕەش) ئەو باخەی بە رەنجبەری و شوانی بە دەست هاتوەو ئێستا بووە بە موڵکی خۆمان، دەکەوێتە بەرامبەر باخەکەی ئەحمەد عەلی کە (قشلاخ)ی ناوە، سەرووی ماڵی مام رەفیق واتا رەفە خاڵە، کە دۆستایەتییەکی باش و بەهێزی هەبوو لە گەڵ باوکم، کە گەیشتینە ئەوێ ماڵی مام رەفیق و مالی کاک ئەحمەد لە چاوەروانی ئێمە بوون لە ژێر خانوویەک کە لە ژێر زەوی دروست کرابوو حەساینەوە، بیرمە باوکم رووی کردە (ئەحمەد عەلی) و (مام رەفیق) وتی ژن و منداڵەکانمان بە براژن و برازاکانم ئامانەتی ئێوە ئەکەم، رێحان و منالەکانی کە (خێزانی مامم نیزام بوو) بدەنە حاجی رەحمان، هەدیە و منداڵەکەی کە(خێزانی مامم عومەر) بوو تەسلیم مام سەعیدی بکەن تا چارەسەرێك دەدۆزینەوە، خۆ ئامۆژنێکی تازەم هەیە بە چرکە دابڕانی نەبوو لە گەڵ مامم محمد، بەڵام باوکم باسی ئەوی نەدەکرد.

ئەو شەوە خەوتین، بەیانی کە هەستاین لە خەو چاوم گێڕا بەو پارچەیەی نیشتیماندا، لە ئاسمانی رەش و لە بۆنی دوکەڵ و خوێن زیاتر هیچم لێ بەدی نەدەکرد.

لە ناکاو تویتایەکی سپی مۆدێل کۆن هات، پیاوێکی باڵابەرزی زەعیف بوو ، دەستی مام ڕەفیقی ماچ کرد و دانیشت، کە ئەو هات باوکم و مامەکانم ئێمەیان جێهێشت، هەندێك بە چرپە قسەیان دەکرد لە دووری ئێمە، باوکم و مامەکانم خواحافیزیان لێکردین و بە گریانی نەنکم و دایکم و ئامۆژنەکانم جێیانهێشتین، سواری تویتا سپییان کردین، مام ڕەفیق لە پێشەوەو ئێمە لە دواوە، ماوەیەک ڕۆیشتین و لە بازگەی یەکەم دەرچوین، چونکە کاکی شۆفێر جاشی ڕەیس عەشیرەتی ئامر فەوج بوو، هەویەی پێ بوو بەڕێزەوە بەڕێکراین، دڵنیابووم لەوەی کە گوندەکەمان کەسی لێ نەماوە، چونکە ئێمە دوا ماڵ و خێزان بوین کە دەرچووین، هەموو دانیشتوانی لادێکان و خەڵکی لادێکەی ئێمەیش بە زۆری ڕوویان کردە کەرکوك، ئەوانی دیکەیش بەرەو تەقتەق ڕۆیشتن، چونکە ناوچەکەمان کەوتۆتە نێوان هەردوولا لە ڕووی جوگرافیاوە، بەڵام باوکم و مامەکانم هەر لە هەڵەت و بێشەکانی ناوشوان مانەوە، چونکە پێشمەرگە بوون و تەسلیم نەبوونەوە بە ڕژێم، باوکم و مامەکانم و چەند پێشمەرگەیەك، کە بیرم نەماوە ناوەکانیان، بەڵام داوا لە باوکم و مامەکانم دەکەن کە بگەڕێنەوەو تەسلیم بن بە ڕژێم، بە تایبەت مامم محمد کە دڵنیایی و پاراستنیان پێدرا بوو لە لایەن (عبداللە کارەباچی).

یان تەسلیم بوونەوە لای (ڕەئوف ئەحمەد حەسەن)و (جەلال جەرجیس)و (مامۆستا حاتم)و (تەها سەرسپی)، کە دڵسۆز و باشەکانی ئەوکات بوون و هاوکات ئامرسریە و خاوەن ڕەبیەو باوەڕپێکراوی ڕژێم بوون، کەسانێکی چالاك بوون بۆ ڕژێم، کە ئێستا کوڕەکانیان خاوەنی پلەی حزبییان هەیە لە ناو یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات، خۆشیان ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەن بە پلەی باڵا، بەڵام باوکم قبوڵی ناکات کە تەسلیم ببنەوە بە ڕژێم چونکە ئەوکات بڕیاڕدەر باوکم بووە.

دروستبوونی مامەکانم بە تایبەت مامم محمد و بوون بە پێشمەرگە، هەڵبەت شاخێك لە پشتی بووە، کە باوکمە، کاک (ڕاپەر عارف) ووتی لە کۆبوونەوەی لادێکان بووین،

خەڵکی لادێمان کۆکردبوویەوە، کاك وریا قسەی بۆ دەکردن، لە پڕ شۆڕەسوارێك بەدەرکەوت و وەکو خەڵکەکانی دیکە لەگەڵ هاوڵاتیانی ئەو گوندە دانیشت.

من و کاك وریا ئاشنایەتیەکی باشمان هەبوو لەگەڵ تۆفیق، جگە لەوەی کە خزم بووین، بەڵام کاری کۆمەڵە و حیزبمان پێکەوە گرێدا بوو، ئەو یەکێک بوو لە کەڵە شۆڕشگێڕەکان و جێی متمانەی شۆرش و یەکێتی بوو، لە تەنیشت خۆیەوە مێردمناڵێکی سورەی لە گەڵ بوو، جێی بە خۆی نەدەگرت، دیار بوو کەسێکی هەڵەشە و بزێو بوو، ترسیشمان لێی بوو چونکە خاوەنی چەکێکی خۆی بوو، لە ساڵانی زوو و لە کاتی دروستبوونی خۆفرۆشی کورد، هەمیشە بێمتمانەیی هەبوو لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە، لەت بوونی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرەی شۆڕشگێڕان و بەرەی کۆمەڵە، کە لە بنەڕەتدا دوو تیرەی جیاواز و لە کۆتا خاڵ هاوبەشبوون و لە کوردبوون و دژی حکومەتی بەعس بوون، بەڵام زۆرێك لەو پیاوخراپ و ئاژاوەگێڕانە؛ کە هەمیشە لە کۆمەڵە وەدەردەنران و شۆڕشگێڕان باوەشی بۆ دەگرتنەوە، دیارە لە ساڵی ١٩٨١ مامم محمد بە تەمەنێکی کەم و بە ئازایەتییەکی بێوێنەوە، دەیەوێت ببێت بە پێشمەرگە، بەڵام قبوڵی ناکەن و ئیهانەو سوکایەتیشی پێدەکەن، لە بەر ئەوەی منداڵەو توانای پێشمەرگایەتی نیە و منداڵێکی سوورەو سەرەڕۆ و قسەی لە قەبارەی خۆی نەبووە.

ئەویش پەیوەندی دەکات بە هێزە ئیسلامییەکانەوەو لەوێ دەبێت بە پێشمەرگە و وەریدەگرن و چەك و تاقمی پێدەدەن و بە (حەمە قوت) بانگ دەکرێت لە بەر ژیری خۆی.

ئەو کات جگە لە باوکم کەس مامم حەمە قوتی نەدەناسی، کاك راپەر وتی، کە وەکو کادیرێکی کۆمەڵەو یەکێتی راسپێردرا بووم بۆ ناوچەی شێخ بزێنی، هەموو جموجۆڵێکم نهێنی بوو، لە دارەختیار کاك تۆفێقم بینی لەگەڵ کاك وریا ئاغجەلەری، کاك تۆفیق هاتبوو بە شوێن حمەقوت دا تاکو بیگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە، چونکە هێزە ئیسلامیەکان

که ئەو مەفرەزەیەی حەمە قوتی تیا بوو کەوتبونە بۆسەوە لە ناوچەی ئاغجەلەر و زۆرێك شەهید و برینداری تیا دەبێت، لەو بریندارانە قادر مام شەریف دووشیوان ئەبێت و حمەقوتی برای کاك تۆفیق یەکێك ئەبێت لەو مەفرەزەیە کە خۆشبەختانە سەلامەت بوو، لەوێ من حەمەقوتم ناسی لە نزیکەوە، دوای کۆبوونەوەکە قسەمان لەگەڵیدا کرد و ئینکاری دەکرد لەوەی کە واز ناهێنێت لە پێشمەرگایەتی و سوور بوو لەوەی بەردەوام دەبێت، بۆیە کاك وریا قبوڵی کرد و کردی بە پێشمەرگە .

مەرجی وەرگرتنی وەکو پێشمەرگە ئەوە بوو کە چەك و تفاقی تەسلیم بە یەکێتی و تیپی ٢١ی کەرکوك بکات، وەکو چۆن مام هەژاری دارەختیار و شەهید مامۆستا رەفیق ئاغجەلەر کردیان، ئەویش قبوڵی کرد. کاک تۆفیق بوو بە کەفیلی و کرا بە پێشمەرگە و نازناوی حەمەسووری پێبەخشرا.

هەرچۆنێك بێت لەو سەروبەندە بووین کە باوکم بیری لە قسەو ئامۆژگارییەکانی هاورێ پێشمەرگەکانی نەدەکردەوە کە باسی تەسلیم بوونیان دەکرد، چونکە وتی: کە تەسلیم بینەوە دەبیت ژێردەستەبین، هەروەها لەلایەن رژێمەوە حەمەسور داواکراوە، چونکە گیڤارایەکی کورد و یەکێتی ئەوکات و ئەفسانەیەکی داواکراوی بەعس بوو، چونکە لەبەر لێوەشاوەیی خۆی و ئازایەتی لە محمد بۆ حمەقوت و ئینجا ناسرا بە حەمەسور.

بەعس ئەوکات ئەوەنە لەو زاتە ترساوە دەڵێن هەرکات(أبو خلیل)ێك مناڵێکی کوردی ببینیایە بە (کاکە حەمەسور) بانگی دەکرد لە بەر ترس و ئازایەتی ئەو مێرد مناڵە.

بەهەرحال چووین بۆ کەرکوك بۆ ماڵی مامی باوکم (رەفیق عەزیز)، کە ماڵی لە (ساحەی تەیاران) بوو، خانویەکی گەورەو خۆشی هەبوو، ئیشی مقاوەلات و کۆنکرێتی دەکرد، شۆفرلێتێکی هەبوو پیاوێکی ئازاو رەشید بوو، بەڵام دەرگایان لێکردینەوە بە هەناسە ساردیەکی چرەوە، ووتیان: ناوێرین بتانگرینە خۆمان مەیەن بۆ ماڵی ئێمە، هەرچەند کێشەیەکی بچوك هەبووە ئەوکات، بەڵام کەسوکاری مەرد لە تەنگانە دەردەکەوێ،

جگە لەوەی (مامی باوکم (بەکر) کە وەکو پێشووتر باسم کرد خێزانی یەکەمی باوکم کچی مام بەکر بوو)، لە باوکم جیا ببوویەوە؛ ئەوکاتیش هاودەردیمانی نەکرد و بەس بە ناو مامە بوو بۆیە ئەویش جێگای نەکردینەوە .

هەر چۆنێك بێت بووین بە دوو بەشەوە، (من و رێبین و سورمێ) لە ماڵی مامم رەفیق، (دایکم و نەنکم خەجیج و توانا و هەوار) بۆ تەقتەق بۆ ماڵی (خاڵۆم فایق)کە ئەو جاش بوو لای کاك رەئوفی ئەحمەد حەسەن کە ئامۆزای بوو، یەکێك بوو لەو پیاوانەی بە خراپە هیچم لە بارەیەوە نەبیستوە، لە هاوکاری پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگە درێغی نەکردوە، ماڵی (خاڵم فایق) لە ناو رەوزەکەی تەقتەق بوو کە ئێستا قوتابخانەی گۆرقەرەجی بنەرەتیە.

دوای ماوەیەك دایکم هات بە شوێنماندا، بردمانی بۆ ماڵێك لە تەقتەق کە پیاوێکی کەمێك باڵا مامناوەند و چاو بچکۆلە و توورە بوو.

کە ئەو قسەی دەکرد هیچ کەسێك زاتی وەڵامی نەبوو جگە لە( بەڵێ ) زیاتر، تەنها ئەوەندەم بیرە ئەو پیاوە چاوبچکۆلەیە بردینی بۆ ماڵێك و بە خاوەنی ماڵەکەی .

ووتی حاجی سمایل من وا دەرۆم ئەم منالانە ئامانەتی تۆن، تۆ بەرپرسیاری لێیان سڵ لە پارەو ماددی نەکەیتەوە ئەمرۆ پێویستیان بە ئێمەیە، تۆفیقە سوور شەرەفی خێزان و بنەماڵەکەی تەسلیم من کردوە بۆیە وریابە لە پاراستنیان ئەمرۆ رۆژی چاکەو دروستبوونی پیاوبوون و پیاوەتیە، دواجار زانیم ئەو پیاوە تورەیە(حاجی سەعیدی ئۆمەرمەندانە)، کە لە ماڵی (حاجی سمایلی ئۆمەرمەندان) دایناوین و جگە لەوەی ووتی: ئێرە ماڵی خۆتانە خەمی پارەو مەسروفتان نەبێت شەدەیەك پارەی دا بە دەستی دایکم.



مام شوکری دوشیوان



حاجی سەعیدی ئۆمەرمەندان

لەو کاتەدا بیرم لە ماڵی مامەکانی باوکم دەکردەوە کە ئەوان چۆن بوون و ئەم پیاوە تورەیە چۆنە.

ئەو کات ئێمە ئەگەر پارەیشمان نەکردایە، بەڵام هەبوون خەڵکانێك بۆ دەست بە پشتا هێنانێك و االله یحفظکم ، ئێمەی بکردایە بە دەست و دیاری خۆی بۆ حکومەتی بەعس.

باوکم لە رێگای دایکم و (حەمە زیاد مام حەسەن سێگردکانەوە)، داوا لە (مام شکور سابیر) دووشیوان دەکات، کە هاوکار بێت لە هێنان و دەربازبوونی ئێمەو ئامۆژنەکانم و دایکم و نەنکم (خەجیج)، چونکە هاورێیەتی پتەو و پاکیەکی بێ وێنەی لە مێژینەی ئەوان هەبووە، کە ئەو پەیوەندییەیش لە کاك رەفعەتی کۆچکردووی برای مام شکورەوە ماوەتەوە.

مام شکور سابیر ئەو پیاوە جوامێرەی کە بە گریان و رشتنی ئەسرینەکانیەوە، بە هەنسکە قوڵەکانی، پێی ووتم: مێژینەی تۆفیق بەس هاوڕێم نەبوو، بەڵکو بە کردارەکانی زیاتر بوو لە هاوڕێ و براو کەسوکارەکەم بە گشتی بە قوڵپی گریانەوە بەردەوام دەبوو لە قسەکانی، منیش لە ئاست گەورەیی ئەو پیاوەو لە شکۆی گەورەیی ئەو فرمێسکە مەزنانە، تەنها دەمتوانی سەیری چاوەکانی بکەم و بە چاو پورە لەعلی لیێ ئاگادار بکەمەوە، کە ببینە مام شکوری هاوسەر و خۆشەویستت فرمێسکێکم بۆ دەڕژێ کە تا ئێستا لە مامەکانم و کەسوکارم نەبینیوە، خەمێکم بۆ باس دەکات کە مامەکانم لەم خەمە بێخەمن.

لەم کاتەدا زانیم و هەستم کرد چونکە تا گەورە نەبووم لەوە تێنەگەیشتم، کە تەمەن چۆن و بە چ شێوەیەك بەخێرایی وەك شەمەندەفەر تێدەپەڕێت، وەك ئەوەی لەنێو مشتتدا پەپولەیەکت گرتبێت و هەر دەستت کردەوە بفڕێت.

زۆر جار لە یاداشتەکانمدا باسی ئەوەم کردوە، زۆرینەی تەمەنی منداڵییم لە شاخ و دۆڵەکانی شوان و خاڵخاڵان بەسەر بردووە، ئەوەندە یادەوەریی ڕەنگاوڕەنگم لەو ژیانە سادە و ساکارەدا هەبووە، کە بە چەندین نووسینی دیکە ڕەنگە نەتوانم وەکو پێویست بیاننووسمەوە، ئەمە نەك بە تەنیا بۆ من، بگرە بۆ زۆرینەی ئەوانەی هاوتەمەنی منن کە منداڵی پێشمەرگە و خزمەتکاری شۆڕش و کوردایەتی بوون، دیارە لاپەڕەکانی مێژوو بۆ یادەوەرییەکانی خۆی لە سادەییدا زۆر دەوڵەمەندترە لەچاو دنیای پێشکەوتوو و تەکنەلۆجیادا، کە ئەوەندە خێرا تێدەپەڕێت، پێڕاناگەی بیاننووسێتەوە.

بە حوکمی ئەوەی باوکی ڕەحمەتیم چارەسەرکەری کێشەکانی خەڵك بوو، لە هەمان کاتدا پێشمەرگە و دەست و دەمڕاستی شۆڕش بوو، لە هەر خانوویەکدا بووینایە، دەبوو ژوورێکمان تەرخان بکردایە بۆ میوانەکانی، لەبەر ئەوەی خێزانێکی گەورە بووین، تاکە شتێك لە هەموو ژیانی باوکمدا بەهایەکی زۆر بەنرخ بووە ڕاستگۆیی بووە، کە

بەردەوام دیوەخانەکەی بە هەموو رەنگێکەوە لە پێشوازییدا بووە، بە قوڵپی گریان و هەنسکەوە مام شکوور ووتی لە ساڵی ١٩٧٩ بوو تۆفیق پێی ووتم کە ببمە کۆمەڵە ، دیارە ئەمە دوای نەمانی رەفعەت برام بوو، منیش تۆفیقم خۆشدەویست، گەر پێی بووتبام بۆ هەر کارێك ئامادە بووم لەگەڵی بم، پەیوەندیم کرد بە کاك (وریا ئاغجەلەری)، کە تۆفیقە سوور و مەلا عومەر دووشیوان پێشتر ئەو پەیوەندیەیان هەبووە، بەڵام بێئاگا لە خۆم،

کاك (وریا ئاخجەلەری) پێی ووتم: یەکەمجارم بوو بچمە دووشیوان، ئێوارە لە نێو پیاوانی بەردەم مزگەوتی گوند، کاك تۆفیق بەر لەوانی دیکە خوڵکی کردین بۆ ماڵەوە، لە گەڵیدا رۆیشتین، دووشیوان بە گشتی ماڵگەلێکی خانەدان و بە خزمەت بوون بۆ پێشمەرگە و رێکخستن و خەڵکی تێکۆشەریان هەبوو .

کاک تۆفیق، پیاوێکی کراوەو کۆمەڵایەتی و روخۆش بوو، یەکێك بوو لە رێکخستنە سەرەکیەکانی گوندەکە، چونکە خۆشەویست بوو کاریگەریی باشی هەبوو لە سەر هەڵسوکەوتی خەڵکەکەی، ماڵی کاك تۆفێق، هەمیشە لانەی گەرم و خانەی ئەمینی میوان و پێشمەرگە بوو، ئەگەرچی دەستکورت بوو، بەڵام میواندۆست و تەبیعەت مەردانە بوو.

تەنانەت لە گەڵ زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی گوندەکانی دەوروبەریش پەیوەندیەکی دۆستانەی بەهێزی هەبوو، لە رووی خێزانی و بنەماڵەیشەوە تۆفیق برایەکی باش و دڵسۆز و رێبەرێکی راستی براکانی و خانەوادەکەی بوو.

لە دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، وەکو هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو نەگۆڕی وەك پێشمەرگە هاوشانی تەواوی براو خانەوادەکەی هاتە سەر سنوور، تاکو ڕاپەرین لە شاری سەقز و بارەگای هێزی پێشمەرگە لە بلەکێ و چیوەرۆ لەگەڵمان مایەوەو، تا دوا

خاڵی ئازادکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە کەرکوکی قودس و دڵەوە، لەو دیویش ماڵی تۆفێق هەر خانەی پێشوازی هاوڕێی پێشمەرگەکانی بووە.

(مام شکور) بەردەوام بوو، لە گێڕانەوەی باسەکەی بە ئەسرین رشتنەوە، وتی بەردەوام بووین لە کارو چالاکی کۆمەڵەو زانیاری تەواو و دروست، لە سەر ناوچەکەمان و جموجۆڵی حکومەت، کە لەو ماوەیەدا کاك قارەمان عەسکەری و دواجار کاك فەرەیدون پەیوەندی پێوە دەکردین، تا ساڵی ١٩٨١ کە کاك(راپەر عارف) و کاك ( پۆڵا کەریم ) هاتن و خۆیان ناساند وەکو کادیری تازەی ناوچەکە.



**کاك ڕاپەڕ عارف خەلیل رەشید**

کاك (پۆڵا کەریم) پێی ووتم مام شکور و باوکت، ئەو کەسە تاکانە بوون کە چاونەترسانە خۆیان و ماڵیان بۆ خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگە تەرخان کردبوو، تەنانەت بەتانی سەر مناڵەکانیان لا دەبرد دەیانبەخشی بە شۆڕش و پێشمەرگە.

لەگوێگرتنی مام شکور بەردەوام بووم و باسی پاکی و دڵسۆزی خۆی و باوکمی بۆ دەگێڕاوە کە هەردووکیان دووانەیەکی کەم وێنە بوونەو هەمیشە پێکەوە بوونە، تەنانەت کاری سیاسی و کۆمەڵایەتیان پێکەوە گریداوەو پاراستویانە.

مام شکور وتی بە نامەیەك باوکت ئاگاداری کردمەوە کە لە کەوڵە شقاتەیەکی ئەوکات بۆی ناردبووم بۆی نوسیبووم ( براو هاورێم رۆژێکەو ئەمرۆ و هەڵوێستی جوامێرانەت وەکو هەمیشە برات تۆفیقە سوور).

ووتی کە ئاگادار کرامەوە لە رێگای (گەوهەر)ەوە مەبەستی دایکم بوو، گەر باڵم هەبووایە دەفڕیم، چونکە کاتێك هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی شوان و خاڵخاڵانەوە دەگوازرێنەوە بۆ بنار و دەشتی هەولێر، کە هەڵەت و ناوچەی ئۆمەرگومەت و سێگردکان دەکات، لە رێگای (حەمە زیاد مام حەسەن)ەوە کە پوورزای باوکم بوو، چەندین جار سەردانی باوکمی کردوە و هاوکاری کردوون وەکو خواردن و پێداویستییەکانیان، هەر کە نامەکە بە دەستی مام شکور دەگات، مام شکور دەچێت و باوکم و برادەرانی پێشمەرگە دەبینێت، لە گەڵ باوکم بە تێروتەسەلی باسی ژیان و گوزەرانی ئێمەی بۆ دەکات، کە مامەکانی وەکو رەفیق و بەکر و ئەو خزمانەی کە ئێستا هەمانن، ئەوکات نەمانبوون، مام شکور بەڵێن دەدات ئەرکی گەیاندنمان بخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام بەو مەرجەی کە گەیشتنە گوندی (قەڵاتۆکان) کە لە بناری قەندیلە، کاك حەسەن جوندی و کاك علی حاجی ئەحمەد کە هاوڕێی مام شکور بوون، پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، دێرزەمان هاوڕێی بوون کە لە رێگای کاك بەهجەت و فەرهاد دوبزنییەوە ئاشنایەتی هەبووە لە گەڵیان، وتی باوکتم راسپارد کە لە رێگای کاك حەسەن جوندییەوە ئاگادارم بکەنەوە کە ئێوە گەیشتون بە بناری قەندیل، تا من لە تەقتەقەوە بیانگەیەنم، نهێنی گەیشتیان بە قەڵاتۆکانی قەندیل ئەوە بووکە

(سڵاوم بۆت ئارەزوو گەیشت زیرەك بگەیەنە) دیارە ئەم دوو ناوە نهێنی دەبێت، کە لە نێوان نامە گۆڕینەوەی مامم حمەسور و ئامۆژنە سەمیعەیە، تا کەس بە نێوانیان نەزانێت کە کچە شۆخێکی کورد عاشقی کوڕە لاوێکی پێشمەرگەیە، مام شکور وتی ( مەلا شێخەو) (مەلا وەیسی )و (سەرکەوت حەمیدی گوڵمکەوە)و (مەلا ئەحمەدی گۆگجە)م لێ پەیدابوون، ووتیان: مام شکور ئێمەیش لە بێکەسی ئەو هەموو کەسانەی کە هەمانە ماڵ و مناڵەکانمان لە چەمچەماڵ وەکو سواڵکەرێك بە شوێن کەسێکدا دەگەڕێن، تا لە بێکەسی و دەردەسەری قوتاریان بکات مام شکور وتی: رووم لێکردن و پێم وتن: ئەوان و هەموو ئەوانەی ئێوە بۆم بگەیەننە سەنگەسەر بێخەم بن، مام شکور ووتی: بە خەم و ئازاری دورییەوە جێمهێشتن، حاجی سەعیدی ئۆمەرمەندانم دۆزییەوە، کە گەوهەر و میم خەجیج و مناڵەکانی تۆفیق لە لای ئەو ئامانەت و پارێزراوی ئەو بوون، راستیەکانم تێگەیاند و گەیاندمی بە ماڵی حاجی سمایل، مام شکور هات بۆ لامان ووتی: دەبێت خۆتان ئامادە بکەن دەتانبەم بۆ لای تۆفیق کە ئەو رایسپاردوم.

ئەمە دوو هەواڵی زۆر خۆش بوو

١- باوکم و مامەکانم و هاوڕێکانی ساغ و سەلامەتن.

٢- دەڕۆین بۆ لای ئەوان و پێکەوە دەژین.

هەرچەند وەسفی ماڵی حاجی سمایل بکەم هێشتا کەمە، ئێستایش کاك مەحمود و کاك مەسعود و دڵسۆز خانی کچی حاجی سمایل ببینم شکۆی رێزیان لێدەنێم، تا مردن بچوك و قەرزارباری منداڵێکی بنەماڵەی مام حاجی سەعیدم کە لەو رۆژە رەشەی قیامەتی ئەنفالدا هاوکار و پشت و پەناگەی ئێمەی بێکەس و بێ خزم و لانە بوون.

مام شکور سەیارەیەکی جێی پێبوو، هەموومانی سەر خست لە تەقتەقەوە بەرەو سەنگەسەر، مام شکور ماڵی (مامم نیزام) و مامم ( عومەر ) و ئێمەی ئامادە کردو، لە جێبێکی سەوز هەموومانی سوار کرد بە بینینی دیمەنی مام شکور کە بەبێ گوێدانە هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەك، ئەو ئازایەتییەی خۆم بیرکەوتەوە، کە لە دووشیوان لەگەڵ مناڵە هاوتەمەنەکانی ئاواییدا بە دار کڵاشینکۆفێکمان لێدروست دەکرد، لە قوتوی دۆشاوی تەماتە، یان هەر قوتویەکی پاشماوەی خواردن مەخزەنمان لێدروست دەکرد و کەمێك وردە بەردمان لە ناو دەکرد، تا وەکو مەخزەنی حەفتاوپێنجی خڕەی بهاتبایە، کاتێك لەگەڵ مناڵانی ئاوایی دەبوین بە دوو تاقم و دەستە، من دەوری ئاسۆسوورم دەبینی ، کە هەمیشە لە پێشەوە بووم، حەزم دەکرد وەکو ئەو رۆڵی فەرماندە و پێشمەرگە ببینم بۆ هەڵمەتی گرتنی رەبیەی بەعس.

ڕەبیەی بەرامبەرم کە هاوڕێ مناڵەکانی دووشیوانم بوون، بە خڕەی دروست کراوی حەفتاوپێنجی ،سەر کڵاشنکۆفەکەم، تەخت و تاراجی ئەوانم دەشکاند، گەر مناڵە هاوڕێیەکم زوو کلاشینکۆفە دارەکەی تەسلیمم نەکردبا، ئەوە شەڕی دەستەویەخەم لە گەڵ دەکردن، تا ئاسۆسووری خۆم بسەلمێنم بەسەریاندا.

مام شکور رێك لەو هەڵۆ برسییە دەچوو کە بێچوەکانی لە برسا نزیکە مردنن، بۆ پەیداکردنی خواردن بۆیان گوێ بە ترسی هیچ راوچییەك نادات، بەیانیەکی زوو بوو، لە تەقتەقەوە سەرکەوتین بەرەو گرتك، لە نێو شەقام و کۆڵانەکانی تۆسوران، مناڵێك خۆی کرد بە ژێری تایەی جێبەکەمان، بە گریانەوە هاواری دەکرد (وەی قاچم وەی دەستم وەی دایە پشتم).

بەڵام باوکی لە پڕ پەیدا بوو لێمان، دوای کەمێك پارانەوەو نزاکردن، رێی پێداین برۆین و لێمان خۆش بوو.

گەیشتینە ماڵی کاکی قاچاخچی کە هاورێی پێشمەرگە دیموکراتەکان بوو، بە مام شکوریان ووتبوو بمانگەیەنێتە ماڵی ئەو قاچاخچیە کە ناویم بیر نەماوە، لە گەڵ گەیشتنمان بەو ماڵە نان و چامان خوارد و بەرێزەوە لە سەرەوە دانراین.

گوێم لێبوو کاکەی قاچاخچی وتی: چاوەڕوانی پێویستە، چونکە لە قەندیل چەند رۆژێکە شەڕی پێشمەرگە و سوپای عێراقیە، ژیان و مردنی ئەم خێزانانە لە سەر وریایی و زانایی من بەندە، گەر خوا بیەوێت تەسلیمیان دەکەم لە ژێر ( داری چاوەڕوان ).

(داری چاوەروان)، ئەو دارەیە کە لە دوا خاڵی سنووری عێراق و ئێرانە و خوارووی قرناقا دەکات، لە شانی قەندیلە؛ هەموو خێزانە عێراقیەکان لەوێ چاوەڕوانی کەسوکاری خۆیان دەکرد، بۆیە ناونرا بوو (داری چاوەروان)، دوای چەند رۆژێك گوێم لێ بوو مام شکور لە گەڵ کاکی قاچاخچی، مقۆمقۆی بوو، کە دێن و نایەن و درەنگ بوون، لە پڕ مام کاکەڕەشی دووشیوان؛ کە پورزای کاك (سەرکەوتی گوڵمکەوەیە) بە خۆی و تەکسییە کراونەکەیەوە گەیشت، هەر دوو (زارا) خانی هاوسەری مەلا شیخە و مەلا وەیسی و (زەهیە) خانی خێزانی کاك سەرکەوتی گوڵمکەوە کە خوشکی کاك مەلا شێخەیە گەیشتن، لە گەڵ مام کاکەڕەشی دووشیوان تەشریفیان هێنا و تەسلیمی مام شکوری پاڵەوانی سەر زەوی کران، مام شکور ووتی: دوای نانی نیوەڕۆ جێبێکم بە کرێ گرت لە سەنگەسەرەوە بەرەو گرتك، کە سەرجەم خێزانە پێشمەرگەکان لەوێ بوون.

پوورە لەعلی تازە خێزانی مام شکوری دووشیوان بوو، کە دەکاتە خوشکی کاك (رەمەزان سەفەر) و کاك (عەدنان)ی دووشیوان، ئەوانیش دوای مێژووییەك لە چاوەڕوانی گەیشتبوون بە یەکدی، بەسەرهاتی خۆشەویستی مام شکور و پورە لەعلیم گوێ لێبووە لە زاری باوکمەوە مام شکوور وتی: دوای چەندین ساڵ خۆشەویستی، بۆ چەندینجار چوونم بۆ داخوازی لەعلی، بۆ لای کاك رەمەزان و حاجی مەحمود دووشیوان کە رازی نەدەبوون لەعلی ببێت بە کابان و خەمڕەوێنی ئەو خەمانەم کە لە

دووری ئەو هەمبوون، دواجار لە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، لە نزیك داری چاوەڕوان، کاك رەمەزان رەزامەندی فەرموو بە شاهیدی کاك راپەر عارف و قادر هەیدەر، بە زانایی و مامۆستایی کاك مەلا نادر نەسرەدینی ئۆمەرمەندان، بە دەستور و شەرعی خوا مارەم کرد، کە بۆ دواجار بە سەر ئەسپە رەشێکی قەندیلەوە گەیاندمەوە هەوار و بارگەی خۆم ، کە لە ناو ، ماڵێکی بچوك و داڕوخاو ئەو دەردە سەریانەمان بۆ یەك باس دەکرد کە بەبێ یەک چەشتومانە.

بە هەرحاڵ، بە گەیشتنمان بە ماڵی مام شکور، پوورە لەعلی شاد و شکور بۆوە بە دیدار و بینینی ئێمە، دوای ئەو هەموو نەهامەتی و ئاوارەیی و ماڵ وێرانیە، بەڵام جێگای باس و پیاهەڵدانە، کە زۆر باشم بیرە کە هیچ گرژی و نیگەرانییەکم لە پوورە لەعلی بەدی نەکرد، کە چۆن ئەو هەموو خێزانە پێشمەرگەیە لەو ماڵە بچوکەیە، لەوێ بیستمان کە ئەحمەد کوێخا جەلال هەوڵی بردنی ئۆتۆمبێلە سوپەرەکەی مامم حەمەسووری داوە، کە لە ناو باخەکەی حەمەغەریب ناروجە حەشاری دابوو، بەڵام بە بیرکردنەوی خۆی دا چووبوویەوە، پاشگەز ببوویەوە لە بردنی، لە بەر کۆمەڵێك یاد و کەسایەتی و هەبوونی یادەوەری کە پێکەوە بوویان،(ئەحمەد کارێزە/تەرەقەیی) بردبووی بە دیاری بۆ (فەتە کتکەیی) ئامر فەوجی جاش، دوای چەند رۆژێك کاك ئەحمەدی برای مام شکور کە یەکێك بوو لە پیاوە دڵسۆزەکانی شۆڕشی ئەوکات، کاری شاخ و نهێنی شاری پێکەوە گرێداوەو لە ماڵی مام شکور ئەم پارچە شیعرەی فێر کردم کە هەمیشە لە مێشکمدایە.

من  و گوڵ تاقە یارەکـەم
دەریان کردین لە شارەکـام
ئەیان ووت شار هی تۆ نیە
تۆ کوردی کورد ئەسڵی نیە
کوردستانم لە پێش چـاوە
کــوردم دڵـــم نـەگــۆڕاوە
فرێی ئـەدەم ئــەم بــەرگـە
ئـەچم ئەبمـە پێشـمەرگە

لە شاشەی تەلەفزیۆنە رەش و سپییەکەی ماڵی مام شکورەوە، چەندین کەسمان بینی کە بە ریز وەستا بوون و دانە بە دانە دەموچاویان دەردەخست و هەر یەکەیان ناوی سیانی خۆیان دەووت، لە پڕ بوو بە گریان و هاوار و شین، (دایکم و پوورە لەعلی) دەیانووت: دەبێ ( سەبری و مام کەریم ) چی بکەن ئێستا.

سەرەنجام بیستم کە کورەکانی مام کەریم رەسوڵ تورکمانباخ، لە ناو ئەو دیلانە بوون، کە پێشتر لە شاشەکە بینیمان، ئەو ماوەیەی لە ماڵی مام شکور بووین، چەند جارێك مام شکور، سەفەری ناوچەی شوان و خاڵخاڵانی دەکرد.

رۆژێك لە گەڕانەوەی بۆی باس کردین، کە ئەمڕۆ نزیك شەهید بوون بووەتەوە، ووتی من و خەلیفە عوسمان و مام کاکەڕەش بیری لادێ و خۆشەویستی شوێنەواری لادێ رووخاو لادێ پڕ لە یادگارییەکانمان کرد، بە سێ قۆڵی کەوتینەڕێ و لە پێش چوونمان بۆ شیوقەڵات، سەردانی یەکێك لە رەبیەکانی جاشەکانی کوێخا ئەحمەد رەجەبمان کرد، یەکێك بوو لەو سریانە (عەباس) ناوێك سەرپەرشتی دەکردن، کە جێگر سریە بوو، خەڵکی گوندی (تەپەکوڕە) بوو کە ئێستا خانەنشینە بە پلەی مقدم .

هیچ هەواڵێکی ناخۆش و ترسێنەریان پێنەوتین، کە ئایا بچین کێشەمان بۆ دروست نابێت؟ ووتیان: هیچ کێشە نیە و نابێت ، برۆن ئازادن کە چی دەکەن، ئێمەیش بە هەموو خۆشییەکەوە دابەزینە (شیوقەڵات) خەریکی جۆگا جۆماڵ کردن و ئاودانی دار قەیسیە بێ نازەکانمان بووین ، بەبێ هیچ گوێدانە ترسێك، لە بەر خرەی خاکەناس و قسە و پێکەنینەکانمان، بێ ئاگا بووین لەوەی کە جاش دەورەی داوین، لە ناکاو زیاتر لە نۆ کەس چەکیان لێراکێشاین و بانگیان لێکردین کە نەجولێین، بەڵام من و مام کاکەڕەش هەڵهاتین و خەلیفە عوسمان بە لایەکی دیکەوە هەڵهات، لە ئێمە دابڕا، دەیان فیشەکیان ئاڕاستەکردین ، بە زیرەکی خۆمان چونکە شارەزای ناوچەکە بووین کشاینەوە و چوینەوە پشتیانەوە، کە بە بیری ئەوان نەدەهات، لە ناو بێشەو دار ژاڵەکانی چەم، خۆمان لێ شاردنەوە، کە دووری مەودای ئێمەو ئەوان تەنها چەند مەترێك دەبوو.

لە پڕ لە سەر شاخەکەوە کەسێك هاواری دەکرد بگەڕێن ئەو سەگبابانە هەر لەو ناوەن.

بەڵام ئێمەیان نەدۆزیەوەو جێیانهێشتین، دواتر زانیمان ئەوانە جاشەکانی شێخ روناك بوون کە لە سلێمانییەوە هێنرابوون بۆ ناچەکە، بە هاوبەشی و چاوساغی جاشەکانی ئەحمەد کوێخا رەجەب هاتبوون، دوای کەمێك تاریکبوونی دونیا، بە ترس و هاواری زۆر نزمەوە بە لەسەرخۆیی بە چرپە بانگ کردن، خەلیفەمان دۆزییەوە، بەو شەوە گەڕاینەوە لای جاشەکانی (عەباس)، بەڵام لە دورەوە دەنگیاندااین کە نەچین بۆ لای ئەوان، ناچار ملی رێگامان گرت بە ترس و برسیەتیەوە رووومان کردە رەبیەکەی مامۆستا (حاتم محمد ئیلنجاخی) کە ئێستا بەرپرسێکی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە، بەرێزەوە بەخێرهاتنی کردین و نان و چای پێداین، بیرمە پێی وتین: ئێمە لە بەر ژیان و ترسی خۆمان بووینە بە جاش، ئەگەر نەتوانین بەرەنگاری بەعس بینەوە بەڵام خۆ

دەتوانین هاوکاری خەڵکی خۆمان بکەین، هاوکات یەکێك لە ڕەبیەکانی نزیك مامۆستا حاتم چۆڵ کراو جاشەکان بەرەو لای ئێمە دەهاتن، کە نزیك بوونەوە یەکێکیان مام (سەعید محمد) سەعە کوڵەی ئۆمەرمەندان بوو، کە بە کرێی رۆژانە حەرەسیاتی بۆ دەگرتن، مامۆستا حاتم مام سەعیدی راسپارد کە بە پەلە بچێتە سەر جادە و ئۆتۆمبێلێك رابگرێت بۆمان پێش ئەوەی (عەقید محمد) بێت، کە بەرپرسی بازگەی شوان تەقتەق دەبێت، بەرێزەوە بەرێی کردین و نەکوژراین.

بەیانییەکی زووی پێش خۆرهەڵاتن، پوورە لەعلی نانی گەرمی دروست کرد بوو، لەگەڵ چا و ماستی پێداین.

پورە لەعلی بە چاوی پڕ ئەسرینەوە لە ئێمەی دەڕوانی، ئەوکات نەمدەزانی بیر لە چی دەکاتەوەو دەگری و فرمێسك دەڕژێت، بەڵام ئێستا دەزانم بۆ داهاتووی ئێمەی مناڵی پێشمەرگە و ئاوارە کە دەبێت چیمان بەسەر بێت.

لەو سەردەمەدا هیچ هەواڵێکی باوکم و مامەکانمان نەدەزانی کە مامۆژنە تازە بوکەکەی مامم حمەسوریش لەگەڵ ئەوانە، تەنها ئەوەنە دەزانین کە باشن و لە شاخن، ئەوەیش مام شکور پێی دەوتین جا نەماندەزانی بۆ دڵخۆشی ئێمە بوو؛ یان بەڕاستی لە هەواڵیانی دەزانی.

من منداڵ بووم بەڵام زیتەڵەو گوێگرو کەمێك هاروهاج بووم، لێکدانەوەم بۆ زۆرێك شت هەبوو، جارجارە لە مام شکور نزیك دەبوومەوە، کاتێك بە نهێنی لە گەڵ قاچاخچییەکان گفتوگۆی دەکرد، درەنگانێکی شەو بوو، بەڵام نازانم شوێنەکە کوێبوو، گوێم لێبوو بە قاچاخچیەکانی دەوت پەلە مەکە کاکە ئێستا دێن من ئەم شوێنەم پێووتون کە لێرە یەکبگرین، هەر چۆنێك بێت بە دایکم ووت کە مام شکور وای ووتوە، چونکە دەمزانی ئێمە دوژمنی بەعسین، چونکە باوکم هەمیشە وا فێری کردبووم کە رقم لە بەعس و دارودەستەکەیان ببێتەوە.

جگە لەوەی بە کردار لێم دەبینین کە بەعسی رابردوو چ دڕندەیەکە، بەهەرحاڵ دایکم و نەنکم دەیانزانی کە مەسەلە چیە، بۆیە ووتیان ووسبە ئەوەنە بن ریشە مەبە، هەر خەریك بوو لێشم بدەن، ئەوەندەی پێنەچوو، چەند خێزانێك هاتن جگە لەو ئامۆژنەم کە لە گەڵ مامم بوو، زۆریانم نەدەناسی بەڵام دوای ماوەیەك زانیم کە ماڵی، (مەلا شێخە) و (مەلا وەیسی) و (مام قادری باغەجنێر) و (مام حەمیدی گوڵمکەوە)، (مام سەعدی ئیلنجاخ )، (مەلا نادر ئۆمەرمەندان) بوون.

هەر چەند منداڵ بووم، بەڵام بیرمە نەنکم (خەجیج )چووە نزیکی دایکی ئەو خێزانانە لێی پرسی کە چۆن هاتون؟ وتی: من (خەجێ) خێزانی قادری باغەجنێرم، لە ترسی جاشە خۆماڵییەکانی ئەوکات و پیاوە بەهێزەکانی ئێستا راگوێزراین بۆ گوندی قودرەتەی بناری خاڵخاڵان نیوەڕۆ گەرمێك هەواڵ هات کە گوایە حکومەتی رژێمی سەددام لە هاتن و کێوماڵ کردنەو بەمزوانە دەگەنە ئەم ناوچەیە، بە زوویی خەڵکی بە گشتی خۆی کۆکردەوەو ئەوەی توانرا کە دەست هەڵیبگرێ لە گەڵ خۆیان بردیان، ئێمەیش دیارە یەکێك بووین لەو خێزانانە کە هاوسەر و کوڕەکانم بوون؛ بڕیاڕیان دا کە بچین بۆ گوندی (گردخەبەر)ی شێخبزێنی سەروو، بەو ئامانجەی کە ماڵی هاشمی کوڕمی لێ بوو، چونکە تازە لە ئێرانەوە گەڕابوویەوە کاتێك بە برینداری لە شەڕی سەرگەڵو بەرگەڵو رەوانە دەکرێت، لە دوای تیماری برینی ماڵی لە گردخەبەر دادەنێ، من و محمدی کوڕم بەرەو دەشتی کەپەنك کەوتینەڕێ تا خۆمان بگەیەنینەوە بە تەقتەق، بەڵام کە گەیشتین بە ناوچەی کەپەنك ئەو خەڵکە زۆرەی ئەوێ ووتیان هیچ کەس ناتوانێ لە بازگەی قەڵاتە دەربچێت، بۆیە لەوێ خۆمان ماتڵ کرد بۆ ماوەی یەك هەفتە، بە رۆژ لە ژێر سێبەری دار پەمووی سپی لە ئاسمانی شینی نیشتیمانمان دەڕوانی و جریوەی باڵندەکانی ئەو چەم و دەشتە سەوزە دڵی دەبردم بۆ لای هاوسەرم و مژدەی ئەو نیشتیمانەم بۆ موحەمەدی کوڕم دەهێنایەوە، کە هاوسەرە دەست بەگۆچانە ماندوەکەی ژیانم و تینوی ئازادی گەلێك بە دیار هاشمی بریندارەوە پێی

دەوتم تێڕامان لەو ساتانەی کە تەنگە بۆ هەڵمژینی هەناسەی ئازادی، دڵنیابە ئەو تێڕامانە زوو بەردەست دەکەوێت، دەبوو بە بەلەمی ئاو لە زێی بچوک بپەڕینەوە، مام ئەبو زەیدی قەسرۆك لە تەقتەقەوە هات و خێزانەکەی گەیاندە شار، بەڵێنی کاکی بەلەمەوان ئەوە بوو کە سبەی شەو ئێمە بپەڕێنێتەوە کاتێك بۆ شەوی دوای گەڕایەوە، لە سەر بەڵێنی خۆی، نانی ووشك و تەماتەی بۆ هێنا بووین ئەو نان و تەماتەیە ئێستایش تام و چێژی بەلەزەتی لە دەممدا ماوە.

هەمان شەو کە سەرەمان بوو بپەڕینەوە بەلەمەوانەکە رەخنەی گرت لەوەی کە زۆرین چونکە خەڵکێکی زۆری ناوچەکە لەوێ چاوەڕوانی بەلەمەکە بوون تا بپەڕنەوە، دیسان لەوێ دابڕام لە محمدی کوڕم، هەمیشە دایکەکان زیاتر قوربانیدەر دەبن و پێناسەیەکی دیکەی ئەو نیشتیمانەم بۆ محمد کرد کە باوکی شۆڕشگێر و پێشمەرگەیەکی ماندووی ئەو دایکەیە کە بۆی بە پەرۆشەو ئێستایش ئەم دایکەی بە کردار سەلمێنەری خۆشەویستی نەوەکەیەتی تا بزانێ گیانبەخشین واتای چیە.

پێم وت رۆڵە تۆ برۆ بە سەلامەت، من کاتێکی دیکە دێم و ئەگەم بە تۆ، ئەوم نارد و خۆم سپارد بە دار پەمووی سپی هاوشێوەی رەنگی قژم و خۆم بە ئامانەتی ساف و جوان و پاکی ئاسمانی شین کرد کە هاوشێوەی ناخم بوو.



## مام قادری باغەجنێر

لە پەڕینەوەی محمد لە بەری تەقتەق کەسی نەدەناسی و کەسیش چاوەڕێی نەبوو، لە پڕ پیاوێك خدری زندە ئاسا لێی پەیدا دەبێت و لێی دەپرسێ ڕۆڵە تۆ کێیت؟ بۆ کوێ هاتویت؟ کێ دەناسی؟ پێی دەڵێ مامە کەس ناناسم و نازانم باوکیشم کێیە! من پێم وتبوو بە هیچ کەس نەڵێت کە باوك و براکانی ناویان چیەو کێن! تەنها ناوی پووری (تێلیە حمەخانی)بیر دەکەوێتەوەو خۆشبەختانە دەیگەیەنێتە ماڵی پوری و بۆ ڕۆژی دواتر منیش گەیشتم و بە یەك شاد بووینەوە.

دوای ماوەیەك خۆشاردنەوەو خۆحەشاردان مناڵەکانی هاشم و جومعەیش هاتن و بڕیاردرا بچین بەرەو هەولێر هەر ڕۆژەو لە ماڵێك و لە کونێك بووین، تا مام ئەحمەدی ئامۆزای قادری هاوسەرم و کاك بەکر کە دایکی ئامۆزای قادر بوو گەیشت پێمان و

قسوریان نەکرد لە بونمان لای ئەوان، دوای ئەو هەموو گریانی رۆژانەی خۆم و بوکەکانم لە بێهەواڵی هاوسەر و کوڕە پێشمەرگەکانم، چارۆکە رەشەکەم پێچایەوەو بەرەو شاری کۆیە کەوتمە رێ تا لەوێوە هەواڵیان بزانم، خۆشبەختانە لە رێگای (یوسف حمەخان)ی برامەوە هەواڵم پێگەیشت کە لە گوندی خدرانی بناری کۆسرەتن، لەوێ هاشمی کوڕم رایسپاردم کە بە زووترین کات بگەڕێمەوەو بۆ هەولێر تا تەواوی خێزان و منداڵەکان بگەیەنمە لای ئەوان و تێکەڵ بەو خێزانانە بکرێین کە بەرەو ئێران دەڕۆن، سەرجەمیان خێزان و منداڵە پێشمەرگە بوون و خۆشبەختانە بۆ رۆژی دواتر سواری تەکسیەك بووین لە هەولێرەوە بمانگەیەنێتە سەرکەپکان، بەڵام وێڕای دەربازبوون لەو هەموو بازگە عەرەبانە بە سەلامەتی کەچی لە سەر پردی دێگەڵە بازگەی جاشی لێبوو بە جلی کوردییەوە کە ڕایانگرتین و داوای بەنزینیان لە شۆفێرەکەمان دەکرد و کاکی شۆفێرمان لەوان چیرەدرێژتر بوو، هەر چۆنێك بوو جلیکانێکی بیست لیتری بەنزینیان دەرهێناو قوتارمان بوو، شۆفێرەکەمان بە دەم لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەیەوە جنێوی دەنارد بۆ پێشمەرگە لێم پرسی کاکە ئەوانە جاش بوون یان پێشمەرگە کە وا تۆ جنێویان پێ دەدەیت؟ وتی ئەوە (سلاح شینەی) کۆنە سەرتیپی پێشمەرگەیە بەڵام ئێستا بووە بە سەرۆك جاش، بۆیە جنێو بە پێشمەرگە دەدەم کە دوو کەس نانێرن تا بە سزای گەل و نیشتیمانی بگەیەنن، ئێمە گەیشتین بە سەرکەپکان، تا ئەوان هاتن و ئەوجارەیش بە باوەشی تینوی سەرجەم خانەوادەکەم شاد بوینەوە لە کۆتا ئەم قسانەی پورە خەجێی خێزانی مام قادری باغەجنێر چەند ئەسپ سوارێك هاتن، زۆر لام سەیر بوون چونکە یەکەم جارم بوو کە ئەسپ ببینم، بەڵام بۆنێکی ناخۆشیان لێدەهات، مام شکور ئێمەی تەسلیم ئەو ئەسپسوارانە کرد، بە دڵەڕاوکێوە گەڕایەوە، لە رۆیشتنی چاوم بە دەستییەوە بوو، بە دەستی راستی گوێچکەی جامانیەکەی گرتبوو، چاوی پڕ لە ئەسرینی ئەسرِی و گوێم لێبوو ووتی گەوهەر سڵاوم بگەیەنە بە تۆفیق و بە هیوای دیدارتانم

ئیدی هەستم کرد لە مەترسی دەرچوین، چونکە بیرم کەوتەوە لە ماڵی حاجی سمایل بووین کە مام حاجی سەعید ووتی ترستان نەبێت مام شکور تا دواخاڵی ترس لە گەڵتان دەبێت، لەو کاتەدا پڕ بە دڵ حەزم دەکرد نەڕوات، یان لە گەڵی بگەڕێمەوە، دڵسۆزی و باشی و پاکی ئەو پیاوە وەسف ناکرێت، ئاخر بیر بکەرەوە کێ لەو کاتەدا لەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێیەدا؛ ئەو کارە ئەکات لە کاتێکدا بوو؛ ئێمە کەسمان نەبوو جگە لە خواو لە حاجی سەعید و مام شکور.

مام شکور سابیر جێی هێشتین، ئێمەی لای چەند کەسێکی نەناس دانا، کە تێکڕای خانەوادەکان ١٢ خێزان دەبووین.

ئەو خێزانانەی مام شکوری ئازاو کۆڵنەدەر لە بەر رژێمی بەعس و جاشۆلکەکان، لەم دیوی عێراق ئاودیوی ئێرانی کردین، بەبێ هیچ کێشەو گرتنێك و بەبێ هیچ بەرژەوەندییەك، خێزانەکان ئەم ناوانەی خوارەوە بوون:

*مەلا شێخە مامڕەشی

* مەلا وەیسی مامڕەشی

* سەرکەوت حەمید گوڵمکەوەیی

* تۆفێق عوسمان دوشیوانی

* نیزام عوسمان دوشیوانی

*عومەر عوسمان دووشیوانی

* مەلا نادر نەسرەدین ئۆمەرمەندان

* ئەحمەد شێخ سەعید ئۆمەرمەندان

* ئازاد شێخ سەعید ئۆمەرمەندان

*حەمەگوڵ ئۆمەرمەندان

* شێروان گۆج

* سەعدی قادر

حەسەن ناوێك رەشمەی ئەو ئەسپەی گرتبوو، كە من جارجارە سەردەكەوتم، شت و كەلوپەلی خواردنی لەسەر بوو، وەكو نانی ووشك و چای، دێتەوە یادم ئێوارانێك لە دەم قەدپاڵ و كەندێكی ئەو شوێنە لامان داو لەنگەری گەشتەكەمان خست، تا كەمێك پشوو بدەین، گوێم لێبوو قاچاخچیەكان دەیانووت، نانی باش بخۆن و ئیسراحەتی باش بكەن، چونكە ئەمشەو بە رێگاوە دەبین، لە تەنیشت كاك حەسەن بووم لای كوانگ/ئاگردانە بچوكەكەی ئەو، هەزار بیر و خەیاڵم بە مێشكدا دەهات .

دەمووت دەبێ باوكم ببینمەوە؟

یان دەبێت ئێمە بەو شاخەدا بتوانین سەربكەوین؟

یان دەبێت ئەم سەرمایە ببڕین؟

لەم خەیاڵانەدا بووم، دایكم بانگی كردم هێمن. هێمن وەرە ئەو بلوزەیش لە بەر بكە ئێرە ساردە نەوەك سەرمات ببیت و نەخۆش بكەویت، ئێمەی خەڵكی ناوچەی شوان و گەرمیانی هیچ هاورێیەتیەكمان نیە لەگەڵ بەفر و سەرمادا، كاتێك هەڵسام و ویستم بەرەولای دایكم و نەنكم بڕۆم پێلاوە لاستیكەكەی كە كاك محمود حاجی سمایل بۆی كڕیبووم لە تەقتەق، نەمدۆزیەوە!

دایكم و نەنكم خەخیج هاتن بۆ لام تا بزانن كێشەم چیە، دواتر دەركەوت كاك حەسەنی رەشمەگری ئەسپەوانمان پێڵاوەكانمی دزی بوو.

بەهەرحاڵ، زانیم کە پێویستە بەو شاخە بەرزەدا سەربکەوین، چونکە بە ژنەکانیان ووت ئەگەر خێرا گورج و گۆڵ بڕۆن بەیانی لای میردەکانتان دەبن، دیارە مەبەستیان گشتی بوو.

دۆزینەوەو بەکرێ گرتنی ئەم قاچاخچیانە لە لایەن باوکم و مامەکانمەوە بووە ئەو شەوە بە رێگاوە بووین، لەگەڵ سەرکەوتنمان بە شاخەکەدا، هەموو شتێ سپی بوو، جیاواز لەو شاخە بەرزە سەرکەشە کە من پێشتر بینیم، بە هەرحاڵ من و رێبینی برام هەر یەکەمان لە ناو تایەکی هەگبەی ئەسپەکە بووین، جار جارە نۆرەگۆڕییمان دەکرد لە گەڵ سورمێ و تواناو هەواری خوشکمان، بەڵام هەگبەی ئەسپ وەکو گیرفانێکی قوڵی شەڕواڵی کوردی وا بوو، ئینجا زبرییەکی هەبوو، دەبوو بە پێوە بویتایە ئەگەرنا نقوم دەبووین لە ناویداو مووی تیژ و رەقی هەگبەکە لە جەستەمان دەچەقی.

وەسف و پێناسەی ناکرێ کە چۆن و چیمان پێکرا، لەو کاتەدا قیژەو گریانی مناڵ و هاواری دایك و بۆڵە بۆڵی قاچاخچیش کە هەمیشە دەیووت پەلە بکەن بۆ نارۆن؟ لە کاتێکدا کەس بە خاوی و لەسەرەخۆ هەنگاوی نەدەنا، چونکە راکردن لە رژێم و ژێردەستی و هەوڵدان بۆ بینینی باوك و کەسوکارمان و بە دەستهێنانی ئازادی، دەبێت کام هەنگاو قورس بێت تا نەتوانی بۆی هەڵنەنێیت.

لە دەمەو بەیانییەکی سارد و گڤە گڤی بای نیشتیمان خۆمان مەڵاس دابوو لە ناو هەگبە توکنەکەدا، لە نیشتیمانێکمان دەڕوانی کە لێی ئاوارە بووینەو کەلەبەرێك نەبوو خۆمان حەشار بدەین و لێی بژین.

لە تێڕامانم بۆ ئەو شاخە بەرزە؛ کە لەهیچ شوێنێك نەمبینیبوو، بەفرێکی سپی داپپۆشی بوو، بەڵام هەستم دەکرد کە ئەو شاخە دلخۆشە پێمان و هەنگاوەکانمانی خێراتر دەکرد، بۆ ئەوەی ماندووتر نەبین، لەو شاخەوە هەستم بە کوردبوونی خۆم دەکرد، کە هەمیشە دەڵێن کورد و شاخ دووانەیەکی لێکدانەبڕاون.



له هزری خۆمداو له ناو هەگبەی زبری ئەسپەکەماندا، تێڕامانم بۆ جوانی سروشتی نیشتمان و ڕێبینی برام دەکرد، قسەی کاك وریا ئاغجەلەریم بیر دەکەوتەوە، کە کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکانی دەکرد لە خوارووی مزگەوتی دووشیوان، منیش لێیان نزیك دەبومەوە، پێیانی دەووت کە ڕۆژێك دێت ئێوە دەبن بە خاوەنی حەقیقی ئەم وولاتەو نیشتیمان خۆری لە سەر شانی ڕاستتان هەڵدێت و لە سەر شانی چەپتان ئاوا دەبێت.

لە بیری قوڵی خۆمدا دەموت، واتا ئێمە دەبین بە حەسێنەرەوەی ژیان و هاوشێوەی منداڵانی دیکە دەتوانین بژین و جانتای خوێندن لە شان دەکەین و دەتوانین بخوێنین؟ چاویشم لە دەستی ڕێبینی برام بوو کە جار جارە لەتێ نانی ڕەق پورە لەعلی دەخستە دەمی و لە سەرما خۆی لول دابوو لە ناو هەگبەی ئەسپەکە، لە تروسکایی چاوی سەوزی(ڕێبین)ی برام ڕێ- بینی خۆمانم دەبینی، بە داهاتوویەکی گەشەوە دەمڕوانی

که میللەتێك بە هەناسەساردی دەژی و ئێمە پێشڕەویان دەکەین، سەر قافلەی ئەو هێرشبەرە بەهێزە، بە لولەی تفەنگە چڵکن و ژەنگنەکانی چەند پێشمەرگەیەکی تیپی ٢١و ٢٥ و بە فسکەفسکی کۆبوونەوەکانی کاك وریا ئاغجەلەری و کاك راپەر عارف بەدی دێت، لە دابەزینمان لە لێژی یەکێك لەو گردۆڵکەو شاخانە گەیشتین بە رووبارێکی بچوك، بەڵام تیژڕەو، شێت ئاسا، لە ناکاو ئەسپە ماندووە بەستەزمانەکە هێرشی کرد، کە لە رووبارەکە بپەڕێتەوە، هەگبەی کەوت، واتا من و رێبینی برام کەوتینە ناو ئاوەکەوەو بوو بە هاوار و قیژە و راکەڕاك، کە ئەو منداڵانە ئاو بردنی، بەڵام لە راستیدا ئێمە کەوتینە قەراخی رووبارەکە و تاشەبەردێکی رەشی قەندیل فریامان کەوت، هەگبەی ئەسپەکەی ئێمەی تیا بووین گیر بوو و ئێمەیان دەرهێنا. قەندیل یەکێک لە کوێستانەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسە کە لە سنوری ڕۆژهەڵات و باکور و باشوری کوردستان هەڵکەوتوە، بەشێکی لە شارستانی پیرانشارە. بەرزترین لوتکەی قەندیل بە ناوی (کەوکەز) ناسراوە کە لە باکوری کوردستانە ، بەرزیەکەی ٣٨٠٠ مەترە. چیای قەندیل بە بەرزایی ٣٥٨٠ مەتر دیوارێکی بە بەرزایی ٤٥٠ مەتری کە یەکێکە لە دیوارە چیایەکانی ئێران. (دیواری چیای بێستوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٢٠٠ مەترە و گەورەترین دیواری چیایی کوردستانە.

قەندیل یەکێکە لە پڕ بەفرترین چیاکانی کوردستان کە بە درێژایی ساڵ بەفری لێ نابڕێت.

رووباری (قرناقا و پشت ئاشان) ئەو رووبارەی بە بەفر بەستویەتی کە هەڵقوڵاوی چیای قەندیلە، ئەو روبارە شێتە سەهۆڵاوییەی کە سنوری ئێران و عێراق جیا دەکاتەوە، لە ژێرەوە ئاوێکی تیژڕەو شێت ئاسا دەڕوات، کاتێك بتەوێت بە سەریدا بڕۆیت لە پڕ بەفرەکە کون دەبێت و وریا نەبیت دەکەویتە ناو ئاوەکەوە، مەگەر خوا رزگارت بکات، چونکە دەکەوێتە ژێر ئاوەوەو لەسەرەوەش بەستەڵەکە. قڕناقاو پشت

ئاشان ئەو شوێنە بۆنخوێنناویە گۆڕە بە کۆمەڵەی کە مەفرەزەیەکی تێکۆشەری پێشمەرگەی حیزبی شیوعی لێ شەهید کرا، لە قڕناقاو پشت ئاشان دەیان کچ و ژنی هەڵاتووی دەستی مەرگی بەعس، دەیان گەنجی قوتابی زانکۆ و پەیمانگا، دەیان کەسی بێ چەک بەدیلی شەهیدکران، لە قڕناقاو پشت ئاشان مستیلەی پەنجە و ئەڵقەی دەستگیرانداری وسەعاتی دەست و جزدانی بەر باخەڵ تاڵان کران، لە قڕناقاو پشت ئاشان مەرگ سەمای دەکرد، لاشەی بەناحەق لەخوێن گەوزا بوو، دیمەنێکی سامناکی دەبەخشی ،خوێن دەڕژا ،هاواری ئافرەت ئاسمانی کەڕ کردبوو، لەولاش لە بەغدا قاقای پێکەنین و بادەنۆشین و سەماو بادان بوو،

لە قڕناقاو پشت ئاشان دیل کوشتن، ژن کوشتن،بێ چەک کوشتن، سەرکەوتن و تۆمارکردنی داستان بوو،

هەشتاویەک مرۆڤی بێ تاوان بە زمان جیاواز بەڵام لە نێو یەک ئامانج و یەک بیرو ئایدیا،لەناو جلی کوردی دا کۆمەڵکوژ کران بە دەستی یەکێتی و بە بڕیاری سەرکردایەتی ئەوکات .

شایەنی باسە، کورێکمان لەگەڵ بوو، کە ئەو کات گەنج بوو، لەو خێزانانەی لە گەڵمان بوون لەو گەورەتری تیا نەبوو لە رەگەزی نێر، هەوڵی جدی بۆ داین، پەلاماری ئەسپەوانەکەی دا، تا شەڕی لەگەڵ بکات، لە بەر ئەوەی بۆچی ئاگاداری ئێمە نەبووە، لە کاتێکدا ئەسپەوانەکە رقی لێهەڵگرتبووین، چونکە لە سەر پێڵاو دزینەکەی کارێ خراپمان پێی کردبوو، لە دڵی گرتبوو.

ئەو کورە لاوە ناوی (کاوە) بوو، دواجار ناسیم، لە ئێستادا لەژیان ماوە، کاوەی مام سەعدی قادرە سوور ئیلنجاخە، برازای شەهید فارس.

ئەم هەڵوێستەی کاك کاوەی مام سەعدی ئەوەی بیر هێنامەوە کە باوکم ووتی: بە نهێنی گەڕامەوە بۆ کەرکوک لەگەڵ (مام جەبار نەجم) لە چایخانە بچوکەکەی (فەریق ئەحمەد حەسەن) دانیشتبووین، کە شوێنێکی نهێنیپارێز و باوەڕپێکراوی پێشمەرگە و خۆمان بوو، تەتەرەکانی شاخ و رێکخستنی ناوشار زۆربەی جار لەوێ بەیاننامە و ئاگادار کردنەوەکانیان پێدەگەیشت، جارجارەیش جاشۆلکەو جاشەکان و خۆفرۆشە کوردەکان و ئەمنەکانی ئەوکات سەرێکیان پیا دەکرد، بۆ زانین و زانیاری، لە پڕ (فەتە کتکەیی)سەرۆك جاشم لێپەیدا بوو، بەرەوڕووم هات و پێی وتم: هاتووی بۆ چالاکی؟ ئێستا بە دیلی دەتبەم و دەتکەم بە دیاری بۆ مودیری ئەمن، منیش دەمانچەیەکی لامەی مشتوو سوورم پێبوو، بیرم کردەوە کە مردن یەك جارە، گرنگ ئەوەیە بە دیلی نەمبەن، لە ناکاو (فەریق ئەحمەد حەسەن) چەکمەجەی مێزەکەی بەردەمی راکێشاو رووی دەمانچەکەی لێکرد، بە (فەتە)ی ووت: وەکو پیاو بەبێ کێشە دروستکردن ئەم چایخانەیە چۆڵ بکە ئەگەرنا مێشکت دەتەقێنم، تۆفێق خزم و میوانی منە، هەر چۆنێك بوو بە هەڕەشە کردنەوە فەتە جێی هێشتین، کاك فەریق لە رێگای رەئوفی برایەوە کە بەکرێگیراوی سپی بوو، کارئاسانی بۆ کردم؛ کە بە پەلە بگەڕێمەوە، لەو کاتەدا منیش فرە دڵخۆش بووم، کە فەریقێك رزگاری کردوم و شەڕم لەسەر دەکات، بەڵام ئەم ناوی (کاوە)یە، دوای ماوەیەك رێگاکردن، لە دامێنی ئەو شاخە بەرزە باڵا سپیپۆشە ساردە گیرساینەوە بۆ پشوو، بۆ نان و چا خواردن، چونکە نزیکەی ١١ سەعاتێك بەڕێگاوە بووین، کە لە سەرجەم خانەوادەکانم دەڕوانی پانزە بۆ بیست خانەوادەیەك دەبووین، هەر یەکەمان دوور لە یەکتر خەریکی نان و چا ئامادەکردن بووین.

ئێستا بیر دەکەمەوە، ئەرێ بۆ هەموومان پێکەوە نان و چامان نەدەخوارد؟

ئەرێ بۆ هەموومان لە سەر یەک کوانگ/ئاگردان چامان دروست نەدەکرد؟

دوای نان و چا خواردن نەنکم(خەجیج و نەنە حوسنی) کە دایکی کاك(مەلا شێخە و کاك شوان مامڕەشی) بوو، لە قاچاخچییەکان پرسی ئەرێ کاکە زۆرمان ماوە منداڵەکانم ماندوو شەکەتن.

گوێم لێبوو ووتی سبەی زوو لای شووەکانتانین، لە دڵی خۆمدا ئەمووت ئەم سەگبابە بۆ بە نەنکم دەڵێ شووەکانتان! یان باشە دەبێت بۆ کوێ بڕۆین وا ئەوەنە دوورەو ناگەین، خۆم پێنەگیرا، تا ووتم ئەرێ دایە ئەو سەگبابە بۆ بە نەنکمی وت شووەکانتان؟ ئەویش وتی رۆڵە شووەکانتان واتا مێردەکانتان، واتا باوکت و ئەوان، دڵخۆش بووم بەوەی کە بەیانی باوکم دەبینمەوە، بەڵام ناشاد بووم کە ئەمشەو چۆن تێدەپەڕێ بەم سارد و سەرمایە، بە هەر جۆرێك بوو کەوتینە رێگا و بەو شاخە هەزار بە هەزارەداو بەو سەرماو سۆڵە و بەو بەفرەیا، کاکی حەسەنی رەشمەگری کینە لە دڵ و راکێشانی رەشمەی ئەسپەکەمان بەرەو سەرەوە سەردەکەوتین، خۆشترین دەنگ بوو کاتێك ژێر پێی ئەسپەکان بەر تاشە بەرد و شاخەکان دەکەوت، جاری وا بوو لە ناو هەگبەکە خۆم کپ و بێدەنگ دەکرد، هەناسەم لە خۆم دەبڕی، تا گوێم لە دەنگی سم و ناڵی ئەسپەکان بێت، چەند کاتژمێرێك بەرێوەبووین، لە نزیك دەمەوبەیان، تروسکاییەکی دوور لێمان دەرکەوت، کاکە حەسەن هەوڵی دڵباشی ئێمەی دەدا، تا لای باوکم شکاتی لێنەکەین، هاتە لامەوە.

بە چرپەیەکی بچوك وتی: جگە لێرە هەورازێکی کەممان ماوە بگەینە ئەوێ .باوکت لەوێ دەبینین.

کە ئەمەم بیست خۆزگەم دەخواست ببم بە باڵدار تاکو بگەم بەو تروسکەیە.

بە چرپە تورەییە کەی کاك حەسەنی رەشمەگر، بیرم کەوتەوە لە کاتی هاتنی دایکم، بە شوێنماندا بۆ کەرکوك، کاتێك لە ماڵی مامم(رەفیق) بووین، لە گەڕانەوەمان بۆ تەقتەق بۆ ماڵی مام حاجی سمایل، لە نێوان شیوەسور و گوندی سمایلبەگی لە رێکی رەبیەکانی

جەلال جەرجیس کە بازگەیەکی کاتییان دانابوو، ئەوەی خەڵکی ناوچەکە بووایە، ئیهانەو سووکایەتیان پێدەکرد، لە پڕ پیاوێکی کامڵم بینی کە کەسێکی دیکەی باوەشێن دەکرد، بە جامانییەکی ڕەش و سپی، ئێمەی بینی کابرای پاڵکەوتوی جێهێشت و هات بەرەو رووی ئێمە، کلاشینکۆفێکی قۆنداغداری لە شان بوو، شێوەی جاشێکی ناشرین و دوو مەخزەن بە تاقمی پشتوێنییەوە بوو، قسەی ناخۆش و تووڕەو ناشرین بوو، هاوشێوەی خۆی بە دایکمی ووت بە زاراوەی ئەوکاتی خۆی

( ها گەوە بۆکوێ تۆفەو حەمە لە کوێن؟ ) لەوکاتەدا پڕ بە دڵ حەزم دەکرد شەڕی لە گەڵ بکەم، بەڵام توانای بەرەنگاربوونەوەییم نەبوو، دایکم وتی (مام عەلی)بەخوا نازانم، (مام عەلی) وتی ئێستا تەسلیم گەورەمت دەکەم، دایکم لێی پاڕایەوە، ووتی نازانم لە کوێن بەس دەزانم کە زیندوون و نەگیراون! مام عەلی ووشەی نەگیراون و زیندوون بە هەڕەشە وەریگرت، سوپاس بۆ خوا، رێگای پێداین کە بە پەنجا دیناری سویسری نەجاتمان بوو، ئەو پەنجا دینارە لە مام حاجی سەعیدی ئۆمەرمەندان وەرگیرا بوو بۆ خەرجی ئێمە، ئەو (مام عەلی) یە عەلی حاجی قەرەی ئۆمەرمەندان بوو ،

دواجار زانیمان کە گەورەکەی ئەو کاتی (عەبە کارەباچی) گەورە جاشی رژێمی بەعس بوو.

کە ئەو هەواڵەی کاکە حەسەنم بە نەنکم ووت: لەسەر ئەسپەکەوە کەوتە دوعاو پاڕانەوە لە خوداو سوپاسگوزاری بۆ خودا کە لە کوڕەکانی نزیك دەبێتەوە، لە ناو هەگبەکەدا لە گەڵ ئەسپەکەم دەدوام و پێم دەوت برۆ پەلە بکە بۆ ئەوەنە خاوی، من تامەزۆم بۆ بینینی باوکم و پێکەنینە بەرزەکانی مامم حەمەسور و شەڕو جنێوی هاوڕێ پێشمەرگەکانم، هەنگاوی ئەسپەکانم دەژمارد و بە دەنگی پێدانانی بە زەوییدا دەمزانی کە ئەوە هەنگاوێك ئەوە دووان و ئەوە سیان تا بێزار دەبوم.

لە پڕ دەنگە  دەنگێك پەیدا بوو، لە دورەوە شەوقی لایتیان لێدەداین، وتیان هیچ نیە برادەرانی خۆمانن هاتوون تا دڵنیابن کە ئێمەین، کەمێکی پێچوو کابرایەك لە چاوەڕوانی ئێمەدا وەستا بوو بە ئاغای موحەمەدی بانگ دەکرا، وتم کاکە باوکم دەناسی؟ ووتی باوکت ناوی چیە؟ کێیە؟ وەتم تۆفیقەسوور دوشیوان، وتی ئەها تۆ هێمنی  ووتم بەڵێ ووتی لە ئینتیزاری ئێوەدا ماتڵ بووە، هیچ لێی تێنەگەیشتم ووتی چی، بەس ئاغای حەسەن تێیگەیاندم کە باوکم لە چاوەڕوانی ئێمەدایە، ئیدی شێت بووم لە خۆشیدا گریان و پێکەنینی شادی ئاوێتەی یەکدی بوون.



بەو بەیانیە زووەی قەندیل گەیشتینە ماڵی ئاغای(موحەمەدی) لەوێ بارگەمان خست، دونیا روناك ببوویەوە، کە بینیم ژوورێکی سێ بە پێنج دەبوو، لە تاشەبەردەکانی قەندیل دروست کرابوو، ئینجا بە نایلۆنێکی سپی ئەستوور داپۆشرا بوو، لە دەرەوەی ماڵەکە جۆگەئاوێکی ساف و ساردی لێ نزیک بوو، چەند خانویەکی دیکە دیار بوون، بەڵام ماڵەکانی دیکەی بۆ چووبوون، کە هاوسەفەرمان بوون، ئاغای(موحەمەدی)، کچ و کورێکی لە من منداڵتری هەبوو، خانمێکی ئەوەندە ئازای هەبوو ئەوەندەی کە ئێمە گەیشتین، بە چرکە دانەنیشت و بەس بەخێرهاتنی دەکردین، هەمیشە ووشەی خوایشتەکەم لەسەر زمان و دەمی بوو، نەمدەزانی مانای چیە، سەرچەفێکی کۆنەی رەنگاورەنگی هێنا، نانی گەرم و چای و جۆرەها خواردنی بەیانیانی بۆ داناین، هاوشێوەی ماڵی مام حاجی سمایل و مام شکور خزمەت کراین، لە پڕ نەنکم دڵی پڕ بوو، رووی لە ئاغای موحەمەدی کرد ووتی: نان ناخۆین تا کورەکانم نەیەن، ئێوە درۆی زۆرتان لە گەڵ کردوین لە هاتنمان تا ئێرە، ئاغا موحەمەدی ووتی دایە خانم دەست بە نان خواردن بکە پێش تەواو بوونی چایەکەت ئاغا تۆفیق و تەواوی کورەکانت دەگەنە ئێرە.

ئەوەندەی پێنەچوو باوکم و مامەکانم هەر یەکەو لە پاڵ کەند و شاخێکەوە دەرکەوتن، شادو شوکور بووینەوە بە دیداری یەکدی.

دەڵێن بەهەشت هەیە و لە ژێر پێی دایکدایە، بەڵام گەر بەهەشت بوونی هەبێت، ئەوە باوك کۆڵەکەی راگری بەهەشتە.

دوای نانخواردن و چەند هەواڵ پرسییەك، باوکم ووتی خۆتان ئامادە بکەن، دەچین بۆ لای ماڵەکانی دیکە. باوکم توانای برامی خستە سەرشانی و بە دەستی راستی دەستی گرتم و بە دەستی چەپی دەستی رێبینی گرت، دایکیشم ماڵەکەمانی پێچاوە کە ماڵمان پێکهاتبوو لە بوخچەیەکی رەش کە بە دەستییەوە بوو.

به دەستگرتنی دەستی باوکم، وامدەزانی خۆم ئەو هەموو ئازایەتییەی(مام حاجی سەعید و مام شکوری دووشیوان)م نواندوە، کە مام حاجی و مام شکور ئاسا، بەرەنگاری بەعس بوومەتەوە، باسی کەوتنە خوارەوەی ناو ئاوی قرناقاو پشت ئاشانم بۆی دەکرد، لە ناکاو پێشمەرگەم بینی و بە دڵ هاوارم کرد دایە، دایە، نەنە، نەنە، ئەها ئەوانە پێشمەرگەن.

وا هەستم دەکرد ئێمە خاوەنی پێشمەرگەین و هەموو پێشمەرگەیەك دوکتۆر هادی ئاسا هاورێمە کە بە راستی دڵخۆش بووم بە بینینیان، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو من و ئەوان لە یەك دابڕا بووین.

هەر دووان و سیانێك لە ژێر دارگوێز و بەڕووی نیشتیمان، پاڵکەوتبوون، گوێبیستی ئەو دەنگە بووم، کە لە شیوی تەرەقە لە کاتی شەشەمین جار برینداربوونی پێی دەوتم، ڕۆڵە گونەکەی مەخۆ با مامەت بیخوات چونکە گونم بریندارە با زوو چاك ببمەوە، منیش لە بەر خۆشەویستی ئەو، دەموت نامەوێت تۆ بیخۆ.

هێواش هێواش ئەو دەنگە بەرزەی بە پێکەنینە دروستکراوەکەیەوە نزیك دەبوویەوە، دەنگی مام حەمەسور بوو، لە گەڵ مامۆژنە تازە بوکەکەی هاتنە پێشوازییمان.

سێهەم جارم بوو کە ئامۆژنە تازەکەم ببینم، ژنێکی سپیپێستی باڵاڕێك بوو.

خۆشەویستی وای لە ئامۆژنە سەمیعە کرد بوو لە بری تاجی سەری بوکێنی جامانیەکی لە مل بوو، لە بری جلی سپی بوکێنی جلێکی خاکی پێشمەرگانەی لە بەر کردبوو، لە بری پێڵاوی بەرز جووتێك پێڵاوی ئەدیداسی پیاوانەی لە پێبوو، لە بری ماکیاژ و جۆرەکانی جوانکاری ژنان، دەست و دەموچاوی شەقشەق و قلیشاوبوون، بە ئاو وهەوای ساردی قەندیل.

ئیدی ئەوەیە عیشق، کە وازهێنان لە هەموو جوانی و بەهایەکی خۆشی ژیان تەنها دەستت لە ناو دەستی مەعشوقەکەت بێت.

دەستی داپیرەمیان ماچ کرد و بە بینینی مام حەمەسور و ئامۆژنم چیرۆکی ئەو دوو عاشقەم کەوتەوە یاد کە زۆرجار بیستومە، کە بە سوتفە پێشمەرگەکانی تیپی٢١ی کەرکوك بۆ گەڕان و پشکنین و جەولەی ناوچەکەو عاقڵکردنی موختاری گوندەکان، هاوکات فێرکردنیان بە هەستی کوردبوون و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بۆ خەڵك و ناوچەی شوان و خاڵخاڵان و چاوپۆشی لە جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە و کەسوکاریان، سەردانی گوندی (حاجی بێخان) دەکەن، بە پێی جوگرافیای ناوچەکە حاجی بێخان نزیکە لە ناحیەی ڕێدار و چەند سەربازگەو مۆڵگەیەکی بەعس، لە هەمان کاتدا جاشی خۆماڵی کوردی لەو ناوچەیە زیاتر بوو لەو گوندانەی کە دوورە شار بوون، دیارە لەو مەفرەزەیەی تیپی٢١ی کەرکوك مامم حەمەسور لە ناویان دەبێت و بە ڕێکەوت لە ڕێگای (کانی ژنان)ی لادێ چاوی دەکەوێ بە کچە شۆخێکی کورد، لە تێڕوانینی یەکەمی بە چاوی ئەو کچە زیاتر و زیاتر خۆشەویستی ئەو کچەی لەدڵدا گەورە دەبێت و گەشەی دەسەند لە دڵی مامی پێشمەرگەم، کە نیشتیمانی دایك و دروستبوونی خۆشەویستی خاتونە کوردێك، لە ڕاوەستانی لە سەرکانی و تەنەکە ئاوی سەرشانی، پێ وتنی کچە نەشمیلە دڵڕفێنەکە ناوت چیەو کچی کێیت؟

بە ووتنی ناوی خۆی و زانیاری دروست کەلەپچەی خۆشەویستی دەکەنە مەچەکیان.

ئیدی دوای ئەو بینینە حاجی بێخانی گوند دەبێتە ڕێگای هەمیشەیی مامم حەمەسور و خۆشەویستیان پتەوتر دەبێت لەوەی کە خۆیان بیری لێ دەکەنەوە.

بیرمە باوکم وتی حەمەسور پێی وتم: کاکە بڕۆ بۆ داوای سەمیعەی کچی ڕەحمان حەمە چرچی حاجی بێخان بۆم کە دۆستێکی نزیکی خۆتەو سڵاوم پێی بگەیەنە، هەر داواکاریەکی هەیە جێبەجێی دەکەم، بەس کچەکەیم پێ ببەخشێ، باوکم وتی: چووم

بەڵام بێ هیچ رازیبوونێك گەڕامەوە، لەو باوەڕەدا بووم کە هاورێیەتیمان لەوە گەورەتر بێت کە من بۆی چوومە

تەنانەت مام شکور پێی وتم رەحمان و باوکت ئەوەنە هاورێیەتیان بەهێز بووە کە تەنانەت رەحمان ویستویەتی حاجی بێخان جێبهێڵێت و بێت لە دووشیوان بژێت، ماڵ و خێزان بهێنێتە لای (باوکت)، لە دووشیوان کاری کشتوکاڵی بکات، چونکە باوکت و رەحمان پرس و رایان زۆر بە یەك بوو باوکم داوای پارچە زەوییەك لە مام جەبار نەجم دەکات، کە (کانی تاوس و خانویەك) بدات بە کاک رەحمان و خێزانەکەی تا کاری کشتوکاڵی لێبکات، بەڵام لە بەر هەستکردن بە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان مامم حەمەسور و ئامۆژنم وازی لە سەفەری دووشیوان هێناو چوو لە خدرشێرن گوزەراندی.

گوێبیستی باوکم بومە کە ئەو ڕۆژەی چوم بۆ داوای سەمیعە خانی کچە گەورەی رەحمان خزمەتێکی باشی کردم، جا نازانم لە بەر ئەوەی چوومە بۆ داوای بۆ حەمە سور، یان هەر خۆی بەرێز بوو، سەمیعە لە سەربانی ماڵی رەحمان جێگای بۆ راخستین و مەسەلەم کردەوە کە بۆ چی هاتووم، منیش جارجارەیش پارچە شووتییەکم دەخستە دەممەوە، کەوتینە گفتوگۆ، رەحمان ووتی: من سەمیعە نادەم بە حەمەسور، ئەسڵەن کچم نیە بۆ شووکردن.

دوای زۆر قسەو موناقەشە هێنامە قەناعەت، چونکە هاورێی نزیکم بوو شارەزای بووم زۆر بە باشی، وتی: بەو مەرجە رازی دەبم کە بچن لە شار بژین و واز لە چەکداری و پێشمەرگایەتی بهێنێت، هەر لەوێ ووتم قبوڵ ناکرێت ئەو مەرجە،

دوای ماوەیەکی زۆر و چاوەڕوانی و کوژرانی(رەحمان )ئەو دوو مەعشوقە گەیشتن بە یەك و رەشماڵی رەشی چاوەڕوانیان بە سپیەتی هەڵدا.

بەڵام دوای نەمانی کاک رەحمان کە هەمووومان بە خزم و بێگانەوە تا ئێستایش بە گومانین لە کوژرانی کاك رەحمان، زۆرێکمان گومان دەکەین کە مامم حەمەسور رەحمانی کوشتوە!

بەڵام کاك راپەر عارف وتی

لە سەرو بەندی داواکاری سەمیعە بوو، کە وەکو کەسە نزیکەکانی (رەحمان) دڵگران بووم لە حەمەسور، کە تا ئێستایش زۆرێك بە شێوازی جیاجیا باسی کوژرانی رەحمان دەکەن، زۆرێك دەڵێن بکوژەکەی حەمەسورە یان بەکرێگیراوانی حەمەسور بوون، یان خزمەکانی کاك رەحمان خۆی بوون، بەڵام باشم بیرە کە هەواڵم بۆ هات، کە لە سەر رێگای هاتنەوەی رەحمان لە سەرکردایەتییەوە کە بۆ سکاڵا چوو بوو تا لە حەمەسور و دارودەستەکەی بکات، لە هاتنەوەی رەحمان تووشی ئۆتۆمبیلە قوڕاوییەکەی شەهید مەلا ئاراس دەبێت و نەك بۆی ناوەستن بەڵکو سەڵاویشی لێناکەن، دیارە هەر لە سەر ئەوەی کە کچەکەی نادات بە ئامر کەرتێکی تیپی ٢١ی کەرکوك ! بۆیە رەحمانی هەمیشە ئازاو رەشید بە جنێودان و دەست راوەشاندن و هەڕەشەکردن دەکەوێتە ژێر تەپوتۆزی سەیارە لە قوڕ نەخشاوەکەی مەلا ئاراس و کوڕانی شێخبزێنی، لەوێوە ململانێ و کێشمەکێشم پەرەدەستێنێ.

کاك راپەر ووتی لە هەڵەت و بێشەکانی گوندەکەی خۆمان بووم، هەواڵی هاتنی مەفرەزەیەکی پێشمەرگەم پێگەیشت کە (خولە حسك) سەرپەرشتیان دەکات، لە سنووری لادێکانی شوان و خاڵخاڵان جەولە دەکەن و درەنگانی شەوێك بە دەنگی ئاڕبیجیەك وچەند تەقەیەکی کلاشنکۆف راچڵەکیم !.

دوای ئەو گرپەی ئاڕبیجییە تەقەیەکی زۆر کرا، بۆ بەیانی زوو هەواڵ گەیشت کە رەحمان- یان کوشتوە لە ناوماڵەکەی خۆی، ئەو کات و ئێستایش خەڵکی

گومان دەکەن کە حەمەسور بێت، چونکە وەکو هەموو عاشقێك چەند داواکارییەکی سەمیعەی ڕەتکردبوویەوە، کە یەکێك لەو کەسانە خزمی نزیکی سەمیعە بووە، لەوەوە گومانەکانیان جوانتر نەخشاند، کە حەمەسور کچە گەورەکەی ڕەحمانی خۆشدەوێت و ڕەحمان ناڕازی بوو کە ببێت بە هاوسەری، لەو کاتەیشدا کوژرا و دوای پرسەکەیشی هاوسەرگیرییان کرد، شاهیدی دەدەم تەنانەت لەو کاتەدا حەمەسور لە سنوری شوان و خاڵخاڵان نەبوو! ئامۆژنە پێشمەرگەکەم ووتی زۆرێك لە هەردوو بەرەی خۆمان بە ئاشکرا توانجم لێدراوە کە بکوژی باوکە جوامێرەکەم هاوسەرە مەعشوقەکەمە، خزمە بێوێژدانەکانم بێئاگان لەوەی گەر ژیان دووبارە ببێتەوە، هەمان پیاو کە ئەوان بە بکوژی باوکمی دەزانن هاوسەرگیری لە گەڵ دەکەمەوە، بەڵام ئەوسا کچێکی گەورەی کوڕ ئاسا بووم جگە لە برایەکی بچوکم من خوشك و برا گەورەی هەموویان بووم، لە شەوە تاریکێکی لادێدا لە هەموو لاوە گڕپۆشی نەناس رووی لە باوکم کرد و بە زمانی کوردی گوێمان لێیان بوو کە کوردە خۆفرۆشەکانی ئەو سەردەمەن، خەڵک بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی و ژیان، کوردانە کوردایەتییان دەکرد تاوەکو بە رووسوری ناویان لە دەفتەری مێژوو بە باشە بمێنیتەوە کەچی ئەوان لەو ساوە، ئێمەیان لە نازی باوك بێبەش کرد و هەموو خولیاکانی هەبوونی باوکمانیان پەکخست، دوای چەند ڕۆژێك بیسترا کە ئەو مەفرەزەیە بینراون لە سمایل بەگی و خولە حسک سەرپەرشتی دەکردن.

خولە حسك چەندین کاری قێزەونی دەکرد کە لەو سەروبەندە بوو کاك (ئاشتی) کادیر و شۆڕشگێڕی شەهید کرد .

بیرمە ئێوارانێکی درەنگ، تراکتۆرێك بە عارەبانەیەکەوە لە شیوەسورەوە بەرەو دووشیوانی کردەوە، چەند ئافرەتێکی جل ڕەنگاوڕەنگی لەسەر بوو، وەکو هەمیشە ماڵمان بێ میوان نەبووە، ئەم تراکتۆرەیش رووی لە ماڵی ئێمە کرد و باوکم و دایکم بە گەرمی پێشوازییان لێکردن، مامم حەمەسور لە دووشیوان نەبوو ئەو ڕۆژە، بەڵام دوای

چەند رۆژێك گەڕایەوە، ئەم خێزانە زۆرە منالەکانی کاك رەحمان حەمە چرچ بوون، هەر لەوێ مامەم و مامۆژنم هاوسەرگیرییان کرد، بەڕەزامەندی و ئامادەنەبوونی کاك ئیسماعیلی مامی ئامۆژنم سەمیعە؛ بە مەرجی پێدانی حەوت سەد دیناری چاپی سویسری و دەمانچەیەك.

من ئەو کات ئامۆژنم خۆشنەدەویست، چونکە هەرکات کە لەگەڵ مامم دەبوو مامم حەمە سور منی نەدەدواند و باسی پێشمەرگەی بۆ نەدەکردم، تەنها جارێکی دیکە بینیمەوە لە شیوتەرەقە کە پێش چوونمان بوو بۆ ماڵی مام (رەفە خاڵە).

بە هەرحاڵ دوای بینینی مام و ئامۆژنم (شەهید فەقێ و شەهید ئاکۆ سوور و شەهید کاك فریاد قەسرۆکی) بە دەم پێکەنینەکەیەوە، لە دوورەوە بەرەو پیریمان هاتن، دەستی نەنکمیان ماچ کرد، ئەوان کوڕ و برا و مامی ئێمە بوون، نەجیبزادەو نمەك پاك بوون، هەر چۆنێك بوو لە ژێر دارێك ئێمەیان دانا کە جێگای خۆیان بوو.

دوای پشوودانێکی باش و قسەو هەواڵپرسین بە گەرووی پڕ لە گریان و بەو ژیانە ئاڵۆزەوە ئامۆژنە پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکەم کە هیچ کات هاوسەرە ئامر کەرتە مەعشوقەکەی جێنەهێڵاوە، هەمیشە لە پشتی بووە، وەک چۆن ووتراوە لە پشت هەر پیاوێکی مەزن ژنێکی مەزن هەیە، کە هاوشێوەی کاکی لە پشتی بووە کە باوکم دەکات، ئامۆژنم ئارەزوو/سەمیعە بۆی باس دەکردین، ووتی: کە دوای رۆیشتنی ئێمە، دابرانمان لە یەکدی، لە (شیوو- تەرەقە) ئەوان واتا باوکم و مامەکانم و ئامۆژنم سەمیعە لە شەوێکی تاریکییدا لە دووشیوانەوە هەڵدەکشێن بەرەو گوندی تەرەقە، لە ماڵی شەهید (کوێخا قنجە) و (خاتون) خانی خێزانی دەمێننەوە، جار جارەش لە شاخ و کێو هەڵەتەکانی خدرشیرن و تەپەکوڕە دەمانەوە، ماڵە تازەکەم وەکو بوکێکی پێشمەرگەی دڵخۆش، لە ژێر دەوار و کارێزی شیوی(مینگەی وەلەك) لە گەڵ کاکم (تۆفیق) و یابەی کوێخا عارف و جەبار کویخا جەلال و چەند پێشمەرگەیەك

دەماینەوە، ئەوکات هاوڕێ و براو کەسی نزیکی یەکدی بووین، هەرچەند لەو کاتەدا بێ متمانەیی باڵی کێشا بوو بە سەر تەواوی ناوچەکەدا، چونکە پیاو خراپ و خۆفرۆش هێندە زۆر بوو، جاری وا هەبوو کەسی نزیکی خۆت دەبینی خۆت دەرنەدەخست و ئەوەنەی دیکە خۆت حەشار دەدا، تا نەدۆزرێیتەوە، بچێت بۆ دەست بە پشت هێنانێك و ئافەرینێکی بەعس ناو ناونیشانمان بدات، جار جارە لە گەڵ حەمەسور بۆ سەیران و گەشتی مانگی هەنگوینیمان دەمانگواستەوە بۆ بناری ناروجە، دڵخۆشیمان دەگەیشت بە حەوت تەبەقەی ئاسمان و لە بەر ئەو خۆشەویستییە پاکەی کە بە بۆنی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەریی دروست مان کردبوو، هیچ کات بێزارییم دەرنەدەبڕی و خانمە شۆڕشگێڕێکی خاوەن ئەزمون لە سەربازی خۆم دەردەخست، بە بیرم نەدەهات کە هەوڵی روخانی حەمە سور بدەم و وا لەو بکەم کە بیر لە تەسلیمبوون بکاتەوە، هەمیشە خۆم ئاسا بە گڕ خۆم و حەزی ژنانەم دەچومەوە، ترس وجودی نەبوو لە دید و هزری مندا، زۆر جار بە ئاوازێك و گۆرانییەکی رادیۆ کۆنەکەی، لە گەڵ رادیۆکە، ووشەکانی بۆ دەوتمەوە، منیش رێك وام دەزانی بوومە بەو خانمەی کە تاجی شانشینی جیهانم لە سەر ناوە، شوکرانەبژێری خودام دەکرد کە پاشای سەرزەوی موڵك و فەرماندەو ئامرکەرتەکەی منە، کە پشتم بەستوە بەو گیڤارایەی کە بە هەموو هێزێکییەوە دەمپارێزێت و بەرەنگاری ژیان بووەتەوە بۆ من و ئازادی بۆ گەلەکەی، کاتێك کە مەودوای مانەوەمان لەو چەم و شاخانەی بناری خاڵخاڵان بووین، جارجارە هەواڵی خۆش و ناخۆش دەبیستران، ئەوکاتانە چەند جاش و رەفیق حیزبی و مەفرەزە-خاسەیەکی کورد کە هاوکار بوون بۆ دۆزینەوەی پێشمەرگەو فیرار هەمیشە پێشڕەو بوون، هیوا کوێخا ئەحمەد دارەختیاری ووتی : لەو سەرو بەندەی ئەوکات بوو، سێ براو شەش ئامۆزاو چوار خاڵۆزام لە شاخی (دەرباز) لە بناری خاڵخاڵان خۆیان حەشاردا بوو، بە چاوساغی کوردە خۆفرۆشەکان چەند جاسوسێکی ناوخۆی گوندەکەمان، سەرجەمیان گیران و ڕەوانی ئەمنی تەقتەق کران، (باوکم کوێخا ئەحمەد

درەختیار) چەندین جار هەوڵیدا بۆ رزگارکردنیان لە رێگای دەعوەت و بەرتیلدانەوە، کە چەندین جار سەلیمە- شەل کەپەنك و نازم حەسەن عەلی و سلێمان تەهای تەقتەق و سەمەد رێداری و زرارە کوێری باخەجنێر و قاسم حاجی حەمە و بلە رەشی سەرانەی لێوەرگرتووین، چەندین جار دوای هەوڵی پوچیان هەوڵمان داوە پارەکانمان وەربگرینەوە کەچی ئیهانەو سوکایەتیان پێدە کردین.

لە بری ئەوەی براکانم و کەسوکارەکانمان رزگار بکەن لە زیندان، کەچی قسەی ناشرین و تەنزئامێزیان لێدەداین بەڵام بێهودە بوو ئەنجامەکانی ئەوان.

## کاك راپەڕ و سەید جەوهەر

کاك راپەڕ لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا ووتی کە لە ساڵی ١٩٨٤ شەڕ دەستی پێکردەوە لە دوای شەڕی دابان هەلاج و گۆپتەپە، کۆمەڵە تەشکیلاتی خۆی گۆڕی، لە کەرتەکانی رێکخستنەوە بۆ رێکخستنی سنووری تیپەکان، لە کڵاوقوت لە مانگی دوو من لە سنوری دەور و بەری چەمچەماڵەوە گوێزرامەوە بۆ ناوچەی شێخبزێنی خواروو، هەر لە رێوە دوو کێشەی گەورە هەبوو:

١. چینایەتی و دابەشکردنی زەوی و بەرەنجامی ئەوەیش کومەڵێك ململانێ و شەڕو خەڵککوشتن لە نێوان جوتیار و ئاغا یان کوێخا، یان مڵکدار و فەلاح کە بۆ خۆی هێورکردنەوەو ئیدارەدانی ئاسان نەبوو من، راسپێردرابووم وەزعەکە هێور بکەمەوە بە هاوکاری برادەرانی دیکە و هێزەکانی پێشمەرگە لە سنورەکە. لە گەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ سنوری ناوچە ئازادکراوەکان بەرتەسک بوویەوە، ناوچەی ساڵەیی و شوان بۆ پێشمەرگەو فیرار کێشە بوو، بۆیە قورسایی کەوتە سەر ناوچەکەی ئێمە و ژیان ناخۆش بوو.

بۆ منیش ئاستەنگ دروست بوو، نەمدەتوانی لە مۆڵەت و پشوودا لە ماڵی خۆمان پشوو بدەم و بمێنمەوە چونکە نزیکە جادەو لە بەردەم هەڕەشەی دوژمن بوو، بە ناچاری لای ئێوارەو تا شەوانی درەنگ دەمامەوە و دواتر دەبوو بپەڕمەوە بۆ دووشیوان و تەرەقەو ئۆمەرمەندان یان بۆ بەری لای شێخبزێنی و حسن قەباغ، یان لە شوێنە نەدیو و چڕەکانی خوار ئاوایی ژووری بچوك و حەشارگە لە لایەن خزمانی خۆمانەوە دروست کرابوو، پێخەف و پێداویستی مانەوەی لێبوو، لەوێ دەمامەوە دوای نیوەڕوان کە هێزی دوژمن کەمتر دەردەچوو دەهاتینەوە ئاوەدانی.

لە گوندەکانی دەوروبەر ئێمەیان وەکو کوڕی خۆیان خزمەت دەکرد و دەیانپاراستین، ئێمەیش ماڵە پێشمەرگە و کەس و کارەکانیان و رێکخستنەکانی خۆمان زیاتر دەکردە

خانەخوێ، ئەو جارانەی لەگەڵ مامە (عەلە) یان مام (برایم) یان شەهید (ئامانج) و شەهید (پاڵە) مۆڵەتمان یەکی بگرتایە ئەوە بۆ هەردوو لامان خۆشتر بوو، پێکەوە بەڕێمان دەکردو بێترستر دەبووین.

شەوێکیان بارانمان لەسەر بوو دەبوو هەر بڕۆین چونکە هەواڵمان پێگەیشتبوو کە جاشەکان دەردەچن، لەگەڵ شەهید (پاڵە) بووین، چووینە ناروجەی گەورە و ماڵی کاك (حمە ناروجەیی) کە پێشمەرگەی تاقانە بوو لەو گوندە، مام (ئەحمەد)ی باوکی ووتی کوڕەکانم بەم بارانە (ڕاکورە چن، قەی نێکەیك بخەفن هەقتان نەبوو خۆم ئاگام لەتانە)، ئێمەیش دڵنیا بووین مام (ئەحمەد) ناخەوێ بۆیە لە دیوەخانەکەی لێی خەوتین و مام ئەحمەدیش برنەوەکەی دەستدایەو خۆی و ئایشەی خوشکی تا بەیانی بە نۆرە پاسەوانمان بوون.

ڕۆژێکی هەمان ساڵ لە ڕێگای دووشیوان باران گرتمی و تەڕ ببووم و ووشکایی لە لەشم نەمابوو چوومە ئاوایی و لەگەڵ گەنجەکان لای مزگەوتەکە خۆمان دابوویە خۆر، قۆڵنجم کردبوو، تام لێبوو هەڵامەت و کۆکەیەکی خراپم بوو، وەزعم خراپ بوو، شەهید تۆفیقەسوور وتی دیارە ناساغی و پێویستیت بە پشوودانە با بچینەوە ماڵ ئیدی  کە ڕۆیشتین لە دەرگاوە بانگی کردە خێزانی وتی گەوە فڕوجێك بۆ راپەڕ سەربڕە نەخۆشە و بە فڕوجاو چاك دەبێتەوە. زۆرم هەوڵدا سوودی نەبوو منداڵ کەوتنە ناو مریشکان و ئیدی ئەو فڕوجاوە بووە شیفاو هەر بەڕاستی چاك بوومەوە بۆیە ئێستایش کە سەرمام دەبێت پەنای بۆ دەبەم.

ڕژێمی بەعس ئەوساڵە بە هەموو ڕێگاکان گوشاری دروست کرد، خەڵکی تەنگەتاو کردبوو لە هەموو لاوە پەلاماری ناوچە ڕزگارکراوەکانی دەدا، لە ناوشاریش ڕێکخستن و دۆستانی شۆڕشی تەنگەتاو کردبوو، لێبوردنی گشتی دەرکردبوو بۆ سەربازی فیرار و پێشمەرگە، فەوجی خەفیفەی پەرە پێدابوو، خەڵکی زۆر تەسلیم دەبوویەوە و

پێشمەرگەی کەم ئەزموون و تازە هاتوی مفاوەزاتیش هەبوون تەسلیم دەبوونەوە، کەشێکی سامناك بە سەر ناوچەکانی پێشمەرگەدا زاڵ بوو، راگواستن، بە عەرەبکردن، بە بەعسیکردن لە کرکوك و دەورو بەری لە برەودا بوون، دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس بەگەڕ خرابوون، هەموو رێگاکان گیرابوونە بەر بۆ لە ناوبردن و لاواز کردنی شۆڕشی کوردستان.

من دەمزانی لە ناونیشانی دەزگا سیخوڕییەکانی رژێمدام، بۆیە وریا بووم، شوێنەکەم و سنوری کارکردنم خەتی سوور بوو، شێخبزێنی خواروو تا پردێ، لەم سەرەوە تا تەقتەق، لەملایشەوە بان شوان و شیوەسور و بناری خاڵخاڵان و رێگای هاتوچۆ بەرەو قوڵایی سنوری کەرکوك و قەڵاسێوکە، مانگانە بۆ کۆبوونەوەی کەرت لەو سنورە، پێم وترابوو وینەم بەچەك و تاقمەوە لە سەر مێزی بەرپرسی ئەمنی شوانە.

سەرەتاو لە کۆتایی زستانی ئەو ساڵەدا لە رێگای خزمێکی خۆمانەوە کە دۆستی دەسەڵات بوو لە شوان باوکم بانگ دەکەن و پێی دەڵێن؛ تەنها کوڕەکەی تۆ سەر بە ئێمە نیە، دەزانین بە قسەی تۆی نەکردووە چەکی هەڵگرتووە، گەنجەو پێمان ناخۆشە بفەوتێ، رۆژانە دەزانین چی دەکات و لە کوێیە (هەندێ لە زانیاریەکانیان راست بوون) پێمان باشە قسەی لە گەڵ بکەیت، تەنها بڕیار بدات لە گەڵمان بێت و هیچمان لێی ناوێ،هەویەیەکی دەدەینێ لەلای بێت لە کوێ توش بوو نیشانی بدات ژیانی پارێزراو دەبێت و مانگانە ٥٠٠ دیناری سویسری لێرە خۆت وەرە وەری بگرە بۆی.

باوکم لەوێ دەڵێ من پەیامەکەتان دەگەیەنم و چیشم بۆ بکرێت دەیکەم .

کە دێتەوە ماڵ یەکسەر شەهید (نازمی) برام و کاك فازڵی ئامۆزام دەنێرێت بە دوام دا لە شێخبزێنی خواروو و لە گوندی تولکی منیان دۆزیەوە و ووتیان ئەمە پەیامی باوکتە، دەزگای ئەمن بە دواتەوەیە دەزانن لە کوێی و چی دەکەی و ها کە دەستگیرکرایت، ئاوایان بە من ووتوە، ئەگەر کوڕی من بیت بە زیندویی بەعس ناتبینێ، من چیم لێدێت

کێشەت نەبێت و لە کەس دڵنیا مەبە تەنها ئەوانە نەبێت کە جەلالیبوون، یان شیوعی بوون، یان هەقەبوون.

ئیدی ئەو شەوە پێکەوە بووین و بەیانی ئەوان گەڕانەوە، من زیاتر ئاگاداری خۆم بووم، ڕێگای هاتوچۆم گۆڕی، کاتەکانی پەڕینەوەم لە جادە گۆڕی و لە هەندێ ماڵ و کەسیش خۆم دوور دەگرت.

دوای ماوەیەك هێزەکان بانگکراین بۆ ئەرك لە ناوچەی خۆشناوەتی و لە مزگەوتی مەلەکان لە ڕێگای کاك (احمد کریکار)ەوە، بابەتەکەم گەیاندە کاك نەشیروان و بۆم باس کرد، ئەویش و کاك ئەحمەدیش کۆمەڵێك ڕێنمایی باشیان کردم .

دەزگای ئەمن لەوە بە دواوە بێ ئومێد بوون، بۆیە کەوتنە هەوڵی ئەوەی بە ڕێگایەك لە داوم بخەن لە

سەردەمی دوای گفتوگۆی ١٩٨٤، ڕژێم کۆمەڵێك پیلانی جێبەجێ کرد، بۆ لە ناوبردنی کادرانی یەکێتی لەوانە شەهیدکردنی شەهیدان (شوان و جمهور و ئازاد) لە پیلانێکداو دواتریش شەهیدکردنی وریاسور و دکتۆر کامەران و خزمە و شەهید کردنی تحسین برای ڕەنجەی بیرەسپان کە لە ڕاستییدا بۆ ڕەنجە چووبون، هەر لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك و ٢٥ی خاڵخالان.

بۆیە ئێمە هەستمان بە مەترسی لە داوخستن کردبوو، دوای بێئومێد بوون لە دەستەمۆبوونمان چەند هەوڵێك درا کە لە ناومان ببەن، تا جارێکیان گەنجێکی وریاو زیرەك هەبوو لە ناروجە پێشمەرگەی زۆر خۆشەویست و لێمانەوە نزیك بوو، بە ناوی (ئازاد محمد امین) خوێندکار بوو، لە ئەمنی شوانەوە هەوڵ دەدەن بەڕێگایەك منیان بۆ بخاتە داوەوە، بەڵام ئەو بنەماڵەیە لەوە دوور بوون بۆیە بێ ئەوەی بە من بڵێ بە کۆمەڵیك بیانو خۆی دەرباز دەکات، پاش ماوەیەک دەیگرن و دەیانەوی لە ژێر

گوشاردا پێی بکەن، ئەم خۆی لێیان وون دەکات و پاش چەندین هەڕەشە و گوشار لە ترسی ئەوان کەرکوك جێدەهێڵێت و ئیشەکەیان سەرناگرێت.

پاش ئەو هەوڵە لەڕێگای مەفرەزەی جاشی (قالە فەرەج)ەوە یەك دوو جار هاتنە سەر ماڵمان و پشکنین و هەڕەشەو تەنانەت تفەنگێکمان لە ماڵەوە بوو، شاردرابوویەوە دۆزیانەوەو بردیان.

لە دوای ئەم هەوڵانە کەسێك پەیدا بوو بە ناوی (بلەڕەش) کە خەڵکی سماقەی شێخبزێنی بوو، براو خوشکێکی لە گوندی خۆمان بوو، سەرەتا بە ئاشکراو وەکو مەدەنی و بەڕۆژ دەهاتە ئاوایی و چاودێری دەکرد، بەڵام ئێمە لەوە وریاتر بووین کە بۆ ئەو حاڵەتانە بکەوینە بۆسەوە، تا ماوەیەك بۆمان روون بوویەوە کە ناوبراو پیاوی ئەمنەو ئەرکی لە ناوبردنی منی پێسپێردراوە، ئەوەیشمان لەوەوە بۆ دەرکەوت کە من بریندار بووم لە شەڕی قەیوان- ماوەت و هاتبوومەوە سنورەکە، بەڵام بۆ ماڵی خۆمان نەدەهاتم لە بەرباری ئەمنی و برینەکەیشم قاچم بوو، توانای رۆیشتنم کەمبوو، ئەو کاتە ئەمنی شوان تەرکیزی زیاتر کردبوو، من هەستم بەوە کردبوو کە ئەو پیاوە (بلە) سەر بە رژێمە، بۆیە جارێکیان بانگی کاك(حەسەن عزیز)م کرد کە زڕ کوڕی ئەو خوشکەی بلەڕەش بوو لە ئاوایی خۆمان، کاك حەسەن پیاوێکی باش بوو پێم ووت ئەم خاڵەیەی ئێوە سەر بە رژێمە و ئێمە لە بەر ئێوە دەستی بۆ نابەین، پێدەچێت راسپێردرابێ بۆ کاری خراپ، ئێمە زانیارییمان لایە، بۆیە پێتان دەڵێین هەرچیەك بوو سبەی گلەیی مەکەن، ئێمە خزمین و کە شتێك روو بدات، دەبێت ئێوە باجەکەی بدەن، دەنا ئێمە پێشمەرگەین کێشەمان نیە کەی و لە کوێ شەهید دەبین.

کاك حسن ووتی ئەگەر لەمەودوا هاتە ئێرە ئەوە چ دەڵێی پێم بڵێ، دووایی دەرکەوت پێی وترابوو نەیەتە ئەوێ و وون بوو.

له سەر جادەی گشتی تەقتەق، کرکوك، رەبیەی جاشی لێبوو،کە یەکێکیان شوێنێکی بەرزە پێی دەڵێن (بۆزبالی) سریەیەکی جاشی لێبوو سەر بە  سەید جەوهەر کە ئامر سریەیان بوو، خەڵکی (علی مستەفا)ی ناوچەی جەباری بوو، پیاوێکی باش بوو، کوردێکی دڵسۆز بوو، لە سنووری خۆیان پەیوەندی بە مامەڕیشەوە کردبوو، هاوکاری خەڵکی ئەو سنورەی زۆر دەکرد .

ئەو( بلە ڕەشە) و چەند کەسێك چەند ئێوارانێك دەچنە رەبیەکەی سەید جەوهەر و کە تاریکیان لێدادێ  دادەبەزنە خوارەوە بۆ سەر رێگاکانی سنوری ناروجە و نەیبەسەرە و حسن قەباخ؛ کە رێگای هاتوچۆی من بوو .

ئەم پرسە دوای ئەوەی سەید جەوهەر کە باوکم و ئامۆزاکانمی بینی بوو ئاوا گێڕابوویەوە؛ هەفتەی جارێک بلەڕەش ناوێك لە کاتی عەسر بە خۆی و یەك دوو چەکدارەوە خۆی دەکرد بە رەبیەکەماندا، زۆر لێی پەست بووم، داخم لێی بوو، ئێوارەیەکیان هات بە جەماعەتم ووت ئامادەبن کە هات لێی تورە بووم،  پێم ووت قبوڵ ناکەم لەم رەبیەوە بڕۆی کەیفی خۆتە، تۆ دڵسۆزی حکومەتی منیش خۆم لە تۆ بە دڵسۆزتر دەزانم، ئەوە چیە بە تۆ دەکرێت، و بە من ناکرێت ؟ .

کە بینی ئێمە بەچەکەوە ئامادەین ترسا بۆیە داوای دانیشتنی کرد و دوور کەوتینەوە،پێی ووتم: من ناوم برایمە ناسراوم بە بلەرەشی سماقە، سەر بە دائیرەی ئەمنم و لە ئەمنەوە راسپێردراوم بۆ گرتن یان کوشتنی کادریك بە ناوی (ڕاپەڕ) خەڵکی ئەم گوندەیە و کادری ئەم ناوچەیە و ئەمە رێگای هات و چۆیەتی بە نیازی ژن خواستنە لەم گوندە و زۆر لێرەوە هاتوچۆ دەکات.

ئەمن بەڵێنیان پێداوم کە ٢٥ هەزاری سویسریم بدەنێ لەگەڵ ٢٠ بیست پارچە چەك و پیکابێکی شۆفرلێت و دەمکەنە مەفرەزە خاسە .

ئیدی سەید جەوهەر پێی دەڵێ کێشەی خۆتە من خۆم ئامادەم بۆ حکومەت ئەوە بکەم بۆت نیە لێرەوە بڕۆی، بۆ سبەی لە ئەمنەوە بانگی سەید جەوهەر دەکەن و پێی دەڵێن ئەوە راسپێردراوە بە ئیشی ئێمە لەوێیە تۆ هەقیت نەبێ.

سەید جوهەر کە دوایی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد لە گۆپتەپە بۆی باس کردم کە:

دوای ئەو ئاگادارکردنەوەیە ماخۆلانم تێکەوت کە چۆن رێ لەم تاوانە بگرم، تا رۆژێکیان بزنەگەلی شوانێك هاتە پاڵ سیمی رەبیەکە و شوانێکی منداڵکاری لەگەڵ بوو، تفەنگەکەم دەستدایەو چووم بۆ لای و دوای چاك و چۆنی، هەندێ قسەی خۆش بۆ ئەوەی نەترسێ، کەوتمە پرسیارکردن، ناوت چیەو کوڕی کێی؟ وتی ناوم سوارەیە، کوڕی مام مارفم(سوارە لە راپەڕین بووە پێشمەرگە و لە هەیبەت سوڵتان شەهید بوو) .پێم ووت خالید (راپەڕ) چیت دەبێ؟ لە وەڵامدا هەندێك سڵی کردەوە بەڵام ووتی: ئامۆزامە.

سەید ووتی سەرەداوێکم دەستکەوت، بەڵام مناڵ بوو نەموێرا زیاتر قسەی لەگەڵ بکەم، بۆیە لێم پرسی ئەو سەپانانە کێن کە بە تراکتۆر گەنم دەکێشنەوە؟ ووتی: سایقەکە کاکم رەشیدە (ئامۆزای باوکمە رەشید خۆی و دوو کوڕی بوونە پێشمەرگە و دوای گەڕانەوە لە ئێران لە راپەڕین شەهید بوو) ئەوانی دیکەیش یەکێکیان سەلامی ئامۆزامە کە دەکاتە برای راپەڕ.

ئیدی ووتی سوارەم بەجێهێشت و تەهای ئامۆزام بانگ کرد و پێکەوە چووین بۆ سەر رێگای سەپانەکان، کە هاتن رامانگرتن و دوای سڵاو و هەواڵپرسین ووتم کامتان سەلامن، ئەوانیش ووتیان لە گەڵمان نیە، پێم وابوو دەترسێن، بۆیە دڵنیام کردن کە هیچ لە گۆڕێ نیە(لە راستیدا خەڵکی سنورەکە منیان دەناسی بۆیە نەدەترسان) ووتیان: هەر بەڕاستی ئەم کاروانە لە گەڵمان نەهاتوە، کە دڵنیا بووم کاك رەشیدم بانگ کرد و

لەگەڵ تەهای ئامۆزام دوور کەوتینەوە و پێیم وت کاك رەشید تۆ ئامۆزای ڕاپەڕی کە پێشمەرگەو کادری یەکێتیە و خەڵکی ئەم گوندەیە، ئێستا هەندێ قسەت بۆ دەکەم و ئەمیش کە لە گەڵماندایە تەهای ناوەو ئامۆزامە، ئەگەر هات و قسەکان دەرچوون، من گیرام و تیا چووم ئەوە خوێنی من لە سەر تۆیە، من بۆ خوا و لە دڵسۆزییم بۆ کورد ئەم ئاگادارییەت پێدەگەیەنم و دەبێ بیگەیەنیتە ئەو پیاوە، بەوردی و لە نوکەوە بابەتی هاتنی بلەڕەش و هەوڵی دەزگای ئەمنی بۆ دەگێڕێتەوە و لێك دادەبڕێن.

وا رێکەوت لەو سەروبەندەدا گەڕامەوە بۆ قەڵاسێوکە بۆ کۆبوونەوەی کەرت و شەو پەڕیمەوە و سەردانی ماڵم کرد، باوکم و کاك رەشید بابەتەکەیان بۆ باس کردم، منیش دڵنیام کردن کە ساڵیش دەبێت لەو جێگایانەی ئەو بە نیازە من لە بۆسە بێ بە رێگادا نەڕۆیشتووم، من منداڵی سنورەکە بووم هەمیشە بەلارێدا گوزەرم دەکرد، لەوەیش بە دواوە زۆرجار هێشتا رۆژ بوو لە سەرجادە بووم و چەند جارێکیش لەگەڵ شەهید نەقیب سیروان و عەریف نامیق کە پێشمەرگە بوون، پێکەوە بووین شەوان بۆیان دادەنیشتین بەڵام بەر چنگمان نەکەوتن.

لە بەردەوامی ئەو لەو کەمینانە دوو سەربازی فیراری دەستگیر کرد و بە پێشمەرگە رادەستی رژێمی کردن کە ئەوانیش شەهید (ناسح محمود) و (حسن حاجی غەفوری) سمایل بەگی بوون ، دوایی حسن ئازاد کراو ناسیحیش چونکە برای پێشمەرگە بوو، خۆیشی لە رێکخستن بوو گولەباران کرا.

دوای هەواڵەکەی سەید جەوهەر بۆ من، باوکم سەردانی کردبوو، سڵاو و سوپاسگوزاری منی پێگەیاندبوو، ئەویش ئامادەیی دەربڕیبوو بۆ هاوکاری لە هەر روویەکەوە بێت و زۆر جار بە نامە لە هەندێ زانیاری ئاگاداری دەکردین و پەیوەندییەکە لە رێگای باوکمەوە بەردەوام بوو، هەبوون و ئێستایش ماون ئیشیان بۆ

دەزگاکانی رژێم دەکرد، یان دەچوون هەواڵیان بۆ سەید جەوهەر دەبرد و ئەویش ئێمەی لێ ئاگادار دەکردەوە .

من لای خۆمەوە کاك ئەحمەد کرێکار و شەهید مەلا ئاراسم لەو پەیوەندییە ئاگادار کردبوو هەر ئەوەیش وای کرد هیچ کاتێك پێشمەرگە نەچووە سەر ئەو رەبایەیە.

زستانی ١٩٨٨ یەکێك لە کۆبوونەوەکانی رێکخستن کەوتە ئاوایی مۆردخوادەی خواروو، لە مزگەوتەکە لە کۆبوونەوەدا بووین شەهید دکتۆر هادی هات و لە دەرگاکەوە سڵاوی لێکردین ومۆڵەتی وەرگرت لە کاك ئەحمەد، داوای لە کادرەکان کرد کە پێداویستی زۆریان بە داو و دەرمان و کیسەی خوێن هەیەو بریندارەکان زۆر بوون، کۆپتەریش بەردەوام هاوڵاتی لە سنورەکە بریندار و شەهید دەکرد، ئێمەیش داوای لیستی داواکارییەکانمان کرد و دوای کۆبوونەوەکە بۆی هێناین .

لە گەڕانەوەدا لەگەڵ نامەیەك بە باوکم دا بۆ سەید جەوهەرم نارد، پاش هەفتەیەك هەموو پێداویستییەکانی ناو لیستەکەو بڕێکی زیاتریش کە فەردەیەك بوو، لەگەڵ سەندوقێك فیشەکی کڵاشینکۆفی هێنابوو، دابوویە دەستی باوکم، هەر ئەو شەوە دەرمانەکانم نارد بۆ مۆردخوادەو سەندوقە فیشەکەکەیشم لە ئۆمەرمەندان تەسلیمی شەهید مەلا ئاراس کرد کە فەرماندەی تیپی ٢١ی کرکوك بوو.

هاوینی ساڵی ١٩٨٧ رژیمی بەعس گوندەکانی پارێزگای کرکوکی روخاند و ئیدی ژیان سەخت بوو.

سەید جەوهەر کە ئاواییەکانی دوروبەری دەبینێ دەسوتێن و دەرووخێن خۆی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێت بۆیە خزمەکانی کۆ دەکاتەوەو بڕیاری هاتنە ریزی پێشمەرگە دەدات و خۆی و ١٨ کەس و بە ٢٢ پارچە چەکەوە پەیوەندی کرد بە تیپی ٢١ی کرکوکەوە، لە گۆپتەپە یەکمان گرتەوە و تەواوی ئەم باسەی ووردتر و فراوانتر بۆ گێڕامەوە .

پێکەوە چوینە لای شەهید مەلا ئاراس و ڕێزی زۆری لێگرت و سەرپشکی کرد لەوەی کە لێرە بێت یان دەچێتەوە سنوری خۆیان لە ناوچەی جەباری کە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە بوو، دیار بوو ئەوێی پێ خۆش بوو، ئیدی لێك دابڕاین و لەوێ کرایە فەرماندەی کەرت و بە داخەوە لە ئەنفالەکان خۆی و براو خزمەکانی تیاچوون و هەموو چوونە ریزی شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان .

هاوڕێم کاك (هاوڕێی شەهید ناسیح محمود محمد) وتی: ئەو کوڕەم کە لە منداڵییش ئامادە نەبووم دەستی جاشێك ماچ بکەم، باوکم ئەو پیاوەی لە بەر دڵسۆزی و لێوەشاوەیی خۆی شەهید(مەلا ئاراس) بە پیاوی ئاسك ناوی دەبرد و هەمیشە بە ماتۆڕەکەیەوە خەباتی شار و شاخی دەبەستەوەو بەعسییەکان وایاندەزانی پیاوی دوکان و نەوتفرۆشە، دیارە ئەم بیرۆکەیەیش لە یەکێك لە بیرۆکەکانی شەهید(مەلا ئاراس)بووە بۆ باوکی شەهیدم، شەوە درەنگێکی نیشتیمان، باوکم میوانی (وەستا عەلی) (عەلۆکە) دەبێت لە شیوەسور زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدات کە نەگەڕێتەوە بۆ سمایلبەگی بەو کاتە درەنگە، لە کاتێکدا ناوچەکە بە بەعس و بە کوردی خۆفرۆش تەنراوە، بەڵام باوکم گوێ ناداتێ و ڕێگای خۆی دەگرێتە بەر، تاکو لەسەر کەلی سمایلبەگی لای تاوەرەکانی ئێستا دەکەوێتە کەمینی (بلەڕەش) و دەستگیری دەکەن، بۆ بەیانییەکەی پورە (خەجیلەی خێزانی ئەمین یاسین) لە لایەن یەکێك لە جاشەکانی (سەید جەوهەر) ئاگادار دەکریتەوە کە ناوی نەدەن و نهێنی بپارێزن کە(ناسیح) بەندە لە ئەمنی شوان لای ئێمەیە، بە پەلە هەوڵێکی بۆ بدەن پێش ئەوەی ڕەوانی کەرکوك بکرێت، لە کاتێکدا ئەو بەیانییە زووە (بلەڕەش) میوانی چای و کولێرە گەرمەکانی نەنکم بوو لە ماڵی ئێمە، باپیرم چرپاندی بە گوێمدا کە بچم دەستی بەعسێك ماچ بکەم کە باوکمی گرتووەو لە سەر سفرەی باوکم دانیشتوە! کە گوێی لە مقۆمقۆی من و باپیرم

بوو دەستی کرد بە پاکانەو نکۆڵی کرد لەوەی کە باوکم لە بەندیخانەکەی ئەو بێت، (بلەڕەش) ئەو پیاوە ناشرینەی کە رەنگی رەشی سەگەکانی عەرعەر و ئەبوغرێبی گرتبوو، پیاوێك بە جەستە، بەڵام سەگە ئاساکانی خوارووی عێراق تینو بە خوێنی کورد، پیاوێك پڕاوپڕ لە بۆنی خوێن و جەلادێکی فاشیست و گڵاو، باپیرم چەندی لێکردم قبوڵم نەکرد کە لێوی بە گریانم بخەمە سەر دەستێك کە بە خوێنی کورد سورە، بۆیە (بلە ڕەش) ماڵمانی جێهێشت، دوای چەند رۆژێك باوکم دەگوازرێتەوە بۆ بەندیخانەی گرتن و گواستنەوەی کەرکوك (تەسفیرات)، لەوێ باوکم بە(بلەڕەش)ی خائین دەڵێ ئێستایش دەرفەتت هەیە کە رزگارم بکەیت و چاکەیەك بۆ خودا بکەیت، لە بەر خواو ئەو نمەکەی کە لە ماڵمت کردوە، یان لە بەر ئەو مناڵە بێنازانەم کەچی (بلەڕەش)ی تاوانبار و دوور لە هەموو هەستێکی ئاینی و نەتەوایەتی بە پێکەنینێکی بەرزەوە پێی ئەڵێ تۆ برا پێشمەرگەیت و (٥٠٠) دینار و میوانداریەك بە ناوچەوانتەوەیە چۆن کارێك دەکەم دژی حیزبەکەم کە حیزبی بەعسە ! دواجارلە ١٩٨٧/٠٣/٢٥باوکم شەهید کراو دوای چەند رۆژێك کاك (مستەفای حمە کێوە) بە کراونێکی تەکسیەوەو بە پێدانی (٢٠) دینار لە پای فیشەکەکانی کە بەر جەستەی باوکم کەوتبوون لە کاتی شەهیدکردنی لێیان سەندو لاشەی مردوو و رۆحی زیندوی باوکمان گەڕایەوە زێدی خۆی و لە ساڵی ١٩٩١ (بلەڕەش) بە دەستی پێشمەرگە فڕێدرایە زبڵدانی مێژووەوەو(ئێستا موچەی شەهیدانەکەی لەسەر یەکێتی لە موچەی باوکم زیاترە)و هاوکات کەسوکارەکەی لە ئێمە نیشتمانپەروەرتر و کوردپەروەرترن و خۆیشم هاوشێوەی باوکم خەریکی پاککردنەوەی ئەو جادەو شۆستانەم کە خراپەکان پیسی دەکەن، بێ ئەوەی هیچ هەستێکی پاکی نیشتیمانیان هەبێت هاوشێوەی (بلەڕەش).

ئامۆژن هێشتا فرمێسك دەڕژێ و باسی ئەو ژیانەمان بۆ دەکات کە تامەزرۆی بیستنی بووم، چونکە زۆر حەزم دەکرد بمزانیایە کە باوکم و مامەکانم و ئامۆژنم دوای جێهێشتنی ئێمە چیان بەسەر هاتوە.

ووتی: کاتێك لەو شاخانە خۆمان حەشار دابوو، هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە خاڵخاڵانەوە شۆڕ بوونەوە بەرەو لادێکانی شوان و شیوەسور و شێخبزێنی، کە مەلا عەبدولڕەحمانی ئاوبارە سەرپەرشتی دەکات، وەکو هەمیشە لەوەتی شاخ هەیە، ئەو کاك مەلا عەبدولڕەحمانە پێشمەرگەو چاك و پاك بووە، ئەو کات کاك سیروانی کوێخا نەجم یەکێك بوو لەو فەرماندانەی سنوورەکە کە ئەو کات سەرتیپی تیپی ٢١ی کەرکوك بوو.

بیرمە قژێك و ریشێکی درێژی هەبوو هاوکات سمێڵ/شواربەکەی تاشی بوو، زۆر شکڵێکی سەیری هەبوو، ووتی: بۆ ئەوەی نەناسرێمەوە ئاوام لە خۆم کردووە تاوەکو نەکەومە داوی خۆفرۆشانی نیشتیمانەوە، چونکە ئەوکات متمانە نەبوو، لەو سەروبەندە بوو کە مەفرەزەکەی محمودی مامە عەزە پێکرا بوون کە لە پێخەفی ئەشکەوتی نیشتیمان و کەڵوەزو گابەردەکانی قەراخ بوون، ئەوان خەمی گەلێکی ستەمدیدەیان لە کۆڵ نابوو، ئەوان لە خەودا بوون، گیانی خۆیان سپاردەی خودای هەمیشە دیدەو پاسەوانی شەو کردبوو، بەڵام ئیشکگری شەو بە چەند دەسترێژێك کۆتایی بە ژیانی چەند پێشمەرگەیەك هێنا و کاك محمودی مامە عەزە بریندار بوو، بۆیە کاك سیروانی پۆڵایین و ئازا لە ترسی ئەو کەسانەی کە خۆیان دەفرۆشت و زەلیلی دوژمنیان پێ قبوڵ دەکرا، دەبوو یەکێك لە پێشمەرگە هاوڕێکانت شەهید بکەیت تا متمانەیان لا دروست بکەیت، تەواوی ئەو هێزە لە گەرمیانەوە هاتبوون و هەموو پێشمەرگەکانی ئەو سنوورە کۆکرانەوە، زیاتر لە هەزار پێشمەرگەیەك دەبوون بە گشتی، بە بڕیاری سەرکردایەتی هاتبوون و دەبوو هەمووما لەگەڵ ئەو هێزە بڕۆین بەرەو شێخبزێنێ خواروو، بارو بارگەمان پێچایەوەو دوا بە دوای یەك بە چەمی شیوەسووردا بەرەو کانی ڕەش و مەرزیخەی سەروو کەوتینە ڕێ.



**مەلا عەبدولڕەحمانی ئاوبارە**

ئامۆژنم سەمیعە بەردەوام بوو لە قسەکانی وتی من ژنە پێشمەرگەیەکی دووگیان بووم بەو هەموو ماندوو بوون و برسیەتییەوە کەچی شادو دڵخۆش بووم، (نەجات تاتە بەهە) لەگەڵ شەهید هادی قوڵیبەگ و کاك سەفەر. هەمیشە شان بە شانم بوون و لە هەموو کەوتنێکم دەستیان دەگرتم، دارعاسا و پشتیوانم بوون لە هاوکارییەکانیان، خۆزگەم دەخواست لە ساڵانی زووتر حەمەسورم بناسیایە تا ئەم برا بە ئەمەك و دڵسۆزانەم بناسیبایە، گەیشتین بە ئەشکەوتێکی تاریك و بەرز لە گوندی عەمدۆنی شێخبزێنی خواروو کە ئەشکەوتی هەنارەیان پێ دەووت، مەلا ئەحمەدی گۆگجە بە خۆی و گیرفانە پڕ میوەکانییەوە بوو بە هاوڕێمان، دوای چەند ڕۆژێك مانەوەمان لە تەلان و ئەشکەوتی جۆراوجۆر، بە ئاوی سازگاری نیشتیمان و نانەڕەقی جێماوی ماڵان دەمانگوزەراند، بڕیارماندا کە بپەڕینەوە لە زێی بچوك بەرەو سێکانی، کارزان مەلا عەلی و جاسەلاتیش لەو پەڕینەوەیە هاتن لەگەڵمان و لە ئاو تێپەڕین، کاتێك لە چەمی سێکانی بووین حکومەتی بەعس لە پردێ و تەقتەقەوە، هێزێکی زەبەلاحی جوڵاند بەرەو

ناوچەی سێگردکان و دەشتی رۆژهەڵاتی هەولێر، بەرەو گوندەکانی ئۆمەرگومەت و سێگردکان و سێکانی و قەمبەرو شەیتان و ئاوماڵ و سارتك كە زۆربەی پێشمەرگەکانی شۆرش لەو سنورە بوون، سنووری مەڵبەندی سێی هەولێر بوو، لەو کاتەدا، بە سکی پڕەوە و بە راکەڕاك و ترسەوە کە حەمەسور و کارزان مەلا عەلی بۆ یەك هەنگاو جێیان نەهێشتم، جارجارە بەو منداڵە پێشمەرگەیەی ناو سکم دەوت رۆڵە نازانم کێیت و چیت، بەڵام دەزانم گەلێك لە ئێمەوە ئازادی بە دەست دەهێنێت.

دوای دوور کەوتنەوەمان لە ئاوەدانی، گەیشتین بە کۆشك و تەلاری پێشمەرگە کە ئەشکەوتێکی داروخاو بوو، پشوویەکماندا و ماندوێتیمان رەوایەوە، لە پڕ کوڕێکی سورەی باڵابەرزمان تووش بوو، بە روویەکی خۆشەوە، بە ئەدەبێکی جوانەوە، کە لەو سەردەمە نەهامەتیەی کەسی خۆت بوو حاشای لە کەسایەتیت دەکرد، ئەو وتی: من (حەمەزیادی میم رێحانم) پورزای حەمەسور، زۆر دڵخۆش بووین بە هاتنی بڕوا بکەن وامئەزانی کە ئازادی بۆ دەستەبەر کردووم، بردینیەوە بۆ ماڵی خۆیان کە لە چەم سێگردکان بوون، بە شەڕە جوانەکان و جنێوە خۆشەکانی میم رێحان دڵخۆشتری دەکردین، منیش تا دەهات باری تەندروستیم قورستر، دەبوو بۆیە حەمەسور بڕیاریدا کە من بڕۆم بۆ دارەتووی هەولێر، بۆ ماڵی دایکم لەوێ بمێنمەوە بۆ ماوەیەك، تا رێگاکانی ژیانمان ئاسانتر لە ئێستا بێت،هاوسەفەری سێگردکانم بۆ هەولێر خەدیجەی خوشکی شەهید جوامێر بوو، کە ئەویش خۆمان ئاسا لەوبەری مەرزیخەوە پەڕیبوویەوە لە ئاوی زێی بچوك.

بە نێو سەرجەم رەبیەکانی حکومەتی بەعس دەهاتین کە جاشەکانی مامەند قەشقە بوون، کە باش دەیانزانی فیرارین، یان قاچاخین لە حکومەتەکەی ئەوان، بەڵام چاوپۆشیان لێدەکردین، دوای ماوەیەك لە ماڵی دایکم نەمتوانی بەو جۆرەبم و لە دڵە خورپە رزگار نەبووم، بۆیە رووم کردە ماڵی کاك (عومەر شەریف پاپیلان) لە بنەسڵاوە،

که یەکێك بوو لە هاوڕێ و برا باشەکانی (کاکم تۆفیق) کە کونێکی بچوکی خۆشاردنەوەیان بۆ دروست کردبووم لە گەڵ خاتوو (جەماڵ) خانی خێزانی، کە تەقەی قاپ بهاتایە بە پەلە خۆم دەگەیاندە حەشارگەکەم جا چ جای تەقەی دەرگا بهاتایا!.

لە کاتی بەعس و لە گەرمەی سەردەمی ئەنفال و شەهیدکردنی هاوڵاتیاندا، بە بڕیاری یەکێتی و سەرکردایەتی و رێکخستنی نهێنی ناوشار، حەمەسور و مەلا شاخی و عومەری ئامۆزای شەهید مەلا ئاراس گەڕابونەوە بۆ بنەسڵاوە، بە لۆرییەکەوە هاتبوون تاوەکو خواردن و ئازوقە کۆبکەنەوە بۆ هاوڕێ پێشمەرگەکانیان، کاتێك ئەم هەواڵەم بیست و نەمتوانی بمێنمەوە لە ماڵێکی گەرم و لە شوێنێکی نەرم، بۆیە گەڕامەوە بۆ هەڵەت و بێشەکانی ئۆمەرگومەت، دوای ماوەیەك پێکەوەبوون و ئاوازی چڕینی(ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا) بە هەناسەی هەڵمژینی یەکدی دا دەژیاین و لە بەر باری گران و تەندروستیم دووبارە ملم خستەوە سەر رێگای بنەسڵاوە، بە چاوساغی (کەریمەڕەش) و (دەوڵەت) ناوێك کە پێشمەرگەی ( کاک کۆسرەت) بوون، منیان گەیاندە یەکێك لەو ماڵە رێکخستنە نهێنیانەی یەکێتی کە لە سەر دەواجنێك دەژیان، تاکو ئەو ماڵە من بگەیەننەوە بە ماڵی کاك عومەر شەریف لە بنەسڵاوە، کاتێك جێیان هێشتم کەریمەڕەش بە خاوەن ماڵەکەی ووت: بە زووترین کات دەگەڕێمەوە بۆ هەواڵی گەیشتن و بە سەلامەت چوونی ئەم خاتونە، خۆشبەختانە گەیشتم و حەمەسور کردمی بە ئامانەت و پارێزراو لای عومەر شەریفی پاپیلان.

تا ماوەیەك لەوێ بووم وەکو ماڵی خۆم ئاسا، بەڵام ببووم بە دوو بەشەوە، بەشێکم لای خۆم و بەشەکەی دیکەم لای حەمەسور.

ئێوارانێك مام کاکەڕەش دووشیوان و (قادر سەعید) ئامۆزای حەمەسور کە یەکێك بوو لە جاشە دیار و باشەکانی (قالە فەرەج)، هێنامیانەوە بۆ لای حەمەسور، کە لە سنوری مەڵبەندی سێی هەولێر بوو، کاتێك گەیشتم حەمەسور لەوێ نەبوو، دڵم

کەوتە خورپەو گومانی ترسناك و تۆقێنەر، بەڵام کاکم تۆفیق دڵنەوایی دامەوەو دڵنیایی پێدام کە سەلامەتە، وتی: دەرۆین بۆ لای ئەوکە کاك مەلا شێخە و مەلا وەیسی و کاك مەلا ئەحمەد گۆگجەو شوان مامرِەشی کە پارتی بوو، هەروەها زرار و جلال احمد حەسەن کە سۆسیالیست بوون عەدنان کارێزە و هیوا شێتم بیرە لەوێ بوون .



**حەمە سوور دوشیوانی**

## رێبوار و گرتنی رێبوارێك و رێگری لە رێبوارێك

(رێبوار حاجی موحەمەدی رەحیماوە) وتی دوای نیوەڕۆیەکی ساڵی ١٩٨٧ لە کەرتی دووی شیوەسور سەر بە تیپی (٢٥ خاڵخاڵان) بووم، لە شێخ بزێنی خواروو لە گوندی مەرزیخە بووین، (ئاسۆسور) فەرماندەی کەرتمان بوو، پێش ئەوەی لە جادە بپەڕینەوەو بێینەوە بەرەو شوان و شێخبزێنی سەروو، کاك (ئاسۆسوور) ووتی: با کەمینێك دابنێین پێش ئەوەی بپەڕینەوە، من و شەهید (شۆڕش عەلی مەولود) و پێشمەرگەیەکی دیکەی لەگەڵمان نارد و چوینە سەرجادە، فەرماندە وتی: لەگەڵ هاتنی هەر ئۆتۆمبێلێك رایبگرن، ئەوانیش تەواوی هاورێکانمان لە دووری جادەکە پشتیوانی

ئێمەیان دەکرد، من لە ناوەڕاست بوم دوانەکەی دیکە لەملاولای من بوون، دەبوو من بچمە سەرجادە و بە هێمای دەست بیانوەستێنم، شەهید (شۆڕش عەلی مەولود) و هاوڕیکەی دیکەمان ئاگادار بوون و بە متمانەوە چاویان لە سەر من و هاتن و وەستانی ئۆتۆمبێل بوو، ئەگەر تەقەیان لێکردم ئەوان دەبوو پارێزگارییم لێبکەن، سەیارەیەکی جۆری شوفرلێت هات و دوو کەس لەدواوە دانیشتبوون ئەوان منیان بینی بوو، بۆیە لەگەڵ وەستاندنیان لولەی چەکەکەم ئاراستەیان کرد و سەیارەکە لەبەردەمم وەستا، یەکێك لەوانەی کە لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکە بوو دەستێکی کرد بە گیرفانیا تاکو شتێك دەربهێنێت، بەڵام نەمهێڵا جوڵەی دیکە بکات، بەڵام بینیم کە شتێك لە دەستی کەوت و فڕێیدایە ناو سەیارەکە هەر چەند ئۆتۆمبێلەکە شوتییەکی زۆری بار کردبوو، لە کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆوە کە بریاری بە عس وابوو خاڵە سەربازییەکانی/مراباتی سەر جادەکان چۆڵ دەکران، منیش وامدەزانی دەمانچەی پێیە و هاوارم کرد و هەردوو دەستی بەرزکردەوە!، باش بوو کە تەقە دروست نەبوو ئینجا هێنایانمانە خوارەوە، کەوتینە پرسیار ووتیان فیرارین، وتم پێناسەکانتان وتی نیمانە کەچی لە شپرزەیی و هاواری من تەسکەرەکەی کەوتبووە ژێر پیکابە شوتیەوە، بەو دەم و دەستە نەدەکرا بگەڕێین، تا تەسکەرەی کاکی ڕێبوار بدۆزینەوە، کاك (ئاسۆسوور) هات وتی ئەمانە چین؟ ووتمان هیچ پێناسەیەکیان پێ نیە و دەڵێن فیرارین، کاك (ئاسۆسوور) پێکەنی و وتی سەیری پشتی بکەن ئەوە باشترین بەڵگەی پێناسەیەتی، کاتێك روتمان کردنەوە، شوین قایش و تاقمی سەربازی سپی کردبوونی ئارەقەی کردبوو، دوای کەمێك لە کات کوشتنمان راستیەکەیان ووت کە جاشی خەفیفەن، ئۆتۆمبێلێکی دیکەمان راگرت، سێ پولیسی خەڵکی هەولێری تیابوو، من هەوڵمدا نەیانبەین، چونکە پۆلیس هیچ کات ئەو تاوانبارانە نەبوون کە ئێمە دەمانویست کەروێشك ئاسا راویان بکەین، کەچی فەرماندە (ئاسۆسوور) وتی نابێت دەبێت بیانبەین یەکێك لە پۆلیسەکان، زۆر قسەخۆش بوو

نوکتەی زۆری لابوو، بە برادەرەکەی دەوت بە زاراوەی هەولێری (هەی نیگبەت نەمگۆ کورە بانەچین لۆ کەرکوکێ ئاخ چت پێمان کردیە).

ئێستا بیرم نەماوە کە چۆن پولیسەکانمان ئازاد کرد، بەڵام جاشە خەفیفەکان ئەبوو سەرو کڵاشنکۆفێك بکڕن و کەفیلێك بدەن بە شۆڕش، تا واز لە جاشایەتی بهێنن! دوای ئەو ماوە مەفرەزەکەمان هاتینە گوندی (تورکمان باغ) لەوێ کەسوکاری یەکێکیان هات و دڵم پێ سوتا، پیرێژنێك بوو، وتی تخوا رۆڵە هەر ئەم کوڕەم هەیە مەیکوژن.

رۆژان هات و رویشت، ساڵی ١٩٩٢ و دوای رزگاری کوردستان و گەڕانەوەی ئێمەی پێشمەرگە و ئاوارەی نیشتیمان، بەیانیەکی زوو لە سلێمانییەوە دەچوم بۆ هەولێر لەباخی بەختیاری شاری سلێمانی سەیتەرەیەک هەبوو، هێزەکەی (حوسێن خوشە تلیانە) لەوێ بوون، کەسێك سەرکەوتە ناو پاسەکە هەمان ئەو کەسە بوو بە دیل گرتمان، داوای هەویەی دەکرد، تا نزیك من بووەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ سەیرێکی کردم و بە پەلە دابەزی و خەڵکەکە پێیان سەیر بوو، کە پێشتر کەسی ئیزن نەدەدا داوای تەسکەرەی لە پیاو و ژنی پیریش ئەکرد، خەڵکی هەراسان کردبوو هاوشێوەی(ملازم موحسین) باسیان لێدەکرد لە خراپە، بێزم لە خۆم دەکردەوە کە هاوشێوەی ئێمەی پێشمەرگە بەرگی پێشمەرگەی پۆشیوە، بەڵام کە منی بینی پاشاو پاش گەڕایەوە بێئەوەی قسە بکات، ئەوانەی مابون سەیرێکی منیان کرد و منیش پێکەنیم و هیچم نەوت!، زانیم کە یەکێکە لەو جاشە خەفیفانەی کە سەردەمی رژێم بە دیل گرتبووم.



**رێبوار حاجی موحەمەدی رەحیماوە.**

# باوکم (تۆفیقە سوور)و کاک ئاسۆ سوور

کاک ئاسۆسوور بەو هەموو غەدر و سزایانەوە کە شۆڕشی ئێستا پێی دەدات، باجی ماندووبوونی بۆ دەگەڕێنێتەوەو بە جاش و تەسلیمبوو ناوی دەبەن و بەو هەموو خەمانەیەوە پێی ووتم لە ساڵی ١٩٨٢ بوو کاتێك بەس بۆ ئەوەی کە حکومەتی بەعس بزانێت و هەست بە بوونمان بکات، کە پێشمەرگە هەیە سەردانی باوکتم کرد لە دووشیوان، ئەوکات سەمینۆفێکی بەدیاری وەرگرتبوو لە مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان ئاوبارە، لە ماڵی ئێوە حمەسور و ڕەمەزان سەفەرم بینی بە خۆی و موزەلییەك و مەکینەیەکی تەراشەوە کە زۆر لام سەیر بوو، پێشتر مەکینەی تەراشم نەبینی بوو لەو جۆرە.

بە چاوساغی تۆفیقەسوور لە ماوەیەکی کەمدا ڕەبیەی شەهید هەمزە، کە بەو ناوە ناسراوە؛ کۆنترۆڵمان کرد و کشاینەوە بەڵام پێ بە پێ تۆپبارانی دەکردین، چونکە بە یاسای سەربازی ئەو ڕەبیەیە ئەحتیاتاتی بۆ کرا بوو و بە وریایی تۆفێق هیچ کامێکمان شەهید و بریندار نەبووین، کاك ئاسۆ وتی: من ئازاد حوسێنم ئەو پیاوەی لە ساڵی ١٩٨٢ لە کەرتی دووی ئەحمەد قەمبەری، لە قوەتی دەشتی هەولێر بە سەرپەرشتی (شاخەوان عەباس) بووم بە پێشمەرگە و نازناوی ئاسۆسوورم پێبەخشرا، دوای چەندین شەڕی دەستەو یەخە کە گەورەترینیان کە تا ناوی پێشمەرگە ببیسترێت و بزانرێت، شەڕی دەواجنی تەقتەق بوو، کە هێرشمان کردە سەر دەواجینەکە بۆ وەدەرنان و خۆ ناساندنمان بەو کارمەندە بیانیانەی کە لەوێ کاریان دەکرد، تەنها بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەی خۆیان بزانن و ببیستن، کە هێزێك هەیە بە ناوی هێزی ئازادیخواز و بۆ ئازادی شەڕ دەکات دژی ڕژێمی بەعس، دوای چەندین داستان لە سنوری کەرتەکەی شەهید ئەحمەد قەمبەری، داوای سەنگەرگواستنەوەم کرد بەرەو سنووری کەرکوك، بۆ کەرتی ١ی هەڵۆ چەمچەماڵی سەر بە تیپی ٢١ی کەرکوك، کە

تیپی ٢١ی کەرکوك یەکێك بوو لە تیپە ناودار و جەربەزەو زۆرترینی هەبوونی پاڵەوان لە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا، تیپێکی گەورەو ناوچەیەکی فراوانی لە خۆ گرتبوو.

سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك لە خاڵخالآن و رێگای سلێمانی چیمەنەوە شۆڕ دەبوویەوە بەرەو ناوشوان و شوانی سەر خاسەو کەرکوك و شێخزبێنی و ساڵەیی و دەشتی بیبانی هەتا دوبز.


تیپی ٢١ی کەرکوك لە ئەنفالدا پێویست بوو بەم شێوەیە بێت، لەوێش هەڵۆ ئاسا دوای چەندین شەڕ و داستان و بە شاهیدی سەرجەم پێشمەرگە هاوڕێ زیندوەکانی ئێستام، کە رەبیە نەماوە بە هەلهەلەی من دەست بە تەقە نەکرابێ و تەقەی منی تیا نەکرابێ، بەهەرحاڵ بە ئاگاداری سەرکردایەتی لە دەشتەکانی ئۆمەرگومەت و سێگردکانەوە بەرێکەوتم بەرەو گردەڕەشەی ناوچەی قوشتەپە، تاکو بتوانم خێزانم بهێنم و وەکو هەموو هاوسەفەرەکانم پێکەوە سەفەری ئێران بکەین، چونکە سەرکردایەتی ئاگاداری کردبووینەوە کە هەموو کەس ئازادە لە هێنانی خانەوادەکەی و بە هەموو توانای شۆڕشەوە هاوکاری دەکرێن، لەگەڵ گەیشتنم و بە نزیك کەوتنەوەم چەك و تاقمی پێشمەرگانەم بۆی حەشاردا لە دەرەوەی ماڵەکان، تاکو گومان نەکەن و نەزانن کە پێشمەرگەم، لە گەڵ گەیشتنم بە گردەڕەشە و بە ماڵی خاڵۆم (رەئوف حەسەن) لە ١٩٨٨/٧/١٣ بوو بە پیلانێکی تۆکمە دەستگیرکرام، وەکو بڵێن لە شوێنی ئاسۆسوور بوون نەك ئازاد حوسێن.

بە هێزێکی زۆرەوەو بە پەلەپەلی خۆیان گەیاندمیانە گوندی کەردز، تاکو زانیاریان پێبدەم لە سەر هاوخەباتەکانم، بەڵام نەك زانیاری لەسەر ئەوان بەڵکو نکۆڵیم لە ئاسۆسووری خۆشم دەکردو دەمووت من ئازادم نەک ئاسۆ.

لە خەمناکی تەنیایی خۆم و بێکەسیم بەدرخانی قامیشەم بیر کەوتەوە، شەهید بەدرخان قامیشەیی ئەو کوڕە ئازا چاونەترسەی کە جگە لەوەی پێشمەرگە و پاڵەوانێکی

سنوری ناوچەی شوان و خاڵخاڵان بوو، بەڵام هاوکارێکی باشی پێشمەرگە و کادیرە نهێنیەکانی لادێ و شار بوو، بیرمە ئێوارانێکی درەنگ وەخت خەڵکی دڵسۆزی گوندی قامیشە هاتن، وتیان جەیشێکی زۆر بە چەکی قورسەوە هاتون و بەرەو لای ئێوەوە دێن، دیارە ماڵی شەهید بەدرخان لە سەرووی ماڵەکانی دیکەوە بووە، کە رزگار علی و کۆمەڵێك پێشمەرگەی دیکە لە هاوڕێیانی شەهید بەدرخان بوون، تەنها ئەوەنە توانرا مناڵەکانی دوربخاتەوەو کۆشکە لە قورِ دروست کراوەکەی شەهید بەدرخان بە تۆپ وێرانیان کردو سوتاندیان.

شەهید بەدرخان لەساڵی ١٩٨٢ لە شاری کەرکوك لەناو جەرگەی بەعس کە ئەوکات کەس نەیدەتوانی کوردبوونی بسەلمێنێت، بەڵام ئەم قارەمانە لە مەعەسکەر خالیدەوە بە دوو کڵاشینکۆفەوە؛ پەیوەندی کرد بە تیپی ٢١ی کرکوك، هاوشانی هاوڕێکانی خەبات و خزمەت گرێدەدات، بەڵام لە ١٩٨٣/٤/٣٠ بە تۆپی کوێرانەی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ، لە رەزگەو مارەی بناری قەندیل بۆ یەکەم جار بریندار دەبێت، کاك رەنجەی مام عومەر: وتی چەند هەنگاوێك لەوەوە دوور بووم، هاواری لێکردین ووتیە جێم مەهێڵن، نیشتیمان هێشتا چالاکی دەوێت، هێشتا گوێیەکانم پێویستی بە بیستنی هەلهەلەی ئێوەی پێشمەرگەیە بەڵام لە بەر زۆری برینەکەی نەمامتوانی هیچ بکەین، بۆیە بە دیار ووشەگەلێکی تاسام کە وتی: مناڵەکانم با دیاری و ئامانەتی نیشتیمان بێت، خاك ببێت بە دایك و حیزبەکەم با باوکایەتیان بۆ بکات، ئێمە بە دڵشکاوییەوە دوور کەوتینەوە لێی و کردمان بە ئامانەتی چیا و بەفری سپی، بە بەرچاوی ئێمەوە تۆپێکی دیکەی بێڕەحم، خۆی پیا کێشاو بەدرخانی کەمدوو و خۆشگوتار خوێن و گۆشتی لاشەی لەگەڵ بەفری قەندیل تێکەڵ بە یەك کرد.



**شەهید بەدرخان**

لە پڕ ڕێبازی شەهید بەدرخان ئەو کوڕە ڕەنج بەخەسارە ماندوەی، هاوشێوەی هیوای شەهید کوێخا بچکۆل، هاتە لامەوەو وتی: من ئەزانم کە باوکم پێشمەرگە بووەو شەهید بووە، بەڵام نازانم بۆ ئەم هاوڕێیانەی ئێستا ناینا‌سن؟ یان بۆ نازانم لەگەڵ کام ڕۆیشتنی قافڵەدا ڕۆیشت و جانتای یادەکانی بۆ کێ جێهێشت؟ چ بەڵێنێکی لەگەڵ تەنیایی بەست بۆ ئێمە و من و شنۆی خوشکمی بە کێ سپارد؟ ئێستا من و شنۆ نمایشی گەڕان دەکەین و بە دوای ئەو هاوڕێیانەی دەگەڕێین کە هاوڕێی بوون و جێیانهێشت دەمەوێ خۆمان و باوکم بدۆزمەوە.

ئاخر ئێمەیەکی بەبێ باوك، بۆ هاوڕێکانی ئەو کاتی، خۆیان لێمان نەناس دەکەن دوای ئەو جگە لەو نیشتیمانەی کە ئێمەی پێسپارد، کە کرێ نشینێکین هاوشێوەی منداڵە شەهیدەکانی هاوڕێی، هیچ حیزبێك بوونی نەبووە، تا باوکایەتیمان بۆ بکات، ئیدی نازانم ئەو لەگەڵ کام قافڵەدایە و لە کوێیە؟خۆم چاك دەزانم ئەی ئەو شەهیدانەی کە تا ئێستا لە ئاسمانی نەمریدا لە گەشترین ئەستێرە جوانتر دەدرەوشێنەوە، لێتان

حاڵیم و لە زمانیشتان دەگەم کە چەندە تامەزرۆی نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار بوون، دڵنیام هیچ کامێکتان شەیدای ئاوارەیی و ئاشقی برسێتی و تینووی خوێن نەبوون ، کە لە ویستی خۆتان بەدەر بوو ، کەسایەتی بڵندتان گەلێک لە بەژنی فاشیستەکان بەرز تر بوو ، نەتاندەتوانی جێگە بۆ خەم و حەسرەتی دایکە جگەرسووتاوەکان و زریکەی منداڵی باوک شەهید لە ناخی خۆتاندا خۆش نەکەن و ئاوێتەی رِقی شۆڕشگێڕیتان نەکەن و بەر بە زەبر و زەنگی بەعسییە مرۆڤکوژەکان نەگرن، دەبوایە یان گەردن بۆ چنگی رەشی جەلادەکان شل بکەن و رۆڵەکانی گەلەکەمان بکەنە میوانی هەمیشەیی قەنارە، وە یان لە واقعی پڕ تاڵاو یاخی ببن کە لە لایەن جڕ و جانەوەرەکانی عۆجەوە جگە لە پەیامی مەرگ هیچ لە هەگبەکەیاندا نەبوو .

زوو فریا کەوتن و نەتانهێشت چڕنوکی چەپۆکی جەلادی بەعسی کەڵبەدار جەستەی نیشتیمانەکەتان پارە پارە بکات ، مقاوەمەتتان کردە کۆڵەپشتی رێگەیەکی سەختی بەرەو ئاسۆی روون ، چەکتان کردە شان و پێدەشت و هەردە و تەلان و دۆڵ و چیاکانتان کردە مەنزڵگەی پیرۆزی بەرەنگار بوونەوە ، هەرچەندە ئارەزوی شەڕ و کوشتار و چەک نەبوون ، بەڵام خوێنخۆر و چەتەوڵەکانی چەک ناچاریان کردن پەنا بۆ چەک ببەن و زەبری شۆڕشگێڕانە بکەنە وەڵامێکی پڕ بە پێستی زەبری کۆنەپەرستانە و بۆ لە ناو بردنی چەک داڵدەتان بۆ چەک برد! تا چی تر لە جیاتی گاسن بۆمبا خاکمان نەکێڵێت و لە باتی ئاو رەز و باغمان بە خوێن پاراو نەکرێت، تا ژیان و ژیار شوێنی مەرگ بگرێتەوە و نیشتمانەکەمان ببێتە جێژوانی فریشتەکان و ئیدی ئەهریمەنەکان نەتوانن قڕمان بکەن، ئێوە ئازادیپەرست بوون بۆیە نەفرەتتان لە دیلی و یەخسیری کرد و ماڵئاواییتان لە کەس و کارتان کرد و لەو بەندەن و گوندانەدا بوون بە رۆڵەی ئەمەکداری گەلەکەتان، چش لەوەی برسی و ماندوو بوون ، قیرِسیا لەوەی مەرگ وەکو سێبەر سات بە سات بە دواتانەوە بوو، و لێتان نابۆوە . ئێوە ماندوو بوونتان لەگەڵ قایشی تفەنگەکانتاندا توند توند بە خۆتانەوە نووساند بۆ بەختەوەری خەڵک

و دوارۆژێکی ئاسودە و ئارام بۆمان ، لە پێناوی گەلدا مردنتان بێ منەت کرد و کەشکۆڵی جوامێریتان هەڵگرت و تفەنگتان کردە عاسای دەستتان و لە عەشقی ئازادیدا بوونە دێوانەی ناو چەم و شیو و لێڕەواری ئەم کوردستانە، بەرەو سەرکەوتن هێدی هێدی و بە کاوەخۆ نەرمە هەنگاوتان نا بەرەو ئاسۆی دزراومان ، بۆ ئەوەی ئازادی بۆ خەڵک و خاوەنی خۆی بگێڕنەوە ، هەر لەوساوە ئێوە عەوداڵی ئازادی بوون ئیتر بە یەکجاری بوون بە ڕۆڵەی گەل و گەلیش ناویان لێتان نا پێشمەرگە.

پێشمەرگە ئە و مژدەهێنەری ئاییندەی گەشی میللەت بوو ، تۆێشەبەرەی ئەوان جگە لە سەرفرازیی هیچی تری تێدا نەبوو ، پێشمەرگە خەوی دڵنیایی بە سبەینێ دەسپارد و خەونی ڕەنگاڵەیی دەکردە دیاری بۆ نەوەکانی داهاتوو ، هاوڕێیانی داستان تۆمارکەری بەگژدا چونەوەی نەهامەتی ، خۆ ئێوە لە دیدی ڕەشی خوێنمژاندا زاڵم بوون ، لە زاری ئەواندا موخەریب بوون ، ئێوە شانە بە شانەی جەستەیانتان ورووژاندبوو ، خانە بە خانەی مێشکی دوژمنانتان شڵەژاندبوو ، بێ پسانەوە و بێ وچان ، هەمیشە و بەردەوام کەڵکەڵەی لەناو بردنی ئێوە کارنامە و بەرنامەی پڕ لە کەیفخۆشی عەفلەقییەکان بوو ، بەڵام ژەمە خۆراکی ئەوانتان تاڵ کردبوو ، لە سێبەری خۆیان دەرەوینەوە و زیرەتان پێ کردبوون ، میوانی خەونەکانیشیان بوون و دەچوونە سەریان و تەمبێتان دەکردن، دەزانم کە بێنەوەو هەست لە هاوڕێیانی شاختان ڕابگرن داوا دەکەن کە بمرنەوە لە قێزی دێزی ئەمان لە ئێستادا،بە هە رحاڵ کاك ئاسۆم خستەوە سەر باسەکەی خۆی و وتی بەعس بڕیاریاندا کە ڕەمی بکرێم و لە ناوم بدەن، بەڵام من بیرم لە ژیانی خۆم و خێزانە تەنیا چاوەڕوانەکەم دەکردەوە، کە لە چاوەڕوانی مندا چاوەکانی هەر لەسەر دەرگایە هەمیشە دەگری بۆم، بیرم لەو شۆڕشگێڕانەی هاورێم دەکردەوە کە لە پێناو هەوای ئازادی و دەستەبەرکردنی نانی ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵك، گیانی خۆیان بەخت کرد و ناویان لە مێژوودا بە بەرزیی ماوەتەوە، هەرچۆنێك لێدان و ئازار و

ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی درام، هەر سوور بووم لەسەر ئازاد بوونم و نەناسی ئاسۆسوور.

چونکە لە تەسکەرە ئازاد بووم ئەوانیش بڕوایان هێنا کە راست دەکەم، لەوەی ئاسۆ نیم، هیچ بەڵگەیەکیان نەکەوتە بەردەست، تاکو رەوانەی ئەمنی هەولێر کرام بە چاو و دەست بەستراوی، لەو بڕیارە بوون کە ئازاد بکرێم، بەڵام دوای یەك هەفتە مانەوەم لە ئەمنی هەولێر، کە (سەڵاح شینە) کە ئەویش کۆنە سەرتیپی یەکێتی بوو،بەڵام بەداخەوە تەسلیم ببوویەوەو زۆرێك لە برا پێشمەرگەکانی کرد بوو بە قوربانی، زیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگەی بە شەهیدکردن دابوو، لە پای ئەو قوربانیانە یەکێك بوو لە پیاوە لەپێشەکانی بەعس،بکوژی کانەبی گچکە، دکتۆر عادل، بلەی قەرەچوغ، هەژاری قەرەچوغ، کەمال، ڕزگار ، کرمانج، ئاشتی.

ئەم تاوانبارە یەکێک بوە لە فەرماندە سەربازیەکانی یەکێتی لەسنوری هەولێر! دوای شەهیدکردنی ئەم هاوڕێیانە نامەردانە تەسلیم بەبەعس بۆوە،

سەڵاح شینە یەکێک بوو لەو تاوانبارانەی بەردەوام چاوساغی بۆ هێزەکانی ڕژێم دەکرد بۆ سەر پێشمەرگەی لایەنەکان و کەسوکارەکانیان،

دواتر لەگەڵ گەلە جاشێکی دیکە دەبێتە ناکۆکیان و دەکوژرێت، و موچەی شەهیدانەی ئێستای لە سەر لیستی شەهیدانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە. لەگەڵ هاتنی سەڵاح شینە هەموو شێوازی قسە و ئەشکەنجەدانم گۆڕدرا، جەوادی ئامۆزام لە ژوورەکەی بەرامبەرمەوە بە فسکە هاوارێك ووتی: (ئازاد — ئازاد)، سەڵاح شینە هەموو زانیارییەکی تۆی بە ڕژێم ووتوەو پێویستە ئیعتراف بکەیت لەسەر ئەوەی ئاسۆسووریت، ووتم چۆن؟ ووتی گوێم لێبوو سەڵاح شینە ووتی ئەوە ئاسۆ سوورە بەرپرسی زیاتر لە پەنجا پێشمەرگەیە، خاوەنی سوپەرێکی سوورە لە سنوری شوان و خاڵخاڵان، دەستێکی باڵای هەیە لە شۆڕشی موخەریب و لە سەرکەوتنەکانی

موخەربین، بۆیە پێویستە ئیدی واز لە کەلەڕەقیت بهێنیت، نەوەك لە ژێر ئازاری کارەباو تەعزیب و هەڵواسین شەهیدت بکەن.

منیش لە نکۆڵی خۆم بەردەوامبووم و دەمووت هەرگیز ئاسۆسوور نیم و نایناسم.

واسیتەم خواو خاڵۆم (رەئوف حەسەن) بوو، لە رێگای دەعوەت و بەرتیلەوە بە مامەند قەشقە کە یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر و ماندوبوون و خزمەتێکی زۆری پیاوانی رژێم هەوڵەکان بێسوود بوون و مامەند قەشقە هیچی بۆ نەکرا، دوای ماوەیەکی زۆر و نەدرکاندنی هیچ زانیاریەك لە سەر خۆم و هاوڕێکانم، بەڵام زۆرجار هاوڕێکانی زیندانم پێیان دەوتم ( ئازاد ) بۆ وا مات و بێدەنگی؟ هەمیشە ئاوهایت یان خەمی زیندانتە کە لێرەیت و خەمی بۆ دەخۆیت؟ نەیاندەزانی و بێئاگا بوون لەوەی دڵم لای برا شاخاوییە چڵکنە بۆنخۆشەکانی پێشمەرگەیەو تەنها بە جەستە لای ئەوانم، بیرم دەکردەوە دەبێت کامیان بووبن بە سیمبول و کامیان شۆڕشگێڕی سەردەم بن.

بیری ناو عارەبانەی تراکتۆر و خڕەی چەوی ژێر پێ و زەڕە زەڕی کەرم دەکرد، بیری نانی وشك و قومێك ئاوی سازگاری کانی و کارێزم دەکرد، لەم خەیاڵانەدا بووم و بە زرەی دەنگی کلیلی زۆردار و جەلادەکانی رژێم، لەو خەیاڵە خۆشە هاتمەوە خۆم و ووتیان( انت ئاسۆ لو انت ازاد) ووتم (انی ازاد حسین) وتیان کێشەمان نیە کامیانی (عومەر سۆفی) ناوتی خستووەتە لیستی ئەوکەسانەی بەر لێبوردنی گشتی کەوتون، ئازاد کرام بە کەفالەت و بە هەوڵی (عومەر سۆفی) کە یەکێك بوو لە هاوڕێ باش و نزیکەکانی (سەدام حوسێن)، لە کاتی ئازاد کردنم باوکمیان کردە موختاری دارەتوو، کە هەلێکی باش و گونجاوم بۆ رەخسا کە لە کێشەو گێچەڵی جاش و ئەمن و رەفیقەکان بە دوور بم، زیاتر هاوکاری ماڵە پێشمەرگەکانم دەکرد، کە یەکێك لەو ماڵانەی زیاد بێزار

کرابوون، ماڵی کاک (حاجی عبدالله)ی باوکی کاک (هیوا ڕەش) بوو، هاوکات هەمیشە پاسەوانی ماڵی (ڕەنجەی عومەر سدیق) بووم بە خۆم و چەکەکەی باوکمەوە.

جارجارەیش سەرێکم لە چەك و تفاقە کۆنە شارەوەکەی خۆم دەدا، کە پێش دەستگیرکردنم (حەمە حەساری) دەمانچەیەکی پێدابووم، لەگەڵ ئەوانەی خۆمدا حەشارم دابوو، کە بە دزی باوکمەوە سەرێکم لێدەدان و لەگەڵیان دەدوام و ئەستۆپاکی خۆم بۆیان دوبارە دەکردەوە، بەواندا سڵاوی پاکیم دەنارد بۆ خاڵخاڵان و بە هەڵۆکەی خاڵخاڵان مەلا ئاراس ئاسا زەنگی شۆڕشگێڕیم لە قەندیل بوو، هاوارم هاواری بێستون قەفاری بوو، کە چۆن دەستەو وەستان تەنها شێتیکی بەدەسەڵات بووم، دوای ماوەیەك لە نێو پاس/ڕیم بووم لە ناکاو گەنجێك هاتە لامەوەو هەستم بە بۆنێکی جیاواز کرد، هاوشێوەی بۆنەکەی یوسف بۆ حەزرەتی یەعقوب یان بۆنەکەی یوسف بۆ زولەیخا، کوڕێکی ڕەشتاڵەی باڵابەرز بوو پێی ووتم ئازاد هەلهەلەی ڕەبیەکانی ئاکۆسوور لە کەورگۆسکە بگەرە لای، لەو حاڵی بووم کە ئەمە نهێنی ڕەبیەگرتنی من و کاك (ئاکۆسوور) بوو، زانیم کە ئاکۆسوور ناردویەتی تا پەیوەندی پێوە بکەم، بەڵام نازانم زەوی شەقی کرد هاوشێوەی سەروەتی قارون یان ئاسمان بەرزی کردەوە وەکو حەزرەتی عیسا کەورگۆسك ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیەی کە زیاتر لە چوار هەزار ماڵی تیادا بوو، بەڵام هیچ شوێن و ناوێك و ماڵێك و کەسێکم بەدی نەدەکرد کە بمگەیەنێت بەو هاورێ و براو پێشمەرگە خۆنەویستەم، ناچار بە خەم و ناچاری گەڕامەوە ماڵی خۆم، ئەو هەلەم لە دەست چوو، ئەو کوڕە ڕەشئەسمەرەی کە لە ناو پاسەکە لێم وونبوو (مەحەمەدی ئەحمەد قەنات) بوو برای شەهید ئاکۆسوور.

کاک ئاسۆ وتی لەو ماوەیەی کە باوکم موختار بوو، منیش کوڕی ئەو بووم، بەڵام ڕۆحی پێشمەرگایەتی لە دڵ و ڕۆح و جەستەم مابوو، وەکو ئەوەی ببوون بە خڕۆکە سوورەکانی ناو خوێنم و هاتووچۆیان دەکرد.

دوبارە بەند کرامەوە لە ئەمنی هەولێر، دوای چەند مانگێك دوور خرامەوە بەرەو (عەینزالە)، تاکو سەربازی بکەم کە زۆربەی پێشمەرگە تەسلیمبووەکانی لێبوو، وەکو (جەلال ئەحمەد حەسەن دووشیوان و عوسمان عبداللە تورکمانباخی)، کە پێمان دەوترا سیوشەش و سیوحەوت، یان بە دوو ساید ناو دەبراین، دواجار لە راپەرین و لە گەڵ یەکەم تەقەی شۆرش کە بەرپا بوو، (حەمە حەساری و حاجی هەلمەت) سەردانیان کردم و هێزی بروسکم دامەزراند و بووم بە بەرپرسی هێزی بروسك.

کاك ئاسۆ سوور بەردەوام بوو لە قسەکانی: سەردەمانێك بوو زۆرێکمان بۆ نانەچەورە زۆرێکی دیکەمان بۆ مشتێ پارە، لەترسی زانیاری بەخشینی هاورێکانمان و کەسوکاریان دەبوون بە جاش و مەفرەزە خاسە و ئەمن، هەندێکیشمان پێشمەرگە ئاسا لە خزمەتی خەڵك و خاك بووین،هەندێکیشمان بۆ تۆڵەکردنەوە گەڕابوویەوە یان لە ترسی گیانی خۆی، کە وەکو (عەبدولڵەی حاجی حەمەدەمین) کە لە بەردەم فلکەی مەلا میرزای ئێستا، لە ناو تەقتەق و لە بەردەم زیاتر لە دە بۆ بیست کەس (رەئوف نوری تورکمانباخی) کوشت و بە سزای گەل و شۆڕشی گەیاند، کە (رەئوف تورکمانباخی) جاشێکی دیار و ناودەرێکی دیاری ناوچەی شوان و خاڵخاڵان بوو، چەندین پێشمەرگە و هاوڵاتی و کەسوکاری پێشمەرگەی بە گرتن و شەهید کردن دابوو، وەکو چۆن کاك (سەڵاح سەیدای تورکمانباخ) بۆی باس کردم کاتێك حکومەتی سەدامی گۆڕ بە گۆڕ (عوسمان جەوهەر) کە برازای (رەئوف نوری تورکمانباخ)ە، لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ناوچەکە زیندانی دەکرێت، کەسوکاری هەواڵی ئازادکردنی دەدەن، ئومێدێك دەبەخشن بە بنەماڵەی عوسمان جەوهەر، کە بەو مەرجەی چەند پێشمەرگەیەك شەهید بکەن لە سنوری شوان و خاڵخاڵان، کاتێك لە گەڕانەوەیان لە دۆڵ و دەشتەکانی تورکمانباخ جەوهەر برای کاك (جاسەلات) شەهید دەکەن و لاشەکەی جێدەهێڵن و بە چاو خیانەت و خوێنەوە بەرەو ئۆمەرمەندانی سەروو دەڕۆن، لەوێ کاك ساڵح حاجی حەمەدەمین و برازایەکی دەبینن، لە هەڵدێرەکانی

ئۆمەرمەندان هەڵیان دەدەنە خوارەوە بۆ ئەوەی شەهید بن، چونکە کەسوکاری پێشمەرگەن، بەڵام خۆشبەختانە بە زیندوویی دەمێننەوەو دوای گەڕانەوەیان بۆ شار (ڕەئوف نوری) دەبێت بە باشترین جاش و لە ئەنجام کاك عوسمانی برازایشی لە سێدارە درا.

دیارە (عەبدواللەی حاجی حەمەدەمین) بێگوێدانە بەرپرسەکانی ئەوکاتی خۆی، پێیان دەڵێ ڕەئوفی جاش خوێنی حەڵاڵی من بووەو تۆڵەی شەهید و پێشمەرگە دیلەکان لە سەر من، تاکو شۆڕش و پێشمەرگەی پێ دەناسێنێ و لەوەوەو لە بەر ترسی خۆی و کەسوکاری دەبێت بە مەفرەزە خاسە.

هێشتا گوێم بۆ قسەکانی ئامۆژنم سەمیعە شل کرد بوو دەیووت لەو هەڵەت و بێشانەی ئۆمەرگومەت بووین، هەنگاو بە هە نگاو هەڵدەکشاین بەرەو روباری کۆیە، حەوت گوێدرێژ و ئەسپێکمان پێبوو، ئەسپەکە هاورێیەکی دێرینی من بوو، لە سنوری حاجی جەردیسی ناوشوانەوە لە گەڵم بوو، حەمە رێبین و کارزان مەلا عەلی برائاسا هاوکارم بوون بۆ راکێشانی ئەسپە ڕەشەماندووەکەم، بۆ هێنانی بۆ سەر رێگای راست.

بیرمە کاکم تۆفیق بە هەموومانی راگەیاند کە دانە بە دانە دەمی گوێدرێژەکان ببەستین تاکو نەوەك لە نزیك ڕەبیەی جاشەکان بزەڕێنن و کێشەمان بۆ دروست بکەن، بۆیە کوڕەکان بە پژدێنی پشتیان دەمی کەرەکانیان بەست.



**کاك ئاسۆ سوور**

# شێتبوونی بێستونی حەمە قالە

کاك(بێستون) ئەو پیاوەی بە ئێستایشەوە ماندوو نەبووە لە شۆڕشی پێش و دوای ئەنفال، خزمەتێکی باشی شۆڕشی نیشتیمانی کردوە، وتی لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بووم، ئامر مەفرەزەی کەرتی ٢ بووم، لە گەڵ (نەهرۆ قەسرۆکی)، بە بڕیاری سەرکردایەتی و فەرماندەکانی ئەوکاتمان، بڕیار وا بوو کە لە قەسرۆك دابمەزرێین و داستانێکی دیکە تۆمار بکەین، هاوشێوەی دابان و هەلاج کە لەوێ بریندار بووم و خوێنم ڕژا، کاتژمێر ٦:٣٠ی ئێوارە بوو، لرمەو ناڵەی گۆپتەپە بەرز بوویەوە، گۆپتەپە کیمیاباران کرا، بۆیە بە بڕیاری فەرماندەکانمان دەبوو پاشەکشێ بکەین، وەکو هەمیشە روو لە شاخ بکەین، بۆیە بڕیاری چوونمان دا بۆ شاخی دەرباز، لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی دیکەی ناوچەکە لە ناو بێشەو دارمۆردەکان خۆمان حەشاردا، لە ترسی جاشی خۆیی و سەربازی پێپەتی، یەکێك بە دەنگێکی دایکانەو بە نزمی دڵتەنگی خۆمان پێی وتم کە هاوسەر و مناڵەکانم شەهید بوون!

دڵم پەلەی دڵی حەزینی مەجنون بوو بۆ لەیلا ناڵەی هاواری بەڵێنی کوڕم بوو بۆ باوکی گریانی بێ لانەیی بێلان بوو، خۆم ساز و ئامادە کرد و وتم: هاوڕێیان ناتوانم لێرە بمێنمەوە، کاك (سەربەستە درێژ) جێگری فەرماندەی تیپمان بوو، واتا تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، پێی ووتم نابێت بڕۆیت و دوای مشتومڕێکی زۆر شەهید(ستار کوێخا ئەمین )و کاك (سەربەستە درێژ) و (نەهرۆ قەسرۆکی) و کاك (نەجاتە ڕەق) بەڕێکەوتین بە دەمزێی بچوکدا هەڵکشاین، جگە لە بۆنی خوێنی رۆڵەی نیشتمان و بۆنی ناخۆشی نیشتیمانی ئەتککراو، هیچی دیکەت بۆن نەدەکرد، چەندین لاشەی ژن و منداڵمان بینی بێخاوەن کەوتون، رێك هاوشێوەی شەڕی ئوحود، گوێمان لە بانگ و هاوار و قاقای پێکەنینی جەیش و جاشەکانی شێخ مەجیدی گۆپتەپەی سەرۆك جاش بوو، کە لە ناو گوندەکە بەدەنگی بەرز پێدەکەنین، لاشەی خێزان و منداڵەکانم دۆزییەوەو تێر

تێر بە دیار سیمای پاکی ئەوانەوە تاسام گریام بەڵام گریانێکی بێ فرمێسك، لەکاتی هەڵگرتنی بەڵێنی کوڕم ، سەگە هارەکانی گۆپتەپە گۆشتی دەستی راستی بەڵێنی کوڕمیان خواردبوو لە هەڵگرتنا ئێسکەکانی هەڵوەرین هەرچۆنێك بوو لە گەڵ هاوڕێکانمدا کۆمان کردنەوەو لە ناو زاخەی توتنی جوتیارە شەهیدەکان شاردماننەوە، دواجار مەفرەزەکەمان بەرەو شێخبزێنی خواروو بەڕێکەوتین، لەوێ تووشی شەڕێکی کوردانە بووین، سەربازەکانی دوژمن (بارق) و (تەحسین شاوەیس) فەرماندەییان دەکردن، بە چاوساغی (ئەحمەد کوێخا رەجەب)ی سەرۆك هۆزی شوان و

(وریا شوانی) مستەشار هاتبوون، دواجار لە زێی بچوك پەڕینەوە بەرەو بەستی شەلغە، لەوێوە بەرەو گوندەکانی دەشتی هەولێر، وەکو ئۆمەرگومبەت و سێگردکان کە تەواوی هێزەکانی پێشمەرگەی گەرمیان و قەرەداغ و کەرکوك لەوێ بوون، لە دۆڵێکی رۆژئاوای ئۆمەرگومبەت بنکەیەکی بچوکمان دروست کردبوو سەرجەم پێشمەرگەکان لەوێ ئارەقی ماندوێتیمان دەسڕی و نانی دەستی ماندوی جوتیارەکانی ناوچەکەمان دەخوارد من و کاک (نەجاتەڕەق) و (حەمەسور) و (رەمەزان سەفەر) و(عەدنان سەفەر)، دانیشتبووین گاڵتەو یادەوەری رۆژانی شاخ و لادێمان دەگێڕایەوە لە پڕ کاك (رەمەزان سەفەر) وتی: ئێوەی پێشمەرگەی تیپی ٢٥ هیچ کات گوێ بە بڕیاری فەرماندەکانی خۆتان نادەن و هیچ جیاوازیتان نیە لە گەڵ جاشەکانی پێش (بارق)، منیش بە فانیلەی عەلاگەو بە شەرواڵێکی دڕاوەوە پێم ووت: ئەوەتا کاك (سەربەست) لێرەیەو بە فەرماندەی خۆمی دەزانم بەڵام چەندێك ئێمە جاش بین هێشتا ناگەین بەوەی کە وەکو تۆ لە شەڕی کێوەڕەش هەڵبێین و بە چەککراوی بنێردرێینەوە بۆ ماڵەوە، بەم قسانەم (ستار کوێخا ئەمین) و (حەمەسور) کردیان بە قاقای پێکەنین، رەمەزان هێرشی بۆ هێنام و تێکرا نێوەندگیریان کرد بە کاك عەدنان سەفەری برایشیەوە!. هەر چۆنێك بوو گەیشتم بە چەکەکەم و رەمەزانم لە سوچێکی بنکەکە وەگیرهێنا، لە پڕ کاك تۆفیق و کاك ئاسۆ و کاك مەلا شاخیم لێ پەیدا بوون، کە وەکو بڕیار چەسپاندیان

بەسەرمدا کە دەبێت ئارام ببمەوەو واز لەو کارە بهێنم و ناوی شێت - یان پێوە لکاندم و منیش بە ناچاری تا دەستم هێزی هەبوو تفەنگەکەم توڕهەڵداو دۆشدامام، لەو ناوەی کە لکاندیان پێمەوەو لەو کاتەیشەوە شمولی قاپشۆرین و خەفەریات نەدەکرام بە دەم هەڵمژینی دوکەڵی جگەرەکەیەوەو بە لێوێکی تەتەڵە کراوەوە بۆی باس کردم کە لە کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپە لە بەرواری ١٩٨٨/٥/٣سەرەتا و دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار بوو لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، ئەو ئەنفالەی دەیان هەزار هاوڵاتی کوردی لەگەڵ خۆیدا راپێچی مەرگەسات کرد، مەرگەساتێکی وا زیندووەکانیش حەسرەت بۆ ژێر لمی بیابانەکان دەخوازن، ئەو ئۆپەراسیۆنەی تەنها یەکێك بوو لە کۆی ٨ ئۆپەراسیۆنی دیکە، سەدان گوندی لە دوای خۆیەوە بە روخاوی لە پێدەشتە نەبڕاوەکانی کەرکوك و هەولێرو هەڵەتەکانی کۆیەو قەڵاسێوکەو کێوو و دۆڵەکانی چەمی رێزان و بنارە سەختەکانی دوکان و خەلەکان و نزمایی و پێدەشتەکانی شوان و بناری قەرەچوغ بەجێهێشت، چەپەکترین گوندی ئەم کوردستانە رزگاری نەبوو لێی، جێدەستی سوپای ئەنفال بە بست بە بستی ناوچەکەوە دیاربوو، ئەنفال ئەوەندە درندانە بوو مەرگی ناشرین کرد، فاشیەتی شەرمەزارکرد، لمۆزی شۆفڵەکانی گەیشتووە بە هەر کوێیەك، لە دوای خۆیەوە وێرانی کردووە و مەرگستان و کەلاوەی بەجێهێشتووە، سوپای ئەنفال لە جیاتی شارستانییەت و ئاوەدانی کاولکارییان هێنا، ئەو گوندانەی شارستانییەت لێیانەوە سەریهەڵدا، کۆنترین گوندی جیهان بوون، بە درێژایی ماوەی هەزاران ساڵ ئاوەدان بوون، هۆلاکۆ وێرانیانی نەکرد، کەچی ئەنفال هەموویانی خاپوور کرد (چەرموو، چەم رێزان، دوو ناوی ناسراوی جیهانین بۆ ئاوەدانی و شارستانییەت و قۆناغی کشتوکاڵ، کەوتوونەتە ئەم دەڤەرەوە).

سنووری ئەنفالی چوار لە بناری دوکانەوە دەستی پێکرد، تاکو لێوار و کەنارەکانی کەرکوك و هەولێر بە درێژایی ئەمبەر و ئەوبەری زێی بچوك شۆڕبوویەوە بۆ رۆخی پردێ، لەوێوە بۆ کلکەی قەرەچووغ، لە بەشی باکووری چەمچەماڵەوە بۆ دەم زێی

بچوك، ئەو زێیەی بە درێژایی مێژوو، ئەمبەرو ئەوبەری ئاوەدان بووە، لەگەڵ خۆیدا سنووری نێوان هەردوو پارێزگای کەرکوك و هەولێری بەش دەکرد.

ئەنفالی چوار سنووری چەندین شارو شارۆچکەی گرتەوە (چەمچەماڵ، تەکیە، قەرەهەنجیر، ئاغجەلەر، کۆتەڵ، تەقتەق، قوشتەپە، کۆیە، دێگەڵە، پردێ، شوان، دوکان، خەلەکان، مەخمور )، لەو سنوورە پان و بەرینە لەم ماوەی چەند رۆژێکدا، شوێنەواری شارستانییەت و ژیانی هەزاران ساڵەی مرۆڤایەتی بە تەواوی سڕایەوە، هەر لەو گوندانەوە شارستانییەت سەری هەڵدا، مرۆڤایەتی گەشەی کرد، دوای هەزاران ساڵ ئاوەدانی و خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی، داهێنان و پێشکەوتن، کران بە وێرانە و کەلاوە، کۆنترین گوندەکانی جیهان هەمو تەخت کران، لە ناو لادێ روخاوەکان شوێنەواری مەرگ دەبینرا، هێشتا بۆنی گەورڕو مەڕو ماڵات و جیقنەی مریشکەکان دەهات، جار جارەیش پەلەوەر و گیاندارێکی تەریك کەوتوو، جگە لە دار تەلی شۆڕەوە بووی کارەبا، چەم و رەزی چۆڵ، داری سوتاو و لادێی روخاو، خۆڵەمێشی سوتان و بۆگەنی ئاژەڵ و پەلەوەری مردارەوە بوو هیچی دیکە بە جێ نەما، مرۆڤ و ئاژەڵ، مێرولە و باڵندە، دار و درەخت هەموو بە پێی بڕیاری ٤٠٠٨ی بەعس، جاڕنامەی مەرگیان بۆ درا، ئەو رۆژانەی لەناو ئەو تارماییانە ژیانمان بەڕێکرد لە بۆنی مەرگدا گێژ ببوین، بۆیە کارکردن بۆ ئەنفال کارکردن لەسەر ئێسك و پروسك نییە، کارکردنە بۆ ئەوەی تارماییەکانی مەرگ جارێکی دیکە نەبینینەوە.

رۆژی سێشەممە بەرواری ٣-٥ی ساڵی١٩٨٨، ئەو رۆژەی خەڵکی گۆپتەپە و دەڤەرەکە، سەرباری هاتنی هەواڵەکانی هێرش بۆ سەر ناوچەکەیان، سەرباری لێبوردنێکی رانەگەیەنراو بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەی شاڵاوی ئەنفال پێیان نەگەیشتبوو، جگە لە ژیان و ئاسایش، بیریان لە هیچی دیکە نەدەکردەوە، ئەوان لە زووەوە قاڵبووی پەنجەنەرمکردن بوون لەگەڵ کارەساتەکان، راهاتبوون لەگەڵ مەرگە بە کۆمەڵەکان،

قاڵبووی ناو ئازارەکانی ژیان و بەرەنگاربوونەوە بوون، سەرباری هەواڵە ناخۆشەکان، وەلێ ئاسۆی ژیان هێشتا لای دانیشتوانی گۆپتەپە و دەڤەرەکە مابوو، بە قەتماغەی مەرگەوە بەهارەکەی تەڕ و پڕ و خۆش بوو, دەغڵ و دانی ناوچەکە تا چاو بڕ بکات سەوز دەچووەوە، گۆپتەپە خاوەنی خاکێکی کشتوکاڵی بەراو و زەوی دێمی بە پیت و بەرەکەتە، کێڵگەی بەرینی گەنم و جۆ، مەرەزەی سەوز، گۆلی تەماتە و سەوزە، کێڵگەی لۆکەو گوڵە بەڕۆژە، بامیە و شوتی، رەزی ترێ و باخی هەنجیر و قەیسی و هەنار، سەوزایی گۆلە توتنەکان، ئەو ناوەی نەخشاندبوو، گوڵەگەنم و جۆ و گوڵەبەڕۆژەکان سەریان نابوو بە سەری یەکەوە، لە سوجدەدا بوون بۆ تیشکی زێڕینی خۆرەتاو، هەموو تێکڕا بە داماوییەوە سەیری گۆپتەپەیان دەکرد، هەستێکی نەرم، کزەبایەکی خەمگین مژدەی هاوینی پێبوو بە هێمنی هەڵیکردبوو، گولیلکە نیسان لە ناو ئەو دەریای سەوزاییەدا کەروێشکەیان دەکرد، دەغڵ و دانی ئەو دەشتاییە بۆ ژیان سەمایان دەکرد، کە چاوت بە شیو و دۆڵ و دارەکان دەکەوت، هەستت بە سوکنایەتی لە رۆحەوە دەکرد، رۆژێکی ساماڵ و خۆش، لە قولایی ئاسمانیش پەڵەهەورێك بچوك نەدەبینرا، شینایی ئاسمان ئاوی لەچاو دەهێنا، نوزەی کزەبای دەشت بە هێواشی، نەرمە جۆلانێی بە دەغڵ و دانی ئەو دەڤەرە دەکرد، لە دوورەوە کەروێشکەی دەغڵ و دانەکە شادی دەزاندە قولایی دڵەوە، لە دڵەوە پەیتا پەیتا هەواڵی ناخۆشی بۆ دەهات و لە دوورەوە گوێبیستی لێدانەکانی دەبوو، دڵەکانی ئەو رۆژانە ئارامییان لە دەست دابوو، گڤەی ئەو شنە بایەیەی بۆنی رووبار و باخەکانی لەگەڵ خۆیدا بۆ هەناو دەهێنا.

خۆرەتاوی ئەو ئێوارانە تیشکی زێڕینی بەسەر دۆڵ و شیو و هەڵەت و تەختاییەکانی قەڵاسێوکەو شێخ بزێنیدا بە یەکسانی دەبەخشییەوە، رووباریش بە گەورەیی خۆی بەردرابووەوە، تریسکەی تیشك دانەوەی تەنەکەی سەر شانی کچان، لەگەڵ بریقەو باقی جلە رەنگاوڕەنگەکانیان لە دوورەوە دەبینران، جوانییان لە گولیلکە نیسانی بناری تەپۆلکەکان دەسەندەوە.

خەڵکی دەڤەرەکە چەندین ڕۆژ بوو لە دڵەڕاوکێیەکی گەورەدا دەژیان، هەواڵ لە دوای هەواڵیان پێدەگەیشت، پەیام لە دوای پەیام لە شارەکانەوە دەهات و بروسکەئاسا خۆی دەکرد بە ناوچەکەدا، بەخێرایی بە شاخ و هەڵەتەکاندا گوزەری دەکرد و خۆی دەکرد بە ماڵاندا، هەمووی باسیان لە نزیکبوونەوەی هێرش دەکرد بۆ سەر ناوچەکەیان، هەموو هەواڵی مەرگ و ماڵوێرانی بوون، خەڵکەکە نیگەران بوون لە چارەنووسی نادیاری خۆیان، پەیتا پەیتا لە شارەکانەوە لە کەس و کاریانەوە نامەو ڕاسپاردەیان پێدەگەییشت بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن، وەلێ ڕێگاکانی دەربازبوون هەموو گیرابوون، دەروازەکانی ژیان پێوە درابوون، هیچ ڕێگایەکی ڕزگاربوون بۆ خەڵکەکە نەمابوویەوە، تاکو لە هێرشی دوژمن بۆ سەر ناوچەکەیان بدۆزنەوەو خۆیانی لێ قوتار بکەن، هیچ دەروازەیەکی دەرچوونیان نەهێشتبوەوە بۆ جەماوەر، کەچی ئەوانەی ڕێگرییان لە خەڵکی ناچەکە دەکرد دەرباز بن، خۆیان لە کاتی هێرشەکەدا وەکو زەوی قوتیانی دابێت، هەرە سیمبولەکانی قەرەمانیەتییان لە بەردەم شاڵاوی هێرشەکان بە چۆکدا هاتن، نەیانتوانی یەك چرکە داکۆکی لەو شوێنانە بکەن، کە پرسگەی ڕێگەگرتن لە دەرچوونیان بۆ جەماوەر تیادا دانابوو، بەمەیش هەزاران نیچیریان خستە بەردەست تاوانباران، نەیانزانی ئەوەی دەیکەن تاوانێکی نێونەتەوەییەو بە تاوانی جەنگ بە ناوبانگە، بە بارمتەکردنی خەڵك بۆ ڕزگارکردنی خۆیان، ئەوان وایاندەزانی وا ڕاهێنرابوون هەر کارێك بکەن ئازادن، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەن یاسا نایانگرێتەوە.

سەیرکەن و جوان سەرنج بدەن و بنوارن، بزانن چۆن کاك مەلا شاخی ئازایانە باسی ئەم ڕاستییەمان بۆ دەکات، کە لە کتێبی ئەنفالی خاڵخاڵان چاپی یەکەم ٢٠٠١ دەڵێ:سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣-٥-١٩٨٨ لەسەر داوای (مامۆستا باپیر) لە بینایەی قوتابخانەکەی گوندی (پەڵکانە) لە ماڵی (وەستا سابیر) کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا، بەمەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخ و مەسەلەی خۆسازدان و بەرنامەداڕشتن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر سنوورەکان.

لەو کۆبوونەوەیەدا رەخنەی ئەوە لە بەندە گیرا، چۆن سەربەخۆ مۆڵەتی هەندێ خێزانم داوە کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم.

دیارە ئەوە تەنها نموونەیەکە لە ناو دەیان نموونەی دیکە، لەمبەر و ئەوبەری زێ، بەرپرسان رێگریان لە خۆدەربازکردنی خەڵك دەکرد، سنوورەکانی دەربازبوونیان لەبەردەم خەڵکەکەدا داخست.

لەو لاوە لایەنێکی دیکە بە پێچەوانەی لایەنەکەی مەلا شاخییەوە کە (ی.ن.ك) ە، پارتییەکان هەموو ورەیەکیان لەدەستدابوو، بانگەوازی خۆقوتارکردن و بێئومێدی بەرگرییکردن و کۆتایی خەباتی چەکدارییان دەدا بە گوێی خەڵکەکەدا، ئێستایش خاوەندی سەروەرییەکانی خەباتی چەکدارین! ، وەك چۆن ئەوانەی رێگرییان کرد لە دەربازبوونی خەڵك بوونەتە خاوەنی کەسوکاری قوربانیان.

لە رۆژانی پێش ئەنفالی چوارەمدا ئەو پێشمەرگانەی لە گەرمیان و قەرەداغ شکابوون؛ هاتبوونە گۆمەشین و خۆیان کۆ دەکردەوە، لە کوڕێکی هەرزەکاری خەڵکی گۆمەشین پرسیارمان کرد، کە لەو دەمەدا تەمەنی سیانزە ساڵ بوو، مەزەندەی (٢٠٠-٣٠٠) پێشمەرگەی دەکرد کە لە سەرەتای مایسدا لەو ناوەدا بوون، رۆژێك دوای هێرشە کیمیاوییەکەی گۆپتەپە، بڕیاریان دابوو بڕۆن بۆ ئێران و تراکتۆری گوندنشینەکانیان گرتبوو بۆ گواستنەوە، خەڵکی گۆمەشین دەستەو دامێنیان بوون زۆریان لێپاڕانەوە واز لە خەڵکەکە بهێنن و تاقە هۆکاری دەربازبوونیان لە دەست نەکەنەوە، بەڵام پێشمەرگە گوێیان پێنەدان، بە هەرحاڵ دەمەوبەیان تراکتۆرەکان بە بەتاڵی لەگەڵ شۆفێرەکانیان گەڕانەوەو خەڵکی کەوتنە راکردن بەرەو لای کۆیە، لە هەموو ساڵە نەهامەتییەکانی کورد لە سەر زەوی، بە پێچەوانەوە ئاسمان بەزەیی بارانی خۆی بەسەر خاکدا دەبارێنێت، ئەو ساڵەیش بەهەمان شێوەی ساڵە سەرەخۆرەکانی دیکە، خاك تێرەو قوڵپی رشانەوەی ئاوی باران دەدات، بەڵام خۆشی ساڵی هات بەو خەڵکە چی

ئەوان چارەنووسی خۆیان، لە ئاوێنەی چارەنووسی خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ دەبینییەوە، ئەو سەروەت و سامانەی بە رەنجی چەندین نەوە کۆیان کردبوویەوە، ئەو چرکەساتە باری گران بوو بۆیان، نەیاندەزانی چی لێبکەن، هیچ ئومێدێك بە ژیان لای خەڵکی ئەو ناوچەیە نەمابوو، ژیان زۆر ناشیرین ببوو، مەرگ خەریك بوو وردە وردە لە دڵی خەڵکەکەدا شیرین دەبوو.

بێستوون باسی کرد: چوومە ماڵێك، پیرێژنێك تاقە بەرانەکەی بۆمان سەربڕی بوو، وتم نەنە بۆ لە وەڵامدا وتی رزقی منی تیا نەماوە، کوڕم دەزانی کە سەربڕی دەبڕم وەك ئەوە وایە چەقۆ لە ملی خۆم بنێم؟، بەڵام ئێوە نەیخۆن جاشە خوێڕیەکان تاڵانی دەکەن، گۆشت قابیل بە هەڵۆیە، عافیەتتان بێت کوڕم، نۆشی گیانی بکەن بۆ سبەی خوێڕییەکان جاشەکان گرتیان و کردیان بە دیاری مام ئەحمەدیش لە سەر تەپکی هەورازێك راکشابوو، ئاخی ژیان لە هەناویان کڵپی دەدا، بە دیار گەنمەکەیەوە بە کوڵ دەگریا، فرمێسکی خۆی دەخواتەوە و نەرمە گرییانەکە دەکات بە هەنسك، هەنسکەکەیشی بە قوڕگ قوت دەداتەوە و دەیکرد بە ورە و دەیشاردەوە، لەگەڵ هەنسکی گریاندا بە نەرمی گەمەی بە سەمای ئەو گەنمە دەکرد، کە لە بەردەستی کەروێشکەی دەکرد، هیچ ئومێدێکی پێ نەمابوو، دەتگووت گیسکێکی ماڵییە، لەبەر خۆشەویستی خاوەنەکەی هارو هاجییەکەی قووت داوە، گەنمەکە بە پێچەوانەی خاوەنەکەی رۆژ بە رۆژ باڵای دەکردو دەچوو بە ئاسماندا و قەڵەو دەبوو، نەیدەزانی ئازاری ئەنفال چەندە ترسناکە، بەڵام خاوەنەکەی چرکە بە چرکە لە لاوازی دەدا، رووی کردە ئاسمان و هەناسەیەکی قوڵی بۆ هەڵکێشاو بە نەرمییەکی پڕ لە ئازارەوە وتی: دەبێت کێ بتخوات؟، کەمێك ئاوی خواردەوە، تنۆك تنۆك بە لێویدا هاتە خوارەوە، لە لچی سەرەوە نەرم نەرم دەرژایە سەر لچی خوارەوەی، پاشان گۆچانەکەی تاو دایەوە بەرەو ناو ئاوایی گەڕایەوە، بە دڵساردییەوە ئەو جێگەیەی بەجێهێشت، لە دڵی خۆیدا بیری لە ژیانی خۆشاردنەوەو ئاوارەیی و گەڕیدەیی پاش کارەساتەکەو لە

دەستدانی ئازیزانی دەکردەوە، گەورەترین کارەساتی ژیان ئەوەیە، لە چرکەساتێکدا جڵەوی ژیان لە دەستی خۆتدا نەمێنێت، دەیزانی پارەیش بە کەڵکی ئەم ڕۆژە رەشە نایات، بیری لەوە دەکردەوە چۆن کەڵەکێك بۆ پەڕینەوەی ماڵ و مناڵەکەی لە زێ دابین بکات، هێشتا هەواڵی بەردانەوەی زێیەکەی پێنەگەیشتبوو، وەلێ لە ترسی بەرپرسەکانی پارتی دەسەڵاتداری ناوچەکە بیرۆکەکەی خۆی قوت دەدایەوە، ئیرەیی بە با بە پاساری؛ بەهەموو شتێك دەبرد کە ئازاد بوون، وێنەی منداڵەکانی بەردەوام بەربینیان پێی دەگرت.

ڕۆژەکانی پێش ئەنفالی گۆپتەپە (چوار)ەو، پاشماوەی خەڵك و پێشمەرگە رزگاربووەکانی ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان، ئەوانەی رزگارییان بووە لە مەرگ، وا لە ناوچەکانی شوان و شێخبزێنی و قەڵاسێوکەو ڕۆژهەڵاتی کۆیە، لەم گوند بۆ ئەو گوند دەخولێنەوە، لە ناوەڕاستی مانگی چوارەوە ووردە ووردە لە دەڤەری گەرمیان و قەرەداغەوە پەڕینەوە بۆ ناوچەکە، ئەوەی خۆی دەرچووە و سەری ساغە؛ کەس و کاری وونە و ئەنفالکراوە، وەلێ بەلایانەوە ئاسایی بوو. هەموو لە چاوەڕوانی بەردانیاندا بوون، لەو ڕۆژگارە ئەوەی بیری لێنەدەکرایەوە، ئەوە بوو کە ئەو کەسانەی دەستگیرکرابوون ئیدی نەیانبیننەوە، هیچ کەس لەو سەروبەندە هەستی بە گەورەیی قەبارەی تاوانەکە نەدەکرد، نە وشەی ئەنفال بە هەند وەردەگیرا، نە قەبارەی زیانەکانیش ژمارەیەکیان هەبوو، کێ بیری لەوە دەکردەوە ئەو هەموو منداڵە شیرەخۆرەیە لە پێش گەورەکانەوە لە ناو حەوزی تێزابدا بتاوێنرێنەوە، یان ببەخشرێن، پیرەکان سەگ بیان خوات و پاکیزەکانیش لە بازاڕەکانی کۆیلەدارییدا بفرۆشرێن، کەس لە ئێمە لەو ڕۆژگارەدا نەمانزانی و پەیمان پێی نەدەبرد، بارستایی ئەو تاوانەی کە ناوی ئەنفالی لێنرابوو ئەوەندە گەورە بێت، دەنا وێنەیەکمان لێی دەگرت و دەنگێکمان تۆمار دەکرد، لەو ڕۆژگارەدا ئەنفال هەمووی چەند هەفتەیەك بوو ئاشنایەتیمان لەگەڵ ناوە کوردەوارییەکەی پەیدا کردبوو، تازە (کامل ساجد) بە بەری کوردییدا بڕیبووی.

پاش عەسرانێکی خۆش، ئاسمان پەڵەهەور بە دەم و چاوییەوە دیار نەبوو، خەڵکەکە چاوەڕوانی بانگی ئێوارەیان دەکرد، تاکو لەو ڕەمەزانە ڕۆژووەکە فریایان بکەوێت و لە دەردو مەرگەساتە رزگاریان بکات، لەڕۆژی سەختیدا ئاساییە سرووتی ئاینی زیاتر زاڵ دەبێت بەسەر بیر و هۆشی مرۆڤەکاندا، لە ناکاو چەند کۆپتەرێك هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە، خولێکیان بەسەر گۆپتەیدا لێداو بەخێرایی گەڕانەوە، پاش چەند دەقەیەك نزیکی کاتژمێر ٥,٣٠ ئێوارە؛ ستونێك دوکەڵی سپی لە ئاسمانی بەری عەسکەرەوە چوو بە ئاسماندا، گوندی عەسکەر بۆ خۆی لێمانەوە دیار نەبوو، کەوتبووە پەناگەوە، دوای زانیمان ٩ کەس لە گوندی عەسکەر ببون بە قوربانی پاش کەمێك، ٦ فڕۆکە ( ئەوەی من لە دورەوە بینیم) هاتنە سەر ئاسمانی گۆپتەپە، دوکەڵی قینی پەنگخواردویان باراند بە سەریدا، نەڕەی فڕۆکەکان زۆر گەورەتر بوو لە دەنگی بۆمبەکان، دوکەڵێکی سپی ئاسمانی گۆپتەپەی لێڵ کردبوو، پاشان دوکەڵەکە وورده وورده بەرەو ئاسمان هەڵکشا، سواری سەری شینایی ئاسمانە ساماڵەکە بوو، نە بریقەو باقی تەنەکەی ئاوی سەر شانی کیژانی هێشت، نە تیشکی زێڕینی خۆرەتاوی پاش ئێوارانی بەهار ما، گەردەلولی کیمیابارانەکە لە بەر چاومە، لە دورەوە جێگاکەی بانگەوازی مەرگی بە کۆمەڵی دەدا، ئەوەندە چڕ بوو، لە قورساییدا ئاوس ببوو، سکی لە زەوی نابوو، بە گرانیی سەردەکەوت بۆ سەرەوە و دەچوو بە ئاسماندا، باڵندەکان لە ناو دوکەڵی کیمیاییەکە مەلەیان دەکرد و بەردەبوونەوە، دوکەڵەکە بە هەر چوارلادا پەلی دەهاویشت و بە دوای مەرگدا دەگەڕا، تاکو بە یەکسانی بەسەر خەڵکەکەدا دابەشی بکات، سەری دەکرد بە هەموو کون و کەلەبەرێکی دەڤەرەکەدا، هیچ جۆرە زیندەوەرێکی لە مەرگی خۆی رزگار نەدەکرد (مرۆڤ، ئاژەڵ، رووەك، تەنانەت زەوی)؛ بە یەکسانی دوکەڵی مەرگەکەی دابەش دەکرد بەسەر هەمووواندا، نەیدەویست کەس و هیچ شتێك بێبەری بکات لە مەرگەساتەکەی، شێخ و مسکێن، هەژار و دەوڵەمەندی پێکەوە بەردەدایەوە سەر زەوی، ناو کێڵگە، روبارەکە، وەشومەی مەرگەکە بە ناو کۆڵانەکانی

گۆپتەیەدا غلۆر بوویەوە بۆ دەم زێیەکە، تەنەکەی ئاوو کچۆڵەی تازە هەڵچوو، دایك و منداڵ کە مەمکی دایکی بە دەمییەوە بوو؛ پێکەوە دەیانی دا بە زەویدا، پشیلەو سەگ و کەر و کۆتر و مەڕ و بزن هتد، هیچیانی بێبەری نەکرد لە کارەساتەکانی خۆی، هەموویانی لەگەڵ زەویدا جووت کرد، خەڵکێکی زۆر لەسەر کێڵگەو مەزراکانیان بە دەوری یەکدا مردن، لە کاتێکدا هەندێکیان خەریکی کشتوکاڵی بوون، هەندێك کەسی دیکە کەوتنە زێیەکەوە، زێیەکە زیادیکردبوو، چ ئاوەکە لە دوکانەوە بە نەخشە بەردرابوویەوە، رژێم هەردەم لەکاتی هێرشەکانی بۆسەر ناوچەکە، پێشتر ئاوەکەی بەردەدایەوە، تاکو پێشمەرگەو خەڵکی دەڤەرەکە نەتوانن ئەمبەر و ئەوبەر بکەن بە کەڵەکە دارینەکان، دواتر چەندین لاشە لە روبارەکە دۆزرانەوە، هەندێکیان دەم و چاویان رەش هەڵگەڕابوو بە دووکەڵ داپۆشرابوو، ئەوانی دیکە ئاسایی بوون بەڵام رەق ببوون، من دایکێکم بینی مەمکی لە دەمی کۆرپەکەیدا بوو و لەو دۆخەدا رەق ببوو، بەڵام هیچم پێنەدەکرا، ئەو خەڵکەی هەمان بەیانی نمەکیانم کردبوو، ئێستا وا لە دوورەوە شایی مەرگیان بە کۆمەڵ بە چاوەکانی خۆم دەبینم، هیچ چارەسەرێکیان پێ نەبوو بۆ ئەو مەرگەساتە گەورەیە، مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو چرکەساتەدا هەمووی بە فلسێك.

شەو لەم ئێزگەوە بۆ ئەوەی دیکە، لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، بەدوای هەواڵی مەرگی ئەو زاروك و ژن و خەڵکەدا گەڕام کە بە چاوی خۆم بینیم، هیچ رادێویەك باسی ئەم هەواڵەیان نەکرد، دەتگووت لە ئەستێرەیەکی دیکە ئەم مەرگەساتە رووی داوە، هەموو باسیان لە پێکلێدانی بەرپرسانی چەپ و راست، شەڕە بەردی غەزەو پاریس، دادگاییکردنی پۆلپۆت، گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی، ریشی خومەینی دەکرد.

هێواش هێواش دوکەڵەکە بەرز بوویەوە بۆ ئاسمان، ئەوجا کەوتە کوشتنی تیشکی خۆرەتاوی سەر گوندەکە، شینایی ئاسمان، جریوەی باڵندە، هەموو سەرتاپا پێکەوە

مەرگ بردیانییەوە، کاتێك تیشکی خۆرەتاوەکە خۆی دەدا بەسەر پشتی دوکەڵی کیمیاوییەکەدا دەگەشایەوە، کیمیاییەکە ئاوس بوو بەو هەموو ڕوحەی هەڵیانی کێشابوو، رۆحی مرۆڤە باش و خراپەکان پێکەوە، بە سەر پشتی ژەهرەکەدا دەچوون بۆ جیهانێکی دیکە، رۆحیانەتی هەژار و دەوڵەمەندەکان پێکەوە دەفڕین، ئەوانەی لە هەموو ژیانیاندا کێشەیان لەگەڵ یەکدا هەبوو، شێخ و مسکێن، ئاغاو جوتیار؛ ئەو رۆژە تەنها ئەو چرکەساتە یەکسان بوون، گۆپتەپەیش بە دیار ئەو کارەساتە گەورەیەوە هاتبووە گریان و بەچۆکدا هاتبوو، تنۆك تنۆك خوێنی لێ دەتکایەوە .

ئەم تاوانە لە گوندێکی وەك گۆپتەپە، زیاتر لە ٣٠٠ هاوڵاتی شەهید و برینداری لێکەوتەوە، رۆژی دواتر بریندارەکانیش حەزیای ئەنفال بەرەو مەرگیانی هەڵکێشا، بە دەم ترس و برینداری رۆژی پێشترەوە هێرشکرایە سەریان، بەهۆی برینداریانەوە نەیانتوانی خۆیان رزگار بکەن، ئاخر چۆن بتوانن، زیندووەکانیش هەموو دەستگیرکران نەك هەر بریندارەکان، بە تولەڕێی بناری زێیەکەدا ویستیان خۆ رزگار بکەن، بەڵام بە کۆمەڵ دەستگیرکران، بۆ رۆژی ١٩٨٨/٥/٤ هێرشی زەمینی دەستی پێکرد، گوندی گۆپتەپەی روخاند و لاشەی کوژراوانی بۆردومانی رۆژی پێشتریشی بە شۆفەڵ خستە ناو گۆڕێکی بە کۆمەڵەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەك زیان بە تەندروستی پیاوانی رژێم بگەیەنێ.

بۆ سبەی رۆژ زوو لە خەو هەستاین، هێشتا تاریکایی بۆلێلی بەیان باڵی بەسەر گوندی جەلەمۆرددا کێشابوو، خۆمان بۆ چارەنووسێکی نادیار ئامادە کرد، بابۆڵەیەکی گەورەم پێچایەوەو دانەیەکیشم کردە گیرفانم، چنگێك خوێشم لە لایلۆنێك ئاڵاند کردەمە تورگەکەی کۆڵمەوە، کە بە پەڕۆ لە جیاتی کۆڵەپشت دروستم کردبوو، لەو کاتەدا وامدەزانی، خۆشەویستیم بۆ نیشتیمان تا ئێستایش لەو چرکەساتەی ئەو دەمەدا دەژیم، بۆ لێڵی ئەو بەیانیە بۆیە (سەربەستە درێژ) لەناو جەلەمۆرد هاواری دەکرد

شیوعییەکان ترسنۆکن هیچ نیە هێرش نییە دواتر بۆ هەتا هەتایە لەو چرکە ساتەوە ئیدی ببڕای ببڕ نەبینرایەوە، ئێمە قارەمانانی پێشتر، هەموو تێمان قوچان، ئەوانەی دەسەڵاتدار و فیرعەونی دەڤەرەکە بوون، بە ئەندازەی ئێمەیش بەرگەیان نەگرت، لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم پرشنگی بەیانی لە گوندەوە بە دوای یەکدا دەرچووین، ئاسۆ هێشتا سوور بوو، پاشان هەتاو لە سەر گۆپتەپەوە دەرکەوت، بە دوای ئێمەیشدا خەڵکەکەیش مقۆ مقۆیان تێکەوت، لە بەر چاومە پیرەژنێکی ٨٠ ساڵە، سیمای خەمگینی بە دەموچاوییەوە دەبینرا و هاواری دەکرد حەرەس قەومی دێت خۆتان رزگار بکەن، غەدارن سەردەبڕن، زمان لە بن دەردێنن، دامانی کراسەکەی لەبەر پێی دەخشا، مەنجەڵە کوڵێك بە دەستێکییەوە و قۆرییە چایەك بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو، دەیەویست لە تاڵانی جاشەکان رزگاریان بکات، دەیانی دیکە بەهەمان شێوە بەو سەحەرە دەبینران، جوڵەی ئەو پیر و منداڵانە کە لە چاو تەمەنیاندا زۆر چوست و چالاك بوون، هەموو ماڵەکانیان بەجێهێشت، جگە لە جاشەکان دزی دیکە نەمابوو، منداڵ بە دەم کرۆزی گریانەوە بە دەست دایکیەوە هاواری دەکرد، فریای هەنگاوەکانی دایك و باوکیان نەدەکەوتن، چاوی هێشتا بە خەوی خۆشی بەیانیانی بەهارەوە بوو، بە پێی پەتی بەدەم گریانەوە و بە توندی بە دوای دایك و باوکیاندا رادەکێشران، خۆیان گران کردبوو نەیاندەویست گوندەکەیان بەجێبهێڵن، ژنانی چارشێوە لەسەری کۆڵ لە پشت و چارۆگە لە ملی پڕ لە خۆراك، مێردمنداڵەکان، بە نەرمە غار بە دوای دایك و باوکیانەوە رێیان دەکرد، هەندێکیان تورەگە پڕ لە خۆراك و مەتارە ئاو بە دەستیانەوە بوو، پیاوەکانیش هەریەکەیان کۆڵێك لە کۆڵیان و یەکی دیکە لە بن هەنگڵیان، دەمووچاویان بۆ چارەنووسێکی نادیار لە ترسی هەژاری و مەرگ غەزەبی لێدەباری، پێکەوە هەنگاویان دەنا تاکو خۆیان بشارنەوەو حەشار بدەن، وەلێ نەیانزانی جاشەکان و پێشمەرگە تەسلیمبووەکان؛ کە هەمان بەیانی نمەکیانیان کردبوو، شارەزایی کون و کەلەبەری دەڤەرەکە بوون، بن بەرد بە بن بەردی ناوچەکە

شارەزا بوون، هەموویان دەدۆزنەوە، دەیانکەن بە دیاری بۆ مەرگ، چاوم گرِدا مام ئەحمەدم نەبینیوەوە، لاوێك لەسەر رێگاکە راکشا بوو چاوەڕوانی هاتنی یارەکەی دەکرد، تاکو بۆ دواجار تێی بڕوانێت، کەمێك لە ئاوی مەتارەکەی نۆش کرد، بە حەپەساوییەوە سەیری خەڵکەکەی دەکرد، بەڵێ ئەو خەڵکە بێتاوانە، جاشەکان هەموویانیان لەو کون و کەلەبەرانەی قەڵاسێوکەدا، لەناو هەردەو چیاکان، کەندڕ و تاوێرەکان، کونە شاخ و ئەشکەوت و دۆڵەکاندا دۆزییەوە و بە کۆمەڵ ئەنفالیانیان کردن، بابە روتەی جەلەمۆرد بووە دوا وێستگەی ژیانی ئەوان، لەپاڵ هەزاران مرۆڤی دیکە بە کۆمەڵ بوونە خۆراکی ئەو ئۆپەراسیۆنەی ناوی ئەنفالی چواری لێنرا، جەلەمۆرد بە ٤٨٠ ئەنفالکراوەوە بووە سەرقافڵەی گوندە ئەنفالکراوەکانی کوردستان، ئێمە دوا شاهیدی زیندو بووین ئەو رۆژە لەگەڵیان، ئەوەیشی هەیان بوو هەموو تاڵانکرا، لە گەرمەی ئەم کارەدا واتە لێسەندنی پارە و زێڕ و شتی بە نرخ لە گوندی جەلەمۆرد جاشێکی کورد نارەزایی دەربڕیوە ئەفسەرێکی سوپایش بە تورەیی گوتبووی ئەو خەڵکانە بۆ کوشتن دەبرێن ناتوانن پارە و ئاڵتونەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن، چونکە یاسای دەوڵەت دەڵێت دەبێ ئەمانە لەناو ببرێن, سەرەڕای ئەمەیش جاشەکە چەککرا .

هەموو ئەوانەی پێشتر رێگای دەرچوون و خۆڕزگارکردنیان لە خەڵکەکە گرت، وەك هەڵم چوون بە ئاسماندا لەو رۆژگارە دژوارەدا کەس نەیانی بینییەوە، تەنانەت چەندێکیان بوونە چاوساغی راوکردنی خەڵکەکە، ئەوانی دیکەیش بەشێکیان لە سنورەکانیش خۆیان نەگرتەوە کە ئەنفال دەستی پێکرد.

لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چواردا، ئەم هێزانە سەرباری چەندین مەفرەزە خاسەی جاش پشکدار بوون: فەرماندەیی هێزەکانی نەسر بە سەرۆکایەتی عەمید روکن خالید ئەحمەد ئیبراهیم، هێزەکانی ٤٦ بەسەرۆکایەتی عەمید عەلی ئەحمەد محەمەد، فەرماندەیی جەحافلی دیفاعی وەتەنی ١، فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاریی نەوت بە سەرۆکایەتی

عەمید بارق، تیپی ٣٨ ، تیپی پیادەی ئالیات ٥، تیپی پیادەی ٨، تیپی پیادەی ٢، ئامریەی مەواقعی فەیلەق ١ بە سەرۆکایەتی عەمید روکن عەلا محەمەد تەها، لیوای پیادەی ٤٤٤، لیوای پیادەی ١١٠، لیوای پیادەی ئالیات ٤٦، لیوای مەغاویری ١ ی فەیلەق ١، فیرقەی مەغاویری ١٠، لیوای قوات خاسەی ژمارە ٦٥ و ٦٦ و ٦٨، لیوای زرێپۆشی ٤٦، فەوجی مەغاویری فیرقەی ٢٨و٢٧، فەوجی جاش و مەفرەزەی تەواری سلێمانی و کەرکوك، هێزی ئاسمانی و کەرتی کیمیاوی و یەکەکانی هەواڵگری و ژمارەیەك هێزی جۆراو جۆری دیکە.

ئەو سوبحە تەپ و تۆزی ئۆتۆمۆبێلی جاشەکان لە دوورەوە دەبینرا، چەندین کیلۆمەتر وەك مار پێچی دەدایەوە و خولی دەخواردەوە، لەهەرچوارلاوە دەهاتن، سەروبنیان دیارنەبوو، لە دورەوە هەڕەشەیان لە جەماوەری ناوچەکە دەکرد، کاروانەکانی مەرگ، کە جاشەکان لەناو بەڕازیلی و شۆفرلێتە سورەکانییانەوە لە پێشەوەی بوون، لە کێبڕکێی هێرشدا بوون بۆ کاولکردن و سوتاندنی کوندەکان و گرتنی خەڵکەکەی و تاڵانکردنی سەروەت و سامانەکەیان .

ئەو رۆژە، لە هەرچوار لاوە هێرش دەستپێکرا، ئەوەی لە یادمە؛ لە چەمچەماڵەوە بە سێ قۆڵ بۆ(کانی عارەبان، شێخ پاڵەوان، پەڵکە رەش)، لە تەقتەقەوە سێ قۆڵ (قەرەناو، مخەڕەس، جگیلە), لەکۆیەوە بۆ(شەوگێڕ، بناری حاجی قەڵا، تیمارۆك، بەری رۆژئاوا)، لە شوانەوە بۆ(جولحان، عەلی بەیان، بان کەل)، لە قەرەهەنجیرەوە بۆ (سەرخاسە)، لە گۆپاڵەوە بۆ (گەورەدێ)، لە سوسێوە بۆ(عەواڵان، چەمی سورقاوشان)، لە دوکانەوە بۆ (کلێسە)، لە پردێوە بۆ (چیا چەرمی، گەڵۆزی، تولکی، دەشتی هەولێر)، لە قوشتەپەوە بۆ (کەلی قەشقە، دەشتی هەولێر)، لە هەولێرەوە بۆ (رۆژئاوای کۆیە)، لە شیوەسورەوە بۆ (تورکمان باخ – ناڕوجە).

به بەرچاومانەوە گوندەکان دەسوتاو گڕی تێبەردەدرا، دوکەڵ و گەردەلولی شۆفڵەکان ئاسمانی ئەو ناوچەیەی داگرتبوو، کام شوێنی چەپەکە جاشەکان بۆنیان بە مرۆڤەکان ناوییەوە دەکرد و دەیاندۆزینەوە و دەریان دەهێنان، لەو ناوچە پان و بەرینە، پنتێك نەمابوو بۆ خۆحەشاردان و خۆشاردنەوەی خەڵکەکە، هەر چرکەی هەواڵی گرتنی هاوڵاتیانی بە کۆمەڵی گوندێك، خیانەتی سیمبولێکی قارەمانییەتی، نامەردی گروپێکی چەکدار- مان دەبیست.

ئێمە خۆمان گەیاندە سەر خاڵخاڵان بە دوو گولە ئار بی جییەوە، کۆپتەریش لە دوورمانەوە دەسوڕایەوە، (هیوا رەش)یش مەفرەزەیەکی برد، ئەوانی دیکە هەموو ورەیان توابوویەوە، ئەو خەڵکەی رێگری رزگاربونیان لێکرابوو، نەیانتوانی بۆ چرکەساتێکیش داکۆکیان لێبکەن.

ئەو ئۆپەراسیۆنە وەك قەلەڕەشی شووم، لە دوای ئەنفال دنیایەکی تازە بوو، نەك ژیان بگرە کازیوەو نەسیمی بەیانیشی نەهێشت، بێ خشپە رێمان دەکرد، کەس نەمابوو جگە لە رێبواران و پێشمەرگەی تاك و تەرا، لە ناو پاشماوەی گوندی روخاو، دیواری رماو، باخچەی وشکەوە بوو، کێڵگەی جێهێڵراو رێمان دەکرد، کوردستان ببوە گوندی کاول، دارستانی رەشی قەرەبروت، کوچەی گیراو و داری سوتاو چیای چۆڵ و کێڵگەی فەرامۆشکراو، هیچ نەمابوو، تەنها باوەڕ بە ژیان، بەناوترس و گوماندا رێمان دەکرد، ترس و گومان لە هەموو شتێك، لە جاش، لە قارەمانە روخاوەکان کە ناوچەکە وەك ناولەپی خۆیان شارەزا بوون، قەت نەدەبوو دووجار بە یەك تولەڕێدا بڕۆیشتباین، لە هەموو ئەوانەی لە شێوەدا مرۆڤ بوون؛ لەو رۆژگارە لەجیاتی رێوی هەردەم کەروێشك بەرەو پیریمان دەهاتن.

ئەنفالی چوار پاش سەرکەوتنەکانی عێراق هات لە بەرەکانی شەڕی ئێران – عێراق، بۆیە عێراقی مکوڕتر کرد لەسەر درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال.

هیچ بەرگرییەك لەو دەڤەرە نەكرا، كە ساڵی پێشتر حكومەت ناوچەكەی چۆڵكردبوو، تەنها ڕەتڵی سوسێ لە چەمی ڕێزان بەرهەڵستی سوپا دەكرا، وەك لە گوندەكانی سوورقاوشان و عەواڵان و كەڵەبەش كە پاشتر وێران كران.

دوو ڕۆژی دواتر واتا لە ٦-٥-١٩٨٨ لە دەڤەری سەر خاسە(چەمی گوندی ئاوباریك)، كۆمەڵێك چەكدار ژمارەیان نزیكەی(٧٠)چەكدار بوو، خەڵكی گوندی گوڵمكەوەو دەوروبەری بوون، پاش پەیوەندیكردنیان بە هەواڵگری چەمچەماڵەوە، بە سەرپەرشتی (شێخ مەجید – گۆپتەپەیی)، ویستیان بمانكەن بە بەردەبازی لێخۆشبوونیان لە لای رژێم, كۆی گشتی ٢٣٧ گوند لەو ناوچەیە لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار خاپوور كران.

تەنها لە ناوچەی (خاڵخاڵان) لانی كەم كۆی ٤١٦٧ كەس لە خەڵكی ناوچەكە دەستگیركران، جگە لە هەڵاتوانی شەڕی عێراق - ئێران كە لە شارەكانەوە هاتبوون و ئەو پیرانەی دواتر ئازادكران (جگە لە ناوچەی كۆیەو دەشتی هەولێر)، هەروەها ١٦٨٠ كەس لە گوندەكانی( كلێسە، بۆگد، كانی بی، قزلو، كانی هەنجیر، گۆمەشین) ئەنفالكران.

بە پێی خەمڵاندن ٢٥٠٠ كەس لە ناوچەی كۆیە ئەنفالكران كۆی گشتی لە ئەنفالی ٤ نزیكەی ٢٨٥٥٠ كەس ئەنفال كران.

ئەو كردارە سەربازییە بەشێكی لە ژێر فەرماندەیی (نزار خەزرەجی) بەڕێوە دەبرا، ئەوەندە دڵسۆزانە كارەكانی ئەنجام دەدا لە گوندی گۆپتەپە بە شایەدی كاك مودیر عەلی؛ بە پۆستاڵەكانی سەری منداڵێكی ١ ساڵەی پان كرد بوویەوە.

لەو ئۆپەراسیۆنەدا هەزاران مرۆڤ بوونە قوربانی، کەچی ئەنجامدەران و بکەرانی بە مایەی خۆیانەوە لێی دەرچوون، نە پۆستاڵ لە پێیەکی وەك نەزار خەزرەجی دادگاییکرا، نە جاشە سەرنشینەکانی بەڕازیلی و شۆفرلێتە سورەکان لە گوڵ خراپتریان پێ وترا، دەیان سکاڵایان لەسەر تۆمارکراو بانگ نەکران بۆ دادگا، نە ئەو پێشمەرگانەی سەدان خێزانی بە قۆناغ و قەمەو نێزە بۆ ئەنفالکردن گەڕاندەوە بۆ گوندەکەیان، کە دواتر ئەنفالکران؛ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا، نە ئەوانەیشی کەڵەکەکانیان بە ئاوادا تاکو جەماوەر رزگاری نەبێت قسەیەکیان لەگەڵدا کرا .

ئەنفالی چوار دووەم زیانی مرۆیی ئەنفالەکانی لێکەوتەوە، دوای ئەنفالی سێ، بەم شێوەیە خەڵکی ناوچەی ئەنفالی ٣ و ٤ بوونە قوربانی جوگرافیا، چونکە داگیرکەران ئەوەندەی دوژمنی جوگرافیان ئەوەندە لە مرۆڤەکەی ناوی نا.






**بێستون قەفاری**          **شەهید لەیلای هاوسەری**

## تەسلیمبوونەوە لە پێناو چی؟

حەمە ڕێبین وتی کاک ئەحمەد ناوێکمان لە گەڵدا بوو، کە هیچ کات تەنازولی نەدەکرد و هەمیشە گەورانە بە گەورەیی مامەڵەی لە گەڵ دەکردین، پێ دەچوو یەکێک بێت لە هاوڕێ دێرینەکانی کاک تۆفیق کە نیزام ئاسا هەنگاوی لە گەڵ کاک تۆفێق بوو؛ بۆ هەر جێگایەك بڕۆیشتبا، وەکو قەڵا، شان بە شانی بوو، گوێگرێکی باشی کاک تۆفیق بوو، جگە لەوەی ساڵانێك لە رووی تەمەنەوە لە کاک تۆفێق گەورەتر بوو، بەڵام قەدر و ڕێز باڵی کێشا بوو بە مێژووی هاورێیەتیانەوە، مێژووی هاورێیەتی کاک تۆفیق و کاك ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٨١، کاتێك هەردووکیان لە هەرێمی دووی ئەوسا خەباتی نهێنی شار و گوند گرێ دەدەن بە یەکەوە، تاجی مەزنی شۆڕشی شاخ لەسەر دەکەن، مژدەی ئازادی بە گوێی شاردا دەچرپێنن، جگە لەوەی زۆربەی کاتەکان بە شلە ساوەرێك لای کوێخا حوسێنی شەوگێریان بەسەر دەکردەوە، بۆیە ئەم دووانە هەمیشە تەبا بوون، تەنانەت سیاسەتی کۆمەڵەیش بەغیلی پێدەبردن.

حەمە ڕێبین بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی کاتێك لە نێوان رەبیەی جاشەکان بووین، پێش گەیشتنمان بە روباری کۆیە، دەبوو کەس نوقەی لێوە نەیات، کاك ئەحمەد تورەکە جگەرەکەی دەرهێناو ویستی گری تێبەر بدات کەسی دواوەی بە چرپەوە؛ کەسی پێش منی ئاگادار کردەوە؛ تا گەیشتە کاك تۆفیق چونکە نەدەبوو بچوکترین دەنگ بهاتبا تەنانەت بە نەرمی پێمان لەسەرزەوی دادەنا لە رۆیشتندا، هەواڵەکە گەیشتە کاك تۆفیق کە برا گەورەمان بوو، تا ئەو گەیشت کەسانی پێش و دوای کاك ئەحمەد نەیانهێشت ئاگر بکاتەوەو جگەرە دابگیرسێنێت، هەر چەند جارێك بەر شاڵاوی جنێوەکانی بووینەوە، هەڕەشەی لێکردین، بەڵام هەر نەمانهێشت، کە کاك تۆفیق گەیشت، بەبێ هیچ بەرهەڵستێك کاك ئەحمەد شقارتەو پەکاتەکەی خستەوە بەر باخەڵی و قەناعەتی کرد، شێوازی وتنە ئامۆژگارییەکەی کاك تۆفیق ئەوەندە بەڕێز

و ئەدەبێکی جوان بوو، یەکسەر فەرمانەکەیت قبوڵ دەکرد، بەڵام هێشتا کێشەی جنێوەکانی ماوە کە ئاڕاستەی ئێمەی دەکرد، گوێم لێبوو بە کەسی پێش خۆی ووت ببورە کە جنێوەکانم ئاڕاستەی دایکت کرد، منیش لە ناخەوە قوڵپی پێکەنینم دەداو خۆزگەم دەخواست کە بە دڵ پێبکەنم، ئاوڕێکی بۆ دامەوەو وتی لە بەر کاك تۆفێق و ئەم رەتڵە پێشمەرگەو خێزانانە نەبێت، ئێستا ئەحمەد شەمسەت پێدەناسێنم!، لەوێ زانیم کە ئەمە کاك (ئەحمەد شەمسەی قەسرۆکیە).



شەهید احمد قەسرۆکی

لە هەڵکشان و رێگا هەڵەکردنمان لە دەشتی کۆیە کە کاك حەسۆ نەسرەدین ئاغای کانیی، کۆنە ئامر کەرت و باوەڕپێکراوی پێشمەرگە بوو، یەکێك بوو لەو پیاوانەی بە پاکی مایەوە، زۆر هاوکارمان بوو لە رێگا دۆزینەوەو پەڕینەوەمان لە رووبار و چاوپۆشی کردنی جاشەکانی قاسم ئاغا و میرزا کۆیی کە لە سنووری کۆیە و تەقتەق بوون.

ئامۆژنم سەمیعە هێشتا لەسەر باسەکەیەتی و منیش سەرم لەسەر رانی دایکمەو لایەکم لەسەر بەتانیە چڵکنەکەی کاك فریاد قەسرۆکیە و بە چاو لە دارگوێز و بەڕووەکان دەروانم و دڵیشم لای قسە و بەسەرهاتەکەی ئامۆژنم سەمیعەیە و جار جارە نەنکم خەجیج جگەرەیەك دادەگیرسێنێت و دوکەڵەکەی بە با دەکات، ئامۆژنم سەمیعە ووتی: خێزانێکی کەرکوکیمان لە گەڵ بوو، منداڵێکی چەند مانگەیان پێبوو، مناڵەکە دەگریاو بە دایکی ژیر نەدەبوویەوە، دایکی ئاوارەو سەرگەردان؛ لە بەر ترسی خۆی و برا پێشمەرگەکانی، دەستی دەخاتە سەردەمی، لە دەرچوونمان لە نێوان رەبیەی جاشەکان، رۆحی مناڵەکە پەپولە ئاسا دەفرێ و بوو بە قوربانی، گیانی لە دەستدا، لاشەی ساردی لە گەڵمان بوو تا لە سماقوڵی بە خاکمان سپارد، لە سماقوڵی بارەگای حزبی سۆسیالیستی لێبوو، دوای حەسانەوەو خزمەتێکی زۆرمان کرا، بەرێکەوتین بەرەو (هیران)، بەبێ پشوو لە (هیرانەوە) بەرەو( فریزە)و (کونەفلوسە)، لەوێوە بست بە بستی هەڵدێر و شاخی هەورێ و هەڵکێشانی ئاخی تەنگی نیشتیمان و ترس و دڵەڕاوکێی هاتن و بینینمان لە لایەن جاش و سەربازانی حکومەتی رژێم، تا گەیشتنمان بە چیوەی سەروو، مانەوەمان لە چیوە، شەوە سافێکی رووناکمان ئەو شەوە لە مزگەوتی گوند بەرێ کرد، بۆ بەیانی لە کاتی (خواگەورەیە خواگەورەیەی) مامۆستای گوند، کەوتینە رێگا بەرەو بالیسان، لە بالیسانەوە بەرەو مەلەکان، بە گەیشتنمان بە مەلەکان مەفرەزەیەکی پێشمەرگەمان بینی کە (سەرباز حاجی کاکەڕەش) ئامر مەفرەزەیان بوو. ئەوەندەی پێ نەچوو یەکێك لە پێشمەرگەکانی کاك سەرباز رۆیشتن تاوەکو حەمەسور ئاگادار بکەنەوە لە هاتن و سەلامەتی گەیشتنی ئێمە، لە پڕ پێشمەرگە فەرماندەکەم کە زەمەنێکە لە دیداری دابڕابووم، بە خێمەیەکی سەوزەوە، گەڕایەوەو شاد بوومەوە بە دیداری، خێمەی ماڵمان بۆ هەڵداو سنووری مەلەکانمان گوڵڕێژی خۆشەویستی خۆمان کرد .



حەمەسور ئەوکات ئامرکەرتی کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوك بوو، بارەگای تیپی لەوێ داناو، من تاکە ژنی ناویان بووم، کە لەگەڵ برا پێشمەرگەکانم بووم، دوای ماوەیەك پشوودان لە مەلەکان، بڕیاردرا کە بەرێبکەوین، درەنگ شەوێك ویستمان باوەش بکەین بە کێوەڕەشدا، بەرەو سەرووی شاخەکە هەڵبکشێین، جاشەکانی سوارە ئاغا و هەباس ئاغا، رێگا خۆشکەریان بۆ کردین بۆ دەرچوونمان، دوای چەند کاتژمێرێک رێکردن بەرەو سەرووی شاخەکە، راکێشانی رەشمەی ئەسپەکەم بە دەستی (کارزان مەلا عەلی) کە هاوڕێیەکی دێرینی رێگا ترس و هەڵدێرەکانی شوان و ناوچەی ئۆمەرگومبەتم بوو، لە ناکاو رەشمەکە پچڕاو لە سەر ئەسپە رەش کەوتمە خوارەوە، بوو بە قیژ و قاوی کاکم تۆفیق و حەمەسور، کاکم تۆفیق جگە لەوەی شووبرام بوو، بەڵام مام و براگەورەو باوکئاسا دڵسۆزم بوو، هاوڕێی دێرێنی باوکم بوو، هەمیشە پێی دەوتم کە باوکمی چەند خۆشەویستوە، زۆر بە خەمی منەوە بوو، ئەو شەوە لە کێوەڕەش ماینەوە، ئەستێرەکانم بۆ مناڵەکەی ناو سکم دەژمارد، کە بە درەوشاوەیی ئەستێرەو روناکی مانگی ئاسمان

داهاتووی نیشتیمانم بۆ پێناسە دەکرد، لە دابەزینمان لە کێوەڕەشی ڕەش و ڕەنگینی شەوانی، لە سەر جادەی گشتی ، لە نزیك ڕەبیەی جاشەکانی ئەو سنورە، ڕێگریان لێکردین، لەوەی کە دەربازبین، ڕێگای وون بووی خۆمان بدۆزینەوە، کاتێک لە چنگ و ئازاری و ترسی ئەنفال بە دەشت و دۆڵ و شاخەکاندا پەرت و بڵاو بووین، سەرباز و جاشی کوردی چنگ لەسەرشان؛ ڕاوی خەڵك و پێشمەرگە دەنێن، ئێمە دەستەیەك لە پێشمەرگە بە ناو ئاگر و ئاسن گەیشتینە دۆڵی شەهیدان، لەوێوە هەر ڕێیەك بۆ دەرچوون دەگرینە بەر دێینەوە جێی خۆمان، ئەنفالی چوار دەوری گرتووین، پێشمەرگەکان برسین، برسێتیەك، هێزی شەڕ لە دەست دەستێنێ، هێزی ڕۆیشتنی لە پێ وەرگرتووەتەوە، خەریکە ئەو دەستە پێشمەرگەیە هێواش هێواش بە دوای یەکدی؛ بچنە ڕێزی شەهیدانی دۆڵی شەهیدانەوە، بەڵام بیرمان نەچێت جەلالمان لەگەڵە، پیاوێك لە شاخی ڕووت نان دەردێنێ، پیاوێکە کە لە ژیانی خۆی پەکی لە سەر هیچ نەکەوتووە، چی ویستووە دەستیکەوتووە، کەس باوەڕ بەوە ناهێنێ کە دەستەیەك جەلالیان لەگەڵ بێ و لە برسا بمرن، پیاوێکە دەمێکە بڕیاری داوە کە بە پێوە بمرێ، بێ واتایە ئێستا لە ئاست مەرگێکی لە سەرەخۆ، لە ئاست ڕەوە جاشێك دەستهەڵبڕێ و خۆی رادەستی ئاسمان بکات، نا، ئەوەتا، ڕاماوە  دڵنیام بیر لە چارەیەك دەکاتەوە، چاو دەگێڕێ، دەگەڕێ، بیری پەرتبووی کۆ دەکاتەوە، سەرەتا بیرم بۆ چی چوو بێ، باشە! ڕەنگە سواری مایین بێ و بچێ لە جێیەك هەر خۆی دەزانێ کوێیە، بە تورەکە نانەوە بگەڕێتەوە و ژیان بە بەر پێشمەرگە بکاتەوە، نا، تەماشاکەن، سواری ملی مایین دەبێ، بای دەدا و بە زەوی دادەدا، ئەو پیاوە چەند بەهێزە هاتە لامەوەو وتی من دەچم قسەیان لەگەڵ دەکەم، وتم بچۆ بەڵام جەلال ئاسای خۆت بێیتەوە، چوو ئێمەیش لە چاوەڕوانی ئەو ماتڵین، لە پڕ برادەران  ووتیان کوا جەلال؟ جەلال چی لێهات؟، کاکم ووتی: جەلال من ناردومە کە بچێت گفتۆگۆ بکات لەگەڵ ئەو جاشانە، کە ئێمە کوردی ڕەسەنی ئەم نیشتیمانەین و دەمانەوێ داهاتوو بنەخشێنین، ڕێگا پێدانیان

هاوکارمان دەبن بۆ نەخشاندنی داهاتویەکی جوان، ئەگەرنا ئێمە پێشمەرگەین و سڵ لە مردن ناکەینەوەو هێزێکی زۆرین، یان شەڕێکی مەزن کە مێژوو بیڵێتەوە، یان ڕێگا کردنەوەیان و دەرچوونمان بەبێ کێشە، خۆشبەختانە (جەلال ئەحمەد حەسەن) گەڕایەوە و پێی وتین ڕەزامەندن کە بڕۆین و هێشتا بۆنی باروتی شەڕەکەی ساڵی ١٩٨٥یان لە لوت ماوە، کە تیپی٢١ی کرکوك لێرە کردیان، وتبوویان هەر کات تەقەمان کرد بە زەویدا، ئەوە واتای ئەوەیە کە کەمین هەیەو ڕێگای وونبوونتان دوا بخەن و مەڕۆن، ئەگەر تەقەی گردار کرا بە ئاسماندا ئەوە بڕۆن خواتان لەگەڵ، خۆشبەختانە بەرێکەوتین و تا قڕناقاو پشتئاشان نەوەستاین.

گەیشتین بە قڕناقاو پشتئاشان و لە لایەن هێزێکی پارتی کە لەوێ بوون پێشوازیمان لێکرا، لەوێوەوە بەرەو (شێخ ئایش) و لەوێشەوە بۆ (بادیناوە) ئەسپە ماندوە هاوڕێ دێرینەکەم لەوێ مردارەوە بوو و بە خەمەوە بووم بۆی، دوای سێ ڕۆژ مانەوەمان لە ( بادیناوە )ی جوان و یەکەم لادێ و خاکی ڕۆژهەڵات، پێخەف و سەرینەکانمان کە قەبری مردوی گوندنشینەکانی ئەوێ بوو، دواجار بە بڕیاری سەرکردایەتی بەرەو (دێڵزێ) گەشتمان کرد، خێمەو ئۆتاغمان دەستکەوت، ئێستا دوای ئەو ماوە زۆر و بە هەزار نارەحەتی و ئازارو ماندوو بوونەوە لێرەین و یەکمان گرتەوە.

بیرمە ماڵمان لە دێلزێ مایەوە بۆ ماوەی شەش مانگ کە ماڵی

- کاك فریاد قەسرۆکی
- کاك نەهرۆ قەسرۆکی
- مام سەعدی قادر ئیلنجاخ
- ماڵی کاك شێروان
- ماڵی کاك مەلا نادر ئۆمەرمەندان
- ماڵی کاك مەلا شێخە

- ماڵی کاك مەلا وەیسی
- ماڵی کاك سەرکەوت گوڵمکەوەیی
- کاك حەمید خاڵی کاك سەرکەوت حەمید گوڵمکەوە
- ئەحمەد شێخ سەعید
- ئازاد شێخ سەعید

دوای ماوەیەك پیاوێکی چوارشانەو کەڵەگەت و سەوت گەورەو ریش و سمێڵ و قژ درێژ، لێمان نزیك بوویەوە بە راستی پیاوێکی کەشخە و پێشمەرگەیەکی جوان بوو، کە گەیشت دایکم بە کاك شوان و نەنکم بە نوری بانگی دەکرد، بەڕاستی بۆنێکی پێشمەرگەی لێدەهات، ئێمەی برد بۆ لای چەند خێزانێکی دیکە کە ئەو خێزانانە لە گەڵمان هاتبون، بە سەوتە بەرزەکەیەوە هاواری کرد بۆ مام سەعدی و ماڵی کاك شەهید فریادو شەهید نەهرۆ و مام قادری باغەجنێر و چەند کەسێك لە ماڵەکانی دیکە، کە زۆرێکیانم بیر نەماوە، بە هاوارێك کۆیکردینەوە، گەورەو بچوك، چەند پێشمەرگەیەکی بانگ کرد تا ئەو خواردنانە بێنن، نانێکی بەلەزەت و گۆشت و برنجێکی باشمان خوارد، دوای فامکردنەوەم زانیم کە دەعوەتی برادەرانی پارتی بووین، لەو سەردەمەدا پارتی و یەکێتی نەبوو، کاتێك حکومەتی بەعس کوردێکی شەهید دەکرد، لێی نەدەپرسی تۆ کام رێکخراو حزبیت، لە هەمووی گرنگتر لەوێ هەموویان تێکەڵ بوون، کەس لێی نەدەپرسیم تۆ شۆڕشگێڕانی یان کۆمەڵەیت؟، چونکە هەموویان لەژێر دارێك سرودی نیشتیمانیان دەوتەوە، یەك هیواو ئاواتیان هەبوو، هەر لە دێڵزێ کۆبونەوەیەکیان بەو ماڵە ئاوارە عێراقیانە کرد کە پێکەوە هاتبوین و لە عێراقەوە، باوکم و کاك شوانە، وتیان: بەیانی ئامادەی رۆیشتن دەبین و لەوێش پێکەوە دەبین، زۆر رقم لە رۆیشتن دەبوویەوە، بەڵام کە گوێم لێبوو لە دڵی خۆم وتم: ئەك برا هێشتا رێگامان ماوە، لە دڵەوە بێزارییم دەردەبڕی و لە هەمان کاتدا تێروانینم بەهێز بوو، کە مامەکانم دەبینی گوێیان لە باوکم دەگرت، حەمە رێبین وتی: لە دێلزێوە ئێمە رۆیشتین بۆ

هەنگاباد کە(ئۆردوگایەکی خێوەتگە بوو) دروست کرا بوو بۆ خەڵکی ئاوارەو بێ جێگاکان، کە گەیشتین بەوێ لەوێ سەدام حوسێن، بریاری لێبوردنی گشتی دەرکرد و زۆرێك لەو پێشمەرگە و ماڵانە گەڕانەوە، کە من و (جلال ئەحمەد حەسەن) و (زرار)ی برای و (ئەحمەد شێخ سەعید) و (ئازاد)ی برای گەڕاینەوەو تەسلیم بووینەوە، زۆرێکی دیکە لە هاوڵاتی و لە پێشمەرگە لەگەڵمان گەڕانەوە.

نیوەڕوانێك پیاوێکی جگەرەکێشی لوت گەورە و زەعیف بە جلێکی کۆنەوە هات، چەند کەسێکی لەگەڵ بوو هەموو خەڵك و پێشمەرگەکان رێزیان لێدەگرت، بەخێرهاتنی کردین و ناوی هەمووماني نوسی، بە رێزێکی زۆرەوە بە باوکمی وت تا ماوەیەك لێرە بمێننەوە، تاکو سەرکردایەتی شوێنی مانەوەتان بۆ دیاری دەکات، پاشان بەرێ دەکرێن بۆ سەقز کە خۆتان هەڵتانبژاردوە، لەوێ ماڵی کاك عەلی بچکۆلی لێیە، کێشەی خانوەکانتان بۆ چارەسەر دەکات، چونکە خانوەکانتان ئامادە کراوە، تەنها دەستنیشان کردنتان ماوە کە بە دڵتان بێت، هەروەها کاك نەوزاد لەوێیە بۆ هاوکاری ئەرزاقی مانگانەتان و دۆزینەوەی مەکتەب بۆ منالەکان، دیارە ئەو پیاوە کاك (نازم دەباغ) بوو، کە ئەوکات بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی بوو لە ئێران. کات هات و کۆکردنەوەی شتومەك دەستی پێکرد.

ئەوەنەی پێ نەچوو کاك شوان واتا برادەرانی پارتی، بە سەوتە بەرزەکەیەوە هاواری دەکرد کاکە شێخە وەرن با ئەو شتانە ئامادە بکەین تا بۆ بەیانی بیرمان نەچێت، پاش ماوەیەك مانەوەمان لە ژێر خێمە و شان بە شانی یەکتر هاوشێوەی سنگ/قولابی خێمەکانمان و ماڵ تێکەڵی لە گەڵ یەکدی و قبوڵکردنی یەکدی، بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانمانەوە، هاوشێوەی حەبل/پەتی خێمەکانمان و بەخشین و بەزەیی و دڵخۆشی بە یەکسانی ئەوپەڕی دڵخۆشیمان بوو.

جاری وا هەبوو لە نانەڕەق و جامێ ئاوی فافۆنی قوپاو زیاتر؛ هیچی دیکەمان نەبوو کە بیخۆین، بەڵام جار جارە خاچی سور خواردنی لەقوتونراو و زەخیرەی ووشکەی بۆ دەهێنایین، لە سەرووی ئەو هەموو نەهامەتی و برسیەتییەوە هێشتا دڵخۆش بووین بەوەی کە ئومێدمان هەبوو، خۆرەکەی کاك وریا ئاخجەلەری باسی دەکرد لە کۆبوونەوەکانی بەرمزگەوتی گوند، لە سەرشانی راستی ئێمە هەڵدێت و لە سەر شانی چەپمان ئاوا دەبێت ئەوەنەی تر ورەی ئازایەتی و کوردایەتیمان زیاتر دەبوو.



**ڕێباز نیزام هێمن تۆفیق شمال ملا وە یسی**

لەوێ تێر هەوای ئازادیمان هەڵمژی !هەمیشە بە دڵخۆشیی دەمانگوزەراند، بۆیە برسی نان نەبووین، گەر هەر کاتێك ماشێنێك ئەشیای بهێنایە بۆ ئاوارەکان، یەك کەس دەچوو تا بەشە خۆراك و ئاشیای هەمووانی وەردەگرت، چونکە هەمیشە خەڵکی رۆژهەڵات هاوکاری ئاوارەکانی باشوری دەکرد، لەوکاتەوە تا ئێستا هەموو خێزانەکان بە یەك خێزان تەماشا دەکرێت و مام و خاڵ ئاسا پێکەوەین.

دوای ئەو ماوەیە ماڵ و خێمە پێچراویەوەو ئامادەکاریی کرا وەکو زەخیرەو خواردن و شتگەلێکی دیکە کە پێویستی بوون بۆ ژیان.

لۆرییەکی گەورەو درێژ هات، هەموو خێزانەکان بە سەر ئەشیاکانیانەوە بار کران، ئەوەی بیرم مابێت لەو خێزانانەی کە لە لۆریەکەی ئێمەدا بوون.

* ماڵی مەلا شێخە

* ماڵی مەلا وەیسی

* ماڵی حمە سوری حسك - قوزلوو

* ماڵی سەعدی قادر

* ماڵی مام قادر باغەجنێر

* ماڵی ئێمەو هەر چوار مامەکەم

* ماڵی محمود سەر زل

* ماڵی مەلا نادر ئۆمەرمەندان

* ماڵی شەهید نەهرۆ قەسرۆکی

* ماڵی شەهید فریاد قەسرۆکی

* ماڵی کاك سەرباز حوسێن و براکانی و باوکی

* ماڵی کاك هیوا شێت

* ماڵی مام حەمیدی گوڵمکەوە

* ماڵی سەرکەوت گوڵمکەوە.

زیاتر لە سی ماڵ دەبووین و بە تێکڕای منداڵەکان ٤٠ منداڵێك دەبووین.

سواری لۆری بووین و چاوم لە دەستی مامم حەمەسور بوو کە دەمانچەیەکی پێبوو، کابرای کە هات بۆ لامان پێی وتین: نابێت هیچ چەك و تەقەمەنییەك لەگەڵ خۆمان ببەین، چونکە رێککەوتنی شۆڕشی کوردی ئەوسا و حکومەتی ئێران، یەکێك لە خاڵەکان ئەوە بوو کە بەبێ چەك دابەزن بۆ ناو شار، چونکە چەك قەدەغەیە، هەر بۆیە کە باوکم مام حەمە سوری بینی دەمانچەی پێیە، بە تووڕەیی سەرکۆنەی کرد

مامم بە گەورەی گەورەیی برایەتیان ئەوپەڕی بە ئەدەبی نواند، هەموو ئەو قسە رەق و ناخۆشانەی باوکم ئەوەی بیر هێنامەوە، کە هەمیشە دەیفەرموو لە هەر شوێنێك رەبیەیەکی بەعس گرِی تێبەربدرایە؛ دەبوو حەمەسور بەشە ئاگری خۆی دەستی تیا ببوایە، یان لەهەر شوێنێکی ئەم نیشتیمانە تەقەیەك بکرابا، ئەو تەقەیە دەبوو لە لولەی تفەنگەکەی حەمەسورەوە بووایە، کە هەمیشەیش باوکم لە پشتی بووە وەکو حەمەو سوور یان وەکو حەمەو چەکەکەی، پێشمەرگە زیندووە هاوڕێکانی شاهیدی ئەو راستیە دەدەن کە باوکم چ ماندووبوونێکی بۆ کێشاوەو هەمیشە وەکو شاخ لە پشتی بووە.

بیرمە باوکم دەیگێڕایەوە:کە هەواڵیان پێدام، حەمەسور بریندارەو ریخۆڵەی لەگەڵ خۆڵی نیشتیمان تێکەڵ بووەو قەسەڵ و پووشی دوای دروێنەی جوتیارەکان لە سك و برینی شوێنی برینداریەکەی دەچەقێت، ووتی: نێوان رێگای دووشیوان و مۆردخواردەی خواروومم نازانم چۆن تێپەڕاند، پێش بینینی حەمەسور دکتۆر هادیم بینی پێی ووتم: کاك تۆفیق حەمەسور وەزعی زۆر خراپە، هیچم پێناکرێ گەر لە چل و هەشت کاتژمێر ئەم لیستی دەرمانانەم بە دەست نەگات، کە ناوی چەندین دەرمانی تیادا بوو، ئەوە حەمەسور لە دەست دەدەین .

باوکم وتی: پڕ بە دڵ تفم لە برایەتی و باوکایەتی خۆم دەکرد، لە ئاستی بێ هیوایی خۆم بەرامبەری.

بە پەلەپەل براو کوڕە بە ئازارەکەم جێهێشت، بە تەنیاو بێکەس ملی ڕێگام گرتەبەر، پێ بە پێ بەو شەوەزەنگەی خاڵخاڵان هەنگاوم دەناو هەزارەها خەیاڵی ناخۆشم لە هزری خۆمدا دروست دەکرد، لە پڕ دەنگێکی کەمێك دوور کەوتە گوێم و لەو خەیاڵە خراپانەی مێشکم دوور کەوتمەوەو لە پاڵی دارپەڵك و ژاڵاکانی چەمی سەرووی کارێزە خۆم حەشاردا، تا دەهات نزیکتر دەبوویەوە لێم، منیش خۆم بۆ مەڵاس دابوو بە سەمینۆفەکەمەوە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی و چەند هەنگاوێك دەرچوونی لە ئاستی من، تێمخوڕی: زەلام کێیت؟ .نەجوڵێیت!

هاواری لێهەستا بە قورگی گریانەوە کورە کاك تۆفیق نەکەیت من (عاسیم )، (عاسی مۆردخواردە).

وتی دکتۆر هادی ناردوومی کە لەگەڵت بم لێی نزیکبوومەوە، پێمووت بۆ دەگریت حەمەسور شەهید بوو؟

ووتی: نا بەخوا دکتۆر هادی رایسپاردوم کە لەگەڵت بم، تاکو گەڕانەوەت بۆ لای حەمەسور با بە تەنیا نەبیت، باوکم هەمیشە ئەو هەڵوێستەی عاسی مۆردخواردەیی بەرز دەنرخاند و خۆشیدەویست.

هەر چۆنێك بوو هاوڕێ نزیکەکانم ئاگادار کردەوە کە ئەو هاوڕێیانەم هاوڕێ بوون بەڵام بە بۆن و توانای برایەتی، کە (حەمەدەمین حاجی ئەمین) و (کاك رەفعەت) لەکارێزەو (عومەر عبداللە حەسەن) لە تورکمانباخ و (ئەحمەد عەلی) و (مام کاکەڕەش) و (نادر نەجیم) لە ئۆمەرمەندان و (رەزا سەعید) و (عوبید قادر) لە تەرەقە و (رەئوفی ئەحمەد حەسەن) و (فەریقی) برای و (کاکەمەند دووشیوان) لە دووشیوان ئاگادار

کردەوە، کە ژیانەوەی حەمەسور هەوێنی دروستبوون و مانەوەی من دەبێت و ئێوە دەبن بە هەتوان بۆ بوونم لە ژیان .

بە سوپاسەوە پێش کاتی دیاریکراوی خۆی سەرجەم دەرمانەکان گەیشتن بە زیادەوە، کە هەموویان جگە لە خۆیان خەڵکی دیکەیشیان ئاگادار کردبوویەوە، لە رێگای نانەڕەق و ناو جەستەی ئافرەتەوە هێنابوویان، تا ئەو کاتەی کە دکتۆر هادی بزەیەکی پێکەنینی بۆ نەکردم من نان و ئاو و خەوم لە خۆم حەرام کرد، ئەو پێش نیوەڕۆیەی کە خەندەکەی دکتۆرهادیم بینی پێکەوە لە ماڵی (مام واحیدی مۆردخوادە)ی سەروو نانمان خوارد و دکتۆر هادی ووتی:کاك تۆفیق لە مێژووی تەمەنم و شارەزای کاری پزیشکیم ئەمە یەکەم کارم بوو کە بیکەم، لە سەدا یەك هیوا هەبوو بۆ ژیانەوەی حەمەسور، بەڵام سوپاس بۆ خوا کە باوك و برای وەکو تۆی هەیە.



**حەمە سوور دووشیوانی**

**کاتی بریندار بوونی لە نەخۆشخانەی چەم ڕەزای دکتۆرهادی**



**شەهید دکتۆر هادی**

هەمیشە ئامۆژگاریەکانی باوکمم لە یادە، کە دەیووت: قەرزاری خەڵکی هەر دوو مۆرخوادەم، چونکە تا دوو مانگ دەبوو هەموو ماڵێك رۆژانە بەرخێکی بکردایەتە قوربانی، تا حەمەسور(جگەر)ەکەی بخواردایە.

باوکم بەو جۆرە براکانی فێر کردبوو، کە بزانن شکۆی گەورەتر چیە لە خۆیان.

بەهەرحاڵ لە ترسی پاسگای ئیتلاعات دەمانچە نهێنیەکەی خستە ناو تەنەکە رۆنی خواردنەوە، دوای چەند کاتژمێرێك گەیشتینە شارێك، وەسفی گەورەیی و جوانی ئەو شارە ناکرێت، بە خەیاڵی خۆماو بەو مێشکە بچوکە گێژەم کە لە ناو لۆری بووم، هاوکات هەوا و رەشەبای رۆژهەڵات شەکەتی کردبووم، ترسم لەوە بوو، ئەو پیاوەی کە ناوی نوسین لە ژێردارەکانی قاسمەڕەش باسی مەکتەب و خوێندنی کرد، ئایا دەبێت ئێمە بخوێنین؟

ئایا دەبێت مەکتەبەکە نەروخا بێت وەکو لادێکەی خۆمان؟

ئایا دەبێت کتێب و قەڵەمەکان نەسوتابن؟

لەم خەیاڵانەدا بووم، گەیشتینە بەردەم ماڵێك و هەموومان دابەزین بە گێژ و گواڵی، پێشوازییەکی گەرم کراین، پوورە لەعلی ئاسا و ئەفرۆز ئاسای خێزانی حاجی سمایل، لە لایەن خەڵکی گەڕەك و خاوەنی ئەو ماڵەو، دڵسۆزی و بە ئەمەکی ئەو گەڕەکە وەسف ناکرێت، ئەوکات سەرکردایەتی کورد و یەکێتی تەنها چەند شارێکی دەست نیشان کردبوو، کە ماڵە پێشمەرگەکان لێی نیشتەجێ بن، وەکو سەقز و بانە و سەردەشت و مەریوان و کامیاران، ئێمە شاری (سەقز)مان هەڵبژاردبوو، کە شاری (سەقز) یەکێکە لە شارە گەورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە بواری ئیدارییەوە بەشێکە لە پارێزگای کوردستانی ئێران.

سەقز لە باکورەوە بە بۆکان، لە رۆژهەڵاتەوە بە بانە، لە خۆرئاواوە بە دیواندەرە و سنە دەور دراوە، رێگاوبانێکی تایبەتی هەیە بۆ تەواوی شار و لادێکانی، لەم ناوچەیەدا دەیان شوێنی مێژوویی و کۆنی وەکو (ئەشکەوتی کەرەفتوو، قەڵای زێویە)، ماوەتەوە، کە هەر کامیان نهێنی جیاواز لە مێژووی بوونی ئەم ناوچەیە دەردەخات. سەقز لە سەردەمی مادەکان بە (ئەسکێت) ناو براوە، دوای هێرشی (سەکاکان) و گرتنی ناوچەکە بە ساکز یان سەکاکز گۆڕاوە.

دوای هێرشی هەڤەخشترەی پاشای ماد، کە توانی سەکاکان لە ناو ببات، ئەم شارە بە ناوی سەقز مایەوە، شاری سەقز بە پایتەختی ماد مایەوەو (هەرێمێك بووە لە دەوڵەتەکانی ماد) سەقز لە هاویندا رۆژانی گەرم و شەوانی فێنکی هەیە، بەڵام لە زستاندا هەوایەکی زۆر سارد و سەختی هەیە.

زمانی خەڵکی سەقز کوردی سۆرانیە، لەو ماوە زۆرەی رابردوودا، بە هۆی پێنەگەیشتن و نەدانی کەلوپەلی پێویست لە لایەن رژێمەوە، گوندنشینەکان بۆ گوزەرانی ژیانیان زۆرتر روویان کردووەتە شاری سەقز.

کۆچکردنی گوندنشینەکان بووەتە هۆی کەمبوونەوەی کاری کشتوکاڵ لەم ناوچەیەدا، شاری سەقز هەشت هەرێمی لەخۆ گرتوە، کە بریتین لە (میرەدێ، تورخان، تیلەکۆ، زورڕخورە، سەرشیو، زێویە، کۆڵتەپە).

لە چۆمەکانی سەقز ماسی سپی و قزەڵئاڵا بەخێو دەکەن، خەڵکێکی زۆر کە پیشەی باو باپیرانیانە لە چۆمەکانی ئەم ناوچەیە (گەرای) ماسییە جۆراوجۆرەکان پەروەردە دەکەن، کە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆری زیاتری ماسییەکان.

دەوروبەری سەقز چەند کێوێکی بەرزی لێیە، بۆ نمونە: (نەکەرۆز و وەنەوشە و کێوی مێرگە نەخشینە)، کێوەکانی شاری سەقز هەر وەکو بەشەکانی دیکەی کوردستان، دەوری سەرەکی لە شێوەی ژیانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵدا هەیە، رۆژانی پشوودان جێگای سەیران و شادی و هەڵپەرکێ و یاری خەڵك بووە، هەروەها بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ بەرامبەری داگیرکەراندا، چیاکانی سەقز سەنگەرێکی پۆڵایین بووە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی مرۆڤی ئەم ناوچەیە.

چەمی زێڕینەی هەیە و بە چەمی سەقز ناوی دەهێنن، کە بە هۆی گەورەبوونی شارەوە دەتوانین بڵێین چەمی زێڕینە شاری سەقزی کردوە بە دوو بەشەوە.

ئەگەر لە مێژووی سەقز بڕوانین.لە کاتی دامەزراندنی کۆماری مهاباددا، واتا ساڵانی (١٩٤٦ و ١٩٤٧)، شاری سەقز و دەوروبەری یەکێك لەو ناوچانە بوون؛ کەوتنە بەشی کۆمارەکەوە، لە پێکهێنان و پاراستنی کۆمار و خەباتگەرەکانی سەقز دەوری باڵایان هەبوو، لە بەر ئەوەی شاری سەقز وەك دەروازەی باشوری شاری مهاباد پایەختی کۆماری مهاباد بوو، هەر بۆیە رووخانی کۆماری مهاباد، بەشێك لەو هێزانەی ئەرتەشی ئێران لە باشورەوەو لە رێگای سەقزەوە هێرشیان کرد بۆ گرتنی شاری مهاباد.

ماوەیەك پاش ئەوە واتا ساڵی ١٩٦٠ و دوای ئەوە، کوردستان بە گشتی بووە شوێنی پێکهاتنی بزوتنەوە سیاسیەکان، هەروەها سەقزیش بێبەش نەبوو لەوە، (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) یەکێك بوو لەو بزوتنەوانە کە هەم لە بواری سیاسەت و هەم لە خەباتی چەکداری چالاك بووەو بەشێکی گرنگ بووە لە خەباتی خەڵکی کورد بۆ مافە رەواکانیان.

(کاك حەمەحسەین کەریم) یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، خەڵکی شاری سەقز بووە، بۆ دەرکەوتنی شوێنی ئەو لە ریزەکانی خەباتی کورد ئەوە بەسە کە قەدری بە شەهیدوبونی بزانین، کۆمەڵە دوای چەند ساڵ چالاکی نهێنی، خۆی ئاشکرا کرد و ئێستایش رۆژی شەهیدبوونی کاك( حەمە حسەین کەریمی) واتا ٢٦ی رێبەندانی رۆژهەڵاتی کوردستان، وەك رۆژی کۆمەڵە بەرز رادەگیرێت.

هەروەها ژ-ک کە دامەزرێنەری کۆماری مهاباد بوو و دوای کۆمار ناوی بە (حیزبی دیموکراتی کوردستان ) گۆڕدرا.

لە ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ دەورێکی گرنگی هەبوو لە خەباتی گەلی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری سەقز لایەنگری ئەو حیزبە مەزنە کەم نین، لەرۆژانی ٢٢ی پوشپەڕی هەموو ساڵێك، کە رۆژی تیرۆری دکتۆر قاسملوو؛ سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، خەڵکی شاری سەقز هەروەك شاری مهاباد، بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆیان سەرجەم شوێنەکانیان دادەخەن بە تەواوی، لە بەر ئەوەی سەقز لە نێوان سنەی شاری کۆمەڵە و مهابادی شاری حیزبی دیموکرات هەڵکەوتوە، لایەنگرانی ئەم دوو حیزبە لە سەقزدا وەك یەك دەبینن، گەرچی سەقز وەك شارەکانی دیکەی کوردستان لە بەر سیاسەتی تایبەتی دەسەڵاتی ناوەندی ئێران، چ لە سەردەمی (پەهلەوی) چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی، بەر غەزەب کەوتووە و نەگونجانترین

دۆخی ئابوری بەسەر دەبات، بەڵام بازاڕی شاری سەقز بە گەورەترین بازاڕی سەرگیراوی رۆژئاوای ئێران دەزانن.

بەڵام سەقز لە رووی کشتوکاڵیەوە و بە هۆی کۆچی خەڵکی لادێ بۆ شار، بەرەو نەمان دەڕوا بەڵام لە رابردووی کۆندا بەرهەمی گەنمی سەقز بە ناوبانگترین گەنم بووە بە ئێستایشەوە.

خەڵکی ئەم شار و ناوچەیە بە شێوازی جوامێری و ئازایی خۆیانەوە لە پێشوازی ئێمەدا بوون، لەو شارەی رووبارێك کردویەتی بە دوو بەشەوە، لە چەند گەرەکێك پێکهاتوە، خاوەنی جوانترین و باشترین مرۆڤی سەرزەویە، لە گەڕەکێك لەو گەڕەکانە نیشتەجێ بووین کە گەڕەکی بەردبڕانی سەقز بوو، گەڕەکی (بەردبڕان) شوێنی هەواری مناڵی منەو دووەهەمین شوێنی پڕ یادگاری مناڵیمە. هەمیشە حەز دەکەم دەکەم وەکو سواڵکەرێک ماڵ بە ماڵی سەقز بگەرێم و لێیان بپرسم ئەرێ شوێنێک شک ئەبەن جگە لە دەروون و ناخی ئێوە ڕووناکتر و میهرەبانتر .



**لە کاتی گەڕانەوەم بۆ خوێندنگای فیردەوس ساڵی ٢٠٢٠**

بە هەرحاڵ چووینە ژوورەوەو دوای کاتێکی کەم هێلکەوڕۆن و تەماتەوڕۆنێکی بەتام و گەرم و خۆشیان بۆ هێناین، دیارە ماڵی کاك (عەلی بچکۆل) بوو کە لەو ماڵە پێشوازی کراین.

دوای نان خواردن دایکم و ئامۆژنەکانم و خێزانی کاك عەلی بچکۆل ڕۆیشتن بۆ پاککردنەوەی خانوەکان، چونکە هەر یەکەو بەرنامەی وابوو بە جیا بژین.

خانووەکەی ئێمە لە (بەردبڕان) لە سەرووی ماڵی (ڕەعنا خانم )بوو، دیارە ڕەعنا خانم ژنێکی چوارشانەی قەڵەوی گەنمڕەنگ بوو، تەمەنی لە سی بۆ سی و پێنج ساڵان دەبوو، خاوەنی دوکانێکی بچوك بوو لە ژێر خانوەکەی خۆیان، لە سوچی وێستگەی پاسەکانی بەردبڕان بۆ ناو شار بوو، هیچ منداڵێکی نەبوو، پیاوێکی بە تەمەنتر لە خۆی هەبوو، هەمیشە ناوی ڕەعنا خان لە سەر زاری پێشمەرگەکان بوو، چونکە ڕووخۆش و جوان بوو هەمیشە بە ناسکی وەسف دەکرا.

لە ناو خانووی (کاك موحەمەدی چراخوەیس) نێشتەجێ بووین و هەموو سەرە مانگێك خواردن و ئازوقەیان بۆ دابین دەکردین لەلایەن ڕێکخراوی (مانگی سوور)ەوە.

باوکم و هەموو پێشمەرگەکان دەبوو لە قاسمەڕەش یان لە بلەکێ دەوام بکەن، خانووەکەی ئێمە بەرامبەر کۆڵانە پانەکەی لێژی دۆڵی جوتیاران بوو، نزیك نانەواخانەکە، بە گەیشتنمان بەوێ هاوڕێم پەیدا کرد، چونکە خراینە بەر خوێندن و ڕۆژانە پێکەوە دەچوین بۆ مەکتەب، لە خوێندنگای (فیردەوس) لە خوارووی بیمارستانی ئیمام خومەینی بوو، کە هاوپۆلەکانم کاك(مەریوان مەلا نادر) و (کاك شاخەوان) برای و کاك(هیوای کاك حەمەسوری حسك) و کاك (سامی مام سەعدی) و کاك(موحەمەدی مام قادر) بوون، بەڵام کاك موحەمەد لە بەر تەمەنی گەورەیی قبوڵ نەکراو لە بەر ئەوە وازی لە خوێندن هێنا، بەڵام کاتێك کاك محمدی مام قادر لە خوێندن دورخرایەوە، لە گەڕەکی بەردبڕان تیپێکی تۆپی پێی گەوران هەبوو کە کاك

کامەران و کاك ئاسۆی مامۆستا مەلا عەبدولرەحمان و چەند لاوێك یاریان دەکرد، لە سەرکەوتن لە لوتکەدا بوون و ناوی تیپەکەش قەندیل بوو، بۆیە کاك محمد هەوڵی دروستکردنی تیپێکی تۆپی پێی دا، ئەو بوو بە سەرۆکی تیپ و من و رێبینی برام و کاك مەریوانی مەلا نادر و شاخەوانی برای و کاك سامی و کاك سەرتیپی کاك هاشم یاریزان بووین، هاوشێوەی تیپی گەورەی قەندیل بەهێز بووین.

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان ئاوبارە وەکو ریشسپی و برا گەورەی سەرجەم ماڵە ئاوارەکان دەستنیشان کرا.

ماڵە دراوسێکانمان یان بڵێم ئەو ماڵانەی کە لێمانەوە نزیك بوون، هەمیشە وەکو دێڵزێ و قاسمەڕەش هاتووچۆکانمان گەرم بوون، هەمیشە تەواوکەری خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکدی بووین، جیاوازی نەدەکرا کە تۆ کێیت و چیت هەمیشە دەست لە ناو دەست بووین.

بیرمە درەنگانێکی شەو دایکم بە گریان و هاوارەوە خەبەری کردمەوە کە لەو کاتەدا باوکم لە دەوام بوو، وتی بڕۆ بە شوێن (نەنە نەعیم)، تا بێت لەگەڵم بۆ بیمارستان بە ماشێنەکەی کاك (دڵشاد)ی کوڕی  نەنە نەعیم ئەو ژنە شۆڕشگێڕە تێکۆشەرە ماندوو نەناسەی کە پێشڕەوی دروستکرد و بە پەروەردەی جوان و بەرزی کردی بە پێشڕەوی گەلێك تا شەهید بوو، ئینجا دڵشادێکی بەرهەم هێنا تا (شێرزاد) ئاسا شێری ئازا بێت، مەودای ماڵی ئێمە بۆ ماڵی کاك (دڵشاد حافز) کەمێك دوور بوو، بەو شەوە چووم دایەو نەنە نەعیم هیچی دیکەی نەوت کە وتم دایکم ناردومی ، وتی رۆلە تۆ بڕۆ من پێش تۆ لەوێم، بە بیرکردنەوەی خۆم دەمووت باشە چۆن پێش من دەگاتە ماڵی ئێمە ؟ زیاتر هەنگاوەکانم خێراتر دەکرد، دەمووت زوو بگەمەوە ماڵەوە نەوەك پێش من بگات دایکم لێم بدات و قسەم پێبڵێت کە لە کوێ بوومەو چیم کردوە کە وا درەنگ کەوتوم، دوای چەند خولەکێك من گەیشتمەوە و نەنەو دایەی رەشپۆش بە قسە

خۆشەکانییەوە خۆی کرد بە حەوشەداو دەیوت (گەوهەر- گەوهەر) ڕۆڵە گیان تۆ باشی؟

بەڵام هەر نەمهێڵا نەنە نەعیم پێش من بگات بە ماڵەوە.

کە گەیشتە ماڵەوە وتی: هیچ نیە سەلامەت دەبیت ئینشائەڵڵا، ئەو ژنە ئەوەنە ئازا بوو گەر لەوپەڕی نائومێدی و ئازاردا بایت، بە قسەو گوتارەکانی هێزی بۆ دروست دەکردیتەوە، سواری ماشێنەکەی کاك دڵشاد بوون و چوون بۆ بیمارستانەکەی خوار دۆڵی جوتیاران، سەروی مەکتەبەکەی ئێمە، دوای ماوەیەك بە برایەکی دیکەمەوە گەڕانەوەو ناوی براکەم نرا ( ئاوارە )، چونکە ئەوکات ئێمە ئاوارە بووین.



**نەنە نەعیم**

لە سەرەی نانکڕینی نانەواکەی کۆلانی نزیکی ماڵی خۆمان بووم، ژنێکی ڕەقەڵەی باڵاڕێکم بینی کە پێشتر بینیبووم؛ بەڵام نەك بەو بینینەی کە ئاشنایەتیم لە گەڵدا هەبووبێت؛ بە ناو و کەسایەتی ئاشنا نەبووم بەڵام هاوشێوەی یەکێك لە ئامۆژنەکانم دەهاتە بەردیدەم و لێی نزیك بوومەوە، ئەو منی دەناسی؛ لە دورەوە دەستێکی هێناو نانێکی دایە دەستم وتی: (هێمن) ڕۆڵە وەرە بڕۆین بۆ ماڵی ئێمە منیش داوام لێکرد بەو مەرجەی؛ کە بۆم باس بکەیت چۆن هاتن بۆ ئێران، پێکەنی و وتی: وەرە کوڕم دەستی گرتم و بردمی لەو خانوەی قەراخ خیابانی بەردبڕان دانیشتین؛ ساوەرێکی پڕ لە پیازی چەوری لێنابوو، پورە خوناو ژنێك لێواولێو لە میهرەبانی و خەماوی بەڵام ئێستایش نەمزانی خەم لە چی دەخوات .

وتی لە مانگی٤ی ساڵی ١٩٨٨ بوو تەواوی خەڵکی ناوچەکەمان هەڵدەکشان بەرەو بناری خاڵخالان، لە ناوچە نزیکەکانی قەراخ ڕێگاو شوێنە گشتییەکان نەدەماین، چونکە ترسی جاشە کوردەکانمان هەبوو ئەگەرنا؛ عەرەب نەك نەیدەزانی ئەو شوێن و جێگایانەی ئێمە لەو دەشت و چۆڵیە، بەڵکو نەیاندەوێرا بە جادەکەیشدا بڕۆن، لە ترسی کوڕانی تیپی ٢١ی کەرکوك و ٢٥ی خاڵخالان، لە کاتێکدا نەهرۆی پڕ لە بوێریی من و موڵکی خاك و گەل؛ مەسئولی کەرتی ٢ی تیپی ٢٥ی خاڵخالان بوو، وەکو هەموو کەسێك لەگەڵ کەسوکاری نەهرۆ و کاروخی تەمەن دوو مانگان هەڵدەکشاین بۆ ئەو خاڵخالانەی کە هەمیشە پشت و پەنای پێشمەرگە بووە، هەر لە سەردەمی مەلایی و جەلالی تا ئەو بەدڕەوشتی و مرۆڤکوژیەی کە بەعسی گۆڕ بە گۆڕ ناوی نا بوو ئەنفال، وەکو هەمیشە بە ڕۆژ ڕاکردن لە ترسی جاشە کوردەکان، بە شەو گەڕانەوە بۆ لادێ جوانە پڕ نەهرۆ و وەفاکەم.

لە دوای نۆ ڕۆژ لە هەڵاهاتن و گەڕانەوەی قەسرۆك بۆ خاڵخالان ناوچەکە بە تەواوی کەوتە ژێر کۆنترۆلی حکومەتی بەعس و پۆستاڵی پیس و خوێناوی جاش و سەربازانی

ڕژێم، پێش چۆڵکردنی مەنزڵمان، نەهرۆ شوێنێکی دیاری کرد؛ کە لەوێ یەکبگرینەوە، بەڵام بە هۆی چڕی و قەرەباڵغی دەشتی قامیشە و تەنراوی بە سەرباز؛ نەمانتوانی بە یەك شادبینەوەو دابڕاین لەگەڵ نەهرۆ.

ئەو ماوە کەمەی لە چەمی قەمیشە بووین، چەند جاشە کوردێك تەقەیان لە ناو چەمەکە دەکرد، هاواریان دەکرد کە تەسلیم ببنەوەو واز لە ژیانی یاخیبوون بهێنن، بێئاگا لەوەی یاخیبوون شەرەف و ڕێبازی کوردایەتی بوو، کەچی خێزانێك خۆیان رادەستی جاشەکان کرد و بێگوێدانە هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەك ناوی هەموو ئەو خێزانانەیان دابوو کە لە چەمەکە چاوەڕوانی هەڵهاتنی مانگە شەوی روناك و هاتنی نەهرۆ بووین! دوای چەند ماوەیەك و هەر وەکو هەموو جار کەسێك خۆی ناساند کە مستەشارێکی بەعسەو خەڵکی بەرزنجەیە، سوێندی بە شەرەف دەخوارد کە متمانەی پێبکەین؛ لە کاتێکدا چەندەها جار من بێشەرەفیم لێبینیون، چ جای ئەوەی سوێند بە شەرەف بخۆن، هاواری تایبەتی بۆ مام مارف کرد کە باوکی نەهرۆکەم بوو و کاك سابیر کە برای نەهرۆ بوو کەچی بێسود لەوەی لە دڵسۆزی خاك و نیشتیمان هیچ کات کاڵبوونەوەت لێبەدی نەدەکردن، بەڵام هەمیشە وتراوە لە هەموو شوێن باش و خراپ بەدی دەکرێت.

سەرجەم خێزانەکان بە دیل گیراین و بە ئیڤایەکی بۆری سەربازی رەوانی تەقتەق کراین، بەڵام کاکی مستەشار بەڵێنی پێداین لە دوای گرتنمان ئازادمان؛ بکات بەو مەرجەی کەس ئاگادار نەکەینەوە، بەڵام لە هاتنەوەی بۆ ناومان کە دیل بووین؛ وتی: ناتوانم ئازادتان بکەم چونکە سەروی خۆم ئاگادارە بۆیە پێنج ئافرەتی جیا کردەوە لە دیلەکان کە یەکێکیان خۆم بووم، بە کاروخی کورمەوە بە ئۆتۆمۆبێلی کاکی بەکرێگیراوی سپی گەیاندینیە ماڵی خزمەکانی نەهرۆ و ئازاد کراین. بەڵام لەو بەندیخانەیە ئامۆژگاری برا گەورەکەی نەهرۆی کرد؛ کە بە بیانوی چوونە دەرەوەو بازاڕەوە بڕوات و نەگەڕێتەوە،

بەڵام ئەو لە بەر منداڵەکانی پاشگەز بۆیەوە لە دەرچونی، مانەوەی لە زیندان پێباشتر بوو، دوای ئەو ماوە کەمە سەردانی ماڵی حاجی محەمەدم کرد؛ کە دراوسێیەکیان هەبوو دۆستی رژێم بوو، داوام زۆر لێکرد قاچی وورد و دەستی ناسکی پێنج جگەرگۆشەو دەستی ماندوی لەرزۆکی دایك و باوکی نەهرۆ قوتار بکات، لە ژێر دارو ئاڵای رژێم بەڵام نەیتوانی و نەیویست.

بە ناچاری رووم کردە هەولێر و هیچ کەس و خزم و ناسیاوم نەبوو لەوێ.

درەنگانی شەوێك؛ لە دەرگای ماڵی خوشکێکی نەهرۆم داو بە روویەکی خۆشەوە خۆشهاتنیان لێکردم، تا دوو مانگێك لەوێ خزمەتیان کردم، بەڵام لە بەر سەلامەتی خۆم و کوڕەکەم ناچار بووم کە جێگا بگۆڕم بۆیە مام ڕەسولی مامی نەهرۆ هات بە شوێنما؛ تا لە شاری کۆیە من ببمە خاوەن ماڵ و ئەوان ببنە میوانی ماڵی خۆیان.

ئێوارانێك مام رەسوڵ گەڕایەوەو پێی وتم: دەتەوێت نەهرۆ ببینیت؟

لەگەڵ بیستنی گەروو پڕ لە گریان و لەرزی دڵم و شینی بێکەسیم و ئەسرینی چاوە کزە ماندوەکەم سەرجەم خەمەکانم لە جانتایەکی بچوکی کارۆخ بنێم و بە پەلەو بە تاسەوە روو لە بالیسان بکەم، تا بگەم بەو کەڵەپیاوەی نیشتیمان کە هەمیشە لە لوتکەدا بینیومە، گەیشتم بە نەهرۆ تێکڕای خەم و ئازار و بێکەسیم بۆ باس کرد و ئەویش بە بزەیەکی سەر لێوییەوە رووی لە کاروخ کردوو وتی: کێشە نیە خوناو گرنگ ئەوەیە ئێمە قەرزاری نیشتیمان نەبین.

هەر لەوێ نەهرۆ ئامۆژگاریی کردم کە بگەڕێمەوە بۆ کۆیەو خۆم ئامادە بکەم کە بەرەو سنوری ئێران بچم؛ بۆیە بە پەلە هەر خۆم و کاروخ بەرەو سکتان بەرێکەوتم، لە چونم دوودڵ بووم؛ دەبێت بتوانم لە ئێران بژیم و هەڵبکەم؟

دڵخۆشیش بووم لەوەی دەتوانین من و کاروخ شاد بینەوە بەو قەڵا مەزنەی کەبێ ئەو بێکۆڵەکەین؛ لەگەڵ گەیشتنمان بە سکتان چەند خێزانە پێشمەرگەیەك لەوێ بوون و ئاشنایان بووم؛ کە ماڵی کاك سەرهەد و کاك جەلالە سوور و کاك شێروان بوون، دواتر سەرجەممان بەڕێکراین بەرەو مەلەکان و بە گەیشتنمان بە نەهرۆ و برادەرانی پێشمەرگە شاد بووینەوە، هەر لە مەلەکان ئاشنای کاك توانا چاوشین بووین کە یەکێك بوو لە هاوڕێ دیار و باشەکانی نەهرۆ، چاوی بڕییە گوزەرانی ئێمەو بێ پارەیی بە منداڵێکەوە سەرگەردانین ٢٠٠ دیناری سویسری بەخشی بە نەهرۆ، ئێمەیش خواردن و چەند پێویستییەکی بچوکمان کڕی و هێسترێکی گوێگری بناری قەندیلمان گرت و بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان؛ کۆچمان کرد، هاوشێوەی پێغەمبەری خودا و هاوەڵانی کە لە سەر زێد و نیشتیمانی خۆی دەرکران و شاربەدەر کران.

دوای ماوەیەك لە سەردەشتی رۆژهەڵات گیرساینەوە، لەسەر بڕیاری حکومەتی ئێران گوازراینەوەو بۆ ئۆردوگای دێڵزێ؛ لەوێ ماینەوە بۆ ماوەی دوو مانگ و لەوێشەوە بەرەو سەقز کۆچمان کرد، لە خانوویەکدا ئێمەو ماڵی کاك هاشم چاوشین باغەجنێری و کاك سدیق دەمانگوزەراند بۆ ماوەی ٦—٧ مانگ؛ لە گەڕەکی بەردبڕان کە ئێرە دەکات و ئێستایش لەگەڵ ماڵی مامت نیزامین، لە ماوەی ئەم ٣ ساڵەی ئاوارەییەدا ١١ خانومان گۆڕی، کەچی تا ئێستایش نازانم بۆ؟ منیش بە تامەزرۆییەوە خێرا خێرا کەوچکە ساوەرم دەخستە دەممەوە؛ تا پەلە بکەم و بڕۆمەوە لەو دەفتەرە خەتدارە بینوسمەوە کە باسی نەهامەتی و سەرگوزشتەی هەموو ماڵە ئاوارەکانی تیادایە.



**خانەوادەی شەهید نەهرۆ و شەهید سەرکەوتەڕەش**

ماڵی سیروان کوێخا نەجم و خەتابەڕەش و کاك شۆڕش قەرەهەنجیر لە گەڕەکی بلوارد بوون، بەڵام هاتووچۆ گەرم بوو، رۆژانە ماڵی مەلا شێخەو مەلا وەیسی و مام حەمیدی گوڵمکەوە و محمود سەرزل و مەلا نادری ئۆمەرمەندان و مام قادری باخەجنێر و کوڕەکانی و کاك عەلی تەلانی و وەستا سابیر و مەلا شاخی و زۆرێك لەو ماڵانە، کە بە لێبوردنەوە زۆریانم لە بیرنەماوە، هەمیشە هاتووچۆیەکی گەرم و گوڕمان هەبوو.

تا ساڵی ١٩٩٠ ژیانێکی سادە و ئاسایی هاوشێوەی سەقزییەکان، ئەوان هیچ جیاوازیەکیان نەدەکرد لەوەی ئەمدیو ئەودیو سنوری هەیە، جارجارەش کێشەیش دەبوو ئەوە نەبوو جیهانێکی کش و مات و سەر کز کردن بێت.

بیرمە عەسرێکی درەنگ، شەهید (شوان مامڕەشی) کە ئەو کات گەنج بوو، سەڵت بوو هێشتا نەببوو بە زاوای کاك (ڕەحمان تەها)، دیارە مینا خانمی دراوسێی کاك علی تەلانی بە چاوەکانی و بە ناز و عیشوەی کاك شوان پەلکێش دەکات بۆ ماڵی خۆی، دیارە

کەسوکاری مینا خانم پێی دەزانن، شەڕ دروست بوو هەواڵ دەگاتە پێشمەرگەکان کە شەری دەستەویەخەیە! من مناڵ بووم بەڵام بیرمە شوانە مامڕەشی و کاك تاریق گۆگجەیم بینی لە نزیك نانەواکەی سەرەوەی نزیك ماڵی خۆمان بە زلە وەشاندنێ زەلامیان دەخست، لە کاتێکدا کاك تاریق و کاك شوان هاوڕا نابوون لە سەر بیرکردنەوەیان، بەڵام پارتی و یەکێتی بوونی نەبوو لە هزری ئەوان.

کاک شوانە پارتییەکی جدی بوو، دیار بوو کاك نەوشیروان کە خۆشینەدەویست ئەوکات، بۆیە باوکم وتی: بە سەردانێکم چوومە لای کاك نەوشیروان، لە دوورەوە منی بینی لە خێمەکەی هاتە دەرەوەو بەرەو پیرییم هات، دوای هەواڵپرسین و چایەکی سەرئاگری دار و جگەرەیەکی تیری ئێرانی ، پێموت هاتووم پارتیەك بگەرێنمەوە بۆ ناو یەکێتی، وتی بەس شوانە مامڕەشی نەبێت قبوڵمە، وتی: منیش پەرداخە باغە چایەکەم داناو پێم وت کە واتا من دەڕۆم! هەر چۆنێك بوو داینامەوەو دانیشتم، زۆری شتی لە سەر شوانە وت، بەڵام وتی لە سەر قسەو کەفالەتی تۆ لێی خۆش دەبین، بەڵام بە مەرج  دیار بوو شوانە مامڕەشی مەرجەکانی قبوڵ نەبوو بۆیە بە پارتایەتی مایەوە تا هەفتەیەك بەر لە شەهیدبوونی بوو بە یەکێتی.



**حەمەسوور دووشیوانی ، شوان مام ڕەشی**

لەگەڵ هەبوونی ئەو کێشانە بەڵام خۆڕاگر و بەهێز بووین، ئێمە لە خوێندن زۆر باش بووین، هەر چەندە بە زمانی فارسی بوو، بەڵام لە پۆلەکەماندا دیار بووین لە زیرەکی.

ئێستایش وانەیەکی کلاسی یەکم لە یادە کە دەڵێ( أمین دو چرخە دارد، پیچە دو چرخە اش را باز شدە است، امین با اچر پیچە دو چرخە اش را سفت می کند پیچ)، یان شیعرێکی کلاسی دوو( ایران خونەیا ما خوب و ازیزی ایرانی زیبا)، توانای برام لە ئێمە منداڵتر بوو، هەمیشە دیار بوو کە زۆربەی کاتەکان پێشمەرگە مامەکانمان گاڵتەوگەپی زۆریان لەگەڵ دەکرد و بە حوسە ناویان دەبرد کە یەکێك بوو لە هاوڕێ باشەکانی شەهید ئاکۆسوور و کاك مەلا شێخە، زۆربەی کاتەکان شەڕیان بوو، یان لەگەڵ بەفربارین‌دا لە کۆڵان و لەپێش دەرگای ماڵی خۆمان کونێکی گەورەیان بە بە فر بۆ دروست دەکرد و توانایان دەکردە ناو ئەو کونەوەو دەرگای کونەکەیان لێدادەخست، تا بە گریان و جنێودان دەریان دەهێنا، لەوکاتەیشدا من و مەریوانی مەلا نادر و هیوای کاك حمەسوری حسکی قوزلو و سامی مام سەعدی لە گەرمەی دەمە تەقێ بووین لە گەڵ کاك یونس، کە باسی کاتی پارتیزانی بۆ دەکردین کە چەنێك ژیرانە و بوێرانە لە بنکەی ژیلوان، لە گەڵ کاك ئاکۆسوور و حەسەن شورتەو خەلیل بێدەری بوون، بە هێزی چوار پێشمەرگەی خۆمان و چەند پێشمەرگەیەکی کاك غەریب هەڵەدنی، رووبەرووی بەعس بوونەتەوەو نەیان هێشتوە ژیلوانی بنکەو دەستە خوشکی پارتیزانەکان بکەوێتە ژێر پۆستاڵی جاش و جوندیە پێپەتیە بیابانەکانی خواروو، بۆیە بنکەی ژیلوان بوو بە هاوشێوەی حەمکی مامە رێشەو تا ئێستا تەسلیم نەبووە.

توانا وکاك مەلا شێخەو کاك ئاکۆسوور و جارجارەیش کاك هیوا شێت دەردەسەریەکی باشی توانایان دەدا، بۆیە ئێمەیش توانای براممان لەگەڵ خۆمان دەبرد بۆ قوتابخانەو قبوڵ کرا، هەر چەند تەمەنەکەی بچوك بوو بەڵام هەیکەلی هەبوو، من و مەریوانی مەلا نادر قسەمان لە گەڵ ئای-موعەلیم کرد و قبوڵ کرا لە کلاسی یەکەم دوای چەند

ڕۆژێك بەفرێکی زۆر باری بوو، هەرچەند ئاوارەییمان پێوە دیار بوو، بەڵام زیرەکیمان لە خوێندن و ئازایەتیمان لە شەڕی منداڵانەیش دیار بووین، لە ناوەڕاستی دەرس بووین بەڕێوەبەری خوێندنگا هات بە شوێنما، بە پەلە بردمی بۆ پۆلەکەی توانا سەیرم کرد توانا وەکو چۆلەکە ئەلەرزێ و ئەگری رووم

لە خوێندکارەکەی تەنیشتی کرد کە ئەویش کوڕە پێشمەرگەو ئاوارەی عێراق بوو کە (شەمالی جەبار یاوەر) بوو لێم پرسی کێشەی چیە؟ وتی یاریمان دەکرد لە پڕ گریا و دەڵێ سەرمامە، هەرچۆنێك بوو گەیاندمەوە ماڵەوە بۆ بەیانی جزمەی رەنگاورەنگ و قەمسەڵەو بلوس و گۆرەوی باشیان بۆ هێناین بە دیاری، کە زیاتر لە ٢٠ قوتابی ئاوارە دەبوین لەو قوتابخانەیە، کە ئێستایش توانا ئەڵێ لە بەر من ئەو شتانەتان وەرگرت.

لە ساڵی ١٩٩٠ دابڕان و لێکترازانی زۆرێك لەو ماڵ و خێزانانە دروست بوو، بەرەو تەسلیمبوونەوە بە رژێم و زۆرێکیش بەرەو ئەوروپا، دیارە ئێمەیش بێبەش نەبووین لەو دابڕانە، بەڵام نە بۆ باوەشی رژێم و نە بۆ ئەوروپا، ئێمە بەرەو هەمەدان و مامم حەمەسور بەرەو پاکستان، مامم نیزام تەسلیم بوویەوە بە رژێم کە حەمەدەمین حاجی عەبدولڕەحمان خەزوری واستەی بوو، لای عەبە کارەباچی کە دووری خستەوە لە کێشەی حکومەت و گێچەڵیان.

دیاربوو کە باوکم و مامم پێیان ناخۆش بوو، مامم نیزام تەسلیم ببێتەوە، بەڵام مامم نیزام بڕیاری خۆی دابوو، بۆیە ماڵی ئێمە بەرەو هەمەدان چووین، من و ڕێبین ماینەوە لە ماڵی مامم نیزام تا کۆتایی تاقیکردنەوەکانمان، مامم حەمەسور و مامم نیزام تا سەفەریشیان کرد ئەو پەیوەندییە خۆشەیان نەبوو، چونکە مامم نیزام ئەو پیاوە ئازاو رەشیدە بوو بەس گوێی لە باوکم دەگرت و هیچ کاتێك بەر هەڵستی نەکردوە لە دژی باوکم و بڕیارەکانی باوکم، بیرمە چەندین جار ئامۆژنم رێحان شکاتی لە مامم نیزام کردوە

لای باوکم، لە بەردەم ئامۆژنم باوکم قسەی ناشرین و ئیهانەی بە مامم نیزام کردوە، بەڵام ئەو پیاوە مەزنە قبوڵی دەکرد و سەری خۆی بۆ ئاستی گەورەیی باوکم دەنواند.

بیرمە مامم نیزام سەیارەیەکی تاکسی هێناو ئامۆژنم و منداڵەکانی بارکردو ئامۆژنم سەمیعە لە بەڕێکردیان ئامادە بوو بۆ دوا باوەش و خواحافیزی، لە پڕ چاوم بە هەر دوو ئامۆژنم کەوت دەستیان لە ملی یەکدیەو دەگرین! مامم نیزام بەو تورەییە جوانەیەوە ووتی لوشکە لوشك، بەسە کە پێکەوەن ناحەوێنەوە کە لە یەك دادەبڕێن بۆ یەك دەگرین.

مامم کە گەڕایەوە عێراق لە بنەسڵاوە نیشتەجێبوو، لە دوای راپەڕین لە زاری کاك جەلالی ئەحمەد حەسەنەوە گێڕایەوە کە چەندین جار توشی کێشە دەبێتەوە لە بنەسڵاوەو تەقتەق ، ئەوکات ژیان وا ئەڕۆیشت گەر پیاوی ڕژێم نەبویتایە ژیانت لێ ئەشێوێنرا جا چ جای ئەوەی پێشمەرگەی تەسلیم بوو بیت و ناوت لە لیستی پێشمەرگەکانا بێت بۆیە لە گەڵ تەسلیم بونەوەی کۆمەڵێک پێشمەرگە لە سنوری ئێران و گەڕانەوەیان بۆ نیشتیمان و بۆ ناو کەسوکارو بە لێبوردنی گشتی سەددام حوسێن جلال ئەحمەد حەسەن و زراری برای و چەندەها پێشمەرگەی تری ناسیاو پەیوەندی دەکەن بە ڕژیمەوەو بەر لێبوردن دەکەون و لە گەڵ کاک رەئوف ئەحمەد حەسەن دەمێننەوە کە کاک رەئوف وەکو پێشوو تر باسم کرد هاوشێوەی ئەو هەڵۆ بەرزە فرە نەترسە ئازایە بوو کە دەبوو بە نانی هەژار و هەتوانی برینی پێشمەرگەو سیاسەتی ڕاستی کوردی پاکی ئەوکات، دوای داڵدەدانیان و پاراستنیان لە سریە جاشەکەی کاک رەئوف.کاك یابەی کوێخا عارف وتی: لە کاتی تەسلیمبوونەوەی ئەو پێشمەرگانەی کە لە سەرسنور دەگەڕانەوە هەوڵی جدییان دەدا تا جێگەو پێگەی خۆیان بە دەست بێنن، بۆیە کاك لاوەی کاولەسوار و زرار ئەحمەد حەسەن و جەلالی برای؛ سەردانی بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوك دەکەن، تاکو بیاننێرێت بۆ ناو پێشمەرگە

پارتیزانەکان و شەهیدیان بکەن بەڵام بەڕێوەبەری ئەمن لێیان دەپرسێ لە ماوەی ئەم ڕۆیشتنەتان بۆ شاخ و بۆ ناو پێشمەرگەو شەهیدکردنی هاوڕێکانتان، چەند کاتتان پێویستە؟ مام لاوەی کاولەسوار ڕاستەوخۆ و بە پەلە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ: ئێمە کێشەمان نییە تا ساڵێك دەمێنینەوە، کەچی بەڕێوەبەری ئەمن پێیان دەڵێ: ئەی کە ئەو ماوە زۆرە دەتوانن لە شاخ بمێننەوە بۆ گەڕاونەتەوە بۆ ناوشار؟ فەرمون ژوورەکەم چۆڵ بکەن بۆ دواجار تەنها بۆ هەماهەنگی لەگەڵ کاك ڕەئوف دەبن و دەمێننەوە وەکو جاش و مەفرەخاسە.

ئێمەش بۆ مانەوەمان لە ماڵی کاك مەلا نادر بووین، ئەوێ باشتر بوو بۆ ئێمە، چونکە هاوپۆل و هاوڕێی مەکتەب و ماڵ و دەرەوەمان شاخەوان و مەریوان بوو، لە هەمان کاتدا لە ماڵی ئەوانیش بووین، مامم حەمەسورو ئامۆژنم سەمیعەو ئاکاری کوڕیان ڕۆیشتن بەرەو پاکستان، ماڵی خۆمان و مامم عومەرو مامم ئەحمەد کە لەگەڵ نەنکم دەژیاو ماڵی کاك حەمەسوری حسك بۆ هەمەدان، بۆ کاری خشتبڕین، کە کاری کورەیان پێ دەووت.

ئێمە لە کۆتایی کلاسی دوو بووین لە ماڵی کاك (مەلا نادر)، بەڵام لە بەر هاروهاجی خۆمان و زۆر پێکەوە بووین هەمیشە  شەڕمان بوو.

(شاخەوان و مەریوان و بێخاڵی کاك مەلا نادری)کە ئەویش خوێندکار بوو، بەڵام خوێندگەکەی ئەو جیاواز بوو، لە ناو بازاڕی بەردبڕان بوو کە دەکەوتە نێوان بلوارد و بەردبڕان، بەرامبەر باخی سێ ڕیانی شار، شاخەوان لە ئێمە منداڵتر بەڵام شەڕانی لاسارتر لە هەموومان، هەرگیز نەیدەهێشت برایانە وانە بخوێنین و پێکەوەبین وەکو چۆن باوکمان پێکەوە بوونە، جگە لە هاواری پوورە خەیری بەسەریاو لێدان و ئیهانە کردنی، ناچار ئێمە چوینەوە ماڵی کاك موحەمەدی چراخوەیس کە خاوەنی

خانوەکەمان بوو، ئێمە کرێچی ئەو بووین، تا تاقیکردنەوەکانمان کۆتایی دێت، هەر چۆنێك بوو تاقیکردنەوەکانمان کۆتایی هات و من و رێبین و هیوای کاك (حەمەسوری حسك) سەفەری هەمەدانمان کرد، کە لە لادێیەکی بچوکی دوورە شار بوو، بە تەواوی ناوی ئەو لادێیەم بیر نەماوە، بەڵام لادێیەکی ووشك و پڕ لە مێشوولە بوو.

چەند مانگێك لەوێ بووین کارێکی باشمان کرد، لە خۆڵی هاوردەی تایبەتی خۆیان و پڕ لە (کا) خشتمان دروست دەکرد، ئەوان بە ژمارە دەیانگواستەوە بۆ ناو کورەی ئاگرەکانیان و دەیانسوتاند تا دەبوو بە خشتی سوورو زەرد.

کوردایەتی و پێشمەرگایەتی ئەوکات ئاوای لێکردین کە بزانن گەورەیی نیشتیمان چیە تا خۆشمان بوێت هاوشێوەی رۆحمان.

ئێوارانێکی خۆرئاوابوون پاسی لادێ گەرایەوەو باوکم غەمبارو کز بوو، هاوشێوەی چرای بێنەوتی نیشتیمان کە ئەوکات هیچ ئومێد و هیوایەك نەبوو بە ناوی کوردستان و گەڕانەوەمان بۆ زێدی خۆمان.

لە سوچێکی ژوورەکە دانیشت و دوای پەرداخێك ئاوو چای خواردنەوە، وتی حەمەسور نامەی بۆ ناردووم بەڵام خۆزگە هاوشێوەی دوێنێ هەواڵیانم نەدەزانی، بە پەرۆشەوە بووین و خەمباری کردین بەو قسەیەی، هەر یەکەمان چاوەڕوانی هەواڵێکی دیکە بووین بەڵام هیچ کات بیرمان لە مردن نەدەکردەوە، وتی ئاکاری کوڕیان و برازاو ئامۆزاتان بە دەنکە فستقێك لە دووجار غەریبی و لە دوورە دەستی ئێمەو کەسوکار گیانی لە دەستداوە، ئاکار کوڕە سورەیەکی خرپن و قژسوور بوو، هەمیشە وتراوە لە دوای ناخۆشی خۆشی دێت، بەڵام لەو دوو نامەیەی گەیشتوە بە باوکم لە دوو شوێنی دوور لە یەکدی، دوو هەواڵی خەماوی و کۆچی دوو کەسی ئازیزمان بوو کە گەیشتبوو بە دەستی باوکم!

یەكێكیان ئامۆزای ئازیزمان لە پاكستان و ئەوی دیكە لە كوردستانەوە و لە مەنزڵ و شوێنی باوباپیرانەوە، كە نوسرابوو، لە شەوە زەنگێكی وولاتدا لە كاتی جێبەجێكردنی ئەركی جاشایەتیمان، فیشەكێكی نەفرەتی لە لولەی زاڵمی چەكەكەم دەردەچێ و بەبێ گوێدانە هیچ هەستێكی كەسایەتی و هاورێیەتیمان بەرەو پوورزا لەتیفی كوێخا حەسەن دەكەوێت و گیان و روحی بۆ هەمیشە لە دەست دەدات، لای من هەر زیندووەو هەمیشە لە گەڵمدایە لە بێشەو چەمەكانی دووشیوان، بەڵام كێشەكە هەر ماوە، كەچی كەسێك نیە ببێت بە كەسم و چارەی بێكەسیم بكات، ئەمە نامەی خاڵۆم فایق بوو كە ناردبووی بۆ باوكم.

باوكم ئەم باسەی شاردەوە لە دایكم تا كۆڕەوەكەی ڕاپەرین و هاتنی بە كۆمەڵی عێراقیەكان بۆ ماڵمان، دوای گەڕانەوەمان بۆ زێدی خۆمان، باوكم سەردانی كاك عبداللە ی كوێخا حەسەن دەكات و داوای لێدەكات بە جوامێری خۆی بیربكاتەوە گەر هەر داواكاریەكی هەیە حەق بەوەو بچوكی ئەو لە تەمەندا بە گەورەیی قبوڵ دەكەین، بەڵام كاك عبداللە ی كوێخا حەسەن دووشیوان وەكو گەورەیی عەبدێكی خودا، بە تەوقەیەك و باوەشێكی برایەتی و كەسایەتی لێخۆشبوون بەرپا دەكات.

دوای ئەوەی باوكم كۆچی دوایی كرد چەند كەسێك هەوڵی لەرێلادانی ئەو مەسەلەیەی داوە، خاوەن حەق هەوڵی تێكدانی ئەو نێوەندە بكاتەوە كە بەستبوویان، بەڵام عبداللە ی مەزن بەبێ گوێدانە قسەی هیچ كەسێك وەكو خۆی ماوەتەوە، باوكم هەمیشە شانازی بە عبداللە وە دەكرد، تا ئێستاش من وەكو مام و خاڵ و برا گەورەم شكۆی رێزم لێناوە.

دوای ئەم هەواڵانە باوكم بڕیاری گەڕانەوەیدا بەرەو سەقز، چونكە كاتەكانی خوێندنی ئێمە نزیك ببویەوە، ماڵ كۆكرایەوە وەكو چۆن هەمیشە ماڵمان بە كۆڵەوە بووە.

گەڕاینەوە سەقز و لە بەردبڕانی دڵگیر گیرساینەوە کە هیچ شتێك وەکو خۆی نەمابوو، نە ماڵە عێراقیەکان و نەهاوڕێی مناڵەکانم، چونکە ماڵی کاك مەلا نادر لە دووری ئێمە لە خانوویەکی کرێی دیکەدا دەژیان، کەمجار یەکمان دەبینی، هەمیشە ماڵمان هاوشێوەی مەقەڕەکەی بلەکێ وابوو پێشمەرگەکان لە ماڵ بوون و سەریان لێ دەدایین، زۆربەی کاتەکان ئەوەندەی بیرمبێت شاخەوان چاوشین و شەهید ئاکۆسوور و کاك یونس و کاك تاریق گۆگجەیی و کە توشی نەخۆشیەکی سەیر ببوو، بوورانەوەو لەرزو قەپگرتن لە سەرین و لە قۆڵی خۆیان و یان هەوڵی خۆ خنکاندن بە دەستی خۆیان دەدا، کاتێك کە تووش دەهات دەبوو کەسێك یان زیاتر دەست و قاچی بگرتنایە تا هێورو هێمن دەبونەوە، چەندین جار بینیومن بە تایبەت کاك ئاکۆسوور دوای ئەو حاڵەتە بە کوڵ دەگریاودواتر دەگەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی، دواجار بیستم کە لە خەمی دووری ئازیزانیان توشی ئەو حاڵەتە دەبن.

شەهید یونس هەمیشە لە ئامادە باشیبوو ئەگەر کەسێك کارێکی پێبوتبا، بە پەلەو بەبێ کێشەو بۆڵەبۆڵ رایدەپەڕاند، هەرگیز بیرم نایات کە ڕۆژێك دڵی کەسی لە خۆی ڕەنجاندبێ .

پیاوێکی سوورەی باڵا بەرزی لاواز بوو، نەرم و نیان و لەسەرخۆ بوو، ڕۆژێك لە گەڵ خاڵە بەخە ‘ڕەش ئەسمەرە ئاوەمەندەی کە بە مەندی خۆی کێش و قورسایی هەموو خەمێکی دووری کۆن و تازەی لە کۆڵ نابوو، تەنها جگەرە تاڵەکەی لێی تێدەگەیشت وگلەیی و گازندەکانی لا دەکرد و گوێی لێ دەبوو.

لە ماڵی ئێمە ویستیان خۆیان بشۆن، تازە لە تەبرێز گەڕابونەوە لە نەشتەرگەری و هێنانەوەی کاك سەرداری حاجی ڕەزا بەڵام دایکم بە زۆر جل و بەرگەکانیانی بۆ شتن، چونکە کاك، یونس قبوڵی نەبوو کەس جلی بۆ بشوا، بە شەرمەوە بە دایکمی دەووت

ئاخر براژن من نامەوێت تۆ ئەزیەت بدەم و خۆشم جوانتر دەیانشۆم، خاڵەبەخەش بە هەڵمژینی دوکەڵی جگەرەکەی و بە پێکەنینە سادەکەی ووتی کە چوینەوە بارەگا جلەکانی من و سەردار بشۆ ( بوو بە پێکەنین ).

# گەڕانەوە بۆ نیشتیمان

دوای چەند هەفتەیەك ڕۆژێك كاك یونس و كاك سیروان كوێخا نەجم و كاك سەرداری حاجی ڕەزا و كاك تالیب فاروق و كاك سەرباز مام حوسێن و كاك خەلیل برای كاك مەلا وەیسی و كاك سامالە شێت و چەند پێشمەرگەیەكی دیكە هاتن بۆ ماڵمان، ژنێكی ناشرینی ڕەقەڵەی ڕەشی جگەرەكێشیان لەگەڵ بوو، قاتێكی بۆری پێشمەرگانەی لە بەركردبوو، كامێرایەكی وێنەگرتنی لە شان بوو، بە ڕێزەوە هاتە ژورەوەو، لە سەرووی هەمووان داندراو جگەرە لە سەر جگەرەی دەكێشا، كە لە جگەرەكانی باوكم نەدەچون، پێم وابێت جگەرەی كێنت بوو، بەراستی لام سەیربوو، بانگی كردمە لایەوەو ماچی كردم و هەواڵی خوێندنی لێپرسیم لەكاتێكدا زۆرێك لە ووشەكانم بە زاراوەی ڕۆژهەڵاتی و فارسی دەووت، بەڵام هاوشێوەی دكتۆر هادی لێیپرسیم كۆمەڵەی یان شۆڕشگێڕانی؟ منیش لە ژێرەوە سەیرێكم كرد و هیچم پێنەوترا، لە دڵی خۆمدا بە خۆم دەووت، ئێ باشە دكتۆر هادی شەهید بووە ئەوەتا وێنەكەی هەڵواسراوە بە دیواری ژووری میوانەكەمان

بۆ ئەم ژنە ئەو پرسیارەی كاك دكتۆرم لێ دەكاتەوە لەسەر كۆمەڵە و شۆڕشگێران، یان دەبێت جیاوازیان چی بێت، كێن ئەو دوو ناوو گروپە، لە دڵەوە پرسیارەكەی ئەو ژنە خەمباری كردم بۆ دكتۆر هادی كە بۆچی ئەم ژنە هەمان پرسیاری ئەو دەكاتەوە كە لە دووشیوان لێی دەكردین و لە كۆتاییدا بە شەڕ و گریان من بەرەو چەمی بەردەم مزگەوتی گوند ڕاودەنرام.

لە هەیوانی ماڵەكەمان بە پەردەیەكی تەنك كرابوو بە دوو بەش، بەشی سەرووی بۆ مەتبەخ و تەباخە ساخت ئێرانەكەو شتەكانی دیكە، دایكم خەریك چا لێنان بوو كاك سیروان كوێخا هاتە ئەمدیو و ووتی كچێ گەوهەر خزمەتی باشی ئەو ژنە بكەن، ئەو

بەرپرسی هەموومانە، دایکم ووتی ئەوە کێیە؟ نەمهێشت کاك سیروان وەڵام بداتەوە ووتم ئەو ژنە ناشرینە کێیە وا پرسیاری کاك دکتۆر هادیم لێ دەکات؟

وتی کورە ئەوە هێرۆ خانی مام جەلالە.

هێرۆ خان کە ڕۆیشت باوکم زۆر دڵخۆشبوو بەوەی کە پاش ماوەیەکی کورت دەگەڕێینەوە بۆ باشوری کوردستان و ئازاد دەکرێت لە دەستی ڕژێمی بەعس، دوای چەند ڕۆژێکی کەم هەموو پێشمەرگەکان دەرچوون و کەس لە ماڵ نەما جگە لە ژن و مناڵ، مام سەعدی ئیلنجاخ و مام عەلی گەدە بە خۆیی و دەنگ و سەدای حەیران وتنی، دوای چەند ڕۆژێك ئەوان دەرچوون و بەردبڕانیان جێهێشت، ئەوان بەرەو قۆڵێکی دیکە بۆ ئازادی کۆمەڵگاو ناوچەیەکی دیکە ڕۆیشتبوون.

مام سەعدی ئەو پیاوەی کە هەموو کات بە قسەکانی دڵخۆشی دەکردین، بەڵام بە گێڕانەوەی خەونەکانی بە جنۆکە دەیترساندین، بە شێوازێك بۆی دەگێڕاینەوە لە کاتێکدا دەنگێکی دروست دەکرد هەموومانی رادەچەناند لە ترسا، پیاوێك بوو بۆ یەك چرکە سەربازی و جاشایەتی بۆ حکومەتی عێراق نەکرد، تاکو کۆچی دوایی کرد بە سەربەرزی ژیا، ئەوەی (کەم ژیان و کەڵ ژیان)ی نوسی رێك بۆ مام سەعدی قادرە سووری ئیلنجاخی نوسیوە.

ئەو کاتەی باوکم ئامادەی رۆیشتن بوو، (مام سەعدی) وتی: تۆفێق . هادی کوڕە گەورەم منداڵە لە بری خۆم با هاوشانت بێت و ئاگادارت بێت، تا ئەو کاتەی نیشتیمان تینوێتی بە خوێنی دەشکێ، بە ئامانەتەوە جەستەی ساردی خوێناویم بۆ بهێنەرەوە، لە پڕ پوورە حەمدیەو خاتونی هاوسەری شەهید کوێخا قنجە و دایکم و نەنکم و سەرجەم ئەو ژنە پێشمەرگانە دەستیان کرد بە گریان و فرمێسکی ماڵئاواییان رشت بۆ باوکم و کاك هادی.

کاتێك باوکم لە ماڵ دەرچوو، ئاوڕی بۆ دامەوەو وتی:هێمن هەرگیز نەکەیت بترسی لەوەی کە خۆت دەتەوێ بیکەیت، هەمیشە ئەو جلوبەرگانە لەبەر بکە کە بۆم دوریویت، تێنەدەگەیشتم مەبەستی چی بوو، چونکە هیچ جلێکی بۆ نەدوریبوو بۆم، چونکە کاری خەیاتی نەدەزانی، کە گەورە بووم تێگەیشتم مەبەستی چی بوو.

ئەو کاتانەی کە پیاوان لە هاتنە خوارەوەبوون بۆ باشور و رزگارکردنی کوردستان، زۆربەی شەوانی سەقز لە ماڵی مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان کۆ دەبوینەوە، ئەوان خاوەنی رادیۆیەکی بچوك بوون و گوێ بیستی دەنگی گەلی کوردستان بووین، هەواڵێ زۆرێك لە شارە ئازادکراوەکان دەبوین، بە دەنگە زولاڵە شۆڕشگێرەکەی فەرهاد سەنگاوی، لەو سەردەمەدا حەزم دەکرد پێشمەرگە بوومایەو بەشدار بوومایە لەو چالاکی و هەڵمەتانەی کە گوێبیستی دەبووم، کاتێك هەواڵی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی بڵاو دەکردەوە ئەوەنە بە لاوانەوەوە بە شان و باڵی هەڵدەدا، چەندەها جار لە دڵی خۆمدا خۆزگەم بۆ شەهیدبوونی خۆم خواستوە.

شەوێك لە چاوەڕوانی هەواڵی کاتژمێر هەشت بووین، کاك فەرهادی گەلی کوردستان هاواری لێ هەستاو بە حەماسەوە ووتی لە حەمەسور دوشیوانیەوە بۆ کاك نەوشیروان خۆشحاڵ دەبم بە قبوڵکردنتان بۆ بەشدارییم لە رزگارکردنی کوردستان.

کەمێکی پێ چوو، بە پێچەوانەوە کاك نەوشیروان قبوڵی فەرموو کە سەرکردایەتی یەکێتی ئەم هەڵوێستەی بەرز دەنرخێنێت.

چەند رۆژێکی پێ چوو مامم و ئامۆژن گەڕانەوە لە پاکستان، بەڵام بەبێ (ئاکار)ی کوڕیان، مامەم بە پەلە خۆی گەیاندەوە باشوری کوردستان، بەڵام بە داخەوە فریای بەشداری هیچ داستانێك نەکەوت.

زۆری نەخایاند دوای رۆیشتنی مامم حەمەسور، مامم ئەحمەد گەڕایەوە بە قاچ شکاوی کە لە سەر سنوور هەڵدێراوەو قاچی شکاوە لە کەند و کۆسپی سەر سنور،شانسی ئە وە ی نە بوو کە بەشداری هیچ داستانێکی نەکرد بەداخەوە.



**سیروان کوێخا نجم ، احمد عثمان ، تەلعەت دەلۆیی ، بەختار سەرگەڵوویی ، عمر عثمان**

دوو رۆژ دوای هاتنەوەی مامم ئەحمەد، مامەم عومەر گەڕایەوە بە پەلە من و دایکم و خوشك و براکانم و ماڵی کاك مەلا نادر و پوورە حەمدیەی هاوسەری مام سەعدی چووینە خزمەت و بەخێر هاتنەوەی، تا هەواڵی شەهید و بریندار و کەسوکاری جێماومان بزانین، بەڵام دایکم لێی پرسی: بۆ کاکەت جێهێشتوە

وەکو فیشەکێکی شێت و وێڵ بە گژ دایکم هاتەوەو وتی:من وا ئەمرم و نەخۆشم کەچی ئەم سەگبابە هاتوە لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکات.

بەهەرحاڵ تێر جنێوی کردین و ئێمەش بە دڵشکاوی گەڕاینەوە ماڵەوە لە خەم و چاوەڕوانی و تەنیایی باوکم بێ ئارام بووین.

بەڵام هەر بە زوویی هەواڵی شەهیدبوونی کوێخا بچکۆل بڵاو بوویەوە، ئەو کوێخا بچکۆلەی بە نەرمی و زەردەخەنەکانییەوە دەژیاو، بەو ئاواتەوە بوو لە گەڵ دادە خاتونی هاوسەری کۆرپەیەك دروست بکەن، پێش رۆیشتن و هێرشی پێشمەرگەو راپەرینی جەماوەری کوردستان، چەندینجار گوێبیستی شەهید کوێخا بوومە، دەیوت گەر خوا کوڕم پێبدات ناوی دەنێم (بۆش)، چونکە لەم کاتەدا کە خاتون دوو گیانەو بۆشی ئەمریکی هێرش دەکاتە سەر سەدام حوسەین، لە بەر خۆشەویستی ئەو ناوی کورەکەم دەنێم بۆش.

بەڵام بەداخەوە بەو ئاواتەوە سەفەری کردو خاتونی بە دوو گیانی جێهێشت و کۆرپەی جێماوی بە دایکێکی رەشپۆشەوە سەرگەردان کرد و بۆشی کوڕی بوو بە هیواو ئێستایش بەو هیوایەوە دەژی و هەناسە هەڵدەکێشێت کە بەرهەمی رەنجی باوکی بخوات؛ لەو حکومەتەی کە شەهید کوێخا بونیادی نا.

بۆ گوێگرتن و زانینی زانیاری هاتنە خوارەوەی پێشمەرگە و داستانەکانی راپەڕین، سەردانی کاك (راپەر عارف)م کرد لە نزیکی بۆی دانیشتم و گوێ قوڵاغ گوێم گرتبوو، هاوشێوەی شێرێکی برسی لە بێشەیەکی چڕدا، وتی:شەهید کوێخای سمایلبەگی کە بە کوێخا بچکۆل ناسراو بوو، لە بنەماڵەیەکی جوتیاری شۆڕشگێر هاتبوویە دونیاوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکان و لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی، بە دەمانچەیەکەوە لە سەر جادەی سەرەکی کەرکوك - کۆیە بۆسەیەك دادەنێن، ئیڤایەکی سەربازی دەگرن و پەیوەندی دەکەن بە تیپی ٢١ی کەرکوکەوەو، دەبنە پێشمەرگە.

بە باڵا بچوك بەڵام نەترس و ئازا بوو، برایەکی بە ناوی (عەلی) لە سەربازی لە خوارووی عێراقەوە ئەویش تفەنگێك دەڕفێنێت و ئەویش لە تیپی (مەڵبەند لە سەرگەڵو) دەبێت

بە پێشمەرگە ، لە هاوینی ١٩٨٦ لە لای (حاجی تان) براکەی شەهید دەبێت، کوێخایش دوای ئەنفال لەگەڵ هەموو ماڵێکی پێشمەرگە ئاوارەی ئێران بوو، لە رزگارکردنی کەرکوك و تا رزگارکردنی سەربازگەی فەیلەق لە گەڵمان بوو، بەڵام بەداخەوە لەوێ شەهید بوو، لە بەر ئەوەی برا شەهید بوو، زۆرمان هەوڵدا سەردانی دایك و باوکی بکات کە لە رانیە بوون، بەڵام بەداخەوە دیداریان کەوتە قیامەت، لەو خۆ رێکخستنەوەیەدا بارەگاکانی ئێمە لە (بلەکێ)وە گواسترایەوە بۆ (چیوەرۆ)ی بەرامبەر بە ناوچەی شارباژێر و شانەخسێ و هەر لەوێ بەتالیۆنی (٦)ی کەرکوك پێکهێنرا، کاك سیروان کوێخا نەجم کرا بە بەرپرسی بەتالیۆن و کاك رەفعەت عبداللە وەکو جێگر و کاك رزگار عەلی وەکو رێبەری سیاسی ، لەو بەتالیۆنە سێ تیپ پێکهێنرا، کە تەواوی پێشمەرگەکانی ئەوسای کەرکوکی لەخۆ گرتبوو، کە سەدو بیست بۆ سەدو پەنجا پێشمەرگە دەبوون.

پێشتر لە رێگای پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنورەکەوە؛ رێگای دابەزین و شوێنی حەوانەوەو خۆراك و پێداویستی تر رێکخرا بوو، بەردەوامیش مەفرەزەکان لە هاتووچۆدا بوون، تا کاتی پێویست، رێبەری هێزەکان بکەن، ئەمە جگە لەوەی رەتڵە پارتیزانەکانی خوارەوەو رێکخستنەکانی ناوشار، خرابوونە خزمەتی پرۆسەکەوە، هەموو لایەك لە ئامادەباشی پلە باڵادا بوون، تا کاتی جوڵان.

بەرنامەکە هاتە پێش کە پێم وابێت بەر ئەنجامی لێکدانەوەو خوێندنەوەی زیاتری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، کە داینەمۆو دارێژەری بەرنامەی راپەرین بوو.

بە هۆی ئاوارە بوونی زۆری کەرکوکییەکان بۆ سنوری هەولێر و رێکخستنەوەو سەرکردایەتی کردنیان، تیپەکەی کاك سەربازی بیرەسپان گواسترایەوە قۆڵی هەولێر، بەشێکی باش لە کادێرەکان و پێشمەرگەکان نێردران بۆ ئەوێ، هێزێکی باشی

پێشمەرگەکانی کەرکوکی مەڵبەندی یەك رەوانی لای قۆڵەکەی ئێمە کران، ئیدی جارێکی دیکە بە پێی گونجان دابەش کرانەوە.

کاك راپەر عارف وتی: یەکێك لەو پێشمەرگانە شەهید (دکتۆر ئاتێلای کفری) بوو، دکتۆر ئاتێلا دەوترا تورکمانەو پێشمەرگەیەکی خۆشەویست و دەنگخۆش و شارەزایەکی باشی دەفلێدان بوو، دیار بوو کە عاشق و سوتاوی خۆشەویستێکی لە دەست چوو بوو.

شەوانە لە چاوەڕوانی بریار و لە بەر زۆپای داربەڕوو بە ئومێدی شادبوونەوە بە خەڵك و وڵات و کەسوکار، ئاتێلا بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بە مەقام کۆڕی گەرم دەکردو هەمووومانی دەخستە گریان و ئەندێشەوە، ئاخر جێهێشتنی وڵات و کەسوکار زێدی باوباپیران و غوربەت و مانەوە لە دووری لە کەسوکار بۆ ماوەی سێ ساڵ، بە تایبەت ئەو پێشمەرگانەی کە ماڵ و مناڵیان جێهێشتبوو ئاسان نەبوو، وەك شەهید ئاکۆسوور و شاخەوان چاوشین و حەمید عەلیبەیانی و دایی خالید و دەیانی دیکە.

سەرکردایەتی ئەو قۆڵەی ئێمەی بە کاك مولازم عومەر و شەهید شەوکەوتی حاجی موشیر و قادری حاجی عەلی و کاك رۆستەم و کاك عەبدولکەریم حاجی سپێردرا بوو.

زوو زوو کۆبوونەوە دەکرا، ئاڵوگۆڕی راو سرنج دەکرا، جارێك برادەرانی پارتی هاتبوون کە قسەکەرەکەیان و نوێنەرەکەیان کاك (نەجات حەسەن) بوو، لە پرسیارێکی یەکێ لە برادەرانی یەکێتی لەسەر ئەوەی ئەوان چەند پێشمەرگەیان دەبێت بۆ ئەم قۆڵە؟ ئەوان باسی حەوت سەد پێشمەرگەیان کردبوو، ئەو برادەرەی خۆشمان هەر زوو بڕوای بە وەڵامەکە نەبوو، وتبوی نەوەڵا حەفتا بەسە، لە کۆتایشدا حەڤدەیش نەبوون.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی راپەرین پێداویستی و تێشوی رێگای گەڕانەوە ئامادە کرا، سەرت بە هەر ژوورێکی بارەگاکەدا بکردایە، ئەوە ئیدی پێشمەرگە سەرقاڵ بوون خۆیان ئامادە دەکرد، جگە لە چەك و تەقەمەنی، کۆڵە پشت، جل و بەرگی گەرم و نایلۆن و بارانگیر و خواردنی باش و وزەبەخش، لایت، جوتێ پێڵاوی لاستیکی یەدەك، گۆرەوی و دۆخین و زۆر پێداویستی بۆ ئەو رێگایە، لە راستیدا هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو گیرابوون، چونکە ئەودەم لە شوێنی جوڵانی ئێمەوە تا ناو شاری سلێمانی کە دووری سێ رۆژە رێگا بوو، بەڵام ئاوەدانی نەبوو، هەموو ناوچەکە بە رەبیەو پایەگای گەورەی سوپای عێراق تەنرا بوو، ناوچەکە موحەرەمە بوو، لە بەر ئەوەی لە جەنگی عێراق و ئێراندا مەیدانی شەڕ بوو، لە جەنگی کەربەلای ئێرانییەکاندا تا نزیکی چوارتا گیرا بوو، ناوچەکە بە تەواوی مینڕێژ کرا بوو، هەر پێت خوار دابنایە، کۆتاییت پێدەهات، تەنها پێشمەرگە پارتیزانەکان و شارەزاکانی ئەو دەڤەرە بزنەڕێگاکانیان پێدەزانی و لوغمی هەندێ رێگایان دەرهێنا بوو.

کاک راپەر بە دەم چاخواردنەوەوە جار جارە هەناسەیەکی هەڵدەکێشاو دەیووت: ئەوەنەی من ئاگادار بم، ئێمە دەبوو هاوکاری هێزەکانی سلێمانی بین لە رزگارکردنیدا، بەڵام مەرامی سەرەکیمان کەرکوك بوو، هەنگاوی یەکەم رزگارکردنی تەکیەو چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر بوو، لەوێش بەدواوە هەموو هێزەکان یەکبخرێن و پەلاماری کەرکوك بدرێت.

ئەو هێزانەی ئێمە پێویست بوو توشی شەڕی لابەلا نەبین، چونکە دەبووە هۆی لە باربردنی بەرنامەی راپەرین، بۆیە بە وریایی و خۆپارێزییەوە رێگاکانمان دەبڕی و نەماندەویست بەرچاوی سەربازگەو رەبیەکانی دوژمن بکەوین، لە بەر ئەوە بە زۆری شەوانە دەجوڵاین.

بەیانیەکەی چایەکی بێ دوکەڵمان لێنا، هەر یەکە لە کۆڵەپشتەکەیدا نان و پێخۆری خۆی دەرهێنا، ژەمەکەمان بەڕێکرد، رێگاکە پێشتر نەمانبینیبوو، بە ناو داربەڕوەکاندا دوو دوو نێوانمان وەرگرت، دۆڵێکی درێژ کە سەری ئامێزی لە شاخی (گمۆ) بوو قوتیداین، لەو بنارەی شاخی گمۆ کە دەڕوانێتە ناوچەی ئەودیو سەراو کەناروێ و ئەمدیوی کە شانەخسێ و چەمی چۆمانی سەر سنورە.

بەو حاڵەوە خەم دایگرتین کە چۆن لە چەمی چۆمان بپەڕینەوە، چونکە بارانێکی بەلێزمە بوو، لافاو دروست ببوو، چۆن بپەڕینەوە شانەخسێ، بە هێزی حەبل کە لەمبەر ئاوەکە بۆ ئەوبەر ئاو بەسترا بوو، دەبوو خۆمان هەڵبواسین و پشت بە خودا بپەڕینەوە، لە پەڕینەوەیشمان ئاوەکە تا سەر سینگمان دەهات، جگە لەوەیش ئاوەکە تیژڕەو بوو، لای عەسرەکەی لە بارەگایەکی بچوکی شاراوەی پارتیزانەکانی ئەو سنورە، لە گوندی سەربەست، لەگەڵ بەشێك لە رەتڵەکانی دیکە یەکمان گرتەوە، لە چاوەڕوانی دوابڕیاردا هەموو ترنجا بووینە ژوورێکی بچوکەوە بە یەکدا دەهاتین، لەگەڵ تاریك داهاتندا لەو تەختاییە کەمەی بەردەم بارەگاکەدا کۆبووینەوە، جەنابی فەرماندە رایگەیاند کە دەبێ هەر ئەمشەو بەڕێبکەوین، بەڵام رێگاکەمان رێگای هاتوو نەهات و دووره، تەنراوە بە مین و بەفر، لەناو شاخەکان زریان و سەرمایە، کێ لە توانای نیەو لە خۆی رانابینێت و تاقەتی نیە با لەم بارەگایەدا بمێنێتەوە، ئەگەرنا لە رێگا کەسێك پەکی بکەوێت بۆمان ناکرێت بیگەیەنینە جێگای مەبەست، بۆیە ناچارین جێی بهێڵین، زۆر هەوڵمان لەگەڵ (باوکت - کاك تۆفیق)داو بە جدی دەمانویست کە بمێنێتەوە، لە بەر تەمەن و نەخۆشییەکەی، بەڵام بە پێکەنینەوە دەیوت لە بری خۆم و هەر چوار براکەم لێرەم و دەبێت بەشدار بم، مەحاڵە بەبێ بوونی من بکرێت ئەم ئازادی و راپەرینە، باش بوو هەندێك مانەوە کە ئێستا دەڵێن بەهێز و تواناو ئازایەتی ئەوان راپەرین ئەنجامدرا.

جا نهێنی شەو دابەشکراو بەڕێکەوتین، ڕێنیشاندەرێکی تیپی ٣٧ی شارباژێڕمان لە گەڵ بوو، بەڕاستی دەلیل و چاوساغێکی باش و بە توانا بوو، شەوێکی تاریک و بەفر بوو وەك دەسپێچکەی خوری دەباری، شارەزاکان کە بە حەق شارەزاو چاونەترس بوون پێشکەوتن، کاروانەکە شانێکی درێژ و کووڕ کە پاشی لە دامێن و سەری گەیشتبوو بە لوتکە، ئەم ریزە مرۆڤەی لە کۆڵ نابوو، کە ئەویٚ ڕۆژێ تروسکەی هیوای نەتەوەیەك و دونیایەك حەز و خۆزگەی گەل بوون.

کەس نەیدەزانی کە سبەینیٚ کام لەم قارەمانانە شەهید دەبێت و ناگاتە ئاواتەکانی، یان لانی کەم پاش سالانێك غوربەت بە دیداری منداڵەکانی، یان دایك و باوك و کەسەکانی شاد دەبێتەوە یان نا کە لە راستییدا هەندێکیان ئەو ئاواتەیان بردە گۆڕەوە.

تا زیاتر هەڵدەکشاین بەفرەکە ئەستوورتر دەبوو، بەبێ هیچ گوێدانە خەمی دڵی ئێمەی ئاوارەو پێشمەرگە، سەرما و بەفر هێز و تینی زیاتری بۆ دەهێناین، بۆیە ئەوانەی گوڕ وتینێکیان هەبوو دەبوو پێشکەون تا بەفرەکە بشکێنن، تاو نا تاوێك دوو کەس ئەم ئەرکەی دەگرتە ئەستۆ لە پێشی کاروانەکەوە بەفری دەشکاندو هێزەکەشی بە دوای خۆیدا رادەکێشا، بەڕاستی جوانی ئێمەی پێشمەرگە لەوەدا بوو کە وەکو مێرولە هاوبەشییەکی باش و بەهێزمان هەبوو، شەوێکی سامناك و ترسناك بە تایبەت بۆ ئێمەی گەرمیانی بەفر و زریان نەدیو، ئەو شەوە لە بێدەنگی و بیگەیەنە بە سرتەو قسەکردن بە چرپە زیاتر بەولاوە هیچی دیکەمان نەدەبیست.

شەو راکشاو ئێمەو بەفر هێشتا بەڕێوەین، لە ملەیەکی پێش گەیشتن بە لوتکەی گمۆ من و کاك مستەفا چالاوی نۆرەی بەفر شکاندنمان بوو کە بکەوینە پێش هێزەکەمان و ڕێگا بکەینەوە بۆ هەڤالانمان، کەوتینە پێشەوە دەڕۆیشتین، لە پڕ لە سەر بەفرە سپیەکە ڕەشاییەکمان لێدەرکەوت، کە دەنگماندا نوزەی مرۆڤێك بوو، لێی چووینە پێشەوە، تەماشامان کرد، پێشمەرگەیەکە ئەو ئێوارەیە لەگەڵ هێزێکی دیکەمان لە

دیوی (شانەخسێ)ەوە سەرکەوتبوون و پێش ئێمە تێپەڕیون، ئەم هەڤاڵەمان پەکی کەوتوەو ئەو هێزەیش بۆیان نەبراوە، ناچار جێیان هێشتوە، ئیدی لە ناو بەفرەکەو لە کیسە خەوەکەیدا خۆی گرمۆڵە کردبوو ناوی (پۆلا) بوو کە پێشمەرگەی گەرمیان بوو.

کەش و هەوایەکی سامناك بەڵام ناخی گەرم و وورەی بەرزی پێشمەرگە، لەو ململانێیەدا لەگەڵ سروشت، سەرەنجام دەبوو ئیرادەی پێشمەرگە سەربکەوێ، گەر نا مانایەك بۆ پێشمەرگەبوون و گیانبازی ئەو نەدەمایەوە.

زۆرمان بۆ کاك پۆلا هێنا کە تین و توانا بداتە بەر خۆی لەگەڵ هێزەکەی ئێمە بکەوێتەڕێ، گەرنا زریان لەو کەژ و کێوە دایدەپۆشێ و مەرگی مسۆگەرە، ئەویش پشوویەکی دابوو کە ئێمەیش وورەو هێزمان پێبەخشی، هەستاو لەگەڵمان کەوتەڕێ، ئەو دۆخینە زیادەیەی کە پێم بوو، لە شەیالەی تاقمەکەم لە دواوە بەست، و ئەڵقەمان بۆ کرد، کە دەستی پێوە بگرێ و بەری نەدا، کاك مستەفایش لە دواوە پاڵی پێوە بنێ، بەمجۆرە پاشی یەك کاتژمێرو نیو کاك پۆلا مان گەیاندە بارەگای پارتیزانەکانی ئەودیوی چیا، لە شوێنەواری گوندی (سەراو).

لەو شوێنەوە کە توشی پۆلا بووین، پاش نیو کاتژمێر ڕێگابڕین، سواری پشتی شاخی گمۆ بووین، ئیدی بە رووکاری ناوچەی چوارتاو قەلاچۆلاندا لێژ بووینەوە بەرەو شوێنەواری گوندی سەراو کە بارەگایەکی شاراوەی لێبوو، پێم وابێت کات سێی شەوی تێپەراند بوو، رەشایی بە دەرکەوت و لەوێ لەگەڵ هێزەکەی دیکەدا یەکمانگرتەوە، ئەو شەوەیشمان بەڕێکرد، بەیانییەکەی بەو چۆمەدا، لە بناری شاخەوە شۆڕ بووینەوە بەرەو روباری (کەناروێ و کورەداوێ).

بە ڕێگاکردنەوە هەواڵی راپەرینی شاری سلێمانی راگەیەندرا، ئیدی هەنگاوەکانمان گورجتر کردەوە هەر ئەوە بوو نەدەفڕین، بە دەم ڕێگاوە لە نێوان تۆفێقە سوور و

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان ئاوبارە بووم، پێکەوە دەڕۆیشتین لە مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانم پرسی هەستت چۆنە؟

وتی: لە تەمەنمدا رۆژی وا خۆشم نەدیوەو بە چاوی خۆم فرمێسکەکانیم دیت دەبارین.

ئێوارەی ئەو رۆژە لە کورەداوێ و کونجرینەوە بەرەو خێوەتەو ئیدی چوینە سەر جادەی قەڵاچوالان-ماوەت، لە گەڵ دابارینی لێزمەی باراندا شەوەکەی گەیشتینە قەڵاچوالان.

لەوێ ئیدی بە بەربارانەوە کاك ملازم عومەر کۆبوونەوەیەکی پێکردین، کە دوو خاڵیم لە بیرە، بەم جۆرە بوو،

شاری سلێمانی بەشێکی زۆری ئازاد کراوەو ئێمە دەچینەوە ناو خەڵك.

١- ئێمە بڕیاری لێبوردنی گشتیمان داوە هەر کەسێك تۆڵەبکاتەوە لە پیاوخراپ و نەیارانی ئەوە گولەبارانی دەکەین.

٢- هەر کەسێ شڕەخۆری بکات سزای توند دەدرێت.

ئیدی لۆری و ئۆتۆمبێلی دیکەمان بۆ هات و سوار بووین، کاتێك گەیشتینە سەری ئەزمەڕ و بە دیتنی شاری سلێمانی و ئەو شارەی پڕ لە هەڵمەت و قوربانی یە، شاگەشگە بووین، لە بەر ئەوەی تەڕ و ماندوو شەکەتی رێگا بووین، ئەو شەوە لە ئەرك و حەرەسیات بەخشراین و لە مزگەوتی (علی کمال) پشوومان دا.

کاتێك لە ئەزمەر بووین و لە شارمان دەڕوانی، شەقامەکانی سلێمانی بە جوانی لێکدەکرانەوە، بیرم دەکردەوە ئێمە لەم کەژ و شاخانەین بۆ ئەو خەڵکە، ئەمانیش لە ناو جێگای گەرم نوستون، سبەینێش کورد بوو بە شتێ دەڵێن لە ئێوە پێشمەرگەترین، یان ئێمە ئەگەر سەریش بکەوین جێ پێیەکمان نادەنێ لەو شارە.

بەیانی لە پەنجەرەی مزگەوتەوە کە روانیمە لوتکەی ئەزمەر، یەکسەر ئەو رۆژگارەم هاتەوە یاد، کە خەیاڵم بۆی دەکرد، لەسەردەمی پێش هاتنمان بۆ ناو شار، هەموو شەهیدەکانم هاتەوە بەرچاو، کە بە داخەوە زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی ئەوسا لەگەڵمان بوون شەهید بوون و ئاواتەکانیان بردە ژێر گڵەوە.

لە راستیدا خەڵکی شاری سلێمانی پێشمەرگە بوون و پێشمەرگانەیش شارەکەیان رزگار کرد، بۆ پاراستنی ئاسایشی شارو دەزگا خزمەتگوزاریەکان و هەندێك پشوودانیش، ئێمەیان دابەشی ناوشار کرد، سایلۆی شەکرەکە بەر ئێمە کەوت، لەوێ ماینەوە، بە کۆڵە پشت و رێکپۆشیمان و چڵکنیمان و لە چاو چەکداری ناو شار، خەڵک دەمانی ناسیەوە، بە هەر گوزەرێکدا تێدەپەڕین بە چەپڵەو رێزەوە پێشوازی دەکراین.

ئەو کاتانەی لە سلێمانی بووین هەر چەند شارێك بوو بۆ هەمووان و لە چاومان زیاتر پاراستن و ئاسایشی لەسەرمان فەرز بوو، بەڵام دڵمان لای کەرکوك بوو، بۆیە خۆمان بۆ نەگیراو سەرجەم پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوك؛ کە کرابوین بە بەتالیۆن و خۆمان ئامادە کرد بۆ کەرکوك، هەرچەند کەرکوك ژمارەیەکی وا کەم و پاروویەکی وا ئاسان نەبوو کە قووت بدرێ، بۆیە وا دانرا بوو دوای ئازادکردنی شارەکانی دیکە، هێزەکان یەکبخرێن و لەگەڵ جەماوەر و هێزەکانی دیکە و رێکخستنی ناوشار و لەگەڵ ئەو جاش و مەفرەزە خاسانەی کە کونێك نەما بوو خۆیانی تێبکەن و ئێمەیش توانای سزایانمان نەبوو، بۆیە دەبوو لە کاتێکی گونجاودا هەڵمەتی پێشمەرگە ببرێتە سەر.

رژێمیش حیسابی ووردی خۆی بۆ کردبوو، بۆیە بە فەرمانی (عەلی کیمیایی) زیاد لە دوو هەزار گەنج و پیری کوردی شارەکەی رەشبگیر کرد و لە سەربازگەو زیندانەکانی بەندکردن، تا فاکتەری ناوەوەی راپەرین، کە جەماوەر و شۆڕشگێڕانی ناو شاربوون پەك بخات و رێگر بێت لە سەرکەوتنی راپەرینی کەرکوك.

لە هەمان کاتدا شار بە گشتی و گەڕەکە کوردییەکان بە تایبەتی کردبوویان بە سەربازگەو خۆی بۆ روبەڕووبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوە ئامادە کردبوو.




**لەڕاستەوە: مام سەعدی ئیلینجاخی، سەرباز مام حوسێن، شەهید حەمید ئۆمەرمەندانی**



**پۆلێك لە پێشمەرگەكانی سەردەمی ڕاپەڕین كاتی دابەزین بۆ ناوشارەكان**





## ڕزگارکردنی کەرکوك

ئێوارەی ڕۆژی دوای ڕووبەڕووبوونەوەکەی بانی مەقان، ئاگادار کراینەوە کە ئامادە بین، ئیدی ئێستا ئێمە هێزێکی گەورەو پۆشتەو فراوانتر لەوسا بووین، کە دابەزینە ناو شار و هاتینە خوارەوە، چونکە جاشگەلێك و مەفرەزەخاسە کوردەکانی سەداممان لەگەڵ بوون، ئەوانەی کە تا دوێنێ تینووی ئێمە و کەسوکارمان بوون بۆ ڕژێم، کەچی ئێستا بۆ بەرژەوەندی و لە ترسی گیانی خۆیان و کەسوکاریان هاوشانی ئێمە بوون بە دوژمنی دوژمنەکەی ئێمە، تا دوێنێ هاوسەنگەر و قارەمانی ئەو بوون لە دژی ئێمە.

زۆربەی زۆری پێشمەرگە و فەرماندە دێرینەکانی دوای ئەنفال کە دابڕابوون و ببوون بە پیاوی ڕژێم و هەندێکیشیان بۆ خزمەتکردن و بەرژەوەندی کەسوکاری خۆیان و پێشمەرگە پەنایان دابووە بەر بەعس هاوشانی گەنجان و شۆڕشگێڕانی شار ئامادە بوون.

کە لەگەڵ شانەی چەکدارانی بروسك و شاڵاو شانەکانی ڕێکخرابوون، پەیوەست بوون بە هێزەکانی ئێمەوەو تیپ و کەرت تەشکیلاتی دیکەیان لێدروست کراو، بوونە هێزێکی کاریگەر، دیار بوو بەرنامەکە وا بوو کە لە سێ قۆڵەوە داخلی ناو شار بین، ئەو ڕێکخستن و خەڵکە دلێرەی دیکەی ناوەوەیش ڕاپەڕین و تاجی سەرکەوتن بە ڕزگارکردنی کەرکوك بخرێتە سەر کوردستان؛ قۆڵی هەولێر و قۆڵی لەیلان و ئێمەیش لە ناو خاسەوە دابەزین، لەگەڵ چوونە ناوەوە بە ئاڕاستەی ئازادی و ئیمام قاسم و ڕەحیماوە و تەپە ببینە دوو بەشەوە.

بۆ عەسرەکەی هێزەکەمان گوازرایەوە بۆ ناو کەلاوەکانی گوندی هەیبەی سەر خاسە، لەگەڵ تاریك داهاتن بەو هەرد و قەراغ شیوی چەمی خاسەدا شۆڕ بوینەوە، بە وورياييەوە سەنگەرو بەرزاييەکانی پارێزگای کەرکوکمان تێپەڕاند، بڕيارەکە وابوو خۆمان لە شەڕی لابەلا بپارێزین تا دەگەینە ناو شار

کاك راپەر بەردەوام بوو لە قسەکان و وتی:

من و کاك تۆفیق و هادی مام سەعدی و تاریق گۆگجەیی لە تیپەکەی کاك مستەفا چاڵاوی لە بەتالیۆنی شەشی کەرکوك بووین، وابزانم ئێمە ڕەتلی یەکەمی هێزەکە بووین، شارەزای باش و ئازای باشمان لە گەڵبوو، دەبوو پەلە بکەین چونکە سەعاتی سفر ١١ی شەو بوو.

جار نا جارێك هەندێك هاوەن یان سەلیەی دۆشکەی هەڕەمەکی دەکرا، بەڵام کاریگەری لەسەر پرۆسەکە نەبوو، لە بەرامبەر ئاوایی یاروەلی کە لە سەنگەرە بەرگریە سەرەکیەی رەبیە پۆلاینەکانی سەر زنجیرە چیای کانی دومەڵان بوو ڕاوەستاین، لە چاوەڕوانی یەکخستنی هەنگاوی هەر سێ قۆڵەکە بووین، کە دیاربوو کات درەنگ بوو، بەڵام وەڵامێکی وا نەبوو، تا لە ڕێگای بێسیمەکەوە ئاگادار کراینەوە پاشەکشە بکەین، هەواڵێکی ناخۆش بوو، لەوەش ناخۆشتر ئەوەبوو کە دەبێ پەلە بکەین، دەنا لەناو پایەگاو بارەگاکانی دوژمندا ڕۆژمان لێ دەبێتەوەو سبەی توشی شەڕ دەبین و پرۆسەکەش بە تەواوی لە بار دەچێت، ئەوە بوو گەراینەوەو لە ناو زەل و قامیش و گەزەکانی ئەو چەمە خۆمان پەنادا، لای ئێوارە گەیشتینەوە چەمچەماڵ، دواتر زانیمان هێزی قۆڵەکەی هەولێر توشی شەڕ بوونە، و فریای کات و شوێنی مەبەست نەکەوتبوون، بۆیە پرۆسەکە دواخرا بۆ کاتێکی گونجاو، بۆ رزگاری قەرەهەنجیر پێگەیەکی ستراتیجی هەبوو، بۆیە بەپێویست زانرا رزگار بکرێت، دوژمنیش حیسابی ووردی بۆ کردبوو، بۆیە هێز و جبەخانەیەکی زۆری لێ کۆکردبویەوە، بەردەوام لە ڕێگای هەلیکۆپتەریشەوە چاودێریەکی چڕ و پڕی بۆ دەکرد، ئێوارەی ڕۆژی دواتر هێزەکانی پێشمەرگە پەلاماری قەرەهەنجیریان داو دوژمن بەرگریەکی شیلگیرانەیان کرد، لە ئاسمانیشەوە بە کۆپتەر پێشمەرگەکانی دەکوتا، ئەوە بوو پێشمەرگەی قارەمان و دلسۆز مام ئاراس دوبزی و چەند پێشمەرگەی دیکەی شەهیدو بریندار کرد، بۆیە

بڕیاری پاشەکشە دراو تا ڕۆژی دواتر هێزەکان ڕێك خرانەوەو بە هێزی زیاتر و شیلگیرانەتر لە هەمو قۆڵەکانەوە پەلاماریان دایەوە، هێزەکانی ڕژێم هەڵاتن تا پەنای کەرکوك خۆیان نەگرتەوە، بە دوای خۆیان تانك و چەك و تەقەمەبیەکی زۆریان جێهێشت، قەرەهەنجیر لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ و ئازاد کرا، دواتر بۆ رزگار کردنی کەرکوك کاریگەری گرنگی هەبوو.

چەندین جار نمونەی پێشمەرگە و پاڵەوانیم بینیوە، خۆیان کردۆتە قوربانی و تا رزگاری بێ و شەهید نەکرێ، ئەوەتا مام قادری دەلۆ لەو پێشمەرگانە بوو کە لە گەڵ دابەزین و هاتنمان لە گەڵ چەند هەڤاڵێکی دیکە بۆ پاراستنی بارەگاکانمان لە چیوەرۆی سەر سنور مابویەوە، هەر لە بەیانی تا ئێوارە لەبەر بەفرو باران لە دەرەوە دەمایەوەو رادەوەستا، کە هاورێکانی لێیان دەپرسی بۆ خۆت سەرما بردوو دەکەیت؟

لە وەڵامی مام قادری دەلۆ بۆ من نەنگی و شەرمە لە بەر زۆپای گەرم دانیشم و هاورێ و هەڤاڵانم بەو کێوەوە لە بەر بەفر و باران بن .



دوای رزگار کردنی قەرەهەنجیر، ئیتر بارەگامان لەوێ داناو لە چاوەڕوانی بڕیار بووین، بۆ هەڵمەت کردنە سەر کەرکوك، چونکە کەرکوك ئەوەندەی رزگارکردن و پاککردنەوە بوو بە هێزی سەربازی، هەندە راپەرین نەبوو وەك شارەکانی دیکەی کوردستان، بەهۆی ڕەش بگیریەکەو زەبرو زەنگی زیاتری دەزگا سەرکوت کەرەکان و هتد.

ڕژێم ناوناوە تۆپ بارانی دەکردین و جارێکیش ناپاڵمی پێوە دەنایین، باشبوو کە سەلامەت بووین، ئێمە وەك جەنابی مام جەلال و سەرکردایەتی و فەرماندەکانمان فەرمانیان پێ کردبوین، مامەڵەمان لەگەڵ دیلەکانی ڕژێم باش بوو، کەسێك کە پلەدار نەبوایە، دوای ئەوەی کە چەکەکەی لێ وەردەگیراو داماڵە خاس دەکراو ئازاد دەکرا.

بۆیە زۆربەی سەربازەکانی ڕژێم کە زۆریان بۆ دەهات خۆیان دەدا بە دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوەو خۆیان رزگار دەکرد،

دیاربوو ئامادەکاری پێویستکرا بوو بۆ رزگاری شاری کەرکوك، بۆیە بەیانیەکەی رۆژی ١٩/٣ هێزەکانی بەتالیۆنی شەش کە ئێستا هێزێکی گەورەو پۆشتەترو ئامادەتر بوون، لە قەرەهەنجیرەوە بەرێ کراین بۆ دەوروبەری گوندی هەیبەی سەر خاسە، لەوێشەوە بە قەراغی چەمی خاسەداو بەپەناو دۆڵ و شیوەکاندا، بەرەو قەراخی شار شۆڕ بوینەوە، هێزەکە لە لایەن شەهید شەوکەوتی حاجی موشیر و فەرماندەی بەتالیۆن کاك سیروانی کوێخا نەجمەوە سەرپەرشتی دەکرا.

کە تاریك داهات رەبیە تۆکمەو بە هێزەکانی زنجیرە بەرزاییەکانی کانی دومەڵان لەمبەرو ئەوبەری خاسە نزیك بوینەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕژێم هەرِەمەکی تۆپ بارانی و دەستڕێژی دۆشکەو چەکی دیکەی دەکردین، بەڵام نەیدەتوانی رێڕەوی هێزەکەی ئێمە بگۆڕێ، تا بە چەمی خاسەدا زنجیرە رەبیەکانمان بڕی و بە بەری سۆنەگۆلیدا تێپەڕین.

هەروەك فەرمانی سەرکردایەتی وابوو خۆمان توشی شەڕی لابەلا نەکەین و شەر بەرینە ناو شارەوە، ئیدی بە تێکەڵبوون لەگەڵ شانە چەکدارەکان و جەماوەر، کە ئەوان شارەزاو سەردەرچوون، لە ناوەوە پەلاماری دەزگا داپلۆسینەرەکان بدەین، ئیدی ئەوسا هێزە سەربازەیەکان ورەیان دەروخێ و خۆیان دەدەن بە دەستەوە، ئەو شەوەی ئێمە دابەزین، هێزەکانی دیکە لە قۆڵەکانی پردێ، کەرکوك و لەیلان کەرکوکیش لە شوێنی خۆیانەوە داخلبوون، بە گشتی و هەرەمەکی دەنگی تەقە دەبیستra، بەڵام ئێمە لە نزیك محەتەی ئاوەکەی ڕەحیماوە بووین، هیچی وا نەمابوو کە دابەش بین، وەك بەرنامەی بۆ دارێژرا بوو، کەچی ئاگادارکراینەوە کە پاشەکشە بکەین، هەواڵێکی ناخۆش بوو، هەر چەند لەو کاتەدا دەسترێژی گولە بۆ لای ئێمە زۆر بوو، هەندێک لە برادەرانیش دابڕا بوون، زۆر بە ئەستەم دۆزرانەوەو لە ڕێگای خۆمانەوە گەڕاینە دواوە، ماوەی نێوان شوێنی پاشەکشێ و ئەو جێگایەی کە دەبوو بیگەینێ دووربوو، بۆیە دەبوو پەلە بکەین دەنا لە ناو پایەگاو بەر چاوی هێزەکانی رژێم ڕۆژمان لێ دەبۆوەو بەو ماندوێتێ و برسیەتیەوە توشی شەڕێکی نا بەرامبەر دەبوینەوە.

بە پەلەو خێراپی شوێنە ترسناکەکەمان جێهێشت وەکو جاری پێشوو لە ناو چەم و ئەو دار گەزانەی خاسە لە سنوری لادێکان و هەیبە و گۆران خۆمان پەنادا تا تاریکی کرد، ئیدی کورد وتەنی شەو قەڵای مەردانە بەرێ کەوتینەوە بۆ ناو شار،

نەبونی هاو ئاهەنگی تەواو لە نێوان قۆڵەکان، لاوازی سیستەمی پەیوەندی بە یەکترەوە بووە هۆی پاشەکشێی هێزەکەی ئێمە، دەنا هێزەکانی قۆڵی پردێ کەرکوك چووبوونە ناو رەحیماوەو شەرێکی بێوێنەیان کرد بوو، تا لای ئێوارە هێزێکی دیکە فریایان کەوتبوو، کە قارەمانێتیەکی بێوێنەیان کردبوو، بە هەمان شێوە قۆڵی لەیلانیش چووبونە ناو شۆریجەو لەوێ مابوونەوە، بە هەردووکیان کەلێنێکیان خستبویە ورەی بەرگری

دوژمنەوە، ئیدی لای ئێوارەو شەوی دواتر لە هەموو قۆڵەکانەوە هێزی زۆر چووە ناو شاری کەرکوکەوە.

ئێمەش بە هەمان رێڕەوی رۆژی پێشوو چووینە شارەوە هێزەکان دابەشکران، ئێمەیش تێکەڵ بووین لەگەڵ تیپەکەی شەهید بەکری مەلا قادر، کە مام برایم جێگریبوو، ئێمەیان ڕاسپارد کە بچینە باروتخانە،

ئەو هێڵە بەرەنگاری و پایەگاو شوێنە ستراتیژیەی کە لە شەستەکانەوە بە من ناسراوەو لە چەمی خاسە تا ڕێگای سلێمانی دەگرێتەوە و لە لایەن ڕژێمەوە گرنگی زۆری پێدرابوو، ئەویش تا ئەو ساتە وەك قۆڵەکانی رەحیماوە، شۆریجە هێزی لێ نەهاتبویە ناوەوە.

لە بەر ئەوەی لە ئێوارەی ڕۆژی پێشووترەوە هێزەکان لە قۆڵەکانی دیکەوە هاتبوونە شارەوە، سەربازەکانی ڕژێم وورەیان رووخابوو، بە رووبەرووبوونەوەیەکی کەم هەڵدەهاتن یان خۆیان دەدا بە دەستەوە، ئیدی لای بەیانی رێکخستنی ناوشارو ئەو جەماوەرەی کە نەگیرابوون و لە ڕەش بگیریەکەی عەلی کیمیایی قوتار ببوون، پەیوەستبوون بە هێزەکانی ئێمەوە، لە ناو شاریش بارەگا سەرکوتکەرەکانیان رزگار کرد و هێزەکانی رژێم بە تێکشکاوی بەرەو فەیلەق و مەعەسکەر خالیدو فرۆکەخانەو کەیوان هەڵهاتن.

هێزی پێشمەرگەو جەماوەر چوونە سەریان و شەڕو هەلهەلەی پێشمەرگەو و جەماوەر گەیشتە باشورو ڕۆژئاوای شارەوە، هێزەکانی ئێمە راسپێردرابوون لە شوێنەکانی خۆمان بمێنینەوە، تا ئاگادار دەکرێینەوە، باروتخانە لە راستیدا جبە خانەیەکی سەربازی گەورەی بەعس بوو، بە دەیان ژێر زەمین و قاعەی پڕ لە هەموو جۆرە چەك و تەقەمەنیەك بوو، ئەوەی توانرا گوازرایەوەو ئەوەی مایەوە خەڵك بردی و ئەوەی مایەوە تەقێنرایەوە.

خەڵکی ئاوارەی کەرکوك و شارەکانی دیکەیش بەرەو شار هاتن، چی وەك هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ خەڵکی شارو پێشمەرگە، هەندێکیش بە هاواری کەس و کاریانەوە، هەشبوو وەکو کوردێك کە ئاواتی بووە کەرکوك بە ئازادی و رزگاری ببینێت، بە داخەوە خەڵکی نەفس نزمیش هەبوون کە بە مەبەستی راوەروت و دزی هاتبوون و پیرۆزی و جوانی پرۆسەی رزگاری شارەکەو ناوی پێشمەرگەشیان لەکەدار و ناشرین کرد.

رزگارکردنی کەرکوك لە هەر گۆشە نیگایەکەوە لێی بڕوانی گرنگ و چارەنوسساز بوو، لە هەمان کاتدا وەرچەرخانێکی مێژووی گرنگ بوو، لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، چونکە بۆ یەکەم جار بوو لە دوای لکاندنی باشوری کوردستان بە دەوڵەتی دروستکراوی عێراقەوە، کورد بە هێزی خۆی لە دوای سەدەیەك لە سیاسەتی تەعریب بێتەوە، سەر زێدی خۆی و بۆ دەوڵەتدارانی ڕابردوو لە ئایندەی عێراقی بسەلمێنێ، کە تەعریب و لە ناوبردن و هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەی کورد پرۆژەیەکی نەزۆکەو بەرگەی هەڵمەتی شۆرشگێرانی کوردستان ناگرێت.

ئەگەر ئەم رووداوە بۆ کورد سەلمێنەری کوردستانبوونی شارەکە بووبێت، ئەوە بۆ شۆڤینیزمی عەرەب و تورکی شاخی ڕاچلەکین و هەڵوەستەیەکی گورچك بڕو چاوەروانەکراو بوو.هەمووان کەوتنەخۆ،بۆلە ناوبردن و روبەڕبونەوەو سنوردارکردنی ئەم سەرکەوتنەی کوردایەتی.

لای هەمووومان ئاشکرایە کە ڕاپەرین و رزگاری کوردستان و کەرکوك بەرئەنجامی لاوازی و تێکشکانی دەسەڵاتی حیزبی بەعسی ڕەگەزپەرستی عەرەبی عێراق بوو.

لە بەرەکانی شەڕی کوەیت و دەسەوەستان بوونی لە شەڕی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و دارمانی ئابوری ووڵات لە ژێر باری گورچك بڕی گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی، جا چونکە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هیچ پرۆژەیەکی جێگرەوەیان بۆ ڕژێمی عێراق نەبوو، لە هەمان کاتدا ئامادەنەبون بەرژەوەندیەکانیان لە بەربەزەیی هاتنەوە بە ئێمەو گەلانی

دیکەی عێراقدا بخەنە ژێر گەفی دەسەڵات بە دەستانی ناوچەکەوە، ئەودەم دەستکاری نەخشەو گۆڕینی مەحاڵ لەبەر هەندێ تەنها رژێمەکەی سەدامیان لە کوێت دەرکرد، هێزی سەربازی عێراقیان لە پەلوپۆ خست، ئەوجا دەستیان واڵا کرد بۆ پەلاماردانی راپەڕیوان لە باشورو کوردستان .

بەرنامەیەکیان دانا بۆ پێشگرتن لە تاڵان و شڕە خۆری، بۆیە بڕیاردرا کە بازگەیەکی بەهێز دابنرێت لە دەروازەی کەرکوك تا دەربەندی بازیان و بچینە تەکیە، لەگەڵ رێکخستن و هەندێك پێشمەرگە لەوێ بازگە دابنێن، لە قەرەهەنجیرو چەمچەماڵیش رێگری باشکرا، بەڵام کۆنترۆڵنەکرا، دوای کۆنترۆڵکردنی ناو شارو گواستنەوەی شەڕەکە بۆ فەیلەق و مەعەسکەر خالیدو کەیوان، هێزەکان پرش و بڵاو بونەوەو سارد بوونەوە، هێزەکانی ڕژێمیش خۆیان رێکخستەوەو کەوتنە بەرگرییەك کە ئیدی نەدەتوانرا ئەوەندە دوور بخرێنەوە کە مەترسیان لە سەر شار کەم بێتەوە، بۆیە بەردەوام تۆپبارانی دەکردین و کۆپتەرەکانی بەسەر شارەوە مەترسی بوون، ئەو شوێنانەیش بوونە پێگەی پەلاماردانەوەی شارەکەو خەڵکیش بە گشتی شارەکەی جێهێشتبوو، ئەوەیش یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی شکست.

رزگارکردنی شاری کەرکوك دەستکەوتێکی نەتەوەی گەورەبوو بۆ ئەو قۆناغە؛ کە بە قوربانییەکی زۆر بە دەستهات، لەوانە کۆمەڵێك کادیرو فەرماندەی قارەمان شەهید بوون، لەوانە شەهیدان (عەبدولڕەزاق) و (حاجی هەڵمەت)و (مام رەشید)و (کوێخا بچکۆل)و (مام ئاراس)و (ئارام چیمەنی) کە زۆربەیان تەمەنێکی پێشمەرگایەتی و ئاوارەبوون لە گەڵمان بوون.

رژێمی بەعس دوای تەسلیمبوونی لە خێمەی صەفوان بەهێزەکانی هاوپەیمانان و قبوڵکردنی مەرجەکانیان، پاشماوەی هێزە تێکشکاوەکانی کۆکردەوەو پەلاماری راپەریوانی باشوریداو تێکیشکاندن و راپەرینەکەی خەڵتانی خوێن کرد، ئیدی بەو

هێزانەوە بەرەو کوردستان هات، کە وەکو هەمیشە بە سەر لاشەی کەرکوکییەکاندا تێپەڕی و چی داخی هەبوو بە سەر ئێمەدا دەیڕژاند، دواتر دەگەیشتە شوێنەکانی دیکە، ئەوەبوو دوای نۆ رۆژ هەڵمژینی هەوای ئازادی پەلاماری کەرکوکیدا، سەرەتای کۆڕەوە ملیۆنییەکە دەستی پێکرد.

یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی هێزی پێشمەرگەی پارتیزان ئەوە بوو، کە کەمی چەك و تەکنەلۆجیای شەڕ؛ بە جەنگی لە ناکاو و گورچکبڕ قەرەبوو بکاتەوە، لە کوێ دوژمن لاوازبا لەوێوە تێی دەسریواند و دوور دەکەوتەوە، بۆیە لە شەڕی بەرامبەرو بەرگرییدا لاوازو دەستەوەستان بوو.

ئێمە کە هاتینە ناو شارەوە، وێرانەو شێواو زبڵخان بوو، شار لە زیندانێك دەچوو، دەرگات لەسەر ئاوەڵا کردبێت، خەڵکی لە ترسی گرتن و کوشتن و راوەدونان و تەرحیل رەنگیان بەبەرەوە نەمابوو، دەوڵەمەندەکان هەژارو هەژارەکانیش هەژارتربوون، شار سەربازگەیەك بوو کوچەو کۆڵان سیمای مەرگی لێ نیشتبوو.

لە ئێوارەی ئەو شەوەوە تۆپبارانێکی چڕ دەستی پێکردو لە چوارلای شارەوە ئاگر دەباری، تا دەهات تۆپباران گەرمتر دەبوو، زۆرتر رۆژئاواو رۆژهەڵاتی شاری گرتبوویەوە، ئیدی لای کاتژمێر دەی بەیانی تەقەی ووردو بەرەنگاری لە قۆڵی کەیوان و عەمەلە شەعبی، باجوان و قوتان، بە ئاراستەی بەرزاییەکانی کانی دومەڵان دەبیستران، لە هەمانکاتدا لە قۆڵی(تازە - لەیلان - پەنجا عەلی - جەوەل بۆر) بە ئاراستەی رێگای سلێمانی لای تاقەکەیش(دەروازەی ئەو کاتەی شاری کەرکوك بوو) لەم بەرەیەی شەڕ رۆڵی گەورەی هێرشی کوشندە لەسەر دەستی هێزەکانی موجاهیدینی خەلقی ئێران بوو، شەڕ و روبەڕوبونەوە دەستی پێکرد، کە دیاربوو رژێم لەو دوو قۆڵەوە دەیویست هێزی پێشمەرگە لە ناوەوەو خوار شار غافڵگیر بکات، هەردوو رێگای سەرەکی هەولێر سلێمانی کۆنترۆل بکات.

له هەر لایەکی شارت دەڕوانی گرمەو هاڕەو دوکەڵ بوو، کاتێك له سەربانی بارەگاکەمانەوە سەیری لای لەیلانمان کرد تانك و زرێپۆشەکانی رژێم پێشڕەویان دەکرد بەرەو لای نەخۆشخانەی ئازادیەوە دەهاتن، بۆیە بڕیاردرا ئەو هێزەی کە لەوێیە بچێت بۆ ئەو بەرەیەی ئەوێ، بۆ هاوکاری و بەرپەرچدانەوەی رژێم،

من و کاك تۆفیقە سوور و کاك ئەحمەد کرێکار راسپێردراین بە پەلە بگەینە ئەو هێزانەی ناو شار ئاگادار بکەینەوە، بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەنن بەو هێرشانەی دوژمن کە دەیکات لە قۆڵی لەیلان تا هاوکاریان بکەن و پێش لە هێزەکانی دوژمن بگرن، ئێمەو سێ پێشمەرگەی دیکە کە بە ئۆتۆمبیلەکەی کاك ئەحمەد بە پەلە چووین و بەرێکەوتین بۆ ناو شار، سەرەتا چوینە بارەگای پشتی بەتالیۆنی شەش لە ئیمام قاسم، لەوێشەوە لە پردی خەباتەوە، پەڕینەوە، بارەگایەك لە شوێنی ئێستای بەرێوەبەرایەتی پۆلیس بوو، ئاگادارمان کردنەوە و بەرەو پارێزگا رۆیشتین، هەرچی لەوێشبوو ئاگادارمان کردنەوە، لە راستیدا هەندێ لەو هێزو بارەگایانە ئاگاداری وەزع بوون، جوڵا بوون، زۆربەی ئەم بارەگایانەیان خەلفی هێزەکانی بەرەی پێشەوە بوون، یان بۆ پاراستنی فەرمانگە حکومییەکان دانرا بوون.

کەش و هەوایەکی سامناك باڵی کێشابوو بە سەر ئاسمانی شاردا، تاك و تەرا خەڵك بەو ئاگربارانە لە کون و پەنا و پەناگە دەرچووبون، لە هەوڵی گیان دەربازکردندا بوون، ئەوانەی ئۆتۆمبیلیان هەبوو رووەو رێگای هەولێر و سلێمانی دەڕۆیشتن، خەڵکی پیادەیش بە زۆری بە چەمی خاسەدا هەڵدەهاتن بەرەو سۆنەگۆلی و یاروەلی.

ئێمە ئەوەندەی فریاکەوتین بارەگاکانی لای هۆڵی نەورۆزی ئێستاو کارگەی کۆلاو چەندین شوێنی دیکەمان کرد، لەگەڵ بارەگا سەرەکییەکەی قوتابخانەی سەرکەوتن لە رەحیماوە.

ئیدی ئەو هێزانەی کە هەبوون بە ئاڕاستەکانی نێوان جادەی لەیلان تا کەلی سێکانیان هەڵکشان، لە یەکێك لە ژوورەکانی بنکەی رەحیماوە؛ نانی لێ هەڵخرابوو هەندێك نانمان کردە گیرفانمان، یەکێك لە پێشمەرگە شارییەکان کە کۆنە جاشێك بوو ئێستا پلەی سەربازی هەیە پێم پێدەکەنێ، وتم تۆیش هەندێك هەڵگری باشە، بە قسەی نەکردم، دوای بووە شەریکە نانی گیرفانم.

شەڕ لە دەوروبەری باجوان تا کەلی سێکانیان گەرمبوو، ئێمە ویستمان لەگەڵ پاشماوەی هێزەکانی بەتالیۆنی شەش لە قۆڵی ئیمام قاسم یەك بگرینەوە، بۆیە لە سەرچنارەوە پەڕینەوە، بەڵام دیاربوو دەبابەکان لە قۆڵی شۆڕیجەو نەوتەکەوە لە رێگای سلێمانی نزیك ببونەوە، لە شوێنی ئێستای مزگەوتی رزگاری، بەرزاییەك هەبوو سەیارەکەمان وەستاندو من چوومە بەرزاییەکە تا لە دەوروبەر تێبگەم، دەبابەکان ئێمەیان بینی و بە دۆشکە تەقەیان لێکردین، ئیدی تێگەیشتین کە ناتوانین زیاتر بڕۆین، بۆیە بە سودوەرگرتن لە زانیاری سەردەمی منالیم، کە بۆ خوێندن دەچوینە سەر سکەی شەمەندەفەرەکەو تا سۆنەگۆلی دەچووین لەو رێگایەوە دەرچووین و چووینە کەلەکەو لەو رەبیانە دامەزراین کە تەواوی شاری لێوە دیار بوو.

تا چاو بڕکات شارێکت لە بەرچاو بوو نوقمی ئاگرو خوێنڕشتن بوو.

زوڵم و ستەمێك لەو شارە دەکرا بەم کورتە گێڕانەوەیە باس ناکرێت، لە ئاسمان و زەوییەوە ئاگری بەسەر دادەباری، تۆزو چڕە دوکەڵ شاری داپۆشیبوو، تا دەهات بەرەو سەروتر دەبویەوە، رۆژی حەشرو ئاخر زەمان بوو، ئەو رۆژە کەرکوك کەربەلا بوو، کوردیش ئالی بەیت، شار بە خەلك و خاکەوە لە خاچدرا بوو، فریادرەسێك نەبوو، ئەو رۆژە کورد و کەرکوکییەکان وەك هەمیشە تەنیا بوون.

دیاربوو ئەو ڕۆژەیش کەرکوك قوربانی دیکەی دەویست، ئەوە ڕۆڵەکانی بوون بۆ پارێزگاریکردنی لە خوێندا دەگەوزان.

ئەوە بوو عەبدولڕەزاقی سەرکردە و تێکۆشەر، هێشتا خوێنی شەهید خولەی برای ووشك نەببوو، خاکی باجوانی بە خوێنی خۆی نەخشاند.

ئەم شارە لە مێژە بە خێزان و بە جووتە براو بە کۆمەڵ قوربانی بۆ دەدرێ، زۆر ماڵ و ماڵبات لێرە دەرگای ماڵیان بە قوڕ گیراو ئێستایش وارسیان نەماوە، کە شەهیدانەکەیان بۆ وەربگرێت، وەك ماڵباتی (حەمەدەمین گۆگجەیی)، (مام ئەنوەری ڕەحیماوە)، (ساڵح سەعیدی خاڵخاڵان و کوڕەکانی)، (ئەحمەد قەناتی شەوگێڕ)، (مام عبداللە ی تورکمانباخ)، (مام کاکلی گورگان)، دەیان بنەماڵەو جووت برای قارەمان و مەرگبەزێن، کە بوونە سیمبولی خەبات و بەرەنگاری لەشار و وڵاتەکەیان.

هێزەکانی ڕژێم شێوازی دەورەدان و کۆنترۆڵکردنی بەهێزیان پەیڕەو کردبوو، ئەویش بە سودوەرگرتن لەو سەربازگەو شوێنە ستراتیژیانەی کە نەتوانرا بوو ڕزگار بکرێن، خۆی ڕێکخستبوویەوە بە هەردوو ئاڕاستەی ڕێگای هەولێر - سلێمانی، بۆ کەرکوك و گەمارۆدانی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناو شاردا، هێشتنەوەی چەمی خاسە بە کراوەیی، بۆ ئەوەی دەرگایەکی بچوك هەبێ، بۆ کشانەوەو خۆلادان لە شەڕی مان و نەمانی پێشمەرگە، گەورەترین بەرەنگاری لە دوو قۆڵی باجوان و کانی دومەڵان و بەرزاییەکانی پشتی باروتخانە کرا، ئەمە جگە لە شەڕ و ڕووبەڕوبونەوەی خوار شار لە سەرەتای هێرشی دوژمن.

ئەم دوو شوێنە دەروازەی دەربازبوون بوون، بۆ خەڵك و پێشمەرگە، یارمەتیدەری چاك بوون بۆ ڕێگرتن لە پێشرەوی دوژمن، بە تایبەت بەستی خاسە تا درەنگانی عەسر بە کراوەیی مایەوەو ،خەڵکێکی زۆر لێرەوە دەرباز بوون، ئەوەی لە ئێمەوە نزیك بوو لە

بەرزاییەکانی ڕێگای سلێمانی تا چۆمی خاسە بوو، کە بەشێك لە تیپەکەی شەهید بەکری مەلا قادر بوون، جێگرەکەی مام برایمە سوور بوو سەرپەرشتی دەکردن.

کاك ڕاپەر وتی: بۆ مێژوو بێت ئەو برادەرانە بەرەنگارییەکی بێوێنەیان تۆمار کرد و بە دۆشکەکانیان تا ئێوارە نەیانهێشت کۆپتەرەکان نزم ببنەوەو زیان بەو خەڵکە بگەیەنن، کە لەو ڕێگایانەوە دەرەچوون، هەر ئەوانیش ڕێگربوون لە پێشڕەوی دوژمن تا درەنگانی ئێوارە، لە هەر دوو قۆڵی سلێمانی، سۆنەگۆلی - یارەوەلی کە ئێمەی لێ بووین بۆیە ئێمە توشی شەڕ نەبووین.

لە سەرەتای هاتنمان بۆ ناو شاری لە چەمچەماڵ دوو پێشمەرگەی کۆمەڵەی ئێران کە کورد بوون و بڕوایان بە خەبات هەبوو بۆ هەموو کوردستان، جەنگاوەریی ئەوان بۆ سەرتاسەری یەکپارچەیی کوردستان بوو، پەیوەست بوون بە بەتالیۆنەکەی ئێمەوە، لە تیپەکەی شەهید بەکر ڕێکخران، خەڵکانی ڕووناکبیر و هۆشیار و ئازاو دڵسۆزی کوردایەتی بوون، ئەوان هەر دووك شارەزای باش بوون لە بواری دۆشکاو سیستەمی بەرگری هێزی ئاسمانی، لە هاتنە ناو شار و لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوك ئەوەندەی لە ناو شار بووین ڕۆڵێکی جوامێرانەیان نواند، ئەو ڕۆژەیش کۆپتەرەکانی ڕژێمیان لە ناوەندی ئاسمان توند کردبوو، نەیاندەوێرا نزم ببنەوە و ئامانجەکانیان بپێکن، یەکێکیان ناوی (ئارام)ی لە خۆی نابوو کە خەڵکی شاری سنە بوو، دوای کۆڕەو لە شەدەڵە یەکمانگرتەوەو نامەم بۆ بردەوە بۆ کەسوکارەکەی لە سنە، کە ئەوان زیاد لە دوو ساڵ دەبوو هیچ هەواڵێکیان نەدەزانی و ئەوی دیکە بە داخەوە ناویم بیر نەماوە.

لە سەر گردەکەی نێوان ڕەحیماوەو سەرچنار، لە نزیکی مزگەوتی ئیخوان، دۆشکایەکی ٥٧ملم هەبوو، ڕۆڵێکی جوامێرانەی دەنواند، یەکێك لەو پێشمەرگانەی لە سەری بوو، ناوی عومەری میم نەخشە بوو، لەگەڵ کوڕێکی بە ناوی پۆڵا.

لە بنەرەتدا خەڵکی شوان بوون، بەڵام ئەو نائیب زابت بوو لە سوپای عێراق و لە ڕاپەرینەوە هاتبوویە ناو ریزەکانی یەکێتیەوە، تا لای نیوەڕۆ نەیهێشت کۆپتەرەکان نزیك ببنەوە لە زەوی، تا دۆشکاکەی پەکی دەکەوێ و لە گەڵ کوڕەکەی دادەبەزن، دواتر لە لای سێکانیان شەهید دەبن.

هەر لەگەڵ نەمانی ئەو بەرەنگارییە کۆپتەرەکان لە سەر گردەکە نیشتنەوەو هێزیان دابەزاند، لەو ڕۆژە کارەساتبارەدا چەند دیمەنێك لە بیرو یادەوەرییمدا ماون، کە هەرگیز لە یادم ناچن، ئێمەیش لە ڕاستیدا نەماندەتوانی هاوکارییان بین، لەوانە پیرەژنێکی رەشپۆش و گۆچان بە دەست لە سەر جادە کەمەریەکەی لای مزگەوتی رزگاری ئێستا، لە کاتێکدا کە دەسترێژی گولەی دۆشکا لە دەورو بەرمانی دەدا، هاتە پێشمان و داوای لێکردین کە رزگاری بکەین، بە داخەوە ئێمە نەمانتوانی کە هاوکاری بکەین، تەنها ئەوەندە نەبێ کە رێنماییمان کرد خۆی پەنا بدات، ئیتر لێکدابڕاین، لە دەرچوونمان لە ناو شاخەکانی لای سۆنەگۆلی، منداڵێك چەند بزنەشامییەکی پێش دابوو دەگریا، دەیوت باوکم ڕۆیشتوە بۆ ماڵەوەو نەگەڕاوەتەوە بۆ لام ! ئێمەیش پێمان ووت بزنەکان بەرەو یاروەلی بکاتەوەو بیان هێنێت، ئیدی ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە یەکیان گرتەوەو بەرەو خاسە هاتن، دواجار نەمانزانی باوکی پێی گەیشتۆتەوە یان نا، لە لای یاروەلی توشی خێزانێك بووین، لە کوڕ و کچ و ئەختیارێکی پەککەوتەی سەر عارەبانەیان لەگەڵ بوو، دوو دوو پاسکیلەکەیان هەڵدەگرت و بردیان و لە ئێمە تێپەڕین، رۆژی دوای پاسکیلەکەمان لای دەلۆ بە شکاوی بینی، بەڵام دیار بوو پیرە مێردەکەیان بە مەردانە لەگەڵ خۆیان بردبوو.

ئێمە لە رەبیەکانی دیار یاروەلی مانەوەو ئۆتۆمبیلەکەی کاك ئەحمەدمان کردە ناو کەلاوەکانی یاروەلییەوە، لە پەنایەك شاردیانەوە، ئیدی هێزەکانی ناوشار کە زانیبویان خەریکە شار ئابلوقە دەدرێ، بەرەو دەرەوەی شار و لای ئێمە دەهاتن.

پێشمەرگەی پەراگەندەو خەڵکی دیکە دەهاتن، لەوانە کاك رەوەند و وەستا سابیر و کۆمەڵێکی دیکە یەکمانگرتەوە، تا درەنگانی عەسر بە بێزاری و خەم و پەژارەوە ماینەوەو لە چاوەڕوانی هاتنی هێزەکانی رژێم، بۆ ئەو قۆڵەو روبەڕوبوونەوەیان، بەڵام تا نزیکی رۆژئاوا؛ بوون لەو قۆڵەوە پێشڕەوییان نەکرد.

نزیکی ئێوارە کۆپتەرەکان زۆر نزیك و نزم دەبوونەوە، ئێمەیش چەکی قورسمان پێ نەبوو، دیار بوو کەلی سێکانیان گیراو مانەوەی ئێمەیش بێبەرنامەو کۆمەڵێك خەڵك و پێشمەرگەی پەراگەندە، هی ئەوە نەبوو ئەگەر هێرشمان بکرێتە سەر هێچمان پێبکرێت، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دڵنیا بووین کە شاری کەرکوك کۆنترۆڵکراوە، ئاگاداری بارودۆخ نەبووین، بۆیە لەوێ بریارماندا بڵاوەی پێبکەین، هەر لەوێ لە رادیۆکەمەوە گوێمان لە بروسکەی هاتنەوەی حمەسور بوو، بۆیە کاك تۆفیق لە خەمی خزم و کەسوکاری بوو وتی: من ئەگەڕێم لە دۆزینەوەی کەسوکارم و لەوێ جێی هێشتین.

کاك راپەر وتی: من و کاك ئەحمەد کرێکار و سێ پێشمەرگەی دیکە هەڵکشاین بەرەو کۆچەك تا تاریك داهات.

لەگەڵ تاریکداهاتندا چەند دەبابەیەك هاتنە سەر رەبیەکانی دیار یاروەلی، ئیدی سێرەی تفەنگ هەڵگیرا، من لە ئێوارەوە چاودێری ئەوەم کردبوو، کە چۆن بتوانین ئۆتۆمبیلەکە دەربکەین، کە لە تانکەکانەوە نزیك بوو، ئەمە جگە لە سەردەمی پێشمەرگایەتی هەشتاکەن شتێك لەو سنووورە شارەزا بووم، بە کاك ئەحمەدم ووت با شۆفێرەکە لەگەڵم بێت، من دەگەڕێمەوە ئۆتۆمبیلەکە دێنم، ئەو هەستی بە ترسناکی کارەکە دەکرد، بەڵام هەر رازیم کرد، بەڵام شۆفێرەکە لە ترسی گیانی خۆی نەهات، بۆیە یەکێك لە پێشمەرگەکان کە شۆفێریشی باش نەبوو لەگەڵم هات، چەند پێشمەرگەیەکی (چەتۆی مەلا رەشید) کە ئەوانیش لای سەیارەکەی ئێمە سەیارەیان

دانابوو، چاویان بە ئێمە کەوت ئەوانیش هاتن و کەوتنە دوامان، سوودیان لە شارەزایی ئێمە  وەرگرت.

بەبێ دەنگی و سودوەرگرتن لە تاریکی شەو چونکە لای سەیارەکە، لە ناو کەلاوەکانەوە بە ئاڕاستەی سەروو تۆبزاوە بەبێلایت، ڕێنمایی هاوڕێکەم کرد، کە لە هەورازە چەگلەکەی کە سەر دەکەوتە بەرزاییەکە ئیدی لە شوێنی مەترسی دەرباز بووین، بەڵام سەیارەکە لە هەورازەکە سەرنەکەوت و هەرچی هەوڵیدا بێ سوود بوو، منیش هیچم لە شۆفێری نەدەزانی، ئەویش بە راستی لێزان نەبوو، ئەو برادەرانەی کاک (چەتۆ)یش لەسەرمان نەوەستان و دایان بەلاماندا و جێیان هێشتین.

ئێمە ئەوکات رێك لە بەرامبەر و لە بەر حوکمی دەبابەکانی رژێم بووین سەیارەکەیش نەخشەی سەربازی کەرکوك و بەڵگەنامەی سەربازی و شتی زۆری تیا بوو، کە بۆمان هەڵنەدەگیراو، بکەوتایەتە دەستی دوژمن شورەیی بوو بۆ ئێمە، لە هەمان کاتدا سوودیان لێدەبینی، بۆیە دوای بێ ئومێد بوون، دوو فیشەکی گردارم نا بە تەنکیەکەیەوەو گڕم تێبەردا.

ئیدی  دەبابەکان کەوتنە تەقەکردن لێمان ئێمەیش خۆمان دایە ئەو پەناو پەسیرانە، بە پێ کەوتینە رێگا بۆ ئەو شوێنەی کە لەگەڵ کاك ئەحمەد لەسەری رێککەوتبوین.

شەوێکی تاریك و سامناك بوو وڵات بۆنی خوێنی لێدەهات، ناو بە ناو دەستڕێژی گولەی دۆشکای کوێرانە یان بڵاچەی گڕی تۆپێکی کوێرانە، دڕی بە تاریکی شەودا دەدا، دیسانەوە پشت لە شار و روو لە چۆڵەوانی، کە هەمیشە پیشەی ئێمەی کوردی کەرکوکییە، ملی رێگای هات و نەهاتمان گرتەبەر، لە دوای خۆمانەوە شارێك و گەلێك و مێژوویەکمان؛ لە بەردەم کەلبەی گورگ و دڕندەکانی بەعسدا بەجێهێشت، کە کەس نازانێ ئەمشەو یان سبەی چ کارەساتێك بەسەر ئەم شارەدا دێت.

لەگەڵ کاك ئەحمەد و برادەران یەکمانگرتەوە، بەو شەوە تاریکە ڕێگامان گرتەبەرو تەنها بە ئاڕاستەو هەندێك شارەزای پێش ئەنفالی من و کاك ئەحمەد دەڕۆیشتین.

تا لە بەرزاییەکەوە شوێنەواری گوندێکمان دۆزییەوە، بەو شەوە کە گۆڕانکاریی زۆریش بەسەردا هاتبوو، ببووە چەم هەر زانیمان کە تۆبزاوەیە، ئیدی زانیمان لە کوێی نەخشەی دونیاین، لەوێوە بە ئاڕاستەی پیریجان و دەلۆ رۆیشتین.

وورده وورده ماندوێتی و برسێتی و سەرما بڕستی لێدەبڕین، ئەو نانەی کە بەیانی لە قوتابخانەی سەرکەوتن هەڵم گرتبوو، نیوەڕۆ خواردمان، بەڵام ئەوەندە نەبوو کە بەری دڵ بگرێت، ئێمەیش پێنج کەس بوین لە ناو کەلاوەکانی پیریجان پشوویەکماندا، یەکسەر خەومان لێکەوت، دواجار لە سەرما خەبەرمان بوویەوە، وا رێککەوتین رۆێشتین لە بەر سەرماو دوورکەوتنەوەیش لە مەترسی باشترە، بۆیە بەڕێکەوتینەوە، ئیدی شەویش بەرەو لای بەیانی لێژبووینەوەو تا دەلۆ و بان قوشەلانی گوڵمکەوەمان بڕی؛ دونیا رووناك بوویەوە.

لە نێوان گوڵمکەوەو خلەگەڕ چووینە سەر رێگای کلاوقوت و هەندێک کنگر و هەپلۆکمان هەڵکەندو خواردمان، تا هەندێك ووزەمان بێتەوە بەر، پاشان بەردەوام بووین لە رۆیشتن بەرەو چەمچەماڵ و لەوێوە دیار بوو هێزەکانی رژێم تا بانی مەقان هاتبوون، ئیدی ئەوەندەی دیکە بێئومێد بووین، رۆیشتن بە پێ و بەسەر جادەدا مرۆڤ پەکدەخات، پێ و پەنجەکانمان لە تلۆق داماڵا بوون، هەمووما‌ن لار و خوار ببووین تا عەسرەکەی گەیشتینە چەمچەماڵ .

کە چوینە ناو شار خەڵکی هەمووی رەوی دەکرد و شار چۆڵ ببوو، بە پانایی هەردوو سایتەکە خەڵکی بە پیادە بەرەو تەکیە دەڕۆیشتن، رۆژی حەشر و خۆدەربازکردن بوو، ئەو رۆژە بوو ئیدی نەتەوەیەك بە پێ و لە تاو گیانی خۆی شار و وولات و زێدی خۆی جێدەهێشت، بەرەو ئایندەیەکی نادیار ملی دەناو رێگای راستی خۆی لێ وون ببوو، ئەوە

بوو یەك ملیۆن کورد رەوی کرد و گەیشتینە سنورە نێودەوڵەتیەکان و ناوی لێنرا (کۆڕەو).



# گەڕانەوەی باوکم

دوای ٣٧ ڕۆژ باوکم گەرایەوە، کە هاتەوە قاتێکی کوردی بۆر و قەمسەڵەیەکی ئەمریکی لەبەر بوو، جامانەیەکی گەرمیانانەی بەستبوویەوە؛ بەرەو پێشوازی چووین، جوتێك پێڵاوی ئەدیداسی چڵکنی لە پێدا بوو، هەمان بۆنەکەی جارانی دکتۆر هادی لێدەهات.

بۆی باس دەکردین کە بە بڕیاری سەرکردایەتی من و هادی مام سەعدی و شەهید کوێخا و کاك ڕاپەر و کاك مستەفا چالاوی و چەندین کەس لەو کەسانەی کە ئاشنایەتیەکی پتەومان هەبوو لە گەڵیاندا، وتی من و هادی وەکو دووانەیەکی لکێنراو کەوتینە قۆڵ و میحوەری سلێمانی بۆ ئازادکردنی شاری سلێمانی و کاك ملازم عومەر سەرپەرشتی دەکردین.

دایکم و پوورە حەمدی زیاتر هەوڵی زانین و زانیاری شەهیدبوونی کوێخا و هێرشی پێشمەرگە بوون کە چۆن چوون و چۆن خەڵك و هاوڵاتی هێرشبەر و هاودەنگ بوونە، بە راستی جێگای خەم و ئەسەفی هەمووان بوو، وتی کاتێك کوێخا شەهید بوو، وەکو ئەوەی پێیان ووتبێ جارجارە وەسیەتی دەکرد و قسەی سەیری بۆ دەکردین .

ئێمە هەر لە سەقز بووین، ئەو ماوەیەی کە تەنیا بووین و باوکم لە ڕاپەرینەکە یەکێك بوو لە پێشمەرگەکان بۆ رزگاری کوردستان، مامم حەمەسوریش دوای رزگارکردنی کوردستان گەڕایەوەو بەشدار بووە بەڵام هیچ هەواڵێکی مامم نیزام و مناڵەکانیمان نەدەزانی، پەیتا پەیتا خزم و خەڵکە ئاوارەکانی دراوسێمان دەهاتن و کەس هەواڵی کەسی نەدەزانی، عەسرانێکی درەنگ لە دوورەوە لە سێڕیانی پاسەکانی بەردبڕانەوە باوکم بەدەرکەوت، بەڵام هەر خۆی نا، بەڵکو سەرجەم ئەو خزمانەی کە لە سەردەمی ئەنفال و بێکەسییدا ئێمەیان نەگرتە خۆیان، ماڵی ئەو مامەیەی باوکم (ڕەفیق) کە جێی نەکردینەوە لە تەنگانەو لەگەڵ ئەو مامەیەی دیکە کە ناوی (بەکر) بوو، بە خۆیان و خێزانەوە جیاوازتر لەوان ئێمە خۆمان دەرخست بۆیان و خۆشهاتن و خزمەتی تایبەت

کران و لە سەروی ماڵ دانران، باوکم هەموو براو براژن و نەنکمی داناو ئامۆژگاری کردین، کەس باسی رابردوو نەکات و لە بیر بکرێت، چونکە ئەوان کەسی خۆمانن و لە ئێستادا ئێمەیان پێویستە، لەوێش دایکم زانی کە خاڵم فایق کاك لەتیفی شەهید کردوە.

هەر لەوێ لە سەقز مامم رەفیق وەفاتی کرد و بە ئامانەت نێژرا، دوای راپەرین باوکم ئەرکی هێنانەوەی خستە ئەستۆی خۆی و گەڕاندییەوە بۆ بنەسڵاوە.

هەموویان لە ماڵی ئێمە بوون و جێگای خەوی خۆمان نەبوو بۆ خۆمان، لەو کاتەو لەو نەهامەتیەو لەو ئاوارەیی و دەردە سەرییەدا؛ باوکم داوای کچی مامی بەکر کرد بۆ مامم ئەحمەد، ئاشتەواییەکی بێوێنەی بەرپا کرد، ئێستا ئامۆژنم مهاباد کە کچی مام بەکرەو هاوسەری مامم ئەحمەدەو خاوەنی کۆمەڵێك منداڵی باش و جوانن.

دوای چەند هەفتەیەك ئامادەکاری کرا بۆ هاتنەوەمان، هەموومان ئەوکات یەك خێزان بووین، باوکم سەرپەرشتی هەمووی دەکرد، گەورەیی باوکم لەوە دابوو؛ کە دوو کچی هەبوو هەر دوو کچەکەی بەخشی بوو بە گەورە بە بچوك بۆ براکانی، ماڵی ئێمەو سەرجەم مامەکانم جگە لە ماڵی مامم نیزام، سەرجەم کەسوکارە تازەکانمان بە سەرجەم ئەشیای ناو ماڵەوە، لە لۆریەکی گەورە بارکرا، لە سەقزی هەوارگەو لە بەردبڕانی سەرجەم یادەوەرییە خۆشەکانم کە پێیان جێهێشتم، من لە سەر لۆریەکەوەو لە دڵی خۆمدا، بە شەرمەوە فرمێسکی ماڵئاواییەکی نا بەدڵم بۆی دەڕشت، نەمهێشت کەس ئەو فرمێسکانەم ببینێت و کەس پێم بزانێت کە دڵم بۆی بە کوڵ دەگری، وەفاداری کوچەو کۆڵانەکانی سەقز و بەردبڕانی  قەشەنگ و لە دڵاشیرین و خەڵکە بە ئەمەکەکەی لە بیر ناکرێت.

ئاخر وەرە بیر بکەرەوە مەملەکەتێك بە هاتنت دڵخۆش بێت، باوەشی سەرجەم  حەز و ئارەزوەکانت بۆ بکاتەوەو هاوڕێ و مەدرەسەکەی کە لە نیشتیمانی دایك نەمبوو،

کەچی لە سەقز خاوە نی بووم، بەرد و خۆڵ و خاشاکەکەیم خۆشدەویست، بە دڵ دەگریام و فرمێسکم بۆ دەڕشت.

لە کۆتا سوچی بەردبڕان بەرەو بلوارد و لە خوارووی دوکانی شێلم و پاقلەکەی کاك سامان، باوکم هاتە لامەوەو پێی ووتم کورم بۆ وا مات و مەلول خۆت بێدەنگ کردوە؟

وتم باوکە نامەوێ بڕۆینەوە بیری زانا دەکەم، زانا ئەو هاوڕێیەم بوو کە دوای هاتنەوەمان لە هەمەدان، دوور لە ماڵی کاك (مەلا نادر) بووین، ئەو بوو بە هاوڕێم، هەمیشە پێکەوە بوین، زۆرجار لە نزیکی ماڵی ئەوان یارییمان دەکرد؛ لە مالی ئەوان نانمان دەخوارد، چونکە دایکێکی زۆر میهرەبانی هەبوو، کە دەیزانی ئاوارەی عێراقیم زیاتر خۆشیدەویستم و نانێکی رەقی بۆ دەهێنایین بە ماست چەوری دەکرد، دەمان خوارد، بەڕاستی بەتام بوو باوکم دەستێکی بەسەرمدا هێناو وتی: کورم ئێمە خەڵکی ئێرە نین نیشتیمان پێویستی پێمانە هێشتا وتم: بۆ دیسان بە شاخە گەورەکەدا دەڕۆینەوە کە پێی هاتین بۆ سەقز؟.

بە پێکەنینەوە؛ وتی: نا کورم دەچینەوە لەو نیشتیمانە دەژین کە بۆ ئەو ئاوارەو ماندوو بووین، ئێوە دەگەرێنەوە خوێندن کە بە زمانی کوردی وانە دەخوێنن و هاوڕێی دیکە دەگرن، رازییکردم و خەڵەتاندمی.

دوای ماوەیەك لە شا-گەشکەیی و رەشەبای رۆژهەڵات کە رقی لە ماڵئاواییمان دەبوویەوە، گەیشتینە سنوری کێلێ کە خەڵك و ئۆتۆمبێلێکی زۆری لێ بوو، رێگریان لە خەڵك دەکرد کە بگەڕێنەوە بۆ خاکی عێراق، شۆفێری لۆرییەکەی ئێمەیان گەڕاندەوەو رێگەیان پێنەدا کە بچینە ناو خاکی عێراقەوە، لە بەر نەبونی بەڵگەی رەسمی عیلاقاتی یەکێتی لە ئێران، چونکە لەو کاتەدا کێشەی دزی زۆر بوو، دەبوو پاسگای سنور بزانێت کێیت!، بۆ هاتویت!، بۆچی دەگەرێیتەوە.

بەهەرحاڵ سەرکێشیم کرد و دابەزیم، هەر چەند دایکم هاواری کرد لە دورەوە، بە دەستم ئیشارەم بۆی کرد کە دێمەوە، بەرەو رووی ئاغای پاسگا چووم، بە زمانێکی فارسی فەسیح پێم ووت کە هەر چەند دڵگرانم لە گەڕانەوەمان بۆ عێراق، کە نیشتیمانی خۆمانە، بەڵام سەقز پانتایی جەستەمەو بەردبڕان دڵمە، بەڵام بهێڵە دەرباز بین، ئاغای پازگە بە سەرسورمانەوە دەستی کردە ملم و هات لە گەڵم بۆ لای لۆریەکەی کە هاوشێوەی ئەسپەکەی کاك حەسەنی قرناقاو پشت ئاشان بوو، بە شۆفێری لۆریەکەی ووت فەرموو تۆ ئۆغرت خێر بێت و دەرچوین و گەڕاینەوە عێراق.

خۆشبەختانە لە نێوان رانیە و چوارقورنە؛ کە پێیان دەوت گەڕەکی ئاوارەکانی کەرکوك لە ژێر خێمە نیشتەجێبووین، هەر یەکەو گەڕایەوە سەر کار و شوێنێکی جیاواز لە یەك، لە ژێر خێمەیش ماڵمان نەبوو جگە لە کۆمەڵە شتێکی کەم و پێویستی رۆژانە.

باوکم لە هەوڵی دۆزینەوەی قوتابخانە بوو بۆمان، ئەو کات قبوڵ نەدەکراین، چونکە هاوشێوەی سەقز پێمان دەوترا ئاوارە، لە قوتابخانەیەك لە ئۆردوگای رانیە تاقیکردنەوەی پێشەکی پۆلی سێی سەرەتایی کراین بە زمانی عەرەبی، خۆشبەختانە قبوڵ کراین لە پۆلی سێ، بەو بەڵگەو کارت و شوناسانەی کە هەمان بوون، ئێستاش پارێزراوە لامان، چونکە هیچ تەسکەرەو بەڵگەیەکی عێراقیمان نەبوو، لە کاتی خۆی جەیش و جاش و کۆپتەرەکانی بارق هەمووی سوتاند بوو.

باوکم لە کۆمیتەی چوارقوڕنە لە گەڵ کاك مەلا ئاری خەریکی کاری رێکخستن بوو، لە چەکبەدەستی و سەربازی کشایەوەو بوو بە یەکێك لە کادیرەکانی کۆمیتە، لە بەشی بەرەی کوردستانی لە چوارقوڕنە، لە هاوشانی کاری رێکخستنی خەریکی چەکفرۆشی و ئۆتۆمبێل کڕین و فرۆشتن بوو، دەستنیشان کرا بە نوێنەری ماڵە ئاوارەکانی ئێران لە سنوری پشدەر و بتوێن.

ئێمەش خەریکی خوێندن و هاتووچۆ بووین کە بیست خولەکێك قوتابخانەکەمان دوور بوو لە ماڵمانەوە، بەڵام دوور لە سامی مام سەعدی و شاخەوان و مەریوان و هیوای کاك حمەسوری حسک، دوای ماوەیەك لەژێرخێمە گواسترایینەوە بۆ خانوویەك لە چوارقوڕنە، بەرامبەر ماڵی کاك (خدری حەمە زیز)، کە پیاوێکی باڵابەرز بوو، هەمیشە بە دەمانچەوە دەبینرا، و خاوەنی خێزانێکی زۆر بوو، خانوەکە لە سەروی ماڵی مام شکور سابیری دووشیوان و پورە لەعلی بوو، کە لە ڕێگای ئەوانەوە ئەو خانوەمان بۆ دۆزرا بوویەوە، لە ناو یەك حەوشە دوو خانوی تیا بوو، لەگەڵ مالی کاك جومعەی مام قادری باغەجنێر کرێنشین بووین.

من و ڕێبین برام لە خوێندن گواسترایینەوە لە رانیەوە بۆ چوارقورنە، لە مەکتەبێکی رووخاو بەرامبەر مزگەوتی گەورەی ناوشار کە پڕ لە بۆنی زێراب بوو لەوێ دەرسیان پێ دەوتینەوە.

مامۆستاکان خەڵکی سلێمانی بوون، یەك لەو مامۆستایانە ناوی ئەمیرە بوو، بەڕاستی مامۆستایەکی گەورەو مەزن بوو، رۆژێك لە ناو پۆلداو لە ناو دەرسی عەرەبیدا، لێی پرسیم وتی هێمن ئێوە خەڵکی کوێن کە کوردیەکەتان باش نیەو عەرەبیش نازانن ؟

وتم مامۆستا ئێمە خەڵکی بەردبڕانین لە سەقز!

بە پێکەنینەوە وتی: هێمن ئێوە عێراقین یان ئێرانی؟ بۆچی سەقزیت؟

وتم مامۆستا باوکم و دایکم عێراقین، چونکە زۆر شتم بیرم نایات کاتێك کە لە عێراق بوین، هاتە لامەوەو وتی: کوردبونتان و کوردایەتیتان وای لێکردون کە هاوڕێی هەڵەت وهەڵدێر و ئاوارەیی بن، پێم ووت کە خەڵکی کوێین ! دەستی کرد بە گریان و باوەشی پیا کردین زۆر لام سەیر بوو! چونکە باوکم پێی ووتم کاتێك لە ناو لۆریەکە بووین و دەگەراینەوە کە هەموو خەڵکی خۆشیدەوێین، لەگەڵ باوەشی مامۆستا (ئەمیرە) ووشە

بە ووشەی باوکم هاتەوە یاد، دڵخۆشی کردم، لێم پرسی مامۆستا تۆ خەڵکی کوێیت؟ بۆ ئێمە دەناسی؟ وتی: من هەمیشە تامەزرۆم وەکو جارانی شکۆی شاخ هەڵۆ و لوتکەی سەرکەژ، جارانی خۆشەویستی نێوان چراو ژوورێکی تاریکی لادێ، ئێستایش تامەزرۆی ئەو کاتانەم کە کاکەم و مەفرەزەکەی شارباژێر بێنەوەو چایەکی سەر داربەڕووی نیشتیمانیان بۆ لێبنێم، تامەزرۆم وەکو مانگە شەو چاوەکانی خۆم بکەم بە چرای رێگای شەوانی پێشمەرگە و کوڕانی شارباژێر، تا شەقام و هەنگاوی رێگایان بۆ سپی بکەمەوە، لێڵی و تاریکیان بۆ روناك بکەمەوە، مامۆستا ئەمیرە بە رشتی ئەسرینی و باوەش پیاکردنی ئێمە زۆر بە تاسەوە بوو، وتی من خەڵکی مەملەکەتی دارگوێز و هەرمێی لێوئاڵم، خەڵکی مەملەکەتی بەفری رۆح سپی خۆڵە پەتەی دایکی گمۆ، خەڵکی مەملەکەتی هەزارکانی و هەزار ماچی سەوز وخەڵکی مەملەکەتی کانی کۆڵکەڕەش و پردی زێڕینی کارەش و کانی لێو تەزێنی کاساوێم، وتی: من خەڵکی ئەو شانەخسێیەم کە خوێنی دکتۆر هادی لێڕژاو زەوی پێی هەڵنەمژرا، وتی: من خوشکی ئەو فەرماندە شەهیدەم کە لەتی لاشەی سوتاوی دکتۆر هادی و براکەم لێگۆڕاو پێکەوە دایان لە شەقەی باڵ و هەمیشە وەکو مانگ و ئەستێرە لە سەر گمۆ هەڵدێن و لە جوانی نیشتیمان دەڕوانن.

دوای ئەوەی ناوی دکتۆر هادی هێنا وامدەزانی یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانم و هاوشێوەی ئەو باوەشم پیا دەکرد بەو دەستە بچوك و قۆڵە کورتانەم، مامۆستا ئەمیرە قۆڵی من و رێبینی برامی گرت و بردینی بۆ بازاڕ جل و بەرگ و پێڵاوی تازەی بۆ کڕین.

ئەمەم بۆ باوکم باس کرد و باوکم مامۆستا ئەمیرەی بینی و بووین بە هاورێ و دۆستی نزیك، کە دیارە خوشکی یەکێك لەو شەهیدانە بوو کە لە شانەخسێ بە ژەهری کیمیایی سەددام حوسەین شەهید کرا، لە هاوشانی کاك دکتۆر هادی بە بینینی ئێمە لە پۆلەکەی سوکنایی بە دڵی دەهات.

هەمیشە ئێمەی جیا دەکردەوە لەگەڵ هاوپۆلەکانی دیکە، بە چاوە پڕ لە کوردایەتیەکەی فێری سرودی نیشتیمانی دەکردین.

ئێوارە درەنگانێك مام شکور سابیر هات بۆ ماڵمان، بە باوکمی ووت کە یەکێك لە دیلەکانی حمەسور و مەفرەزەکەی زووی ١٩٨٧ی دۆزیوەتەوە، کە لە سەردەمی شیوەسور و پردی بێ مەحکەمە بە دیل گرتویەتی، ئێستا حەز دەکات بێت و ئاشنایەتی دروست بکات، باوکم قبوڵی فەرموو و بە خۆشحاڵییەوە کاکی دیل خۆی کرد بە ماڵداو (ابراهیم عەولا کوندە)ی چوارقورنە بوو، من یەکسەر ناسیمەوە کە ئەو کاکە (بلەیە) بوو لە دووشیوان دیل بوو، کە ماچی کردم و هەنارەکەی پێدام.

لە چوارقورنە؛ بێ هاورێ و غەریب ئاسا بووین، لە هاوشانی خوێندنم ماوەیەك شاگردی فیتەری و ماوەیەك بێکاری، تا باوکم لە سەر جادەی گشتی چوارقورنە بۆ رانیە بەنزینی بە جلیکان بۆ دانام تا بیفرۆشم، لە هەمان کاتدا باوکم خەریکی رێکخستن و کاری سیاسی بوو.

دراوسێ ماڵی مام یاسینی قوڵیبەگ بووین، باوکی شەهید کاکەمەند کە پێشمەرگەو هاورێ و دەستە راستی باوکم بوو، بەڵام وەکو هەمیشە بێ هاورێ و بێکەسانە جار جارە لە گەڵ کۆچەری کاك جومعەی مام قادر دەستەویەخەی یەکدی دەبوینەوە، پوورە حەمدیە هەمیشە ئێمەی بە لاسار وەسف دەکرد و لایەنگری کۆچەری کوڕی دەکرد، هەر چەند حەقی بوو چونکە ئێمە لەو گەورەتر بووین.

کاك جومعەی باغەجنێر بەرەو تەقتەق گەڕایەوەو ئێمەیش ماڵەکەمان گواستەوە بۆ خانویەکی دیکە نزیك لە خانووی پێشوو، زور بە باشی خوێندن و ئیشوکاری ڕۆژانەمان بەرێدەکرد ،کە لە پۆلی چواری سەرەتایی بووین .

لە ناو خانووە تازە دوو ژوورەکەمان کە هەمیشە کرێ نشین بووین، لە یەك حەوشە و لەو دوو ژووردا لەگەڵ ماڵی کاك (حەسەن چاوشین)، کە ئێستا عەمیدی پۆلیسی عێراقە و لە پێشمەرگایەتی بە حەسەن شورتە ناسراوە، ژیانێکی سادەمان دەگوزەراند و هەموو بەیانیەکی زوو پوورە نەزمینی قولیبەگ بە بۆڵەبۆڵ خەبەری دەکردینەوە، پوور و دادە ئاسا مامەڵەی دەکرد، زۆربەی کاتە لاسارییەکانم بە ناوی ئەو ئارام دەبوومەوە.

خانەوادەیەکی کەمێك مامناوەند بووین لە رووی دارایییەوە، بەڵام دڵخۆش و بێ کێشە بووین، هەمیشە و هەموو کات بێ میوان نەبووین، وەکو چۆن باوکم دەیوت بە تەنیابوون پێشەی من نیە، باوکم وەکو هەمیشە و هاوشێوەی گەورەیی خۆی دەنواند و یەکێك بوو لەو کەسانەی کێشەی کۆمەلایەتی و ژن و ژنخوازی ئەنجام دەدا.

دوای ماوەیەک باوکم لە تەقتەق گەڕایەوە، ئافرەتێکی قەڵەوی باڵابەرزی جل رەشی لەگەڵ بوو، پێمان سەیر بوو کە ئەمە کێیە؟

یان چی دەوێ وا بە تاسەوە باوەشمان پیا دەکات و بە دایکم ئەڵێ (دادە) گیان، کە لە کاتێکدا بە تەمەن لە دایکم گەورەتر بوو هێندی نەخایاند مام نادری دوشیوان و حمەڕێبینی بێکەس و پێشمەرگەی دێرین لە ماڵمان گیرسانەوە، بە حەمەڕێبینی ووت: ئەو کچەم هەیەو ئەمەوێ بیبەخشم بە تۆ، بەڵام وەکو تۆ بێکەسەو پێویستە رێزی بگری چونکە کچ کچی منە.

ئەویش دوای وتنی کۆمەڵێك راز و نیازی خەیاڵی بۆ داهاتوو لەوێ مارەکران، (تێلین) خانی هاوسەری کاک (حەمەڕێبین) بێ تەسکەرەو شوناس بوو، چونکە لە کاتی ئەنفالکردنی کەسوکارەکەی ماڵەکەیان گڕ تێبەر دەدەن و سەرجەم شوناسەکانیان دەسوتێن، لە چوارقوڕنە تەسکەرەی تازەیان بۆ دەرهێناو باوکم کردی بە کچی خۆی و تا ئێستا هاوشێوەی خوشکەکانی دیکەم ماوەتەوە.



**وەستاوەکان لە ڕاستەوە ( کاک تالیب فاروق ، شەهید ئاکۆ سوور )**

**دانیشتووەکان لە ڕاستەوە ( تۆفیقە سوور ، کاک مەلا شێخە )**

# ئۆتۆمبێله سپییه‌كه و مه‌رگی باوكم

ژیان به ساده‌یی ملی رێگای گرت بوو، به‌ڵام ژیان هه‌میشه پێناسه‌ی وا بووه كه ئاوڕ ناداته‌وه بۆ كه‌س،

به‌یانیه‌كی زووی چوارقوڕنه، مه‌فره‌زه‌یه‌كی پڕ چه‌ك خۆیان كرد به ماڵماندا‌و مامم حه‌مه‌سور هاوشێوه‌ی جارانی قسه‌و پێكه‌نینه‌كانی تێكه‌ڵ به یه‌ك كردبوو، ئه‌وكات ئامر به‌تالیۆنی (٩)ی ساڵه‌یی بوو، باره‌گای به‌تالیۆنه‌كه‌ی له ناو فه‌رمانگه‌ی كشتوكاڵی ته‌قته‌ق بوو.

ده‌ستكرا به سه‌وداو معامه‌له‌ی (سه‌یاره سپی) كه له پێش ده‌رگایه‌و ئه‌وان پێی هاتبوون، كه توێتا داتسۆنێكی تاك سپی بوو، به (١٨) هه‌زار دیناری سویسری ماشێن كڕدرا، بوو به موڵكی ئێمه به‌ڵام ئه‌و چۆن و له كوێ و به چی ده‌ستی كه‌وتوه‌!، ئه‌وه لای خوا ماوه‌ته‌وه، وه‌كو چۆن پێشتر باسم كرد من به جلیكانه به‌نزینم ده‌فرۆشت، له سه‌ر جاده‌ی چوارقوڕنه - رانیه، به‌رامبه‌ر باره‌گای حزبی شیوعی ئه‌وكات كه دوای خوێندن و قوتابخانه له‌وێ ده‌وه‌ستام.

دوای چه‌ند هه‌فته‌یه‌ك ئه‌و ماشێنه بووه هۆی وه‌رگه‌ڕان و شێواندنی ژیان و خێزانی ئێمه‌و تا ئێستایش له قڵپبونه‌وه‌مان راست نه‌بووینه‌ته‌وه.

بیرمه به‌یانیه‌كی زوو باوكم كاك حه‌سه‌ن شورته‌ی خه‌به‌ر كرده‌وه، تاوه‌كو پێكه‌وه بڕۆن به‌ره‌و رانیه‌و بۆ جێبه‌جێ كردنی كارو چالاكی حزبی، چونكه باوكم شۆفێری نه‌ده‌زانی و كاك حه‌سه‌ن شۆفێری بۆ ده‌كرد، بیرمه پووره نه‌زمین به سه‌وته ره‌قه‌كه‌ی ناڕه‌زایی ده‌ربڕی، له‌وه‌ی بۆچی هه‌میشه هاوسه‌ره‌كه‌ی ده‌بات؟

بەڵام بەبێگوێدانە قسە ڕەق و دەموچاوە خوارکراوەکانی پوورە نەزمین ڕۆیشتن، منیشیان گەیاندە سەر جادە، وەکو هەمیشە لە سەر جادەو بە دیار جلیکانەکانمەوە ئەو پێشوازی و خۆشبەختییەی کە باوکم باسی دەکرد لە ناو لۆریەکە هیچی وا نەبوو.

لە پڕ دوو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنم بینی کە بە پەلەو تیژڕەو شەقامەکانی شاری تێدەپەڕاند

من لە خەمی شۆفێرە هاوڕێکانمدا بووم و لە دلی خۆمدا ووتم: دەبێ چی بووبێت؟ نەکو یەکێك لەو شەڕکرانەی مشتەریم کارەساتێکی بەسەر هاتبێت، بەڵام ئەوەنەی پێنەچوو؛ هەواڵ گەیشت کە باوکم بە ئۆتۆمبێلە سپیە داتسۆنەکەیەوە کەوتۆتە نێو چاڵە گەورەکەی نێوان چوارقورنە - ڕانیە، بەردەم ئۆردوگای چۆمان، تا هەولێر بە ئۆتۆمبێلی خێراو بێهۆش و بێئۆقرە دەبێت و پەت/حەبل شەوکی پشتی دەپچڕێ، لە ئێمێرجێنسی هەولێری ئەوسا دەمێنێتەوە تا ساڵانێکی زۆر دوور و درێژ، تا ڕۆحی مەزن و گەورەی دەفڕێ بۆ لای ڕۆحی شەهیدە هاوڕێکانی، ڕاستە جەستەی لە ئێمە دوورکەوتەوە بۆ تاهەتایە، بەڵام ڕۆحی هەمیشە لەگەڵمانە.

هەموو ئەو جاش و مەفرەزە خاسە و خۆفرۆشانەی ئەوسا، کە بەرپرس و مەسئولی ئێستان، کوردایەتیمان پێدەفرۆشنەوە، کاتێك پێیان دەڵێین ئێوە جاش بوون، وەڵامیان ئەوەیە کە ئەوان لە ڕێکخستنی نهێنی ناوشار بوونە، هەر یەکەیان شتێکمان بۆ دروست دەکەن، کە لە بەر نەفامی و نەزانی خۆمان پێشمەرگە و خەباتگێڕو ئاوارە بووینەو داهاتووی وێران و پەراوێزخراومان لێ وونە.

باوکم و سەرجەم شەهیدانی نیشتیمان وایاندەزانی ماندووبوون و ڕەنجی دوێنێیان بۆ ئەمڕۆیە، هەرچەند جگە لە ئازادی بەرقەرار کردن هیچ مەبەستێك و بەرژەوەندییەکی دیکەیان نەبووە.

بەڵام جگە لە پەراوێزخراو سەرکوتکردن هیچی دیکەمان لەو حکومەت و حیزبە نەبینیوە، باوکم ئێمەی لەسەری ئاوارە کرد.

دوای ساڵێك لە نەمانی باوکم؛ مامم نیزام لە بەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دوورکەوتنەوە لە بەند و کۆتی حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی ئەوکات، سەردەمی دوو ئیدارەیی و ئافاتی شەڕی براکوژی و بە یاسایی بردنی کەیسەکەیان، هاوشانی کاك ئەحمەد سابیر دووشیوان دەبێت و لە بەرەبەیانییەکی سارد و لە ناوچەی قەدەغەکراوی رژێم، لە هەڵەتەکانی ناروجەی شوان لوغمێکی رژێم پێیدا دەتەقێتەوە، پاژنەی پێی بریندار دەبێت و دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی ئیمێرجێنسی سلێمانی، دوای چەند رۆژێك گیانی سپارد و گەیشتە کاروانە پیرۆزەکەی شەهیدان و بۆ هەمان مەنزڵی باوکم ئیدی تەنها بیرەوەرییەکانیان لەلای ئێمە ماوەتەوە.

درووود لە گلکۆی مەزنی پیرۆزتان، ئێستایش زۆرێك لە بەر گەورەیی باوکم شکۆو رێزی تایبەتمان لێدەنێن بابە گیان ناو و مێژووت بە جوانی و پاکی ماوەتەوە، جگە لەوانەی کە خۆت باوك و برای خۆت بوون، ماف و حەقی ئێمەیشت بەوان دەبەخشی.

## دوا وتە بۆ باوکم (شاباوك)

لەو حیزب و حکومەتەی کە هەمیشە ماڵمان لە سەر کەر بووە بۆی، یان لە ناو بوخچەیەکی رەش بووە بە دەست دایکمەوە، بۆیە هەر وادەزانم دوێنێیە، چاوەڕێم ، گریانی من و بەفر کۆتایی بێت، بزەی گەرمی شا باوکێك دووبارە پڕمکات لە قاقاو ئامێزی سارد و سڕم بکاتە پشکۆی ئاگر، بەلاتەوە سەیر نەبێ گەر نامەیەك بێ ئەوەی سڵاوێك بەرۆحتا بچێنم دەست پێدەکەم، خۆت دەزانی دووری تۆ، ماندوو بێزار و بێتاقەتی کردووم و منی کردووەتە کوڕێکی یاخی رۆژگارا! دەزانم ناپرسی بۆ؟ هەر وەك هەمیشە کە دەمووت، هەروا دەڵێم دڵنیابە، ئێستا کە لەسەفەرێکی دوور و درێژی بەردەوام چاوەڕێی ئەوەم کە ئێوارەیەك، یان سپێدەیەك بەر لەوەی خۆر خۆی دەرخات، هەر وەك جاران لەو دیوو دەلاقەکەی دووشیوانەوە، بە چاوە گەرمەکانت بانگم بکەیت،

دووباره ئامێزم پڕ بکەیت لە سۆزی پاکی دەروونت و ماچبارانی یەکدی بکەین، ساڵ تێپەڕین هەر پێم وابوو ڕۆژانی سەخت و دژوار هەر ئەو کاتانە بوون، کە لە شاخ لەژێر گولەی تۆپ و ترسی مۆتەکەی مەرگ، شەو ڕۆژمان خستبوویە سەریەك، سەیر نیە کە ئارەزووی ئەو کات دەکەم، نە لەبەر ئەوەی کە منیش حەزم نەبوو، وەکو هەموو هاوڕێکانم لەماڵی گەرم و گوڕ و بەسکی تێرو بە پۆشاکی جوان و بە کۆمەڵێ یاری مناڵانەی ڕەنگاورەنگەوە منداڵیم پێبگرێ نا!، بەڵکو هەموو ئەو شتانە لە من یاخیی بوون، بەڵام هەر دەڵیم خۆزگەم بەوکات دەزانی بۆ؟ چۆن ئەو کات سێبەر و دەستە گەرمەکانی تۆ بەسەر سەرمانەوە بوو، ئامێزی گەرمت ڕق و داخی هەموو ئەو نەبوونیانەت لە بیر دەبردینەوە، ئەرێ جوانترین باوك، پێم ناڵێی چلۆنە ئەو ماوە دوورو درێژە لە تەنیایی ماندوو نەبوویت؟ یان لە نادیاری تۆ تەمەن تاقەتت ناپروکێنێ چ سەیرە ڕۆژگار چەندە بێ حاڵە، تەمەن لە نێوە وەرزی مەرگدایە، ئەری باوکە هەر وادەزانم دوێنێ بوو، لەگەڵ تۆ کات و ساتی سەخت و خۆشمان تێدەپەڕاند، بەڵام هیچ کات و هیچ لە سەختییەکانی؛ ناگاتە ئەو سەختییەی کە لەسەر تەختی بیمارستان و ماڵاوە دەمدیتی، لەبیرمە دوور لە چاوەکانت فرمێسکەکانم دەسڕی، بەڵام هەر زوو هەستت پێدەکرد و دەتگوت بۆ گریاویت؟ ، منیش حاشام دەکرد، هەمیشە دەتویست پێم بڵێی کە من باشم و باشتریش دەبم خەمی منت نەبێ، ئاخر بابە باش دەتزانی کە تۆ بۆ من چی بوویت، هیوا، خەندە، ژیان مامۆستا و باشترین هاوڕێم بوویت، لەبیرتە کە دەتگوت: من خەمی خۆمم نیە، بەڵام خەمی ئێوەمە کە دوای من چیتان بەسەر دێت، ئەوەی بەسەر ئێمە هات دوای فڕینی ڕۆحی تۆ، بۆ باسکردن نابیت؛ کە کۆچت کرد، ئێمەیش سەرگەردان بووین و نەماندەزانی بۆ کام لەو شتانە شیوەن بکەین، لەهەموویان گەورەتر بۆ باوکایەتیت وەخت دەبوو سوێمان بێتەوە، ئاخر لە باوکایەتیدا شاکارت نواند، لێم قەبول بکە؛ مێهرەبانی تۆ وەکو باوك؛ وای لێکردبووین کە ئەژنۆی خەم لە باوەش بگرم، هەمیشە دڵسۆزی تۆو خۆشەویستی تۆ

بۆ من جێی تێڕامان بوو، بیرم دەکردەوە کە بۆ دەبێ تۆ لە هەموو باوکەکانی دیکە جیاوازتر بیت، گەڵیك جاران وام پێدەوتی، کەچی دەتگوت: نا تۆ ئەوەندە منت خۆشدەوێ واهەست دەکەیت کە هەر من دەتوانم وەزیفەی باوکایەتی بەڕێوە ببەم، ئەوە یەکێك لەو شتانە بوو کە شانازییم پێوە دەکرد و دڵسۆزی تۆ و پاکی و راستگۆیی تۆ هەتا بۆ گەل و نەتەوەکەشت؛ لە ماوەی خەباتتدا زۆر تایبەت بوو، کە تەنانەت مێژوو ناتوانێ خۆی لێ لا بدات.

ئەری بابەگیان کۆچی تۆ، بەرەبەیانێ بوو شەقامی نزیك ماڵمان پڕ بوو لە ژاوەژاو، چاوی تۆ بەرەو ئاسمان بە تیژی دەیڕوانی، قەت دڵی لەرزۆکی بێ تۆییم بیر ناباتەوە، ئەو بەیانیە خۆزگە هەر نەمدیتبایە. چرکەکانی ئاوابوونی تەمەن لە چاوە گەرمەکانی تۆدا؛ تەنانەت خەندەی وشکەڵاتوی سەر لێوەکانت لە کاتی ماڵ ئاواییشدا؛ کە دەتویست پێم بڵێی تۆ شادمانی لەبیر مەکە؛ پێیەکانتم لە ئامێزمدا دەلاواند دەستەکانت گرتم بەهێزی پەنجەکانت دەتگوت: نابێ ناڵەی گریانت ببیستم، ئاخر دواوشەی تۆم لەیادە، ووتت ئای چەند تینوم قومێ ئاوم پێبدە، هەر وەکو جاران چاوەکانت پڕبوون لە هیوا و پیکەنین، چرکەیەکی نەیبرد کە ووتت: من دەڕۆم شتێکم نەماوە بۆ باسکردن، ئاخ دوای دیدارت چەند پڕ ژان بوو بابە گیان! بۆ من، بەڵام تۆ هەر بە بزەوە بەرەو پیری مەرگ چوویت و دوادڵۆپی فرمێسکی چاوت ئەویش لەگەڵ خەندە دابوو، من هەر نەمزانی بۆچی بوو؟

شاباوکەکەم ؛ ئێستاش هەر کاتێك دێمە دیار گۆڕت، چاوەڕێی ئەو گەرمی و تاقەتەی جارانم، کە لەگەڵم بگۆڕیتەوە، بەڵام خەوی قوڵت منی لەبیر بردویتەوە، پێت سەیر نیە کە منیش وەکو هەموو ئەوانی دیکە دەنگ و بۆنی سۆزی گەرمی بابەم بوویت، ئێستایش بۆنی گەرمی هەناسەی تۆ لە ماڵی ساردو سڕم هەست پێدەکەم، بەسەر قەرەوێڵە چۆڵەکەوە رۆحی نادیاری تۆ دەلاوێنم ، حەز بە تەنیایی دەکەم، جاران کە

وام دەگوت زوو بێتاقەت دەبوویت و دەتگوت دەبێ وەکو من حەز بە تێکەڵاوبوون بکەیت، چیت داوە لە تەنیایی، بەڵام ئێستا لە جاران زیاتر حەز بە تەنیایی دەکەم دەزانی بۆ؟ بۆ ئەوەی هەر خۆم بە تەنیا لەگەڵ یادو بیرەوەریەکانی تۆ دەست بکەم بە دوان ئەرێ بابە سەفەر درێژو ژیان دژوار، خۆ تۆ هەمیشە دەتگوت: گەر لێتان دوور کەومەوە زۆر بیرتان دەکەم ئەی ئێستا چی؟ هەر کاتێ دێمە حزورت چرپەی دەنگی مێهرەبانییت بەسەر خۆڵی سەر سنگتەوە دەلاوێنم، دڵنیابە! تۆ هەمیشە لەگەڵ منی بۆ سەبوری و خەمی دڵم، تۆ هاودەم و هاورێمی، بە یادی تۆ گوێ لە هاورێ دێرینەکانت دەگرم و وەسیەتەکانت وەکو گوارە لە گوێچکەمەدا، منیش حەز دەکەم بەردەوام بپرسم لە دایکم کە ماڵی تۆ رێگای بەرەو کام لایە؟ بەحەسرەتم ئێوارەیەك دەنگی بابە ماڵی دڵم لە خەوی خەم راچڵەکێنێت هەر دوێنێ بوو شاباوکەکەم کە جێتهێشم بە تەنیای لەنێو ئێوارە غەریبەکانی ئێرەدا، تەنیاترت کردمەوە لە جاران، لەیادت دام دڵنیابە هەر ئەو ئاواتەی کە هەتبوو، لەیادتە زۆر جار دەتگوت هەر بەو زمانە، چ خۆشە ئینسان ئەگەر مردیش بگەڕێتەوە زێدی خۆی، لە سەر لوتکەیەکی بەرز بینێژن تا گەر وڵات ئازاد بوو؛ ئاڵای هەڵکرا ببیبنێت شا باوکەکەم! هیوام ئاواتی وەدی نەهاتووی تۆ کە بە کۆڵێ حەسرەتەوە خاك بوو بە مەنزڵگەت، جوانترین باوك هەر وەك نمونەی خۆڕاگری و کوردایەتی و پاکییت، شار بەشار و دێ بەدێ شادت بکەمەوە بە زێدی خۆت و باب و باپیرانت تەنیا ویستم دووبارە پێت بڵێمەوە کە بەردەوام لە دڵی مندا هەیت و زیندوویت، بە یادگارییەکانی تۆوە، بە خەباتی تۆ بە ژیانی تۆ بە تەمەنی پڕ لە شانازی تۆ، منیش شانازی دەکەم و دڵنیابە لە بیرو هزرو دڵمدا بۆ هەمیشە دەتهێڵمەوە.


دوای نەمانی باوکم بە بڕیاری کاك هیوارەش کە (کاك عوسمان مامەقالە) رادەسپێرێت موچەیەکی بۆ ببڕنەوە، ئەوکات ئیدارەی فەوجی تایبەتی لیوا (هیوارەش عبداللە)بوو، کە بارەگایان لە قەڵاتە بوو، ئێستا بە کۆمەڵگای خاڵخاڵان دەناسرێ، بەبێ ئەوەی

ئاگادارببین و داوای لێبکەین، هەروەها رێبینی برام کارمه ندی حکومه تی عێراقیەو ئاوارەی برام کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەقز لە دایك بوو لە بەرگری فریاکەوتنە کە کاکەمەند حاجی کاکەرەش لەبەر دڵسۆزی بۆ ماندووبوونی باوکم دایمەزراند.


دایکم و سورمێ و هێمن و توانا و هەوار و ئاگا بێبەش و بێبەرین لەو حکومەت و حیزبەی کە ئێمەش بەشێك بووین لە دروستکردنی بناغەی، دایکم نیشتەجێی گەڕەکی ئەنفالەکانە لە خانویەکی سەد مەتری روخاو بە کرێی سەدوسی هەزار دیناری عێراقی.

**بۆیە سابونچی لە دیوانە شعرێکی دەڵێ :**


عیللەتی بێ ساحێبییە تاکی کورد جێهێشتنی خـــاکــە حــەلی
سەر هەڵدەگرێ لە مەوتەنی لە بێ ئەمـــەلی موســـتەقبەلی
کێ لە خۆڕا لە زێدی بـــابی دەبێ غــەریــب و ئـــاوارە
لە غابەیا کە نەیبوو لانە، چـــۆن نــافڕێ و تەرە نابێ مەلی
واجبە کۆچ لە نیشتیمانێ، ڕۆڵەی شەهیدی موحتاج و برسی
ئەمما جاش و خۆفرۆش، شاهانە دەژی بە تێر و تەســـــەلی
حـــب الو طـــن من ئیـــمان، بە گیرفان و ســکی خـــاڵی
ئەحمەقە هەر کەس فەرمووی چ بێ مەعـــنایــە و هــەزەلی
لەکوێ ڕەوایە ڕەنـــجی مانــگا حیــمار بەری بـکـا نــۆش
چۆن ناتۆرێ هــەنگ لە شــانە، ژەنگەسورە تاڵانکا عەسەلی
تا گورگ و چەقەڵ و کــەمتــیار و ڕێــوی ڕاعــی مــــەڕبێ
خەڵکی گوند مەگەر بە پشقلیا، بکەن ســۆراغی چـــوار پەلی
بە نەغـــمەی شمـــشاڵی درۆ ئەکەن حوکمی جەڵەبی گەل
بە شیعار شوانن ئەمما شینی شیرو گۆشـــتاوە بە عــەمـەلی
سەگ گەلێ سیاســـی دز و مافیـــاو چەتــەی زۆڵە کـــورد
وڵاتیان خستــە سواڵ و ساقــە و قەرزو سەر ساجی عـــەلی
چ ئابڕوو تکــانە سەرداری بەخاتری مــانەوەی کــورسی ژێری
سفرە بڕازێــنێ بۆ دوژمــنی و بــــبڕێ نـــان و قـــووتی گــەلی
خوا ســوك و ڕیســـواکا هەرکــەس، ئێــمەی بەم ڕۆژە گەیـاند
کوردی لە ســـواری ئەسپەوە خســـتەوە سەر کــەری شــەلی
بەخوێن ئاومانـــدا داری ئازادی، ئەمــما نەزۆك نەیـگرت بەر
چۆن وشك نابێ کرم لە خۆی بێ و نەیبڕی لاڕەشەو ســەرپەلی



**شەهید شوان مامڕەشی**



**حەمەسوور دووشیوانی، شەهید شوان مامڕەش، مەلا وەیسی**




**شه هید شوانه ی سمایل به گی  ڕاپەڕ عارف**




**باوکم و پۆلێک پێشمەرگە**



**شەهید نەهرۆ و  مام علی گەدە**



پۆلێک پێشمەرگە لە کاتی دابەزین بەرەو ڕاپەڕین



شەهید نەهرۆ قەسرۆکی



**شەهید  نیزامی مامەم**

باوکــه گیان

وەکــو چۆن شـەوی هاوین بێ شـــنەبا شەوو نییە

وەکو چۆن لادێی قەدپاڵی کێو بێ کانی و کارێز ئاوەدان نییە

منیش بێ تۆ هیچ نیم